۲۱۲ ـ شه پۆل

## نەتەوەی کورد :

سترابۆن، هیردۆت و گزنفۆن مێژونوسانی یۆنانی زۆرجاران ناوی کوردیان بردوەو بە دورو درێژ قسەیان لە نەتەوەوگەلی کورد کردوە.

گزنفۆن لە ٤٠١ ی بەرلە زاین لەکتێبی خۆیدا: (گەرانەوەی دە هەزار یۆنانی) لەم نەتەوەوگەلە رەسەنە ناوی بردوەکە چلون گیروگرفتیان بۆسپاکەی ئەو بەدیی هێناوە،گزنفۆن ئەڵێ:کوردەکان لەناوچیا و چراێە ژین و هیچ کاتێ نـەبونە تـە، بـەردەسی خـە شـایارشاو ئەرمەنیو ئاشۆری و لەکەتیبەکانی پاتشای ئاشۆریەکانیشا، بە (کردو...) ناوبراونو لەکتێبی پەهلەوی: شارەکانی ئێرانیشدا، بەکوهیاران،کردو، واتا:کوردان، ناو براون.

ـ لە دەورەی ساسانییانا کوردەکان لەزۆربەی شەرو جـەنگەکـانا بـەشدار بـون، لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکانا جەنگی کوردەکان لە تـەک پـاتشا سـاسانییەکـانا، شـی کراوەتەوە،کوردەکان دوای دوابرانی حوکومەتی ساسانی لە راست عەرەبەکانا پیاوانە راوەستاونو دینی پیرۆزی ئیسلامیشیان بە دڵو داو وەرگرتوە، نەک بەزۆر، بەڵام باری خۆیشیان هەر پاراستوەو رایان گرتوە.

کوردەکان لە راست هاشاوڵی بێ بەزەی یانەی تورکە سەلجوقییەکانا لە سەتەی یازدە هەمیزایینیو هێرشی مەغول (سەتەی ١٣) لەراست هـاشاوڵی تـەیمورەشە لە (سـە تـەی پانزەهەم) نەبەزانە راوستانو سپا خۆین خۆرەکەیان شکاندوە.

لە سەتەی ١٦ی زاین لە دولای کوردستانا، دوحوکومەتی بـەوزە دامـەزرا لە ئـێران حوکومەتی سەفەویو لە تورکییەش حوکومەتی ترکی عوسمانلی، ئەم دوحوکومەتەنێزیک بە (٣٠٠) ساڵ جارو بار پێکەوە ئەیان کردە سیمرِ سیمرِو جەنگ.

کوردەکان، باوەکولەرەگ ژیا، لە تەک ئاریا: ئیرانییەکانا هاو خۆین بون، بەڵام لە بەر زڵم و بێدادی میروپاتشا سەفەوی یەکانو هەروا، لەبەرئەوەی لە سەررِچەی و رێگای سوننی بون جار جار ئەچونەلای عوسمانلییەکانو بەدژی سەفەوی یەکان جەنگیان ئەکرد.

لە ساڵی **١٥١٤** زاین دالە جەنگی چالدرانالە باشوری گوڵ ئاوی ورمێ داکوردەکان چونە یارمەتی تورکە عوسمانلییەکانو سپای شائیسماعیلی سەفەوی یـان تێکشکـاند، تـرکە

عوسمانلییەکان سپای شائیسماعیلی سەفەوییان تێکشکاند. ترکە عوسمانلییەکان لە بەرانبەرا بە ڵێنی سەر بە خۆی ناو خۆی: (خودموختاری)یان بە کوردەکان دابو بە ڵام جەنگی چالدران بە زیانی نەتەوەوگـە لی کـوردتەوا و بـوا چونکـالە دوایـیدا کوردستـان لە نـێوان تـورکییە و ئێرانادابەش بو، سێبەشی کەوتە بەردەسی تورکی عوسمانلی و یەک بەشی دیکەی کوردستان کەوتەسەر ئێران، سوڵتان سەلیم و شاهەباس لەوبابەتەوە پەیمان نامەیان لەگەڵ یەکا بەست و ئەوپەیمان نامە، لە ساڵی ١٦٣٩ زایینی بە هۆی شاهەباس سەفەوی و موڕادی عوسمانلی یەوە مۆر کرا، بەڵام کوردەکان ئەم سنوربەندی یەیان قەبوڵ نەکردو لە هەردو حوکومەت ڕاسان و توانییان لەتورکییەو ئێرانا میرنیشینگە لی کوردی بـە دی بـهێنن و تـاڕادە یـەک بگـە یـێنە سەربەخۆی هەرێمی. میرنیشینەکانی موکری و ئەردەڵان لەکوردستانی ئێرانـا تـا ئـاخر و تۆخری سەتەی نوزدە هەم بەهۆی میر و مە زنە کوردەکان بە ڕێوەئەچو، بەڵام لە هەوەڵی سە تەی بیستە ما، حوکومەتی ناوەندی ئێران کارو نیازی بەحوکومەتێکی بەوزەهە بوتـابێ وەی بتوانێ گەڵاڵە تاڵان کارانەکەی خۆی بەرێ بە ڕێوە. هە روەها حوکومە تەکانی کوردی گول ئاوی وان و بادینان و هەکاری و دییار بەکریش لە تورکییە دابە دەس پاتشا زۆروێژە تور کە تەرەسەکانی عوسمانلی لە ناو بران و قڕیان خستە ناو سە رۆک وبنۆکە کوردەکان، لە سە تەی نوزدە هە ما هەرکاتێ کوردەکان لەو حوکومەتانە ڕادە سان و ئەیانە ویست خۆیان سە ربە خۆ، پکە ن، کوردە خودان زەوی یە، گە ورە کانیان ئە کردە، هۆرە، بۆ کوردە، دژ، حوکومە تە دژ کوردەکان و کوردیان بەکورد ئەدابە کوشت.

لە سە تەی بیستە میشا هەستان و ڕاپە ڕینی کوردەکان کە بە شێوەی نیشتمانی تایبەت دەسی پێکراوەو هێما نیش بەردە وامە، کە وتە، بەر، ڕەوتی کێبە رکێی ئیمپریـالیزم، لە ڕۆژ هەڵاتی ناو ڕاستاو خۆرهەڵاتی زریەی مەدی ترانەدا، ئیمپریالیزمە کان لەم هەرێمـانە دا بـۆ پەرەپێ دان، بە وزەو سود وەرگرتنی خۆیان لە و دە مە وە، لە مە سە لەی کورد، بە فڕوفێڵ کە ڵک وەرئەگرن، لە مە ولا گەلی کورد، ئە شێ سیاسەتی ئیمپریالیزم بناسێ و دە سی ڕەشی ئیمپریالیزم و نوکە رە دروشم دارەکان وبێ دروشمەکانیان جوان بخوێنێتە وە و خۆی لە داوی ئە وخۆین مژوگەڵ دژمنانە بپارێزی تازو و ئاسان بتوانێ بە مافی خوراوی خۆی بگات کە

۲۱۴ ـ شه پۆل

ماوەی زیاترلە سەت ساڵە هەوڵی بۆ ئەداو لەکاتی را پەرینی شێخ عوبە یدیلای شه مزینی یەوە کە بە دژی قاجارەکان دەسی پێکردوەگەلی کورد، توشی سیاسەتی تـوشی ئیمپریـالیزمو نوکەرەکانی بووە،گەلی کوردئەشێ بەکردەوە،کارێ، بکات،کە، شۆڕشەکەی سودی گشتی، گشت چینە رەنجبەرەکانی کورددابین بکاتو رەوتێکی وای هەبێ بەدژو زیانی ئیمپریالیزم بە تایبەت ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی تەواوبێت.

تە بەری ئەڵێ: ئەردە شێری بابەکان لەکوردانی بازرنگی یابەرزنجە یە، کـوردانـی بارزنگی یا بەزرنگی یا بازنجان یا بیزنجان تا ماوە یەکیزۆر دوای داهاتنی دینی ئیسلام هەرلە فارسا ئەژیان.ئیبنی خوردادو ئیستە خریش زۆر بە دورو درێژی لەگەلی کوردقسەیان کردوە، (کەردۆ) بە فەتحەی کاف لە ئەزمانی ئاشۆریدا بە مانای جەنگ ئاوەرو دلێرو نەبەزە، لە یە کێک لەکەتیبەکانی سەرگون پاتشای ئاشۆراکە بە شێوەی مێخی نوسراوە (کە ردو، یاکاردو) هەر بەومانایانە، بەکار براوە، دور نییە (گورد)یش کە بە مانای دلێرو نەبە زە، هەرلە وریشە، بێ[۱].

## هۆزی شوانکارە

ناسر تەکمیل هومایون لە ژێر سەردێری ناساندن و تەحلیلی: «دە فتە ریدڵگوشا» دا بە ناوی ناسیاوی لە تەک شوانکارەکانالەگۆواری هونەرو مەردوم[۲] ـ ئەنوسێ: بە سەرهاتی ئەم هۆزە ئەبێتە سێبەش:

۱ ـ دەورەی یەکەم ئەوە یەکە هێمان مەزنەکانی شـوان کـارە نـەچبونە جـە غـزی رامیاریو میری یەوە، ئەو جۆرە بنەماڵە مەزنانە خۆیان لە بنە ماڵەی ئەردە شێری بابەکـان ئەزانیو باوەڕیان وابوکە باو با پیرانیان تائە سپە هبودی فارس روییشتبون و دوای داگیرکرانی ئێرانو کوردستان لەلایەن عەرە بەوە،خۆیان لە ئیسفەها ناشاردبوە وە (۱) بە قسـەی ئـیبنی بەلخی: بنە ماڵە مەزنەکانی شوانکارە (لە سەرەتای قەرنی شەشە می کۆچییا بە رانبەری قەرنی

۱ـ ئێستە خری فەسلی فارس، تە بەریج ۲فەسڵی ساسانیان مێژوی واژەگەلی سامی نوسراوی دوکتور ئیسرائیل چاپی میسر لاپەرەی ۴۵ س ٦ ـ سەبک شناسی بە هارچاپی سێهە م تاران ساڵی ۱۳۵۰ هە تاوی.

۲ـ ژمارەی ۱۸۸ بە فرانباری ساڵی ۱۳۳۷ چاپی تاران.

## ٢١٩ - باوی کور دەواری

دوازەهەمی‌زایینی) پێنج تیرەی گەورەبون، ئیسماعیلیان و رامانیان و کرزوبییان و مەسعودیان‌و شکانیان(٢).

ئیسماعیلیان لە هۆزەکانی‌ترگەورەتروگرنگترو ناودارتربون،خۆیان ئەداپاڵ مەنوچیهەر.

رامانیانیش لە بابەت هەبونی داب و دەستوری هۆزەواری وجەنگ ئاوەری و نە بەزی یەوە زۆر ناوداربون. ئەوانی تریش لە جێگای خۆیانا خودان سامان و دەسەلاٚت و بەوزەبون (٣)

لە ئاخرو ئۆخری حوکومەتی دییالە مەوە، هێزو دەسەلاٚتی شوانکارە یەل لەباری رامیاری‌و سیاسییەوە، دیاردی ئەکرێ، دوای چەن شەڕوشورێک لەدەورانی غەزنەوییانا بە شێکی زۆرلەوهۆزە لەدەوروبەری دارابگردا نیشتە جێ ئەبن.

بە شی دوهەم: دەورەیەکە، هۆزی شوانکارە لە سەر زەوینێکا، بە ناوی خۆیان ناوداری مێژوی پەیائەکەن‌وکەم‌کەم ئەچنە ناوسیاسەتەوە.

حەمدولاٚ موستەوفی قەزوێنی لە سەتەی هەشتەی کۆچی (بەرانبەری‌سەتەی چواردەهەمی‌زاین) سەرزەوینی شوانکارە بە نێوان فارس وکرمان و ناوەندو پێتەختی ئەوان بەشاری (ئیگ = ئیج) ئەزانێ، ئیستە هْبانات، بەرک = (بەرگ یافرگ) تاروم، خیرە، نەیریز، کرم، رونیز، لارودارا بگرد، دێتە ئەژمار(٤)

ئە و سەرزەوینە لە هەرێمێکی‌گەرمییانایە و هەندێ لەو جێگایە ئاو و هەواکەی نەزۆر گەرم ونە ساردیشە. ئەوسەر زەوینە چونکا، خاوەنی‌گەنم‌و پەمۆ و خورما وکشمیش و میوەی تربو، لەبابەت ئابوری یەوەگرینکی یەکی تایبەتی بەسەر، زەوینی شوانکارە دابو. حوقوقی دام‌و دەسگای ئەوان لەدەورەی سەلجوقییانازیاترلە ٢٠٠٠٠٠/٠٠٠ بە دراوی‌کاتی نوسراوە - حەمدولاٚموستەوفی لە ساڵی ٧٤٠کۆچی (بەرانبەری ١٣٤٠ زاین) تا ١٠٠، ٢٦٦ دیناری نوسیوە (٥) لەوهەریمە پڕپیت‌و بەرەکەتەدا لە ڕۆژگاری دەسەلاٚتی سەلجوقییەکان، بەسەرئێراناو ئەتابەکەکان‌و بەسەرفاسا، هۆزی شوانکارە وزەو هێزو ناوونیشا نێکیان پەیاکردبو و بنکە وقەلاٚو جێگە و ریگایەکیان بۆخۆیان دابین کردبو.

له ساڵی ٤٨٨ کۆچی (به رانبەری ١٠٥٥/٥٦ زاین) فَضْلَوَیْه حسنویه (کوڕی فەزل، کوڕی عەلی، کوڕی، حەسەن، کوڕی ئەیوب کەیەکێک له ئه میرانی ئیگ‌و له هۆزی رامانیان بووه، لەمەلیک مەنسور، کوڕی عزّالملوك ئەبو کالیجا رئاخرین پاشای ئال‌بویە، راساو به دیل گرتی‌و به ندی کردو هەرێمی فارسیشی هێناژێر ڕکێفی خۆی (٦).

فضلویه: لەباری رامیاری یەوە، وای بەباش زانیوە کەلەتەک سەلجوقییەکانابە تایبەت (لەگەڵ قاورد، کوری، جه فری‌بیگ، برای ئەلب ئەرسەلان) خۆی رێک‌خات، هەرلەبەرئەوە ساڵانەبە (٢٧/٠٠٠/٠٠٠) درهەم هەرێمی فارس له دیوانی سەلجوقی ئیجاره ئه کات. جاله سایەی دۆستی لەگەڵ ئه لپ ئەرسەلانا، شاری گشناوا یاجشناوا، ئەکاته پێتەختی خۆی (٧) و کەم کەم لەسەلجوقییان دورئه کەوێته، تا به ئیشارەی خواجه نیزامولمولك هەڵ ئـه کـوتێته سەرئەلب ئەرسەلان‌وئەی کوژێ‌و پێستەکەی کای تێ ئەخنێ،ئەتا بەکانی دوایی ئەو وەک: خمارتگین و جەلالەدین چاولی، لەتەک بنه ماڵه ی سیاسی شوانکاره کانا، گێرەوکێشه یان (٨) هەبو... ئەمه لەسەرا نسەری چاخی حوکومەتی ئەتابەکـانی فـارسا دەوامـی هـەبووە. جـار جارئەوان و جارجاریش شوانکارەکان پیرۆزو سـەرکەوتوبون (٩).قـوتبه ددیـن موبـاریز کوڕی، نظامالدین یەحیا، جێ نیشی فضلویه) میرەکوردێ بو،کە بەدادگەری ولاّتی ئاوەدان کردەوەو زۆرێ لەولاّتانی تری خسته، سەرمیری شوانکاره (١٠) و به ئیلتیماسی کرمانیان یارمەتی دان (١١) ـ وەئه وهەرێمەی له چنگ غەزان دەرهێنـا، بـه لاّم زۆری نەخـایەن‌کە (نظامالدین مەحمودو سەیفەدین محەمەد)ی ـ برای وایان زۆر بوخەڵك هێنـا، کرمـانیان و غەزان بۆروخاندنی دام و دەسگای شوانکارەکان یەکیان گرت‌و عەجەمشای کوڕی مەلیك دیناریان هێنایه سه رکار (١٢)له ساڵی ٥٩٩ کۆچی (بەرانبه ری ١٢٠٢/٠٣ زاین) ئه تابەک سەعد، کوڕی زەنگی بۆتێک خستنه وەی هێزو وزەی شوانکارەکان لەگەڵ (نظـامالدیـن) مەحمود ـ برای یەک‌کەوت‌و ئەمەبو سەرکەوت.

له ساڵی ٦٢٤کۆچی (=١٢٢٦/٢٧ زاین) قوتبەدین موباریزی شوانکاره کۆچی دوای کردو میراتی پاتشاي به (مەلیک موزەفه رەدین مه حەمەد) ی کوڕی برا. ئەڵێن ئەمه مرۆڤێکی زانست پەروەرو زاناو شیعردۆستو شـاعیرو قسـەزان‌و کـارزان و کـارکوشتەو زۆر شیـاوی

## ٢١٧ ـ باوی کور دەواری

سەرۆکایەتی بووە، کاتێ لە تەک زانایانا دائەنیشت. مرۆڤ حەزی ئەکرد بنوارێتە خو و ئاکارو گفت و لفت و قسەزانی و هەستان و دانیشتنی ئەوپیاوە مەزن و مەندو ماقوڵە (١٣) سنوری سەرزەوینی شوانکارە لەکاتی مەلیک موزە فەرەدین لە لای باشورە (جنوب) وەتا هەرێمی هورموز، [خلیج فارس] پەرەی ساندبو. لەوکاتە دا، ئەتابەکی بەدەس ئەبوبەکر، سەعد، کوڕی، زەنگی بو، کە (شیخ مصلح‌الدین) سەعدی (لُری) دیباچەی گولستانی بەناوی ئەوداناوە (١۴) ولەم شیعرەشدا کاروکردەوەی ئەو بەسودترلە هی ئەسکەندەر ئەزانێ و ئەبێژێ:

(ترا سد یأجوج کفر از زراست　　　نه روئین چو دیواراسکندراست)

ئەو دومیرەهونەر دۆستانە، واتا: مەلێک موزە فەرە دین محە مەد ـ ی شوانکارەو ئەبو، بەکر، سەعد، کوڕی زەنگی، هەردوکیان لە ساڵی ٦۵٨ کۆچی (١٢۵٩/٦٠ زایـن) کـۆچی دواییان کردوە.

دوبارە ئاژاوەو نائارامی گەرایەوە ناو خاکی فارس‌وکرمان، مە غولەکان لە مە کەلکێ زۆریان وەرگرت. هەلاکۆخان قەلای (ئیگ)ی گرت (١۵) و دوای خراپ کردنی ئەو قەلایەو قەلاکانی تری شوانکارەکان، قوتبەددین موباریز (= دووەم) کوڕی موزەفەرە دینی، کردە میری ئەو ناوەو خۆی گەرایە وە.

بە شی سێهەم: دەورەیەکە، مەغولەکان خۆیان بەسەر هەمو، مەڵبە ندەکانی ئـێرانـا، داسەپانبو، هەرێمی شوانکارەش وەک شۆینەکانی تری ئێران، زیانێ زۆری لێکـە وتـبو و میرەکانی شوانکارەش، ببونە دەس نیشانی مە غولەکان.

قوتبەددین موباریز دووەم، هەروەک فەزلە ویە (سەر بنە ماڵەی شـو انکـارە) دوای ئەوەی هەرساڵە ولاتی بە شەش هەزار دینار زیرلە مەغولەکان بەئیجازەگرت، خۆی قەف کردو وەلامی ئەوانی نە دایە وە، بەقسەی: (نەتەنزی کاتێ وەرزێ میری کرد. گفی کردو سەری لەژێر باری هەلاکۆ هێنادەرێ) ئەم جارە، بەراوەژوی زەمانی ـ فەزلەویە (گەلی شوانکارە، لێی راسان و لە تەک مناڵەکانی براکەیا، ئەویان دەس بەسەر نارده، مە تەرێزو ئۆردو تاگە بیشتە یا ساق (١٧) و مەلیک نیزامە ددین، حە سەن ـ ی ـ براکە یان کردە میرو جێ نیشینی.

مەلیک نیزامە ددین حە سە نیش. لە شەڕی سە لجوق شای فارس لە کازرونا، کوژ راو نوسرە تە ددین - ی - بڕای بووە جێ نیشی، وە ئەویش بە شەر بە تیژارلە ناوچو (۱۸) جە لالە ددین تەیب شا، لە سیانزە سالآنە دا لە لایەن شوانکارە کانە وەبوبەشا و سیانزە ساڵیش پاشایی کردو لە کاتی ئەوا شوانکارەی میسریشی جە مە وە کردو مولك و حوکومەتێ، تە واوی گیر هێنا (۱۹) کوڕێکی هەبو، بە ناوی موزە فەرەدین محە مە دکە بە زۆر وکارایی زاڵ بو و دەسی کرد بە کوشت و کوشتاری میرو مە زنانی سەر بزێو و دزێوی ئە وناوە نـاوە (۲۰) بـە لاّم ئەمکوشت و بڕینە بووە هۆی ئەوە خەڵکی، لێ دور کە وێتە وەو لە ناو خۆیانابە تـایبەت لە تە ك مامی دا،بە هائە ددین ئیسماعیل ببێتە جەنگیان و هەردوکیان یە ك لە دوی یە ك بکە ونە دوای مە غولە کان و لە ناوچون.

شازادە کانی تریش، وە ك ناسرە ددین مە حمودو براکانی سەیفە ددین هەزارسەیفو غیبا سە ددین محەمەد (کوڕی جە لالە ددین تە ییب شا)و نیزامە ددین حە سە ن - ی برایشی = (هاوبە شی موڵکی براکەی بو) هە رکام ماوەیە ك میرییان کرد، بەلاّم نەیان، توانیوە وزەی جارانی شوانکارە راگرن.

## بە نی فەزلە وەیە

بەنی فەضلوەیهی ئەتابەکانی شوانکارە: حەمدولاّی موستەفی[1] ئەوانەی بەئەتا بە کانی شوانکارە ناوبردوە.

۱ - فەضلوەیهکوڕی حەسنە وەیە ساڵی ۴۴۸ کۆچی مانگی

۲ - نیزا مەدین مەحمودکوڕی فلان کوڕی حەسنەوەیە

۳ - هەزا رئەسپ (موبا رەزەدین) کوڕی مەحمود...

۴ - حەسنە وەیە ساڵی ۵۰۵ - ئەگونجێ کە مەبەست حە سەن کـوڕی موبـارە ریـز سەرۆکی شوانکارە بێ کە کوڕی ئەسیر ناوی بردوە.

---

۱- تاریخی گوزیدە ج ۱ پەرەی ۴۴۳ و خەلیل ئەدهە م پەرەی ۲٦۴.

٢١٩ ـباوی کور دەواری

٥- موزەفەر ەدین کوڕی حەسنەوەیه

٦- قوتبەدین کوڕی موزە فەرەدین. ساڵی ٦٥٨. بار تولید بە (قوتبەدین کوڕی موبارەزەدین) ناوی بردوە.

٧- نیزامەدین فەضلە وەیه‌کوڕی فلان کوڕی موزەفەرەدین ساڵی ٦٥٩ - بار تولید بە (نیزامەدین فەضلە وەیه‌کوڕی موزەفەرەدین کوڕی موبارەزەدین) ناوی بردوە. دیارە کوڕانێکی هەبوە ناویان دیار نییە

٨- نوصرەتەدین ئیبراهیم کوڕی فلان کوڕی موزەفەرەدین ساڵی ٦٦٢.

٩- جەلالەدین تەییب شاکوڕی فلان کوڕی موزەفەرەدین... ساڵی ٦٦٤ کۆچی مانگی.

١٠- بەهائە دین کوڕی فلان کوڕی موزەفەرە دین ساڵی ٦٨١.

١١- غیاسەدین کوڕی تەییب شاو براکەی نیزامەدین بەناو حوکومە تێکی لەساڵی ٦٨٨ هەبوە - بار تولید (نیزامەدین) ی بە کوڕی بەهائەدین داناوە.

١٢- مەلیک ئەردەشێر (بێ ناونیشان) ماوەی حوکومەتی کەم بوە، ساڵی ٧١٣. کە بە دەسی موبارەزەدین محە مەد موزەفەر لەسەر کارلاچوە. قسەی بار تولید (١٠٣) و مونەجیم باشی جیایی زۆرە.

حەسنەوەیه

فلان — ١- فەضلەوەیه

٢- مەحمود

٣- هەزار ئەسپ

٤- حەسنە وەیه

٥- موزەفەرەدین

۲۲۴ ـ شه پۆل

موزەفەرەدین

فلان — ٦ ـ قوتبەدین

٨ ـ نوصرەتەدین — ٧ ـنیزامەدین

فلان

١٠ ـ بەهائەدین — ٩ ـ جەلالە دین

١٢ ـ نزامەدەین — ١١ ـ غیاثەدین[1]

ـ سەرچاوە

١ ـ عەباس ئیقباڵ ئاشتیانی ـ تاریخ مەغول چاپی دوەم لاپەڕەی ٣٨٠ تاران ١٣٤١ هەتاوی.

٢ ـ عە باس ئیقباڵ فارسنامە لاپەڕەی ١٣٦ ـ١٣٣ تاران ١٣١٣.

٣ ـ دکتورزە بیحولاسەفا ـ مێژوی ئەدبیات لەئێرانا بەرگی یەك لاپەڕە ی ٤٠ تاران ١٣٣٩.

٤ ـ سیاقی، تاران ١٣٣٦.

٥ ـ بەم سەر چاوانەی خوارە وە بنواڕە:

ـ ئیبنی ئەسیر ـ ئەلکامیل بە رگی ١٠ لاپەڕە ی ٣٦٢ ـ شوانکارە.

ـ لسترنج ـ جوغرافییای مێژویی سەر زەوینی خیلافە تی شەرقی، تەرجەمەی مەحمود عیرفـان ـ تـاران ١٩٥٩. *Yule (H) - The Book of ser Marco Polo, 2 ed - London 1874.*

---

١ ـ سەرچاوە: کوری ئەسیر: ئەلکامیل لە مێژودا.

مێژوی گۆزیدە. دائرةالمعارف الاسلامیة ـ چاپی فرانسە، مادەی: (شوانکارە.)

نەسەبنا مەی خولەفا و شەهر یاران وسەیری مێژویی روداوەکانی ئیسلامی نوسرا وی زامباو یرو، تەرجەمەی دوکتور جەواد مەشکور. پەڕەی ٣٥١ و ٣٥٢ چاپی ١٣٥٦ هەتاوی.

لەئاخریدا زێدونیشتمانی شوانکارە کە وتە دەس روکنە ددین حەسە ن کوری هەزارئەسەبو تا جەددین جەمشید کوری ئیسماعیل، بە قسەی نە تە نزی: (هەرجارە حوکومەت ئەکەوتەدەس یەکێك لەو دوانە تا ساڵی (٧٤٢ کۆچی، بەرانبەری ١٣٤١/٤٢ ـ زاین) کە پیر حوسین نویان لە شیرازابو، حاجی لون، لەهیندوستانەوەلە رێگای سیرجانەوە گە رایەوەو ئەودوپاتشامەزنە، کەلەبنەماڵەو پاتشایانی ساسانی بون، کوشتنی و دوکە ڵی، لە کڵی ئەو بنەماڵە هەستان (٢٢)÷٢٢ ـ نە تە نزی لاپەڕەی ٩ و ١٠.

شوانكارا Soncara SHABAUKARA مه قالەی بەکەڵکی چاپ كراوله دا ییرة المعارف اسلام.
و نسخه خەتی مه جمع الانساب (بە قەڵەمی محه مه د، کوڕی عـەلی شـوانكـارەیی) ـ له ئەنیستیتوی خاوەر ناسی فەرهە نگستانی عولومی شورەوی (لینینگراد) ژمارەی ۳۷۲).

٦ـ ئیقباڵ ئاشتیانی لاپەڕە ی ۳۸۱.

۷ـ ئەم شارەكەلەنێوان داراب و فەساو نەیریزا بو، لە مونته خه ب التواریخ موعینی، نوسراوی موعیینه ددین نه ته نزی، به ته سحیحِ ژان اوین تاران ۱۳۳٦ خوشناوا هاتووه.

۸ـ عباس ئیقباڵ لاپەرەی ۳۸۱.

۱۰-۱۱-۱۳- نه ته نزمی (موعیینه ددین لاپەڕەی ۳ و ۴).

۱۴ـ بۆئاگاداری‌لە باری ئەدەبی‌و هونەری‌لە و هەرێمەداله ڕۆژگاری شوانكارەكانا، كه ته نانەت لە ناو پیاومه زنان و میرمیران و گورزوەشینا نیشا شۆێنی هه بووه، بنواڕه سه فا ۴۱-[۱]

ئه مه ش‌چوارینه یەك‌كه قوتبه ددین موباریز لەشینی غییاسه ددین ـ ی كوریدا و تویەتی:

(ای جـان پـدر کـه آن جهـانت خـوش بـاد
رفـتی زبــرم کــه جــاودانت خــوش بـاد
مســـلك بقـــا را بفنـــا، بگـــزیدی
سوری سره کـردی کـه راوانت خـوش بـاد)

بۆنواندنی فەزیلەتی كه ماڵه ددین ئیسماعیل (كوژ راو لە ساڵی ٦۳۵ و شه وقی دیتنی وی ئه بێژێ:

چــون نــیست مــرا بـخدمتت روی وصـال
ســر بــر خــط دیــوان تــو دادم مەوسـال
گـــویم فلکـــا در تـــو نقصـــان آیـــد
گــر زآنکــه رســانیم زمــانی بوصــال

---

۱ـ ئیقباڵ لاپەرەی ۳۵۸.

۲۲۳ ـ شه پۆل

که ماله ددین له وه لاماده بێژێ:

(آنـــی تـــو کـــه خـورشید سـرافکـنـدۀ تست
هـــر کـــوست خـداونـد هـنربندۀ تست

جویـــای کمـــالند بجـــان خـلق جهـــان
وآنگـــاه بجـــان کمـــال جـــویندۀ تست)۱۰



سنگ نگاره شکار گرازان در تاق بزرگ

---

۱ ـ ۱۵ ـ ۱٦ ـ ۱۷ ـ ۱۸ ـ ۱۹ ـ ۲۰ ـ نه‌ته‌نزی لاپه‌ره‌ی ۵ و ٦ مه‌لیك موزه فه‌ره‌دین له ته‌مه‌نی نه‌ود ساڵی دا له ساڵی ٦۵۸ له جه‌نگی مه غولانا شه هیدکرا.

ـ بۆئاگاداری. زیاتر بنواره تاریخ مه غول ئیقبال و مونته خه‌ب التواریخ موعینی.

۲۲ ـ نه ته نزی لاپه‌ره‌ی ۹ و ۱۰. شه پۆل •

## کوردی شوانکاره

شوانکاره، هۆزێکی کوردی زۆر ئازاو نەبەزەو لە پێنج تیرەو هۆز، پێکهاتووە. ڕۆژ گارێک لە نێو جەرگەی فارسدا حوکومەتی سەربەخۆیان هەبووەو نزیکەی صەدو پەنجاساڵ ئەو حوکومەتە، هەرماوە.

دامەزرێنەری حوکومەتی شوانکارە، ئەمیر فەضلەوەیە،کەکوری عەلی کوری حەسەنی ئەییوبی بووە،کۆبەی ماموستا جەمیل ڕۆژ بەیانی - حوکومەتی سوانکارە ساڵی [۴۲۱ ی مانگی و ڕێکەوتی ۱۰۳۵ ی زاینی] دامەزراوەو تا ساڵی [۷۵٦ ی مانگی و ۱۳۵۵ ی زاینی] هەر بەردەوام بووە،کورد و کوردستانی ئەمین زەکی تەرجەمەی محەمەد عەلی عەونی، چاپی بەغا، پەرەی ۱۳۷ نەقڵ لەکۆبەی شەرەفنامە بەکوردی پەرەی ٦۴ چاپی دوەم ساڵی ۱۹۸۱ی زاینی تاران چاپخانەی جەواهیری.

۲۲۷ ـ باوی کوردەواری

## محەمەد کوڕی شوانکارە

٦۹۷ کۆچی ـ

محەمەد کوڕی عەلی کوڕی محەمەد لە هۆزی کوردانی شوانکارەی فارسەو یەکێک لە نوسەرانی فەصیحی سەتەی هەشتەم کە لەفەننی شیعرو شاعریدا خـو دان هـێزوبیری وردو ناسکو جوان بوە و بە خاجە (غیاث‌الدین) کوڕی رەشیدە دین (فەضل‌الله) داهەڵیو تووەلە ماوەی ساڵی ٦۹۷ کۆچی مانگی لە یەکێک لە ناوچەکانی شوا نکارە لە دایک بوەو ژیانی خۆی بە نوسین و شیعر و تن را بوردوەو لە ساڵی ۷۳۳ کۆچی دەسی کردوە بە دانانی مێژوی گشتی و لە ساڵی ۷۳٦ کۆچی تەواوی کردوەو دوای تەواو کردنی،ئەو کتێبەی پێشکەش بە خاجە (غیاث‌الدین) کردوە کە نیشانی ئەبوسە عید ئاخرین پاتشای مەغولی بدا، بلاّم بەر لەوە ئەبوسەعید بی‌بینێ ئەبوسەعیدی مەغول ئەمرێ و لە هەمان دەم وکات دالە زیمنی تالاّن‌کردنی گەرەکی (ربع رشیدی تەوزێر) نوسخەی ئەسڵی ئەوکتێبە لەنێو دەچێو نوسەر بۆ جاری دوەم لەساڵی ۷۴۳ی‌مانگی کتێبەکەی خۆی لە نوکەوە دائەنێتەوە بە (مجمع الانساب) ناوی ئەنێ ئەمە هەر ئەوکتێبەیە کە لەو پەڕی رێک و پێکیو رەوانی وگونجاویو خونجاوی دانراوە و مێژوی جهانی لە سەرە تاوە تا پادشایی ئەبو سعید یمەغولی تێدا نوسراوە[۱]

---

۱ـ سەرچاوە: مێژو لکەی وێژاوەری پیران سەعید نەفیسی لە ساڵنامەی پارس ساڵی ۱۳۱۷ کۆچی هەتاوی. تاریخی سلێمانی ۲۱۹ـ ۲۲۴ و مشاهیرالکرد ۲:۲۰۱ و princeton 961 و ایضاح المکنون ۱:۳۷ و ٦٦ و المستدرک علی الکشاف ۳۷٦ و شێخ معروف نۆدێی بەرزنجی چاپی بەغدانوسراوی مەولاناشێخ محەمەد خاڵخوابی پارێزی شێخ محەمەد خاڵلە ۱۹۰۴ زاین لەدایک بوە و تائێستادە دەوانزە کتێبی بە کوردی و عەرەبی نوسیوە و لە چاپیش دراون. نەقڵ لەئەعلامی خەیرەدین زرەکلی چاپی ٦ ج ۷ پەرەی ۱۰۵ و زەیلی کشف الظنون ج ۱ پەرەی ۳۷ و بەرکوڵی پێنجەی قەصدەی بوردی‌یە شێخ مارف نۆدێی...وە پەرەی ۵ مجمع‌الانساب چاپی ۱۳٦۳ چاپی ئەمیر کەبیر ـ تاران.

## بەهاشە نگاری

٥٣٣-٦٢٢کوچی و ١١٣٩-١٢٢٣ زاینی

ئەسەد کوڕی یەحیا سنجاری (شەنگاری) ئەبو بەرەکات کوری موسا کوری مەنصور کوری ئەوڵ عەزیز کوری وەهەب کوری هبان کوری سوار کوڕی ئەولا کوری رەفیع کوری رەبیعە کوری هبانی سەلمی سنجاری فەقیهی شافعی شاعیر، بانگ کراو بە (بەها).

ئەمزاناکوردە زانا بە زانستی فیقهبوەو لە زانستی خیلافیشدا دەسێ بالأی هەبوە و یە کێك لە زانا ناودارەکان بوە و زۆر ئازا و بەجەرگ‌و زیرەك و نوکتەزان بوەو شیعری جوانیشی زۆرە.

بە شیعروتن ناوی داخستوەو بە پاتشایانی‌دا هەڵ وتوەو جایزەی لیٚوە رگرتون و زۆر ولأتان گەراوەو لە ستایشی گەورەپیاواندا شیعری زۆرە و دیوانی شیعری هەیە، یـەك لەو قەسیدانەی وا لە ستایشی قازی کەماڵە دین کوڕی شارە زوری‌دا وتویەتی:

| | |
|---|---|
| وَ هَــواكَ مٰـا خَـطَرَ السُّـلُو ببـاله | وَلَأَنْتَ اَعْـلَمُ فـى الغـرام بحـاله |
| وســتی وشـــی واشٍ اليك بـــاِنَّهُ | ســالٍ هَـوَاك فـداك مـن عُـذالِـهِ |
| ريّـان مـن مـاء الشـبيبة والّـصبا | شَـرِقتْ معـاطفُه بـطبيب زلالِـهِ |
| تسـرى النـواظِـرُ فى مـراكب حسـنه | فتكـاد تَـغْرق فـى بحـار جمـالِهِ |
| فكفَـا عـينُ كمـاله فـى نـفسِهِ | وكـفى كمـالالدين عـينُ كمـالِهِ |

ئەم زاناگەورە لە هەولێر لە ٥٣٣ مانگی‌و ١١٣٩ زاینی لە دایك بوەو لە ٦٢٢ مانگی‌و ١٢٢٩ زاینی لە سنجار کەسێ رۆژە رێ لە موسڵ دورە بارگەی بە رەولای خواتێکناوە[١].

---

١ - سەرچارە: (خ) کتێبێك لە تەراجمدا ٣٥ ساڵی ٧٠٤٣-(چاپی) کوری خەلەکان‌لە وەفیات‌الاعیان فی انباء ابناء الزّمان ج ١ پەرەی ١٩٣ و ١٩٤ و ١٩٥ چاپی قاهرە،کوڕی عیماد: شذراتٌ الذهب ٥:١٠٤ ١٠٤،کوڕی کەسیر. بیدایە ١٣:١١٠،یاقوت: معجم البلدان ٣:١٥٩ و ١٦٠،وەمادەی سنجارو ئەعلامی زەرکلی بەرگی ١ چاپی ٦ پەرەی ٣٠٢.



حسن کامکار:



## هو نەروە ری‌ناودار: خوالێخوشبو حه سه ن - ی کامکار:

## ۱۳۰۲- ۱۳۷۱/۲/۲٤ی هه تاوی

حەسەن کامکار، هونەرمەندی بلیمەت، ئاهەنگ‌ساز و مۆسیقیدانی بەناو بانگی کورد. لەتەمەنی ٦٩ ساڵیدا باروبنەی ژیانی پێچاوە و دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت.

کامکار لە (نۆسان): خاکەلیوەی ساڵی ۱۳۰۲ هەتاوی لە شاری سنە چاوی بەروی ژیندا هەڵێنا تەمەنی ۱۲ ساڵ بو لە مەدرەسەی موزیکی نیزام دامەزرا و ئەمریکەوتە بو بە هۆی ئاشنایی لەگەڵ سازە جۆر بە جۆرەکاندا و وای لێهات بە ئاسانی هەمو سازێکی لێدەدا. بەڵام سازی تایبەتی ویوڵون بو.

کامکار، بۆ زۆربەی گۆرانی بێژە گەورەکانی کورد ئاهەنگی دروست کردوە، یان لەگەڵیاندا سازی لێداوە و لەپەروەردە کردنیاندا، هەوڵی داوە. گۆرانی بێژانی وەک، حەسەن زیرەک، نەوبەری، وە لە جەوانەکاندا حوسێن شەریفی، عەبباس کەمەندی، هوشەنک شگرف و... هێندی ئاهەنگی بە نرخی بۆ هونەرمەندانی فارس لێداوەو فێری کردون.

کامکار، زیاتر لە نیو قەرن لە پێناوی موسیقی دا چالاکی بە نرخی نواند وە و توانی هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی گەورە پەروەردەبکا. هەروەها مۆسیقی کوردی بەرە و بواری زانستی و علیمی پاڵ پێوەنا، وەکردی بە موسیقی‌یەکی علیمی و منداڵەکانی هەمو لە ژێر چاوە

دێری باوکی دڵسۆزیاندا، هەریەکە بون بەهونەرمەندێکی ناوەبەدەروە و هەر ئێستا لە ئێراندا بنەماڵەی کامکارەکان بەگەورەترین مۆسقیدان دەژمێردرێن-ئەندامە هونەرمەندەکانی ئەو بنەماڵە، برێتین لە بێژن، هوشەنگ، پەشەنگ، ئەرژەنگ، ئەرددوان، ئەرسەلان، قەشەنگ و ئەردەشێر.

خوالێخوشبو: حەسەن کامکار لە ساڵەکانی دوایی عومریدا. لە شاری سنە بنەکەن بو و بە ماڵەوە هاتۆتە تاران.

لەکارەبنەڕەتی و بەنرخەکانی کامکار و کوڕەکانی زیادکردنی دەف بە موسیقی ئێرانی بو.

دڵە گەورەکەی حەسەن کامکار لە رۆژی ۱۳۷۱/۲/۲۴ لە لێدان کەوت و دنیای بێ بەقای بەرە و بارەگای رەحمەت و بەزەیی یەزدان بەجێ هێشت.[۱]

## گۆرانی کوردی

گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کە تیشکی خستۆتە سەر هێندێ لایەنی ئەو بەشە نامۆیە لە فەرهەنگی گەلەکەماندا، بە شێوەیەکی رێکو پێک کۆمەڵێ لایەن و لقو پۆی گۆرانی کوردی دەست نیشان و ساخ کردۆتەوە، هەرچەندکەمو کۆڕیەکەی زیاتر لەوەدایەکە لە شی کردنەوە و ناساندنی هۆرە، قەتار، ئەلاوەیسی، سیاچەمانە، لاوک و حەیران بابەتەکە دەلەنگێ و تەنانەت نوسەرەکەی نامۆیە و بۆ ئێمە نەناسراوە، بەلاّم دەگونجێ بڵێین: کە بۆ ناساندنی پتری ئەم بەشە پێویستە پسپۆڕو کارزانی کورد بازوومەچەکی لێ هەڵکەن و ئەزمون و زانیاری خۆیان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەب و هونەری کوردی تۆمار بکەن، ئەم بابەتە بە هەندێ دەستکاری یەوە پێشکەش بە خوێنەران دەکرێ.

گۆرانی فولکلۆری، کەرەستەیەکی هەرە بنەڕەتی موسیقای فولکلۆری یەکە برێتی یە لە: ئاوازوگۆرانی، ئاوازی ئامرازەکان، ئامرازە موسیقاییەکان، لەگەڵ جۆرو روخسار و ئاکارو

---

۱ - ئاوای کوردستان ژومارەی ۱۷۷ پێنجشەمە ۲۵ی خەرمانانی ۱۳۷۲ی هەتاوی و ۲۸ ربیع‌الاول ۱۴۱۴ی مانگی و ۱٦ سپتامبر-ی ۱۹۹۳ی زایینی (شەپۆل).

خاسیەتەکانی، هەر بۆیەشە فۆلکلۆریست و زانا و پسپۆرەکان چ لەڕوی کۆکردنەوەو لێکولینەوە، چ لە ڕوی بەرا وردکردن و چەسپاندن، چ مەبەستگەڵێ بەنرخ دەخولقێنن، باشیش ئەزانین بەردی بناغەی چ ژیان و شارستانیەتێکی ڕەسەن و قایم دائەڕێژن و بنیاد ئەنێن. پەندێکی روسی هەیەکە دەڵێ: گۆرانی، قوولی بیروئەندێشە و راستی‌یە، لەکانی دڵەوە هەڵقولاَنە، هەست جولاَنە، ساکاری وشت دەرخستنە، هەمو نەتەوەیەکیش گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە. گۆرانی ئاوێنەی گیانی گەل و نە تەوەو خەزینەو گەنج و بیرو ئامانجی‌یەتی. خاسیەتی گۆرانی ناوگەل، لە روی باسەوە، ئەوەیەکە لە شتی جیا جیا دەدوێ و پڕە لە هەست و خواستی قووڵ و دەوڵەمەند، لەگۆرانی دا هەڵچونی ئازایانە و سۆزی دڵ دەبیسترێ، لە لای هەندێ لە ڕۆناکبیران چوار چێوەیەك بۆگۆرانی کوردی دانراوە، بە پیێ رای بیرەوەران‌و پسپۆران، گۆرانی کوردی ئەکرێ، بە چەند بەشێك: گۆرانی - بەیت - لاوك - دیلوك - لاوژە - باریتی - حەیران - قەتار.

هەروەها بە پیێ باری گوتن و لەبەر رۆشنایی مەرجەکانی کۆمەلاَیەتیش بەم جۆرە دا بە شی دەکەن:

١- گۆرانی کار: کە بریتی‌یە لەگۆرانی: (دروێنە - بێریانی - دارەوانی - کاروان - شوانی -کاسبکاری).

٢-گۆرانی بۆنەکان (موناسبات): ئەلف -گۆرانی بوك گواستنەوە (سەماو چۆپی - شەوارەگرتن).

ب -گۆرانی پرسە و ئازیەتباری

ج -گۆرانی ئایینی.

٣-گۆرانی رۆژانە: کە بریتی‌یە لە ئەلف -گۆرانی مندالاَن.

ب -گۆرانی لایلایە.

ج -گۆرانی دڵداری کە (لاوك - حەیران -گۆرانی - بەستە) دەگرێتەوە.

٤-گۆرانی ڕامیاری

٥-گۆرانیە ئازادەکان.

(موسیقای شاری و نیشتمانی، گۆرانی تازە) «تومابوای» کورد ناسیش لە و باوەڕە وەیە کە گۆرانی کوردی زۆر بە ئاهەنگ و بانگە و گەلێ چەشنی هەیە. گۆرانی وا هەیە، هینی شەوەو بە ڕۆژ ناگوترێ. ئەوەی منالْ ئەیڵێ، لەوەی گەورەو ئافرەت جیایە. ئەوەی پیرێک ئـەیڵێ لەوەی گەنجێک ناچێ. گۆرانی ناو چیاکان غەیری گۆرانی پێدەشت یا جـەنگەڵ و ڕۆخـی روبارە کانە. گۆرانی بەیانی و نیوەڕۆو پاش نیوەڕۆ و ئێوارە، هەمان گۆرانی نین و ئە گۆڕێن.»

سەیدا حاجی جندی پسپۆری کوردی دانیشتوی وڵاتی روسیە، گۆرانی کوردی ئە کا بە سێ بەش: ١ ـ گۆرانی کار ٢ ـ گۆرانی ئەڤین و دڵداری ٣ ـ گۆرانی سروشت. سەیدا جندی لە و بڕوایەش دایە کە هونەری دانانی شیعر لە گۆرانی کوردی داگەلێ جۆرە...، وە کو چوارینە:

(م ـ م ـ ن ـ م)... هەیە، مەسنەوی و دو بەیتی وە کو:

(ر ـ ر ـ د ـ د)... هەیە دێڕی یە کەم و دوا دێرە کەی یە ک قافیەیە، بە تایبەتی گەر هات و تەنیا گۆرانی بێژێک گۆرانیە کەی وت وەکو: (ی ـ س ـ ک ـ ل ـ ی)... ئەمە و شـێوازی بانگ کردنیش لەم گۆرانیانەدا جۆراو جۆرو هەمە ڕەنگە.. بە شێوەیە کی گشتی، پیاوی دڵدار بە پیتی بانگ کردنی (و) و ژنی دڵبەر بە پیتی بانگ کردنی (ی) بانگ دە کرێ.. واش دەبێ هەندێ واژەو وشە لە سەرەتای گۆرانی دا، پتر لەجارێ ئەوترێتەوە.. وا دەبێ لە شێوەی تەرجیع بەندو تەرکیب بەندا بێت.. جاری واش هەیە، برێتی و تێکەڵاوە لە دو زمان وە کو: کوردی و فارسی، کوردی و تورکی، کوردی و ئەرمەنی..

ئەو تیپانەی کە بە تێکڕایی لە گەڵ گۆرانی کوردیشا ئەوترێ ئەمانەن:

(هاهو ـ هاهو) ـ (تەو تەو) ـ (جانی ـ جانی) ـ هاهی) ـ (دەلی‌لی‌لی) ـ (دەلو لولو) ـ (وەیی ـ وەیی) ـ (وەیلو ـ وەیلو) ـ (وەیدل وەیدل) ـ (دەیویو) ـ (های های) ـ (هیوا هیوا) ـ (ئەمان ئەمان) ـ (ئەدن) ـ (ئاوا) .. گۆرانی و سترانی کوردی بەم جۆرە دابەش کراوە: ١ ـ دیلانێ: گۆرانی شایی ٢ ـ زیمار: گۆرانی شیوەن ٣ ـ نارین: گۆرانی بوکانەیە ٤ ـ دیوروک: لە گەڵ تەمبوردا دەوترێ ٥ ـ لاوک: گۆرانی شەڕو شۆرە ٦ ـ حەیران: گۆرانی دڵداری یە. ٧ ـ بەستە: بە هەمو گۆرانیە سوکە کانی دڵداری دەوترێ، بە تایبەتی کە لە پاش مەقامە کان دێن ٨ ـ مَقام: بە مَقامی رۆژهەڵاتی ناوداره و لە گەڵ هەمو بابەتە شیعرێکا دەوترێ و گەلێ جۆری هەیە

٢٧٤ -باوی کور دەواری

٩- سۆز: گۆرانی ئایینی و دەروێشانەیە ١٠- بەند: بەو پارچە گۆرانی یە دەوترێ کە لە ناو حیکایەتە کۆنەکان داهەیە، ١١- گۆرانی فولکلوری: کە لە گوندا زۆرە، وەك:

١-یەك هوانراوە وەکو: خۆم و بایەقوش هەر دو هاو دەردین.

٢- دو هۆنراوە وەکو: خەوانین نەخەوکەی میون بێدار

گوش بدەن وە دەنگ ناڵەی دەردەدار

هەر کەس خەفتیە، خەو خەیری بوت

هەر کەس بێدارە جو خۆم دەیری بوت.

٣- سێ هۆنراوە وەکو:

بەو بچم نەوەیس پیرۆیمانە

لەوەیس بپرسین گونای کیمانە

کرماشان مەچم بیستون رامە

قەتڵگای فەرهاد شەو مەنزڵگامە

هەر کورە مەچی (الله) یارت بۆ

ئاوەکەی زەمزەم سازگارت بۆ

٤- چوار هۆنراوە:

من خاتر خوانیم من دەردە دارم

پەژموردەی روخسار خاڵەکەی یارم

تاکەی دانیشم لە سای داری بی

تاکەی بکێشم رەنجی غەریبی

خوای بانی سەر کارێ پێم کەردەن

عاجز بوم لەگیان رازیم بە مەردەن

لە دو رەو هاتم بشناسە دەنگم

تۆزی غەریبی نیشتگە لە رەنگم

٥- پێنج هۆنراوە وەکو:

تـــاقە گـــوڵێ بـــوم بـــەسەر یـــاڵەوە
عـــاجز بـــوم لە دەس بـای شەمـاڵەوە
تـــاقە گـــوڵێ بـــوم بـۆ خـۆم ئەشنیـام
بـــای شەمـاڵ دای لێـم لە ریشـە کنیـام
ئـــەوە مـــن مـــردم قـــاڵم بڕیـــاوە
گـــەڵای جـوانـیە کـەم لە دار کەنیـاوە
هـــەی داد هـــەی بێداد لەم بێدادیـمە
بـــێ دادیـــم لە دەس شـــەو تەنیـاییمە
هەی داد هەی بێداد تا کەی نەکەم دەنگ
گەوهەر فرۆش بوم مایەم بو بە سەنگ

ئەمە و شەش و حەوت و هەشت هۆنراوەش هەیەکە بە پێی ئیقاع و ئاوازی گۆرانیەکە دەگۆڕێ و کورت و درێژ دەبێتە وە:

٦- شێوەی پەخشانی هونەری هەیە، وەکو:
(لاوک - حەیران - هۆرە ... د.)

٧- بە شێکیش هەیە بە شیعری هونەری و کلاسیک، جار جارەیش بە شیعری فۆلکلۆری ئەوترێ وەکو:

## (مەقام وگۆرانی تازە)

٨- بەشێکیش هەیە لە شێوەی شیعر و پەخشان دایە وەکو: (بەندو بەیت).

سەرباری ئەمەیش، ئەم هەمو لقانە دەگرێتە خۆی:

١- گۆرانی منالاَن.

٢- گۆرانی شایی و هەڵپەڕکێ.

٣- گۆرانی دڵداری.

٤- گۆرانی شیوەن (ئاغا میرە - زیمار - چەمەری)
٥- گۆرانی ئایینی.
٦- گۆرانی کچانە یا بالۆرە.
٧- گۆرانی کوڕانە
٨- گۆرانی مندالآنی حوجرە
٩- گۆرانی رەمەزان
١٠- گۆرانی بوكو زاوا.
١١- گۆرانی نیشتمانی و سیاسی و شۆڕشگێڕانە.
١٢- گۆرانی و سرود بۆ منداڵ و مێرمندا لآن لە فێرگەکان.
١٣- گۆرانی یادەنگو ئاوازی مەولود (مەولود نامە)
١٤- گۆرانی مەنەلوج
١٥- گۆرانی قەرەج و دۆمەکان
١٦- گۆرانیەکانی کار کە بڕیتی یە لە:



ڤیلۆن



١- گۆرانی جوتیاران
٢- گۆرانی دەستاڕ، هارە،
٣- گۆرانی ئاسیاو
٤- گۆرانی ساوار کوتانەوە
٥- گۆرانی جونی.
٦- گۆرانی دروێنە.
٧- گۆرانی کرێکار
٨- گۆرانی بەقاڵ و دێوەرەو کوتاڵ فرۆش
٩- گۆرانی راوکەران.
١٠- گۆرانی شوان یا گۆرانی دیزە وگۆزە کردن و قوڕشێلان، گۆرانی سەمەنی.

## - گۆرانی میللی: نه تەوەیی:

له نێو شارا سەر هەڵئەدا و چینێکی ناوەڕاستی نێوان جوتیارانی دێی و... چێژی لێ وەردەگرن و له ژێر تەئسیری فولکلۆری خۆمان و گۆرانی بێگـانه دایـه... ئـاوازەکـانیشی سەرباری تەختی خورێ هەڵاتی و فۆلکلۆری هەندێ ئامرازی ئەروپایی وەکو: (کلدزیت - ئو کوردیون - ساکسیفون... تاد) لەگەڵ گۆرانی چینی پەرەسەندوی بورژوا دا هەیە...

## - گۆرانی دانراوە:

شوێنی له نێو شار دایه، دانەرەکەی دیارە، پتر لەسەر نۆتەی موسقا تۆمار دەکرێ... زۆر جار وەکو گۆرانی فۆلکلۆری له نێو خەڵکا بلاو دەبێتەوە... بەڵام ئەم وەکو گۆرانـییە فۆلکلۆرییەکان نیه وتەمەنی کورته و زو دەبڕێتەوە یا ئەبێ بەگۆرانیەکی فۆلکۆری، بۆیێ زانای ناودار: جەمیل رۆژبەیانی له بارەی ناوی گۆرانی کوردی، رایەکی هەیەکه دەڵێ: «... رەنگه ناوی هەندێ لەگۆرانییەکانی کوردی زۆر کۆن بن، بۆ وێنه (قەتار) رەنگه له وشەی (گاتا) وەرگیرابێ وگۆڕابێ وەلەکاتی خۆیا هەرگاتای پێ وترابێ. هەروا (هۆرە) رەنگەگۆرانی یەکی تایبەتی بو بێت بۆ ستایشی (ئاهۆرە مەزدا)... هەروەها (کـەلهوری) رەنگـه (کـه له ئاهۆرایی) واته لەگۆرانییە هـەڵبژاردەکـانی بـاسی ئـاهورا بـوبێت. جگـه لەوە گـۆرانـی (خورشیدی) تا ئێستاگەواهەکەلەکاتی هەڵاتنی خۆردا وتراوە بەنـاوی نیـازەوە، چـونکه بەرامبەر بەوە، گۆرانی (خاوکەر)مان هەیەکه بۆ خەو هێنان وتراوە هۆرەش زۆر بە جێیەکه یەکێ بێت لەگۆرانییە تایبەتییەکانی (ئاهۆرا مازدا)... یا هیچ نەبێ سەرچاوەکەی یەکێک بێت لەگۆرانییە ئایینییەکان. چونکە ئەبینی ئێستاش (هۆرە) هەر تەنیا هۆرەی دەروێش لەناو کورددا لە ئە مانه هەموی بەناوبانگترە، وە دور نییە (هۆرە و ئاهۆرا و هاوار) له ڕوی واژە یا زمانەوە، له یەک سەرچاوەوە هاتبن، وە ئەم وشه و مانایه تەواو له وشەیەکی زمانێکی تری هیندو ئوروپییەوە نزیکه،کە ئەویش وشەی (هورا)ی روسییەکه بە مانای هاوار یا بڵێین - بانگ یا هەتاڤ - بەکار دێت،وەنزیکی ئەو ماناکوردییانەیە،کەلاهور[۱].

---

۱- دور نییه کەڵهور له (کەڵ و هور) وەرگیرابێ، کەڵ وەک کەڵەگا، کەڵ گامێش، کەڵ مل: (کەل ملباوانم) کەڵ

گۆرانی بەشێکی هەرە کۆن و گرنگ و بە نرخە لە بەشە کانی فۆلکلۆری کوردیمان و لەهی میللەتانی تریش، وەسەردەمی پەیدا بونی ئەم هونەرە ئەگەڕێتەوە بۆ ئـەو کـاتەی کـە ئادەمیزاد وبەرەی مرۆف فێری زمان گرتن و قسە کردن بووە و بەتیری عەشق و ئەوین کاری پێکراوە و نێر و مێیان کەوتونەتە ئەوین بازی و خولیای یە کترەوە.

ئەوین گرنگترین هۆی پاڵ پێوەنەر بووە بۆ دروست کردنی ئـەم هـونەرە لە لایـەن ئادەمیزادەوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کەوا ئەبینین زۆربەی زۆریان لەسەر ئەم بابەتە و تراون و لەسەروی هەمو نەریتە کانی تری کۆمەڵایەتیەوە دانراون... جوانـی نیشتمـان و خـۆرسکو سروشت تا رادەیە کی زۆر خۆیان لە گۆرانیە فۆلکلۆری یە کانماندا ئەنوێنن.[۳]

بلاو *BLAU* لە بابەت تایبەتیە کانی دەنگو ئاوازی کوردیو گرینگی ئەوانە زۆری گرینگی پیداون، دەڵێ: هەژارترین هۆزو عەشیرەی کورد لە بابەت ئاوازی دڵگیرەوەبێ نیازن، ئاوازی قارەمانانی جەنگی، عومەراغا کە لە (دیادین *DIADIN* ) جارێ شاد، جارێ تـوند. جارێ خەفەتاوەر، مرۆف سەرسام دەما کە خەڵکی لە دەور کۆ دەبونەوە.

لییارد لە کتێبی نینەو اوکە لاوا کانی ئەوێ ج ۱ - پەرەی **۲۹۲** لەبابەت شیعرو موسیقای کوردی یەزید - ی یەوە سەیرە، دەڵی: لە سەر گۆری شێخ عادی لە لالەش گوێم لە چەن ئاواز

---

بەواتای قەوی، بەهێز وەبە کینایەواتای سەرۆک، سەردار و رەئیسیش ئەدا. هـور سـوکەڵەی ئـاهورا، ئـاهورامـزدا، (ئاهورمزد) کەوابێ: کەڵ هـور بـە تـێکرا بەواتای مـەزن، سـەرۆک و سـەرداری ئـاهورمەزدا پەرستـانە (رەئـیسی ئاهورایی‌یە کان) لە زمانی عەرەبیشدا هور، خور، بۆتە (هو) دەرۆیشی کورد لە کاتی هاوارکردن لەخوا دەڵێ یا (هو، کە دەبێ هەرهەمان: (ئاهورا) بێ یا کەڵهورئەم هۆزە کوردە، سەربە (کلاهوری پاڵەوانی فەرمان رەوای پێشوی مازندەران بێ کە کە یکاوس ویستی بیخاتە بن فەرمانی خۆی، شانامە لە چەند جێگەدا ناوی ئەو کلاهورەی هێناوە کەدەڵی:

کلاهور کەلافاوە بوّ لە مپەران - هەمونازی هەر بەو بو مازندەران - کلاهور پەیا بو، وەك شێری نێر - سەری دالە سەر داری ئازاو دلێر - کەپەنجەی دەپەنجەی کلاهور پەراند - هەمو نا خونی وەك خەزەلوەرهەڵوەراند - کە گاسی یە کانی مازندەران کورد بون و کلاهور دەشێ لەوان بوبێ - کە لۆرو گۆران تیرە یە کن و لە تورەمەی گۆدەرز - ی کوری گەشواد - ی کوری گیو، کە ئەو گیوە وەزیری کە یکاوس بووە و هەر خۆی لە حوکم کردنا حیساو بوگەو ئەو گۆدەرز - ە دو کوری بە ناوی (گیو و (رەهام یامامەرەهام) هە بووەو لە بنەماڵەی بوختی کوردن - کۆبە لەسەر شە رەفنامە ی ئەمیرشەرەفنجان بە کوردی پەرەی **۵۹۵** تا **۵۹۳** وە یادداشتی (شەپۆل).

۲- ئاوێنە ژمارەی -۱- چاپی ۱۳۷۱ پەرەی ٦۴ - قسە کانی بەرێز نورەدین ساڵەیی و دەس نـوسە کـانی بـەرێز عەبدورەزاق بیمار.

۳- ئاوێنە ژمارەی ۱۱ سالی ۱۳۷۱ - چاپی تاران (شە پۆل).

بوکە (بە درێژای تەمەنم قەت دەنگ و ئاوازی ئەونە خۆشم نەبیستووە کە تائەو رادە شوین دانێ و دڵ نشینیش بێ) دەنگی خۆشی نەی، شمشاڵ لە تەک دەنگو ئاوازی ژنان و پیاوان ئاوێتە ببو.

یالاوژە *LAWI* یا بەیتی کورتی غەنایی کەقسە لە رازو نیازی ئەوێندارو ئەوینگر دەکا، های لەیلێ، های لەیلێ... وای لەیلێ، وای لەیلێ ئەرێ لەیلێ دەلال... و جارجارەش دنەدەری راپەرێنە لەراست هێرشکاراندا، لاوژە بۆ جەعفەراغای شکاک کە لە چهریق کە بە دەڵە دزێ لە تسەورێز بەهۆی وەلعەهد ـ ی قاجار کوژراوە[1]، پیاو دەکا بە ئاو. بوزکۆ: عەزیزخان کوری جەعفەرا غاو برازای سمکۆیمەزن کە موی تەلأیی هەبو. یا لێ جانێ لێ جانێ... سابت کراوە کە لاوژەی کوردی زۆر بەرزتر و تەرزترلە قەسیدەی عەرەبە، لەسەرەتای سەتەی ۱۱ی زاینی عەلی حەریری لە شەمزینان بەزمانی کوردی شیعرومە بەستی نوسیوە و دیوانی شیعرەکانی بەدەس نوس بەدەس واسیلی نیکتین گەییوە. مەلا ئەحمەد ـ جزیری عارفی رەبانی بە شێوەی غەنایی،شیعری ئەوی‌لە ریزی شاعیرانی بێ هاوتا داناوە ـ فەقێ تەیران: چریکە و مەنزومەی ئەسپ ـ ی رەش یاشەودێز، مەلای باتە دانەری مەنزومەی دمدم، حەکیم ئەحمەد ـ خانی دانەری مەم وزین بە شیعر ـ ی کلاسیکی، عەروزی، یا عەلی تەرە ماخی‌کەلە ۱۰۰۰ی مانگیی و ۱۵۹۱ و ۱۵۹۲ی زاینی کتێبی کوردی نوسیووەو ئیسکەندە رژابالە شاری ئەرزە رۆم چاوی بەو کتێبە کەوتووە،کە دەستوری زمانی کوردی‌یە. ۱۰۰پەرەیە و عەبد رەقیب ئەم دەستورەی دیو ە[2].

یا ئەشعاری کوردی بەزاراوەی لوری‌و کونی کوردی: بابا تاهیر ی کورد[3].

---

۱ـ پێشکار: ئوستانداری تەوریز بەقورئان سوێند دە خواو قورئان بۆجە عفەرائما موڕ دەکاو بەفریودان وسوێندی بەدرۆ بانگی دەکە نەدار حوکومەی تەورێزو بەرەشە کوژی جەعفەراغای چهریقیان کوشت.کورد و کوردستان واسیلی نیکتین تەرجەمەی محەمەد ـ ی قازی پەرەی ۱۸۶ و ۱۸۷ چاپی ۱۳۶۶ و بە بەیت و لاوژە بەکوژرانیدا هەڵوتراوە. و. نیکتین کەژی ۱۲ (شە پۆل).

۲ـ (ژیناوەری زانایانی کورد... (شەپۆل).

۳ـ عوریان پەراوەی کورد و کوردستان نوسراوی واسیلی نیکتین پەرەی ۵۸۰ و ۵۸۱ و... تەرجەمەی محەمەد ـ ی قازی. ئەبی بڵێین: شیعری غەنایی کوردی بەئیلهام لەژن دەوترێ وەکلای لایێ.

# دەنگ‌و ئاواز یا موسیقی کوردی

کەسایەتی و خوو ئاکارو داب‌و دەستورو لێهاتویەکانی بنەرەتی، وە تەنانەت خەوش و عەیبگەلێ کە دەبێتە هۆی جیایی نەتەوەیەک لە نەتەوەیی دیکە، بە نبوغی ئەو نەتەوە ناو دەنرێ[١]

## دەنگ‌و ئاواز یا موسیقی کوردی

ئاواز، یەکێکە لە هەستە دەروونی‌یەکانی یەک نەتەوە، بەشێ لە دام و دەزگای هەناسەکێشانی زۆربەی گیان لەبەران لە لێو یا دنوک و دندوک تا دورێیانی خرخراکەو قورگ لە تەک سی‌پەلاک و ئەندامانی نەفەس‌کێشان، لە کاتی ئەنجام دانی ئەرکی ژیانی سەرشانی خۆی، توانایی بەدیهێنانی دەنگیشیان هەیە، گشت گیان لەبەرانێ کە بە دەم دەنگ دەردەبڕن، خۆی جۆرێ ئاوازە، ئاوازی قەناری، دیقل (کەڵەشێرو کەڵەباب)، بولبول، پەپوسلێمانە، کوند، ئەسب، گورگ، گوێدرێژ، داڵ، شێر، پڵینگ، کتک (پشیلە)، سەگ، بۆق‌و سیسر[٢].

---

١- (ویلتێر، پەراوەی فەرهەنگی فەلسەفی، نەقل لە واسیلی نیکیتین، تەرجەمەی محەمەد قازی، کوردو کوردستان، بلاۆکی نیلوفەر - ١٣٦٦، پەرەی ١٥٩).(شەپۆل).

٢- دەنگ: حیلە، لورە، سەرەسەڕ، زریکە، میاو، قرەقڕ، تەپەتەپ، بۆڵەبۆڵ، زرمەزرم، خرمەخرم، بۆرەبۆر، قیرە قیڕ، زریکەزریک، قیژەقیژ، زرەزڕ، هاژەهاژ، زرەزری زریزە، مرخەمرخ، قڵمەقلم، قڵپەقلپ، چریکە چڕیک، چریکەی دەنگ‌و ئاواز، تێ‌چریکاند، شریخەشریخ، شریقەشریق، بروسکەبروسک، خاوەخاو، زرنگەزرنگ، ترپەترپ، هاسکە هاسک، تاسکە تاسک، هەسکەهەسک، هەنسکە هەنسک، قۆرەقۆڕ، قوڵتەقوڵت، پشم‌وهۆر، پژم‌وهۆر، میزەمیز، بریکەبریک، چەقەچەق، شاپەشاپ، قرخە قرخ، فرتەفرت، گرمەگرم، زرم‌وکوت، خنکەخنک، چکەچک، تکەتک، قرتەقرت، گارەگار، قریشکەقریشک، ئاخ، ئۆخ، ئۆخەی، ئافەرین، هاوار. - هەروەها واژەگەلێ وەک ئافەرین کە واتای فیعل بدا، شیبە یا شەبیهی جوملەی پێ‌دەڵێن. ئافەرین یانی پەسەند و ستایشت دەکەم. بەڵام ئیسمی سەوت یا ناوی دەنگ تەنیا دەنگی تایبەت بە

دەربڕینی ئەو جۆرە ئاوازو دەنگانە لەو جـۆرە گـیانلەبەرانـە، خـۆی بـۆ جـۆرێ پێوەندی لە تەک هاونەوعانی خۆیاندایەو لە لایەکی دیکەوە نومایشی لێهاتوویەکانی خۆرسکی یە لەواندا، یانی منیش هەم... ئەشگونجێ بۆ دەربڕینی عەشقو ئەوین بێ یا بێزاری، ناڵە، دەربڕینی ئێش و دەرد... هەر جۆر بێ بۆ دەربڕینی هۆی دڵو دەرونـە، بێشک، لە دنیای خیلقەتدا، دەنگ بەر لە واژە هاتووەو بیری مرۆڤ زۆر بەر لەوەی واژە گیربێنێ، هەروەک زیندەوەری دیکە یا کەمێ سەرکەوتوتر لەوان، تەنیا بە هـۆی کەرەستەی تازەوە، رازی دڵ و دەرونی خۆی هۆنیوەتەوە. ئەشگونجێ کە ئاهەنگگەلێ بەرفرە، بەر لە پەیدابـوونی یـەکـەم بـێژە هـەبووە، لام وایـە لەم دەورەدا هـەندێ لە بزوێنەکان کە لە سەرەتایی ترین شکلّی دەزگای وتاری بەدی دێن، لە نێو دەنگ و ناڵەو زنازنادا خۆیان نیشان دابێ. تایبەتمەندی شکڵ و نەرم و شلی ئەم دەزگایە لە ئینسان دا بۆتە هۆی پەیدابوونی یەک دوو پیتی «ب» و «د»، بێدەنگی لێو و دیان، وە بیریش زۆر بە لەز ئەوانەی سەبت و زەبت کردووە.

بە پەیدابوونی کەلام و پێوەندی بیرو ئـەندێشە سـیلولەکـانی مـێشکیش رێگـای پێگەیشتنی زیاترو شوێندانانی موتەقابیلی لەسەر ئەندامەکان گرتۆتە بەر، واژە بێجگە لە بایەخی ویژاوەری و نیشاندان، ساختی ئاهەنگ و دەنگی هەیە، نیزامی تەنەفوسیو مەکانیزمی دەزگای وتـاری، ئـەو سـاز و سـاختەی بـە واژە داوە کـە بـە هـۆی ئـەم تایبەتمەندی یە، دەتوانێ لەگەڵ پاراستنی باری پیتەکانی، بە وێنەی ئاهەنگیش بەیان بکرێ. بوونی واژە لە ئاهەنگدا پێوەندی مێژووی لە نێوان ئەو دووانـەدا راگـرتووەو دەنگ و ئاوازیش بەرهەمی پێوەندی ئەم دوانەیە، ئـەبێ بـزانـین مـوسیقی رەسـەنی کوردی، بەر لە زمانی کوردی بە وێنەی ئاوازی تـەنیا هـەبووە، پـێگەیشتنی دەنگو ئاوازی کوردی زۆر بە خۆرسکی هاتۆتە پێشەوە، چونکە کورد و خۆرسک پـێوەندی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیەو ئەو پـێوەندی یەش هـەروا بـەردەوام پـارێزراوە، ئـاوازی کوردی، وەڵامی ناڵەو زاڵەی گیانیەتی کە ئازادانە لە چیاو کوێستانی رەنگین دا ژیاوەو

---

مرۆڤ وەک: قیژەقیژ یا دەنگی تایبەت بە ئاژاڵ وەک قاسپە قاسپ یا دەنگێ کە لە ژینگە و خۆرسکە دا هەیە. وەک خشەخش، کەوابوو دەنگ لەگەڵ ناوی دەنگ لێک جیان.

دەژی. دەنگ و ئاوازی کوردی، پەلەوەر، تافگەو سروەی دەم کەڵ، لە دڵ و دەروونی گشتیان، بە تایبەتییێکی تایبەت بە خۆیان فێری بوون. خاتو جەمیلە جەلیل، لێکۆڵەری کورد لە بەشی شۆرەوی بەروو لە ساڵەکانی ١٩٨٨ی زایینی لە سەر دەنگ و ئاوازی کوردی و دانانی نۆت بۆ ئەوان، دەڵێ: دەنگو ئاوازی کوردی، دەنگدانەوەی ئاهەنگی شاخی رەنگینی کوردستانە. دەنگو ئاوازی سوێند، هی باو باپیرانمانە، هاژەو خوشینی ئاوی چەمە خورین و تاڤگە پرهاژەو گیڤەکانە، کە لێرەو لەوێ ئەو ئاقارە، دەبیسرێ. دەنگی کزەبای سەر دوندی کێوە بەرزەکان و دەنگو ئاوازی باڵندەوقاسپە قاسپی کەو. لە بناران و باڕەباری مەڕو بەرغەل، نەعرەی سواران و ... ئایا ئەمە مێژووی زیندووی نەتەوەی کورد نیە؟ ئەم خۆرسک بوونەی دەنگو ئاوازی کوردی تەنانەت لە کر و تەونیشدا دەنگی داوەتەوەو خۆی نواندووە.

شیعرو هۆنە لە داناڵو سازدانی ئاهەنگ و دەنگ و ئاوازی کوردی، لە دەزگاو شێوەی جیاجیا، چ لاوژە، حەیران، قەتار، بەیت، سیاچەمانە، هۆرە، ئەڵلاوەیسی، بالۆرەو لاواندنەوەو... (باوەکو لە زۆربەیاندا ساز توانایی هاوڕێیکردنی لەگەڵ ئاواز خوێندا نیە)، هیچ شوێندانانێکی نەبووەو نیە. واژە بە جۆرێکی وا لە ئاوازدا دەتوێتەوە کە زۆر ئاستەمە بدۆزرێتەوە، بڕگەگەلی کۆنی موسیقی کوردی هێمان هەن کە تەنیا بە ساز (و شمشاڵ و ...) بە بێدەنگی ئاوازخوێن ئەبرێ بەڕێوە، هەندێ لەوانە زۆر کۆنن، هەندێکیشیان ریوایەتی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردە، کە بە زمانی خۆیان بە دەنگ و ئاواز دەیڵێن و دەیخوێنن. لە ئاوازی تایبەت بە هەڵپەڕکێ، کە بڕێکیان بە بێ ساز دەخوێندرێن. ئاهەنگ و بەتاڵوکە خوێندن بە پێویستی هەڵپەڕکێ کەران دەگوڕدرێ، کەچی ئەو شیعرانە دووپات دەبنەوە.

ئێوە کەمێ لەم چەند شیعرە جوانە بیر بکەنەوە کە حەکیم مەولەوی کورد لە وەڵامی ئەحمەد بەگ کۆماسی دا بە زاراوەی کوردی هەورامی لە پەسەندی بوکی کوردی دا فەرمویەتی، ئەبێ ئەمەش بڵێین: زاراوەی کوردی هەورامی هەر دەڵێی خوا بۆ هۆنەو شیعروتنی بەدیهێناوەو خوڵقاندویەتی.

زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگلەی زەر     لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ

کوردەواری ۲۸۳ / شەپۆل

شەوق زەوق و بەرق فەرق زەڕ کلاو ورشەو پرشەی خۆی کوڵـــم و بۆ گلاو
شەقەو تەقەی گەرم، چەپلەو حیلەی نەرم چریکەی وە ناز تریکەی وەشەرم
سەمای دەسمالان، رەمای نەوهالان نەمای مەلالان نمای وەش خالان

دەی با بزانین لێکۆڵەرانی هەندەران سەبارەت بە دەنگ و ئاوازی کوردی بیرو رایان چیە و چلۆنە؟ واسیلی نیکیتین لە پەڕاوەی کوردو کوردستان[1] دەنووسی گشت جیهانگەڕان لە بابەت ئاوازی کوردی‌یەوە، زۆر بە گەرمی و عەجباتەوە، یەکسان قەسەی لێدەکەن. زۆری لەگۆرانیەکان بە نۆبە، بەکۆڕوگەڕەلاوژە دەخوێندرێ، گۆرانی دروێنەوان لە بابەت فەرهادو شیرین چەند هۆنەیەک، لە ئەشعاری (تاس) کە لۆتکە لێخوڕەکانی (ونیزی) دەی‌خوێنن دێنێتەوە بیر[2].

بلاو دەنووسێ: بێ ئەنواترین هۆزەواری کورد، لە بابەت گۆرانی و ئاوازی دلنەواز،

---

١- پەڕەی ۳۰۱ی چاپی ۱۳۶۶ تەرجەمەی محەمەدی قازی بە فارسی، دەنووسێ: نیکلامار لە کتێبی خۆیدا (لە بابەت واژەی چەڵەبی، پەڕەی ۱۲۷ تا ۱۲۹، واژەی چەڵەبی یانی خودایی، واژەیەکە کوردی، بەلام تورکیش بە کاری بردووەو لە کوردی وەریگرتووە. چەلەب: خودا، نەجیب‌زادە، خودانی بوت پەرستان، باش، نیژاد، شازادە، پیر، دەورەگەڕ، خونیاگەر، گۆرانی‌بێژ، کوری بەگ، ئاغازادە. چەلەبی: ئیسمی مەنسوبی چەلەبە. یەزیدی (ئێزدی - یەزت)، ئێزدی‌یەکان خودایەکیان بەناوی چەلەب دەپەرست و عیبادەتیان بۆ دەکرد. هەندێ دەڵێن: واژەی ئاخری (علي اللهی) لە چەلەبی وەرگیراوە، خوندەکور، یا کوری خوا بەکار براوە. یەزیدی پێوەندی بە (یەزید بن معاویە یا یەزید بن ئەنیسە) نیە. یەزیدی لە ئێزدی (یەزت) بە واتای خوا، وەرگیراوە، چەڵەب: کەرەستەی موسیقی: دو سەفحەی برنجی کە دەی‌کوتن بە روی یەکدا، زنازنا، شۆر، غەوغا، دەنگە دەنگ(سنج). عەشایری کورد کە پەیرەوی ئایینی یەزیدی (ئێزدی - یەزت)ن دوو جۆرن، رەشپۆش، سپی‌پۆش، لە نێو رەشپۆشان دا رۆحانی سەرهەڵدەدا، رەشپۆشان بە چەڵەبی ناودار بوون نەک یەزیدی، هەرچەند هەندێ لە رەشپۆشان بەناوی فەقیران دەناسرێن کە جۆرێ مەلای یەزیدی‌یە. یەزیدیان بە بێخەوش بوونی خوێن و ئەسڵ و نەسەب و ئەعیان و ئەشرافی خۆیان دەنازن. ناوی چەڵەبی لە شاری مەهاباد وەک (عبداللە) چەڵەبی هەیە. تورک چەڵەبی لە واتای ئەرباب و خاوەن ماڵ بەکار دەبا، چەڵەبی لە ئاوازی عامیانەی تورکی و لە وتووێژی عامیانەی عەرەبی سوری: (سوریە) هاتووە کە دەڵێن (حەلەبی، چەڵەبی، شامی شومی، مسری حرامی) یانی: (حەلەبی لەتیف و زەریف، شامی(دیمشقی) شوم، مصری دز). واژەی چەڵەبی کوردی‌یەو مێژووی کورد لە خۆیدا نیشان دەدا، واسیلی نیکتین کوردو کوردستان، تەرجەمەی محەمەد قازی، پەڕەی ۳۰۱و ۵۰۰ تا ۵۰۷ چاپی ۱۳۶۶).

٢- ٣ـ تاس Tasse شاعیری ئیتالیایی (۱۵۴۴ـ۱۵۹۵) کە شیعری غینایی و حەماسی وتوە، جا لەبەر ئەوەی کەوتە بەر ئازارو شکەنجەی خێوی کلیسا، لە حاڵێکی نزیکی بە شێتی مرد.

بەهونەر زاحاودرێ، لەوشۆینەی کەهونەر لەخۆرسکو فیترەتی پاک و زولاڵی ئینسان سەر چاوەی گرتوەو لەهەمو شئونی ژیانی مرۆڤ رەنگ ئەداتەوەو لەگەڵ عەواتیف و رۆح و هەستی مرۆڤ پێوەندی راستەو خۆی هەیە، لەبەر ئەوە، بەزەمان یامەکانێ تایبەت کورت نابێتەوەو ئینسان بەدرێژایی تەمەنی خۆی، هەمیشە لەگەڵ جوانی و هونەردا ئیش وکاری هەبوە.

بەڵام ئەبێ بزانین: واتای هونەر چی‌یەو بەچ کارێک دێ؟ لەناساندنی هونەردا دەتوانین بێژین:کە هونەر، هۆیە بۆ سەبت و زەبتی عەواتیفی ئیلاهی و خودایی و هەستی پاک و بێخەوشی رۆحی ئینسانی لەقاڵبێکی دیاری کراودا.

هەروەها هونەر، هۆیە بۆ راگەیاندنی ئەم هەستە، لە دنیای بیرو مێشکەوە، بۆ دنیای دەرەوەوبۆ نێو خەڵک و کۆمەڵگای بەشەری.

فێرکردنی ئەوە بەخەڵک، نەکردنی ئەوە لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێ تر، بە تەناسوبێ کە هونەر بتوانێ کە ماڵی مەحزی رۆحی مرۆڤانی لە دنیای دەرەوەدا بنوێنێ و جوان نیشانی‌بدا، لەکەماڵی خۆی نێزیکتر بێتەوەو بەراوەژوش، هەرچی لەمە (عەینیەت بەخشین بەکەماڵی رۆحانی مرۆڤ) فاسیلە بگرێ، بێ بایەخترو بەرتەسکتر ئەبێتەوە کەوابو، هونەر هۆیە کە زۆر شۆیندارە بۆگۆڕان وگۆڕاندنی تەواوی لایەنەکانی باری ژیان لەکۆمەڵایەتی‌دا.

## هەروا هونەر خێوی ریسالەتی مرۆڤ سازیشە

هونەر بەکەڵک وەرگرتن لەم تایبەتیانە ئەتوانێ بەناوی یەکێ لەشوێن دانەرترین و گرینگترین کەرەستە، بۆ عومق بەخشین بۆنیشاندانی حەقیقەت و ناسینی مەعارفی ئیسلامی کەڵکی لێ وەر بگیردرێ.

مێژوی ئیسلامو لایەنە جیاوازەکانی رامیاری، کۆمەڵایەتی خووئاکاری «ئەخلاقی» سیرەو رەوشتی ئەنبیا وپیاوچاکان و خوو ئاکار باشان هەروەهاکەسایەتی‌یە، دینی ورامیاری یەکان بەدرێژایی مێژو ئەکرێ بەوێنەی خونجاو، وگونجاو بەبیرو رای جیاجیاوە، لەقاڵبو بیچم ودیمەنی هونەردا نیشان بدرێن.

هونەر ئەتوانێ زمانی راگەیاندنی حەقایقبێ، بەتایبەت لەو شۆینانەی زمان هێزی

بەیانی بۆ نەبێ ولەتەوسیف و پەسن و تیگەیاندنی جوانی رۆحی ئینسانی و مرۆڤانی عاجز بن.

بەڵام ئەمرۆ لەزۆر بەی نوختەی جیهان ئەوەی بە ناوی هونەر هەڵ ئەداو لەفەزاو هەوای نەخۆشی (نۆی بونەوە) و (شارستانیەت) باڵ و پەرپان دە کاتەوە، تکنیک وکەرەستەی هونەرە، نە رۆح و حەقیقەتی ئەوە، نەخشی تکنیک لە هونەردا تەنیا سەبت و زەبت و نەقڵی هونەرە.

دیارو رونە کە هەرچی تەکنیک ـی هونەروەر لەیەک هونەری قوی تردا بێ لەراستیدا ئەداو بەیان و تەوصیف و پەسنی ئەو هونەروەرە لەبابەت هەستی خۆی زیاتر و کامڵتر ئەبێ، نەتەوە رۆژاوایەکان لەروی بنەرەتێکی راست و دروست وموفەق بـۆفێر کـردن و بـارهێنانی تاکەتاکی شیاوتە قویەتی تەکنیکی پێوەندیدار بون: ناودارانێ لەدنیای هونەریان هێنایە مەیدانەوە، کەلەباری هێزی بەیان کردن ورونکردنەوەو تەکنیکەوە، بێ وێنەن بەڵام ئەمە بەم واتایە نیەکە هونەر لەرۆژاوا داگەیشتۆتە پلەی کەماڵ وجەماڵی خۆی، بەڵکو لە بەرانبەردا هەر ئەو نەتەوانە لەروانگای دەسمایەی مەعنوی هونەر (هەستی بەرزی و عاتیفی) زۆر لەخۆر هەڵاتی یەکان کز ترو نزم ترن، هەروا نابێ لەبیر بکرێ کە هونەر تەنیا لە تەکنیک ساز نەدراوە. بەڵکو تەکنیک هۆیە بۆبەدی هێنانی قاڵبی زاهیری هونەر، ئەگەر هونەروەرێ، لە بارو بابەتی تەکنیکەوە بەتەواوی قەوی و لەحەدی نەوعی خۆی بێت، هێمان یەک هونەروەر بەراستی نایەتە ژمارە، چونکا هونەر تەنیا بریەتی: لە صەنعەت و تەکنیک و زانستنیە.

هونەر کۆمەڵەیەکە لە هەست و تەکنیک لەگەڵ صەنعەت دایە، تەکنیک ئەبێ بەنۆبەی خۆی گۆیای هەستی بەدی هێنەری خۆی بێ، ئەنا تەکنیک ـی خالس هەرچـەندە بـەرز و لەحەدی کەماڵی خۆی بێ، بێ رۆح و گیان ئەبێ، یانی هونەر نیە، بەڵکو تەنیا صەنعەتە.

لەپێوەندی لەتەک هونەردا لەدنیای ئێستاکەیشدا ئەبێ بوترێ کە رەوشتێ کە مەکۆ گەلی هونەری، تەنات ناودارترین هونەرستانەکانی جیهان لەریشتەگەلی جیاجیای هونەری یان گردۆتە پێش بریەتی یە، لە گرینگیدان بەتەکنیکی هونەر، بێ ئەوەی بەدابین کردنی هەستی عولوی یانی: دەسمایەی ئەسڵی هـونەر.. سـەرنجێکی یـان داو لەدابـین کـردنی دەسمـایەی مەعنەوی هونەر، هەمویان بە تەقلید ـی خود بە خودی ئیحساسی یەکترین و بە پەیرەوی کردن

لەهەست و ئیحساسی عادی قوتابیە سەرەتاییو هونەر خوازەکان لەجەرەیانی پەروەردەکردن و تەقوییەتی تەکنیکدا ئیکتیفایان کردوە.

بەم جۆرە، تەکنیک ـی قەوی تێکەڵ بەفەقری مەعنەوی (ئیحساسی عولوی: هەستی بەرزی) لەجیهانی هونەردا هەروەکو گورزێک بوەکەدرابێتە دەس تاکە تاکی ناباشو ناشیاو تا... لەحاند سەر سوڕمانی بیرو رای گشتی، کەرەستە ودەسکردی خۆیان نیشان بدەنو سەر لەخەڵک بشێوێنن و نەزانانە واداریان بکەن بە ئافەرین وتنو چەپڵە رێزان.

بەگشتی ئامانجی هونەرچییە؟ هەرچەندە، وەڵامی ورد وراست بەم پرسیارە، پێوەندی بەناسینی ورود و قوڵی هونەرەوە هەیە، بەڵام بەکورتی ئیشارەو ئاماژە یەک بە ئامانجی هونەر بۆ-ناسینی پێوەندی هونەروچاوورا وراگەیاند زەروری‌یە، ئامانجەکانی بنەرەتیو گرینگی هونەری ئەصلو رەسەن وجسن وحەقیقی بریەتین لە:

١ـ تیف‌تیفەو تەلتیفەی روحی خاوەن هونەرە کە لەنەتیژەی پەرەگرتن وقووڵ کردنی هەستی بەرزی رۆحی هونەروەر لەکۆمەڵدا (چونکا حەقیقەتی رۆحی هونەر پێوەندی بە رۆحی هونەروەرەوە هەیە).

٢ـ زیندوکردنەوەی عەواتیفێ کەبە وێنەی خۆرسکو تەبیعی لەنێو مرۆڤگەلدا بەوەدیعە دانریاوە.

٣ـ بەدی هێنانی یەکبون و یەکیەتی رۆحی لەکۆمەڵدا، بەو مەرجە، کە هونەری حاکم لەکۆمەڵدا لەکاناڵی دروستەوە: (ئیحساس و رۆحی هونەروەرانی بەرپرس سەر چاوەی گرتبێ.

٤ـ بوژانەوەی جوانی و زێبایی خۆرسکو فیتری کە لەسروشتی مرۆڤدا دانراوە، بەڵام لەبیر بریاوەتەوە.

٥ـ بەدی هێنانی تەنەوع لەواقیعیات و حەقایەقی ژیاندا کە لەسۆینگەی یەک نەواختی، ماندوکەر بۆتە مەلال هێنەر کە دیارە ئەم جۆرە تەنەوعە، ئەبێ‌بۆ پێگەیینو هەڵدانی باری مەعنەوی هونەر بێ.

٦ـ سەرەنجام هونەر لە پلەی بونی خوێدا، جوانی رۆحی مرۆڤ لە قاڵب و شکڵی مەلموس و بینراو دا ساز بوگەو نیشانەکانی خوا باشترو روناکتر بەکۆڕ و کۆمەڵ نیشان ئەدا جا دیارە بەسەرنجدان بەم هێزی نفوزە سەر سوڕما نەوە، کەلە نێو خەڵکدا بەیانی کردوە، کـە هـونەر هەروەکو زۆر بەی پەدیدەکەلی بایەخداری مەوجود لەکۆڕو کۆمەڵگای بەشەریدا، هیچ کاتێ لەدەس درێژی حاکمانی ستەمکار، پاراستراو نەماگەو هەمیشە لە خزمەتی حوکەمەتی ستەمکار دا بوەو لەوە، بۆ باری ئیستحمارو ئیستثمار ـی گەلانی دنیاکەڵکیان وەر گرتوە.

هونەر، یەکێ لە باشترین و لەبارتیرینی کەرەستەی چاوو رای ئیستعمارگەرانە، بۆ دا سەلماندنی جینایەتیان، ئەمرۆش لەشکڵی پێچە لە پێچترین دا و بە تەکنیک گەلی زۆر پیشکەو توتر لە خزمەتی دیوە زمەکانی خۆرهەڵات و خۆراوادان.

لەوشوێنەی کە هونەر لەگەڵ عەواتیف و رۆحی مرۆڤ پێوەندی نێزیکی هەیە بەئـاسانی ئەتوانرێ لە لایەن حوکومەتەکانەوە بۆ راکێشانی خۆشەویستی خەڵک و خۆکێشانە نێو ئەوان کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

جا لەم روەوە زل هێزەکان بۆ بەدی هێنانی مەبەستی شومی خۆیان لە لایەنی جیـاجیای فەرهەنگی رامیاری، ئابوری و... لەهونەر کەڵک وەردەگرن. ولەئاکامدا ئەم پەدیدە بایەخدارە کەئەبو، هۆ بێ بۆ بێداری و روشت و پێشکەوتی مەعنەوی خەڵک، ئەبێتە هۆی مەستبون و ئەحمەق بونی خەڵک وەهەروا ئەبێتە هۆی سەرگەرمی و سەر قاڵ بونی دارا و دەوڵە مەندەکان.

باشترین نمود ـی عەینی ئەم هونەرە کراوە و گۆڕیاوە، هونەری شاپە سەنە، کەهۆی لەناو چونی خو و ئەخلاقی چاک بو.

بە گشتی گرینگترین مەسەلە یەکێ لە هونەردا ئەبێ لە بـەر چـاو بگـیردرێ، تـەلتیفی عەواتیف و تەهذیب و باش بونی کەیفی هەستی هونەروەرە، تا زەمانێ کە ئەم کارە حەیاتی یە، لە چوار چێوەی هونەردا لەبەر چاو نەگیردرێ، هونەر، جێگای ئەسڵی خۆی نادوزێتەوە.

ئێستاکەزانیمان رۆحی هونەر، پێوەندی بە جۆری رۆحی و پاکی دڵ و دەرونی هونەروە-روە هەیە، جاکەوابێ، ئەبێ هونەروەر بەدڵی پاک وبێدارەوە چ لە زەمینەی سینما، تەئاتر،

رادیو، تلویزیون،شیعر وهونه، چریکەو چیرۆک، نەقاشی، موسیقی، سازو ئاواز و...خەریکی نوواندنی هونەربێ

* * *

# نەو روز ؛ تازە بونەوەی بیرە وەری گەورەی خزمایەتی ئینسان و سروشت و خۆرسکە

گزینگی بەهارو چرۆدانی دوبارە، مزگێنی نەو رۆزوها تنەوەی ساڵی‌نوێ بەهات‌ئەدا لەهەروە رزێکدا، لەهەرکات‌و سات و کاوینگێکدا هەموشتێک تازە و نوێ ئەبێتەوە، هەرزەمان، دونیا و ئێمە و گشت کایینات لە حاڵی گۆڕان و گوڕیاندان. بەلام، نەورۆز ئاووهەوایێ تری هەیە، کاتی‌چرۆ دان و گوڵ و غونچەدانی دوبارەی خۆرسک و سەرەتای کەژی نوێ‌بونە وەی دوبارەی سروشت وجیهانە.

بەگزینگی نەورۆز داروگژ وگیا وگوڵ نەفەس‌و هەوایێ تازە هەڵ دەمژن و جوان و شاد و تەرو پاراو و عەتراوی ئەبن، چومەڵە و چەم دێنە جۆش و خرۆش و مەل‌و باڵندەکان دوای ماوەیەک کز و کەنەفتی‌وکە سیرەبون، دوبارە باڵ ئەگرن و دەستە دەستە و پۆل پۆل سترانی تازەی ژیان دەخوێنن، کۆتر دەس‌دەکا بەگمەگم و کەولەکۆساران دە قاسپێنێ و پاساری لەسەر دار و گوێسوانان دەجریوێنێ و بولبول لە نێو گوڵ دە خوێنێ و چینە لە ریشەی دڵ و دەرون دەکا. رۆژگرو نوری تازە بە سەربانی ژیانی مرۆفدا دە پرژینێ و خۆین‌لە شادەماری

ئینساندا بە خۆرسک دەگەرێ و مرۆف گەش و شادئەبێ.

نەورۆز لەهەمو شوێنێکی زەویدا خۆی دەنوێنێ، هەست ئەکرێ و خۆنیشان ئەداو زەوی دەرازێنێتەوە و دونیا دەخەملێنێ نەورۆز تایبەت بە شوێنێک لەم گۆی ئەرزە نیە، هی فەرهەنگ و مەرامێ تایبەت نیە، نەو رۆز جێژنی لە دایک بونی خۆرسکی ئینسانە. نەو رۆز یادی سەرکەوتنی بەهارە بەسەر ساردو سڕی زستاندا، یادگاری زاڵ بونی کاوەیە بە سەر زوحاکی زاڵم و مارزدا، نەورۆز جەژنی نەتەوەیی یە، کە هەمو دەیناسن کە چییە،نەورۆز هەموساڵێک دەگەڕێتەوە و دەکرێتە جێژن و شادی، هەمو ساڵێک. قسەی لێوە دەکرێ، رۆزیان و تووە و رۆزمان بیستووە دیارە ئیترنیازی بە تەکرارو دوپاتەکردن نیە؟ چونکاهەیە، مەگەر خۆت نەو-رۆزتەکرار کە یتەوە؟ جاکە وابێ باقسەکردن لە نەو رۆزیش بەتەکراروچەن پاتە ببیسین. لە زانست و ئەدەبدا تەکرار بە مەلال هێنەر و بێهودە دانراوە، ئەقڵ و ئاوەزتەکرار پەسەند ناکا، بەڵام هەست و ئیحساس، تەکراری پێ خۆشە، خۆرسک و سروشت تەکراری خۆش دەوێ، کۆڕو کۆمەڵگا ، نیازی بە تەکرارە. خوسک و خۆدکرد لە تەکرار ساز دراوە، کۆمەڵگا بە تەکرار، هێزو و زە دەگرێ، ئیحساس بە دوپاتە بونەوە،گیانیوە بە ردێ، نەورۆز چریکە و چیرۆکی جوانی و خوشیکیە، کە لەودا تەبیعەت و خۆرسک ئیحساس و هەست و جامیعە و کۆڕوکۆمەڵگا پێکەوە دەس بە کارن.

نە ورۆز کە چەندین سەتەیە نازوفەخر بە سەر جیژنەکانیدیکەدا ئەکا لە بەر ئەمەیە، کە قەرارداوێکی دەس کردی کۆمەڵایەتی،یا یەک جێژنی داسەپاوی رامیاری نییە، جەژنی جیهانە و رۆژی شادی ئەرزە. ئاسمان و رۆژ، هەروا خرمەو چرتەو قرتەی چرۆدان وگوڵ و هەڵدان و لە دایک بونی خۆرسکە و پڕو تەژییە لەکەف وکوڵی هەر سەرەتاو پەیدا بون و بوون و هاتنە بوون.

بەڵام جێژنی ئەم و ئەو، زۆربەی دەم وکات و سات خەڵک و ئینسان لەکارگە، موچەومەزرا، دەشت و سارا، کوچە و کۆڵان و بازار، باغ و باغات و دەشتی کشت وکاڵ دەگیرێتە وە ولە نێو تاوڵەو هۆدە و لەژێر میچ و پشتی درگای بە سراوداکۆ دەکاتەوە، قاوەخانە و

چایی خانه و کافه و کاباره، ژێرزەوی و سالۆن و خانوبەرەکان لەهەوایێ گەرم بەنەوت و گاز، روناک بەچرای لەرزوک بە دوکەڵ، جوان و رەنگین بە رەنگ و... بەڵام نەورۆز لە ژێر میچی قورماوی، درگای داخراو، هەوای خەفە، لە نێو دیوارە بە رزو پڕلەدرزەکان کە بە جاڵجاڵۆکە تەنراو لە شارولەدێ لە نێوماڵ و لە نێو چوار دیواری دڵ تەنگدا، دەسی مرۆڤ دەگرێ بەرە و داوێنی ئازاد و بێ کەناری خۆرسک،رای دەکێشێ: کە بە هارگەرمو بە تیشکی رۆژ روناک و تەڕی یە لەلە رینو لەرزین و شادی ئافەرینش و خولقاندنو بە دیهێنان، رازاوە بە با و باران، بێنی خۆش، پنگە و ئاخە لیوە، لق و پۆپی داخزاوی باران ویکەوتو، پاک و جوان و دڵگیر و...

**نەورۆز تازە بونەوەی بیرەوەری یەکی گەورەیە، بیرەوەری خزمایەتی ئینسان و خۆرسک و تەبیعەت، هەموساڵێک ئەم رۆڵەفەراموشکارە، کە سەرگەرمی کاری دەس کرد و سازدانی سازدراوی دەس و قەڵەمی خۆیەتی، دایکی خۆی لەبیر ئەباتەوە، بەهاتنەوە بیری نەورۆزی پیرۆز، دەگەڕێتەوە داوێنی ئەو ویەکتر بینینەوە ئەکاتە جێژن.**

**لەگەڵ ئەو داڵە بوژێتەوە، ئەم دیدار و یەکتر بینینە دەکاتە جەژن و شادی. رۆڵە لەباوشی دایکدا، خۆی دەبینێتەوە ودایکیش لە کەناری زاروکدا، لەشادی و خۆشیان چرۆئەدا و ئەپشکوێو خونچە ئەدا، رۆندک و سریشکی شادی لەلێو ئەبارێ، هاواری شادی ئەکا و دەس ئەکابە گاڵە گاڵ و چریکە چڕین، جوان ئەبێتە وەو دەچێتە وە سەر دۆخی جاران، دە بوژێتەوە و دە ژێتەوە، بە دیتنی یوسفی بینا و بێدار ئەبێتە وە.**

شارستانی و ژیاری ئێمە هەرچی پێچیدەتر و سەنگین تربێ، نیاز بە گەڕانەوە و ناسینەوەی خۆرسک لە ئینسانداژیانێ زیاتر دەکا و بە مجۆرەیە، کەنەورۆز بە راوەژوی داب و دەستورە-کان کە پیر ئەبن و دەسوێن و دەپوێن و بێهودە ئەبن، هێز ئەگرێ و بۆ چونە نێودوارۆژ جوان تر و دەرخشان تر ئەبێ، چونکا نەورۆز رێگایەکە، ئەو جەنگی دیرینەی کە لە رۆژگاری لاتیزوا کونفسیوس تازەمانی روسۆو وێلتێر بەردەوامەبیکاتە ئاشتی و دەسەملانێ.

نه و رۆز تەنیا هەل و مه رجێك بۆ ئاسودەبون، سەیران و خۆش رابواردن نییه. نیازی زەروری جامیعە، خۆراك و ژیانی نەتەوە یە کیشە. دنیایێ کە لەسەر گۆڕان و گوڕیان، پسان و تیا چون و پڕش و بڵاو بونه وەو له کیس چون ساز دراوە،جیگایه ك کەلەودا، ئەوەی سابتە و نه گوڕدراو و هەمیشە پایەدارە، تەنیا گۆڕان و تەغیر کردن و پا یەدار نەبونه، چ شتێ ئەتوانێ نەتەوە یە ك، کۆڕ و کۆمەڵگایه ك له راست عه را بەی بێ بە زەیی رۆژگار، کە بە سەر هەموشتدا تێ ئه پەڕێ و پان و فلیقی دە کاتەوە و ئەروا، کەهەر پێگەیه ك دە شکێنێ و هەرشیرازە یه ك ده پسینێ له زەواڵ بێ پارێزێ؟

هیچ میللەتێ بە بەرەیه ك و دو بەرە شکڵ و بیچم ناگرێ، میللەت و نەتەوە کۆز یلکه و کۆزێکی پێکەوە لکاوی بەرەو نەسلی موتەوا لی زۆر و زە وەندە، بە لاّم زەمـان، ئـەم تـیغه بێرەحمه پێوەندی بە رە کان دەپسینێ و فرت و فتی ئه کا، له نێوان ئێمە و پێشینا نمـاندا ـ ئەوانەی کە رۆحی جامیعەی ئێمە و نەتەوەی ئێمەیان ساز داوه و پێکیان هێناوه ـ شیو و دۆڵێکی تەنگە بەری بفەی مێژوی قووڵ کراوە، سەتەخاڵی یە کان، ئێمەی لەوان جیا کردۆتەوە، تەنیا داب و دەستوری باوی کۆمەڵایەتین کە، بزر له چاوی جه للادی زەمان، ئێمەی لەم دۆڵە، پڕ لەبفە رائەپە ڕێنێ و له گەڵ پیشینانمان، وەلە گەڵ را بوردوە کانمان ناسیاو دە کا. له دیمەنی پیرۆزی ئەم داب و دەستورە باوانەدایه کە ئێمە بوونی ئەوان له رۆژگاری خۆماندا، له کەناری خۆماندا وەلە «نێو خۆمانی خۆماندا» هەستی پێ دە کە ین و خۆیشمان له نیو ئەواندا ئەبینین. وەجەژنی نەو رۆز، یه کێ له پتەوترین و جوانترین باوی ماڵه باوانە، کەوا جوان و باو ماوە.

له و کاتەدا کەداب و دەستوری نەو رۆز دە بەین بەرێوە، دەڵێی: لەهەمو نەو رۆزێکدا کە هەمو ساڵێك لەم ئاخ و **سەرزەوی یەدا** ئەیان کردە جه ژن و چراخانی و شـادی، خۆمـان دەبینین و لەم حاڵە داشانوێی تاریك و روناك و رو پەڕەی ڕەش و سپی مێژوی میللەتی کە و نارای ئێمە لەراست چاوماندا لائەدرێ، بە رێژه ئەروا. ئیمان بەوەی نەو رۆز جەژنی ئیمەیەو باو با پیرانی ئێمە کردو یا نە تەجێژن، ئەم بیرو را پڕ هەیجانە ، کە مێشکماندا بێدار دە کاتەوە کە: بەڵێ: هەمو ساڵێك، تە نانەت له و رۆژگارەی کە ئەسکەندەر، ئەم ئاوو خاکەی ئێمەی بە خوێنی

میللەتی ئێمە رەنگین و خوێناوی کردوە، لەکە ناری گڕتێ بەردان و سوتانی ئـاسەواری و لآتمان، نەتەوەی خوێناوی ئێمە زوژ جوان و راز اوەترو بە بیروباوەرێ زیاترەوە، جەژنی نە و رۆزیان دەگرت، بەڵێ: هەموساڵێك! تە نانەت ئەوساڵەی کە سەر بازانی قوتە یبە لە سیروان خەڵکی نوقم دەکردو مولهیك کوشتاری دەکرد،خاجدار و جە نگیز و تە یمورە شـە لە و تورکاتی وەسمانی و ئاق قویونلو و سەلجوقیان و... خەڵکیان دەکوشت، لە ئـارامـبونەوەی غەمگینی شارە زامدارەکان لەکەناری ئاورگی سارد و سڕدا، نەورۆزیان زوۆر بەگەرم و گوڕی دەکردە جێژن.

مێژولە‹‹زێرینا ئامێدی››دەگێڕێتەوە کە لەو سەر دەمەی کە عەرەبی هێرشکار لە قـادیسییە ونەهاوەند لە ژێر تیغی تیژی بێ‌روحمیدا خەڵکیان دەگریاند،کاتێ و لآتی ئارام‌کردە وە و دژو دوژمنانی رەپێ‌نا، هەرلەو ساڵانەدا و دوایش نە و رۆزیان گرتووە و ئەو سەردە مەیان بە رابوردو پێوەند ئەدا.

نە و رۆز هە موکات و ساتێ خۆشە و بیست و بە زێر بووە، لە چاوی موغاندا، لەچاوی موبیداندا، لە چاوی موسوڵماناندا، هەمونە و رۆزیان لا خۆشە ویست بوە، بە زمانی خۆیان، قسەیان لێ کردوە. تەنانەت فە یلەسوفان و زانایان و هۆزانفانان و تویانە: «نە و رۆز رۆژی یەکە مینی ئافە رینشە، کە خودا دەسی کردوە ، بە خولقاندنی جیهان و لەشەش رۆژا یالە شەش دەورە) لە وکارە دابو، لە شەشە مین رۆژ دا خولقاندنی جیهان تەواو بوو جالە بەرئەمەیە کەیەکەمین رۆژی نەوسان «خاکەلیوە» یان، بە «هور موزد: خودێ» ناو بردوە و ئەو شـەش رۆژەیان بە پاك و پیرۆز بژاردوە»

چ چریکە و چیرۆکێکی جوانە، جوان تر لە واقعییەت! بە راستی مەگەر هەموکـەسێك هەست ناکا، کە یەکە مین رۆژی بەهار، هەردەڵێی یەکە مین رۆژی ئافە رینشە. ئەوە نەورۆز بووە،دیارە بەهار،یەکە مین کەژو کەشڕەنەوسان (خاکەلیوە) ش یەکەمین مانگ و نەورۆزیش یەکەمین رۆژی ئافە رینشە، قەت خوا جیهان و خۆرسك و تە بیعەتی لە پایینر یا لە زمسان یا لەهاویندا دەس پێ نەکردوە، دیارە یەکەمین رۆژی بەهار، شیناوەردی ئاخی گـرتووە بـە

لیوەوەو شین بووە و رواوە. سیلاو هەستان، قەڵپەزەی ئاو، تافگەی شەتاو، چرۆ کردنی دار و دەم کردنە وەی خونچە و گوڵ کردنی گوڵ و گیاو شاخە و پۆپەی دارو دەوەن لەنە و رۆزدا روی داوە، رواوە، بەردو داری ناوئاو سوواوە.

بێ شک، رۆح و گیان لەم کەژەدا سەری هەڵداوە و عەشق و ئەوین لەم رۆژەداگووڕواوە و یەکەمین جار رۆژ لە یەکەمین نەرۆزداگزینگی داوە و زەمان لە تەک ئەودا دەسی پێ کردوە.

ئیسلامیش رەنگێ جوان تری بە نەو رۆز داوە، شیرازەی کردوەو ئەوی بە پشتیوا نەیێ ئەستور، ئەوی‌لە مەترسی زەوال لەدەورانی موسوڵمانی کوردەواری و ئیرانیاندا، پاراستووە ورای گرتووە،نەو رۆز کە لە گەڵ گیان و خوێنی ئێمە تێکلاّو ببو و لێکدرا بوو، گیانی نەتەوایەتی لە گەڵ ئاوێتە ببو. بەرۆحی دینی تازەیش گۆچی‌گرت، داب و دەستوری نەتەوەیی و نیژادی، لەتەک باوەر،بە دینی پیرۆزی ئیسلام و قورئان و عەشق و ئەوینی پڕهێزی تازەیە-کئ‌لە دڵ و هەناوی ئەم ساڵی تازەیە وا نەو رۆزەهاتەوە جێژ نێکی کونی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە،خەڵکی لەم ئاوو خاکەدا فرجکی گرتبو، گرێ خوارد و پێکەوە پێوەند دران و پتەو بون و پیرۆز بون.

نەو رۆز ـ ئەم پیرەکەگەرد و غوباری چەندین سەتە لەروی نیشتووە ـ بە درێژایی مێژوی کە و نارای خۆی، رۆژگارێ لەکەناری موغاندا، زیکر و ویردی میهر پەرستانی خۆی بەگۆی خۆی بیستووە؛ دوای ئەوەلە کەناری ئاورگدانی زەردەشتی‌دا، سرود و سروشی پیرۆزی موبیدان و زەمزەمەی ئاوێستا و سروشی ئاهور مەزدای بە گوێدا خوێندراوە، لەوە بەدوا بە ئایاتی قورئان و زمانی ئەللا،رێزیان بۆداناوە، ئێستا سەرە رای ئەوە بە نوێژ و دوعا و پارانەوەی کوردی یارسان و دینی کۆنی کوردەواری و عەشق بە خواو ئەوین بە حەقیقەت گیانێ تازەی پێ ئەدا.

ئەم پیرە خاوەن بیرە وەری‌یە کە لەهەمو سەتەیەکداولەگەڵ هەمو بەرەونە سلێکدا و لەتەک هەمو باو با پیرانی ئێمەدا وێستاوە تا رۆژگاری ئافسانەیی گۆدەرز و گایومێرت «مێردی گەییو» ژیاوە و لەگەڵ هەمومان بووە، و هەیە، ریسالەت و رۆڵی گەورەی خۆی لەهەمودەم وکات و

ساتێکدا زۆر پڕ بە هێزی خۆی و بە عەشق و ئەوین و وەفاداریو خوێن گەرمی و ڕە زاشیرنی ئەنجام داوە و ئەویش سپی کردنەوەی ڕەنگی غەم وەهە لقر چاوی پڕ چین و چرو کە لە سیما و قیافەی ئەم نەتەوەنە جیب و زوڵم لێکراوەیە،کە لەگەڵ خوێن وئێسک و پلوسکی خەڵکی ئەم سەر زەوی بەڵا و صەدام لێ دراوە لەگەڵ ڕۆحی شاد و خۆرسک و تـەبیعەت لێکـدراوە و گەورەتر لەهەموان پێوەندانی نەسلە،موتەوالی یەکانی ئەم هۆزونە تەوژمە،کە لە سەر چەقی چوار ڕێیانی بەڵاو ڕوداوەی مێژو گیرساوە و دامەزراوە و هەمیشەکە وتوتە بە ڕهێرش و قینی قین لە دڵان و جەلادان و تاڵانکەران و هەروا پەیمانی یەکیەتی بە ستن لە نێوان هەمو دڵی خزم و کەس وکار،کە دیواری گرژ و توڕە و بێگانە، چەندین دە وران لە نێوانیاندا ئە بووە دڕوی مەم وزین و دۆڵی قوولی فەرامۆشی جیایی ئەخستە نیوانیان.

ئێمە لەم کاوەدا لەم دەموساتەدا لەم یەکەمین دەمی دەس پێکردنی سەرە تای ئافە رینشەدا، یەکەمین ڕۆژی خیلقەتەدا، لەڕۆژی خوادا لە ڕۆژی ئاگرە سورەی ئاهوراییدا، ئەو ڕۆژی پیرۆز ئەکەینە جێژن و ئاگر هەڵ دەکەین،ئاگری ئاهورایی. لە قووڵایی ویژدانی خۆماندا بە **پیاوەتی خەیاڵ لە سـارای رەش و دەشـتی سوتـاوی هـەڵەبجە، شـاری هێرۆشیمـای** کوردستان عبور ئەکەین و لە هەمو ئەو ڕۆژگەلێ کەلە ژێر ئاسمانی پاک و ڕۆژی روناکدا لە سەر ئاخ و خاکی ئێمەکە ڕێزی لێ گیراوە و ئاگری نە و ڕۆز هەڵکراوە لەگەڵ هەمو زاروک و کوروکچ و لاو پیرو ژن و پیاوانێکدا کە خوێنی ئەوان بە نێورە گماندا ئەروا و ڕۆحی ئەوان لە دڵماندا تەکان دەخوا بەشواری دەکەین و بە مجۆرە (بوونی خۆمان) بە ناو یەک نەتەوە، لە نێو گژە باو گێژە لوکەی توند و ڕەشە بای کوشندە و سوتێنەر و ئاڵ وگۆڕدەردا خۆرائەگرین و خولود بەگەل ئەبەخشین و لە هێرشی ئەم سەتەداکە ئێمەی لە خۆمان نامۆو «نەبان» کردبو.

**چ چریکە و ئەفسانەیەکی جوانە، جوان تر لە واقعییەت! بەراستی مەگـەر هـەموکە سێک هەست ناکا،کە یەکەمین ڕۆژی بەهار، هەردەلێ یەکەمین ڕۆژی ئافە رینشە. ئەوە نەو ڕۆز بووە، دیارە بەهار یەکەمین کەژو نەوسان «خاکە لیوەش» یەکەمین مانگ و نە و-**

**ڕۆزیش یەکەمین ڕۆژی ئافەرینشە.**

**☐ ئیسلامیش ڕەنگێ جوانتری بە نەوڕۆز داوە،شیرازەی کرد وە و ئەوی بە پشتیوانەیێ ئەستور، ئەوی لەمەترسی زەوال لەدەورانــی موسوڵمــانی کــوردەواری و ئــێرانیــاندا، پاراستووە و رای گرتووە.**

**☐ نەوڕۆز تەنیا دەرتانێ بوحەسانەوە، سەیران و خۆشگوزەرانی نــییە نیــازی زەروری جامیعە و کۆمەڵگا،خوراکی ژیانی نەتەوەیەکیشە.**

لەم میعادگەیەداکە هەمو بەرەی مێژو وەچریکەو چیرۆکی میللەتێ حوزوریان هەیە لەگەڵ ئەواندا پەیمانی وەفا دەبەستین و «ئەمانەتی عەشق و ئەوین» لە وان بە وە دیـعە وئەمـانەت وەردەگرین «قەت نامرین» و «بەردە وا می‌راستین»ی خۆمان بە ناوی نەتەوەیەک کەلەم سارای گەورەگەبە شەریدا رەگ و ریشەی لە قوولایی فەرهەنگی دارماڵ لە غینا و قیدا سەت و بێخەوش وجەلال و شکۆدا هەیە و لە سەر هێمی «ئە ســالەت»ی خــۆیی بــون لە راگــوزاری مێژودا راوەستاوە، لە سەر «رو پەرەی جیهان» صەحیفەی عالەم سەبت و زەبتی بکەین.

☐ تەفتازانی لە بابی تەکراردا دەڵێ: تەکرار عەیب و خەوشی قسە یە مەگەر لە یادی مەحبوبدا، کە لەوێدا نە تەنیا جایزەکە یاد و ناوی ئەو تەکرارو دوپاتە بکرێتەوە، بە قسەش فەزیلەت ئە بەخشن [1]

وەرە تاگوڵ ئەفشانی بکەین

مامە نەورۆز!

تۆبە و چریکە،غەمکین و پرهەستەوە

تۆبە وکەنینە پاک و پڕ دەردەوە

---

١ ـ موتەوەل،روژنامەی اطلاعات صفحه ٦ ٥شەمە ٢٧ اسفند ٧١ و ٢٤ رەمەزان ١٤١٣ و ١٨ مارس ١٩٩٣ از

١ـ گودەرز ـ جەمشید: مێژوی تەبەری، موعجە مولبولدانی حەمەوی، موروج الذهب نە و ڕۆژنامەی حەکیم عومەر ـ ی خەییام.

تۆ!بەو هەڵپە ركێ و خەندە وە
دیو و درنجی خەم لە دڵ ئە پە ڕێنی
تۆبە وكراسە سورو توزاوی یەوە
تۆ!بەم رۆمەتە رەش و چرچەوە
كە لە بەختی رەشت رەنگ ئەداتەوە
رەنگی خەم و پەرێشانی لە دڵ ئە شواتە وە
مامە نە و رۆز لە دڵتا خەمێ تاڵ و تفتە
خەمێ دارماڵ، دەر وێن ، بۆمان سەختە
دەنگ دانەوەی پێكە نیتە
دڵۆپەی رۆندكو فرمێسكتە
كە لە سەر چاوەی گیانت ئەتكێ
بە داوێنت دا ئە رژێ
ئێمەیش بە فرمێسكە كانت بە گوڕ ئە كە نین.
مامە نە و رۆز!
وە رە لە رومەتت تۆزێ رەشی بتە كێنە
ئاگر بخە نێو كەوای سوری خۆتەوە
وەرە هەروەك مەلێكی دڵشاد و خۆش ئاواز
باڵ لێكدە تا دەم ترۆسكە تروسكی خۆرەتاو
لە بیر بە رەوە
ئەفسانەی خەمی دێرین
لە باتی سترانی تاڵ و خەفە تبار
ئەم شیعرەی شیرین بچڕین!
وەرە تا یە كتر گوڵباران بكەین و مەی لە جام،
پیچ فەلەپک شکێنین و گەڵاڵەی تازە ساز بدەین (شـــەپۆل). ئارام.

## ئازادی وهەڵدانی مرۆفانی:

مرۆف وهەربونەوەرێ وزیندویتریش بۆ هەڵدان و گەیشتن بە کەماڵی بـونی خـۆی نیازی بە ئازادی هەیەبەلاّم نوکتەو جێگای سەنجدان لێرەدایە کە هەڵدان وکەماڵی هـەر بونەوەرێکی زیندو لەپێوەندی ئەو لەگەڵ خۆرسکی و سروشتی وئـافەریدە بـونی ئـەو دەناسێندرێ.

هەڵدان وکەماڵی مروفا نیشلە پێوە ندی لەگەڵ فیترەتو حەقیقەتی وجودی ئەودا دەر دەکەوێ و دەناسرێ

حەقیقەتی وجودی مـرۆف عـەینی پێوەندی و ئـوگربونیەتی بـەحەق، پێگەیشتن و هەڵدانی مرۆفلە ((قوربی وجودی)) دێتەدی،ئازادی بەراستیش لەم پێوەندی نێزیکی و قوربلەخوا تا ریفدەکرێ، جاکەوابێ ئەتوانین بێژین: ئازادی راستەقینە هۆی هەڵدان و پێکەیشتنی بونی مرۆیا مرۆفانیە.

بە لاّم نوکتەیێ گرینگ کـە ئـەبێدو پـاتەی لەسـەر بکـرێ ئـەمەیە کـە تەنیـا ئـازادی بەراستییە،کە ئەبێتە هۆی پێگەیشتن و هەڵدانی ئینسان وئەنزان وە ((ئازادی)) وەهمی و نەفسانی تەنیا غوربەت و یەخسیری زیاد دەکا وهیچی دیکە.

ویژەو وێژاوەری رەسانەیی و مەشهوراتی زەمانە بێ ئەوەی لە بابەتهەرێم و سنورو حەریموکەوشەنێ،یا تایبەتمەندی و ماهییەتێ قسەبکەن، هەمیشە فو بە بۆقوکەرەناکانی چاورای خۆیاندا ئەکەن کە ئازادی هۆی هەڵدان وپێگەیشتنی مرۆفانیە.

**ئازادی هۆی بەرزوتەرز بونی فەرهەنگ وهەڵدانی بیرو هزرە،وگشتی بافی دیکەی،** لەوچەشنـانە،قسـە دەکـەن و دەئـاخۆن، ئـازادی نەفسـانی هـۆی دوربـونی مـرۆف لەحەقیقەتی خۆی و غافڵ بونی ئەو پێکدێنێ.

بەڵێ ئازادی دەبێتە هۆی هەڵدانی مرۆف وبەرز بونەوەی باری فەرهەنگی ئەو، بەلاّم لەکاتی قسەکردن لەم دروشمە ئەبێ بزانین کە لەچجۆرە ئازادی یەکدەدوێـن ولەکـاتی کردەوەدا ئەبێ سەرنج بدەین کە نەکەوینە داوی لیبرالیستی ئازادی، چونکا لەوێدا نەتەنیا

ناگەینە هەڵدان و بەرز بونەوەی مرۆڤانی، تازە زنجیرەی غوربەت ودیلی ئەویشمان قورس ترکردوە و زۆرترمان باداوە، وریابین کە ئازادی نێوان ئێمە و لیبراکانو ئۆمانیستەکان تەنیا و تەنیا موشتەرەکێکی لەفزی و بیژەییە، **ئێمە لە حەقیقەتی ئازادی و هەڵدانی مرۆڤانی قسەدەکەین بەڵام ئەوان لەژێر ناوی ئازادی دا دەم بێن و قفلّ لەدلّ و دەرونی مرۆڤانی ئەدەن شۆرشی دینی پەیام هێنەرو مزگێنیدەری ئازادی بە راستیە.**

ئازادی یەک کە دوربێ لە دەسەڵاتی شەیتانی تیکنو کراسی، بوروکراسی وسەرمایە سالاری، بۆنی **گوڵی خۆشبۆی مەعنەوەیەت و** هاودڵی و هاورەنگی دەشت ودەری شۆرشی دینی پڕوتەژی کردوە.

هەمو فەلسەفەی «ژان پۆڵ سارتێر» (Jan Poul Sarter) هەول وتەلاشە بۆ رزگار بون لەبێ هیوایی و تەناقوزو نائومێدی، کە بەشەری رۆژاوابێ، **ئەو لای وایە ئازادی بەشەر محاڵە، بەلاّم بە داغەوە چون ژان پۆل سارتێر خۆیشی هەروەک زاناکانی تری رۆژاوایی رێگاچارە** لە چوارچێوەی زات وتەواویەتی ئازادی ((ئۆمانیستی دا و کەوتنە خواریّ، بەشەری تازە و مل بادانی ئەو، کە بۆی دەگەرێ، سەرگەردانی ئەو زیادئەکا.

ئەبێ بزانین **ئازادی بێجگە لەپێوەند لەگەڵ حەقدا، واتای بۆنیە**، جا هەر لەبەر ئەمەشە کە ئازادی رامیاری و کۆمەڵایەتی رۆژاوایش بێجگە لە زیاد کردنی فاسیلەی چنیایەتی و قودرەتیابی بور ژوا و غەڵەبەی رۆحی سەرمایەداری و پول ودراو پەرستی و شەیئی بونی مرۆف وپەرە گرتنی ئیمپریالیزم و بێدادگەری کۆمەڵایەتی شتێ تری لیّ سەوز نەبوەونابێ.

**ئێمەلامان وایە مرۆف عەینی تەعەلوقەو ئینسان بۆگەیشتن بە ئازادی** و میوەو بەردانی تاکی حەقیقی خۆی ئەبێ بگاتە تەعەلوقی **بەراستی بەخوا** ولەئەم وئەو دابردرێو لەئوگرداربونی خۆ بۆلای خوا سوربێ، نەکلەروی نەزانی و خۆقەف کردن و خۆبەزل زانی خۆی دوربخاتەوەوئینکاری بکا.

خوی چاک وداب ودەستوری ژیان ـ بالەدیمەن وروانگای خۆرسکی و سروشت

لەزەتی گیانی و ڕۆح وەربگرین، تەماشاو ڕوانین بۆ ڕوانگای جوانی خورسک بەلەش و لاری مرۆڤ گیانێ تازە ئەبەخشێ گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان، دەشت و دەری سەر سەوز و **ڕەنگین، ئاسمانی پڕ ئەستیرەی گەشەدار، ئەم هەموە جوانی و** خـوشیکیە بـەپێی زەوق وچەشەیەک کە لەنێو دڵ و دەرونی مرۆڤدا هەیە لەتەماشای ئەوانە لەزەت ئەبا و شادئەبێ، **دیارە ئەم شادبونە، تەنیا لە لەزەتی ڕواڵەتی داکۆنا بێتەوە.**

لەم ئەرزەگردوپانوگۆ و بەرینەدا ئینسانگەلێ پەیدائەبن کە تە ماشای **ڕوانگای جوان، ئەوان ئەخاتە بیرکردنەوە، لەبارەی ڕازی خیلقەتی پڕ قـوردەتی ئـیلاهی،** ئـەوانـە لەم بیرکردنەوەو پەی بردن بە ڕازو ڕەمـزی جیهـانی ئـافەرینش زۆر لەزەت ئـەبەن، ئـەوانـە بەچاوێ بەرزترو وردتر ئەروانن‌ە، ڕوانگای جوانی خۆرسکی و سروشت، جا هەر لەبەر ئەوەش لەزەتی ئەمانە، لەلەزەتی کەسانێ کە دارای ئەم تایبەتمەندی یە نین زیاتر و بـەر فرەترە، ئەگەر تۆتـابلۆیەکـی نەقـاشی جـوان لەبـەرچـاومنداڵـێکدا دابـنێی، ئـەومنداڵـە لەتەماشای ئەوە لەزەت‌ئەبا، بەڵام ئایا لەزەتی ئەولەگەڵ لەزەتی کـەسێ کـە دەچـێتەنێو وردەکاری ئەوتابلۆیەو لەودیـوی ئـەوەوە هـەزاران ئـافەرین بـەنەخشێنەری ئـەو دەڵـێ، بەرابەرن؟

هەر جۆر بێ‌ئەگەرتائێستا لە لەزەتی زاهیری کەڵکمان وەرگرتوە باڵەمەودوا بکوشین **تالەلەزەتی ڕۆحانیش لەزەت ببەین، گوڵی جوان و ڕەنگین ببینەو لەمەزنی وگەورەیی گـــوڵ ئـافەرین بـروانـە،** لەنـیوە شـەودا بـروانـە ئـاسمانی پـڕ لەئـەستێرەی جـوان و گەش‌ولەڕاست خوای خولقێنەری ئـەوانـەسەربچە مـێنەوە؛ئەوسـا دەزانـی چ شـادی و خۆشیەک ڕوت‌تێ‌دەکا، بەجۆرێ کە بێجگەلەزاتی حەق تە عالاشتێ ترنەبینی «لَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ»[1] یانی: بەڕاستی لەئاسماندا بورجگەلێکمان سازداوەو ئەوانەشمان بۆ تەمـاشاکـاران ڕازانـدوتەوە. ئـەم بـاسەلە ڕوژنـامەی شەهـادەی کـوردی

---

١ - سورەی حجر ئایەتی ١٦

ژمارەی ٣٩٤ سالی ٩ گوڵانی ١٣٧١/٢/١ هەتاوی و ٢١ نیسای ١٩٩٢ زاینی بەقەڵەمی (شە پۆڵ) بلاوکراوەتەوە.

**دوا رۆژهی موسوڵمانانه**

به راشکاوی دەبێ بڵێین: دوا رۆژ هی موسوڵمانانه وشا بەختلەبەختی ئەواندا لەهات دایە، مادام لەسەر رێبازی خوا سوربین و لەرێگاری ئەو لانەدەین (ذٰلِکَ فَاِنَّ اللّٰهَ لَمْ یَکُنْ مُتَغَیِّرا نِعْمَةَ اَنْعَمَهُ عَلٰی قوم حَتّیٰ یُغَیِّرُوا مٰابِاَنْفُسِهِمْ) مە شی خوا وایە، کاتێ نیعمەتێکی بە هۆزێ یا بە تاکێ یا بەگەل و نەتەوەیەکدا، نای گۆرێ و لیان ناستێنێتەوە، مەگەرئەوەی ئەوان خۆیان بگۆڕن ولەرێگا لادەن وکل بن وتل بن ەوە، سەرە و شۆر بەرەو گۆڕ، بگۆردرێن یاخۆ بگۆڕن واتا: چاکبون، خراپ بن لەئەسپی ناز ونیعمەت دابەزن و سواری ئەسپی ئەجەل وبەدفەڕ بنوهەوساری خۆیان بدەنەدەسهەوای نەفس وشەیتان بەکارو کارابون،ئێستا بێکارە ویەیتارە کەوتون، بڕوا داربون،ستبڕوا کراون، **دڵسۆزبون، قین لەدڵ کراون، لەدڵ و دەرونی خۆیاندا خۆ بخۆنەوەو ببنە خۆرە لەنێو** یەکدودا، جا ئەگەر بتوانین بەر لەوخوە دزێو وکرێتانە بگرین و خۆ بە خۆ چاک و دڵ ودەرون پاک بین وبەکار و تێکوشەرو ئازابین و خۆ لەخوی بەد فەڕی دور راگرین و بۆ یەکتر هەرە وەز بکەین، کومەگی یەک بین و ماڵ وناموسی یەکترین، وەکوهی خۆمان بزانین و بیان پارێزین لەدڵ پیسی لەگەڵ یەکتر خۆلادێن و ئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشە هەمان بێ، بۆ هاونیشتمانیەکانیشمان هەروابین وبڕوامان بە خوا بتەو بێ،ئەوا دوا رۆژ هی ئێمەی موسوڵمانانە.

**ئاوێنەی مێژو:**

چریکە و چیروک و ئەفسانەی مێژویی ئاوینە یەکە، ئەکرێ وێنەی خۆمان و وێنەی بەرەی ئەنزان و ئینسانەکانی تری تیدا ببینین، مرۆف لە رۆاوەی رابوردو، ئەزمونی رۆژگار بۆ هێمدانان و بناغە رێژی دوا رۆژی چاکتر وبەکەڵکترو بەختەوەرانەتر سود وەر دەگرێ، جا لەبەر ئەوە ئەبێ مرۆف هەمو روداوەکانی رابوردو، جوان بداتە بەر جەنجەری

سەرنجو بەباشی لیان ورد بێتەوەو شیان بکاتەوە بەدوکاسنەوسێگانە وەردی بداتەوە، ئەوسا بیکاتە کەشاو، یاناوەنیا وتوەمی کار وکردەوەی تیابچێنێ، لەئەزمون و تاقی کردنەوەی تاڵ و تفت وژەهراوی تا ئەزمونی شیرین وشادی هێنەر، دیارە زۆرێ لە زاکون و داب ودەستوری کۆمەلایەتی وبنەرەتی کارو باری و خوی چاک و ئەخلاقی پاککە نەزم ونیزام وتەکوزی کۆمەڵایەتی پێ دائەمەزرێ، لەسەر ئە ز مونی رابوردو، دامەزراوە، چ ژیارو شارستانیتی، یاماف، جوانی وناحەزی کاروکردەوە (حُسْنُ و قُبْحِ اَفْعالْ) و رەفتارو ئاکاری عادی خەڵک، کەبریەتی لەئیستقرایەکە، مرۆڤو ئەنزان بەدرێژایی هەزاران ساڵ ژیان لەپێجەڵە پوچی‌گرێ پوجکەی گۆمەڵایەتی‌دا بەراوردی کردوەو هەڵی سەنگاندوەو میوەو نەتیجەی ئەوەی بەوێنەی زاکۆن وقانون، پێشکەش بە کۆمەڵگای بەرەی مرۆڤ کردوە.

ئەم چریکە نموداری پیشەوکردوکرو، خوو ئاکارو تێک‌هەڵەنگوتنی بەکۆڕو کۆمەڵە، جەنگ، دژو دوژمنی، ئاشتی ودۆستی، بەتیکرا تیکرای رەنگ‌دانەوەکانو دەنگدانەوەکانی ئینسان و ئەنزان لەراست روداوەو دژواری یەکانی ژیاندا، ئەوە جۆرێ بیرکردنەوەو تیفکرینی کۆمەڵگای رابوردوەوە، بەهەمو جوانی و ناحەزی و دزێوی یەوە[1].

**سازوئاواز لەدو روانگاوە:**

ئەگەر لەیەکێ لەلایەنگرانی موسیقا بپرسن کە سمفونی یانی چی؟ لە وەڵامدا پێت‌دەڵێ: سمفونی شوێنەوارێکی گەورەی موسیقایە کە بۆ ئورکیستیری موسیقا دەنوسرێ ولەچار بەش‌ساز دەکرێ: دیارە ناوی چەن کەسیش لەموسیقازانەکانی ناوداری جیهانیش‌دەبا کە سمفونی نبوغ ئامیزیان بەدی هێناوە، کە بتهون، چایکوفسکی، موتسارت‌بەر لەهەموانە، بەڵام ئەگەر هەر ئەو پرسیارە لە موسیقازانێک بکرێ، یەکەم ناوێک کە بەزاریدا دێ (هایدن)ە چونکا زۆربەی خەڵک (هایدن) بەباوکی سمفونی ناو

---

١ ـ بەرکوڵی کتێبێ رامیاری مەدینە نوسراوی فارابی ـ (ئەپۆل).

ئەبەن، چون: بتهون، موتسارت و مامۆستایانی دیکەی موسیقای سمفونی، لەساختەی زۆرو زەوەندی خۆیان بۆ ئورکیستیری سمفونیک لەموسیقـای هـایدن مـایەیان گـرتوە، بەتیکرا شوێنەواری ئەم موسیقازانا، ناودارانە بۆ ئەوان، هەروەکو کتێبێک بوەکە دەرسی لێ فیژبون وزانستی خۆیان پڕ ترو غەنی تر دەکرد [1]

**ئاو وژیانی هەموچت:**

قورئان هۆی ژیان و یەکەمین لانکەی جولە ندەو خزۆکی بە (ئاو) ناو بردوە، زانستی ژین ناسیش، هەر ئاوی بە بنەرەتی ژیان داناوە، بەو جۆرە، توێژانەوەکە سەبارەت بـە ساختومانی گشتی جیسمی زیندو، ئەنجام دراوە، نیشانی داوەکەئاو وکەربۆن نێزیکەی ٩٨ لەسەتی جیسمی بونەوەری زیندوی پێک هێناوە، هەروا توێژانەوەی زانسـتی زەوی ناسیش، دەگەیینێ کەبەر لەپەیابونی ئاو، ژیان لەسەرگۆو خرۆکەی زەوی نەبوەو جادوای پەیدا بونی ئاو وساز بونی زەریاو ئەقیا نوسەکان، کەم کەمەژینگەی لەبارو باو بۆ ژیانی بونەوەرانی زیندو، وەجۆرا و جۆر بونی ئـەوانـە، بـەدی هـاتوەو خـزۆکەکـانی سەرەتـا، لەیەکەم رۆژی ژیاندا لە زەریادا بون و لەدواییدا هاتونەتە سەر بەژ وویشکانی.

**گرشمەی یەکبون:**

لەمێژوی ئەدەب و هونەر وخونیشان دانی زانست لە خۆرهەلاتدا جار جارە گەورە گەورەیەک سەریان هەلداوەکـە لەهەربارو بابەتێکەوەدارای **شـوێن و پـلەو پـایەی بەرزوبلێند بون**، کەسانێ کەبەتێکرا لە دەورو بەری وجودیاندا بـەقسەی **مـەلاصەدرا** کەسایەتی مەجازیان،ئەفسـانەگـەلێکە، تـوێژا نـەوەیە لەفـۆلکلورو بـاوی کـۆمەلایەتی**دا** بەیانگەری ئەم قسەیەکە خەلکی ولاتی ئێمەکاتێ دەس دەکەن بە چریکەو چیرۆک سازی کە سایەتی، تاکێک کە لەچەن لاوە یا لەبارو با بەتێکەوە بەچاک وبەرزو چازان وگەورەتری

---

١ ـ ن ـ کولوسووا، سەرەتایەک لەسەر ناسینی موسیقا ـ کەیهان چوارشەمە ٢٠ ئازەر ١٣٧٠ی هەتاوی لاپەرەی ٦ و ١١ دەسامبر ١٩٩١ زو ٢٠ سەرماوەزی ١٦٠٣ک و ٤ جمادیالثانی ١٤١٢ک (شەپۆل).

بزانن، تایبەتی گەلێ لەودا ببین کە لەخەڵکی دیکەدا بەر چاویان نەکەوێ و زۆریان پێیدا هەڵدەڵێن یەکێک لەوانە، مەولانا عەللامە، سەعید نورسی و مەولانا **نوسخەی جامیعە خالد شارە زوری یە**، لەم وتارەدا ناتوانین لە بابەتئەو هەموەچریکەکەلەبابەتئەو دوزاتەوە گوتراوە قسەبکەین تەنیا بە نوکتەیەک ئاماژە دەکەین و درگای لێکۆڵینەوە، دەخەینە سەرگازەرەی پشتتا ئەوانەی کە دەیانەوێ، تۆیشوی خۆیان لەوە بە دەس بێنن خەریکبن.

لەدیوان وقسەی زۆربەی عارفان و خواناساندا هۆنەوشیعروو تەیەکدەبیسینو دەبینین کە واتای وەحدەتی وجود، ئەدایەکێ لەو قسەوباسانەی کە لەفەلسەفەدا هۆی قرەقرِ و قسە لێکردن بوە، مەسەلەی وەحدەتی وجودو یەکبونە،کەئایا حەقیقەتی دەرەوە، یەکە یا زۆرە.

لەحیکمەتی **موتەعالیەدا**، دوای قسەکردن لە موشتەرەکات وهاوبەشبونی مەعنەوی وجودوقسەکردن لەوەکە وجود ئەسلە، نەتیجە دەگرن، کە ئەشیای خارجی هەرچەندە وێنەی جۆرا و جۆریان هەیە، لە باتندا حیکایەتلە **یەک حەقیقەتدەکەن** وئەویش هەمان ئەسڵی بونی ئەشیایە، دیارە کەسێ کەبروای بە **تەوحیدهەبێ**، دەگونجێ بە وەحدەتی وجودوکەسرەتی مەوجود بروای هەبێ، وکەسرەتی مەوجود بەواتای ماهیاتی مەنسوب بەو جود، بزانێ و حەقیقەتی وجود لەروانگای ئەودا خاوەنی ئەنواع و تاکەتاکو پلەو ئەجزای ئەقلی و دەرەوەبێ، ئەبێ هیچ جۆرە قیام وعەرەزێ سەبارەت بە ماهیات لەگۆڕدانەبێ بەڵکو وجود حەقیقەتی واحد، سادەی قایمی بەزاتبێ وتەنیا ماهیات ئەدرێنە پاڵ ئەو حەزرەتەو ئەوە ماهیەتنکە ڕۆرومو تەکە سیرن، نەک حەقیقەتی وجود، ئەم واتای وەحدەتولوجودە بیروڕای فەلاسیفەیە کە نەتیجەی لێوەردەگیردرێ کە ئەشیا باوەکو لەباری تایبەتمەندی وئاسەوارەوە، جیان، هەمو لەوبارەوەیە،کە مەوجودن، یەک حەقیەتن وئەویش هەمان ئەسڵی بونی ئەشیایە ومەوجوداتی جیاجیا لە حەقیقەتی بوندا پێکەوە، یەکنو وەحدەتیان هەیە.

**صەدر المتألهین** بە بەیانی بیری وەحدەت لە عەینی کە سرەت وکەسرەت لەعەینی وەحدەت وبیری ئەسالەتی وجود توانیویەتی، تەسویرێ تازە لەجیهانی بوندا بخاتە بەرچاو، هەرچەن ئیشراقیون بەئەسالەتی ماهیەتبڕوایان هەیە کە **لەگەڵ عارفان و خواناسان یەک دەگرنەوە.**

**خواناسان بڕوایان بەوەحدەتی وجود ومەوجود** هەیە، عارف دنیا بە ئاوێنەیەک دائەنێ بۆ نیشان دانی وێنەی حەق (خوا) بەپێیێ بیروباوەری عارف مەوجوداتی جیهان بێجگە لەوەکە نیشانەو ئایەتی حەقن چتێ ترنین.

**ئیمام محەمەد غەزالی** فەرمویەتی: عارف وخواناس لەنشێوی پەستی مەجازەوە باڵی گرتوەو فڕیوەتە نێو ئەوجی حە قیقەت، جادوای پێگەیاندنی خۆی لەو میعراجەدا بەعەیان وبەئاشکرا دەبینن کە لە جیهانی بوندا بێجگە لەزاتی خواچتێ دیکە لەگۆردانیە، هەمو شتێک بێجگە لەزاتی ئەو هالک وبۆتیا چونن (کُلُّ شَیْءٍ هالِک اِلْاَوَجْهَهُ) نەتەنیا لەیەکزەماندا بەڵکو لەئەزەل وسەرەتادا.

لە محیدینەوەیەکە ئەسلی وجود، لەهەربارو با بەتێکەوە، واحدو تاکەوکەسرەتی بۆنیە، هەم وجود یەکە، هەم مەوجود وەئەگەر حەزرەتی حەق خۆی فەیز بدا مرۆف ئەتوانێ جەرەیانی حەق لە خۆرسک و لەمادەو عونسوردا ببینێ و وێنەیەک نامێنێ کە حەقی تیا نەبینێ، جا ئەمەیە کە هەمیشە ئارەزویانە کە ئەشیا(کە ماهی یە) بۆیان دەربکەوێ.

جا ئەوەیە، کە شاعیران و خواناسان و عارفان دەڵێن:

**چارینەی بابا تاهیر**

**بە صەحرا بنگەرەم صەحرا تەوینەم**

بە دەریا بنگەرەم دەریا تەوینەم

بەهەرجا بنگەرەم کوەودەرو دەشت

نیشان ئەز قامەتی رەعنایی تەوینەم

چارینە:

**خۆشــــائانانکی ئەزپاسەرنەزونەن**

میـانی شــوعلە،خــوشک وتــەر نـەزونەن

کــــەنیشت و کـــەعبەو بتخـــانەو دەیــر

ســـەرایـــی خـــالی ئـــەز دلبــەر نـــەزونەن

چارینە:

یــەکــیٚ بــەرزی گەریٚـنالان دەریـن‌دەشت

**بەچەشم خون فشـان ئـالالە مـیکیشت**

**هەمی کیشت‌و هەمی گوفت ئەی دریـغا**

**کێ بایەد کیشتن وهیشتەن دەرین دەشت**

چارینە:

گــەرەم رانــی، وەرەم خــوانــی **تــەزانــی**

وەرەم ئـــاخر بســـوزانـــی **تـــەزانـــی**

وەرەم بـەر سـەر نـەهی ئـەلوەندو مـەیمەند

نـــەمی وازەم خـــودا زانـــی **تـــەزانـــی**

**مەنسوری هەلاجیش وتی: من‌حەقم**و شێخی شەبو ستەریش دوای ئەو، وتی: **بێجگە لەحەق کیٚ هەیە**، بیٚژیٚ حەقم، خوایش فەرمویەتی: لەکاتی دەردودا غدا بڵێین (اِنا لِلّٰهِ وَ اِنّٰا اِلَیْهِ راجِعُونَ) ئێمە هی خوایان و بۆلای ئەویش لەگەڕانەوەداین.ئەم مەبەستەلە رۆژنامەی شەهادەی کوردی بەقەڵەمی شەپۆل ساڵی ٩ ژمارە ٣٨٢ لە ١٧ دسامبر ١٩٩١ زو ٢٦ ئازەری ١٣٧٠ ی‌هەتاوی بلاٚوکراوەتەوە.

**فەرهەنگ ومەعنەوییەت؛**

فەرهەنگ بریەتی یە: لەزنجیرەیەک ئوسول و داب ودەستوروزاکۆنی خوو ئەخلاقی و کردەوەیی و رەفتاریٚ کەتاکە تاکی، یەک کۆمەڵگا لەکەناری یەکترین ولەپێکەوە بوندا دەی گرنە بەرچاو ورعایەتی دەکەن.

یەک کۆڕوکۆمەڵ چ گچکە بیٚ وەکو بنەماڵەو خاوخیٚزان، چ گەورە تربیٚ وەکو گەرەک، فێرگە، کارگەو... یالەبیچم گرتنی پەرەدارتردابیٚ، وەکو نیشتمان، یا بەواتایێ گشتی‌تر کومەڵگای مرۆڤی وئینسانی لەجیهاندا، ناچارە راکۆن و زاکۆنیٚ قەبوڵ بکا، کەپێکەوە ژیانی تاکە تاکی ئەو کۆمەڵگایە، دەگونجێنیٚ و دەبێتە هۆی پێوەندی باشترو شیاوتری ئەو کۆمەڵگایە، لەگەڵ کۆمەڵگای تر، لەپلەییٚ پەرە دارتری مرۆڤانی دا.

**فەرهەنگ لەکۆڕوکۆمەڵگای جیاجیادا دیارە یەکسان ویەک جۆرنیە،**

لەزۆر شوێنی تایبەت لەجیهان، هۆزێک یا نەتەوە یەک، هەن کە **داب و دەستوروباوی تایبەت بەخۆیان** هەیە وزاکۆنێک بەرێز دەگرن،کە لەفەرهەنگ وباوی کۆمەڵایەتی هۆزو کۆمەڵگاییٚ‌تر دور لەزاکۆن بیٚ و دژی ئوسول وبنەرەت‌بیٚ، بەلاّم بەگشتی لەنێوکۆروکۆمەڵگای پەرەداری مرۆڤانی، داب و دەسوری، قەبوڵ کراو وجودی هەیە، کەگشت ئینسانەکان و مرۆفەکان لەراستی و دروستی ئەوەدا بیروراو باوەڕیان یەکەوراستە وباشە، هەر چەندە لەواتاو میصداقی ئەوئوسول وزاکۆ نەدا، جیایی بیرو باوەر هەبیٚ، بۆوێنە ئەو ئوصول وزاکۆنانەی قەبوڵەوبەرەی مروڤ پیی باشە ئەسڵ وبنەرەتی ئازادی یە، بۆ تاکەتاکی بەرەی ئینسانی، دەس درێژ نە کردن بۆ ماڵ و گیان و ناموسی خەڵکی دیکە، پەسەند بونی چاکەو چاکی، خۆشەویستی، فێربونی عیلم وزانست، پاکی، یا ناشیرینی و دزێوی زوڵم، ستەم، کوشتن، پیسی وچەپەڵی، نەزانی و...

جاکەوابیٚ چتگەلێکی ئوسولی وداب و دەستوریٚ لەجیهاندا هەیە،کەگشت تاکە تاکی ئینسان وئەنزان لەئەسلی بون و بنەرەت بونی ئەوانە بیروباوەریان یەکەوبروایان بەو ئوصول و زاکۆنە هەیە، بەلاّم لەکۆمەڵگای بەرتەسکتر، ئەم یەکیەتی بیرو رایە دەشێویٚ و

ئاڵۆزدەبێ ودەگوردرێ وجیاوازی بەدی دێ.

چونکا بەرداشتی جیاواز لەیەک ئەسڵدا وجودی هەیە، کەیەکبونی بیرورا لەپاژدا نەگونجاو دنۆینێ.

دیارە لەرۆژگاری پێوەندی، پێوەندو تیکلاوی، رۆزتر کۆڕو کۆمەڵگا، لەگەڵ یەکتردا، تێکلاوی فەرهەنگی بێ رەنگورو دەکا.

### تێ هەڵەنگوتن:

تێ هەڵەنگوتنی فەرهەنگەکان لەیەکتر، بەرەبەرە یەکێ لەو فەرهەنگانە سەر دەکەوێو بەسەر ئەوانیترا زاڵدەبێ و ئەوانی تر دەگۆرێ و بەرەولای خۆی دەیان کێشێ و خو وئاکاروگۆڕیانیان بە سودی خۆی تێ دا بەدی دەهێنێ، هەرچەندە فەرهەنگە رەسەنەکان کە بیانەوێ خۆڕابگرن لە راستئەو فەرهەنگە هێرشکارە بێگانەدا تابشت دەینن و تیاناچن، بەڵام ئەزمون نیشانی داوە، کە ئەگەر پارێزگاری لەفەرهەنگ نەکرێ، فەرهەنگی ریشەدار وزیندوشکەم کەم زەرد هەڵدەگەرێ وکز وسیسدەبێ و ئوسول و خوو ئاکاروخولقیان بەدرێژای رۆژگار بەرەولای فەرهەنگەزاڵە کە دەگۆردرێن و سەرەنجام تیا دەچن.

هەرچەندە کۆڕوکۆمەڵگا لەژن ومێرد بەجوتە ساز بوەو فەرهەنگی کۆمەڵگاش بەکاروکردەوەی هەردوچینی ژن و پیا و،دیمەن وشکڵ دەگرێ وبەردەوام دەمێنێ، بەڵام ئەکرێ بڵێین کە نەخشی ژن لەپاراستن و بەردەوامی فەرهەنگ لەپیاو زۆرتروبەرفرەترە، چونکاژن خۆی بەناوی نیوّی لەکۆڕو کۆمەڵدا دێتەژمار فەرهەنگ،لەلایەکی دیکەوە بەپەروەردەکردنی زا روک وفێرکردن و بارهێنانی منداڵ کە لەهەردو توێژی کوڕو کچن، فەرهەنگی خۆی ئەدابە بەرەی داهاتو.

لەم راگوێزان و جێ بەجێ کردنەدایە کە ئەگەر ژن پا ریزەری فەرهەنگی خۆی بێ، فەرهەنگ‌هەر بەو ئەسڵەوە، ئەچێتەنێو بەرەی داهاتو،بەڵام ئەگەر خۆی یەخسیری فەرهەنگی نامۆ وبێگانەبوبێ، فەرهەنگێ کە رای دەگوێزێ، فەرهەنگی ئاڵوزاوو

شەمزاوەو کەچ ولار ئەبێ کە بەلای فەرهەنگە نامۆزاڵەکەدا دیمەن و شکڵ ئەگرێ و بەخۆدادێ،جاوای بۆ بەرەیەک بەفەرهەنگی گۆڕدراو بە فەرهەنگی نامۆ هەڵبدا کەنەئەسالەتی فەرهەنگی خۆیان هەیەو نەئەسالەتی فەرهەنگی نامۆو بێگانە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، کەئەگەر بەرەیەک ئەسالەت و رەسەنی فەرهەنگی خۆی لەکیس بدا، چ چارە نوسێکی دەبێ؟ وەکو کوردەکانی هەڵەبجەیان بەسەردێ و بەگازی خەردەل و سیانورو بۆمبی شیمیایی صەدام، عەرەبی تەکریتی ئاگر ئەدرێن و دەبنە هیرۆشیمای کوردستان. لەبەر ئەوە زیاتر لە چواردەسەتە، دەسیان لەفەرهەنگی باو باپیرانیان هەڵگرت و خزمەتیان بەزمانی قورئان کرد کە عەرەب بەزمانی خۆی دەزانێ، دەک قورئان لەگورچوی صەدام و درۆزنانی مێژوبدا کە قورئان دەکەنە هی خۆیان، چونکاهەمو دەزانین قورئان هی گشت موسوڵمانانە، چ فارس، کورد، تورک و...بێ ئیتر بە تەنیا هی عەرەب نیە.

وەڵام بۆ ئەو پرسیارە ئەمەیە کە ئەسالەت و رەسەنی فەرهەنگی پتەوی و کەسایەتی بەتاک ئەداکە ئەو لە دودڵی ودرِ دۆنگی بیری و هزری و رۆحی دەپارێزێ، کەسێ کەخێوی فەرهەنگی رەسەن و پاڵاوتە ودروست بێ و لەسەر خۆی بزانێ کە بەو فەرهەنگ و داب ودەستو رانەی باوی نەتەوەی خۆی رەفتار بکاو خۆی لە وانە، دانەڕنێ، لەکەف و کوڵی دڵ و دەرونی و رۆحی کە مرۆف توشی هەڵ چون ونائارامی دەکا لەرێگای دورستی ژیان دەری دەپەرێنێ، دەپارێزرێ و ساغ دەمێنێ، کەسێکی ئاوەها پشتیوانی مەعنەوی کافی،بۆ بوز دەخواو ئەبێتە خێوی ئەقیدەو باوەرێکی بەردەوام و لی بران و لێ نەوین کە بۆگەیشتن بەئارمانجی بەرزی مرۆفانی پیداویست، زۆر ئاسان دەی گرێتە باوەش، چونکا هەم لەخۆی و هەم لە فەرهەنگی دروستی خۆی دڵنیایەو هەر ئەم دڵنیابونە شە کە دەبێتە هۆی بەدی هاتنی تەوازونی فیکری و ئارامشی رۆحی و خوی پەسەند و چاکی مرۆفانی و ئینسانی یانێ: رێزدانان بۆ ژن. (شەپۆل)

* * *

# لێکۆڵینەوەیەک لەسەر میشکات الانوار:

میشکات الانوار یا ئەسراری ئەنواری ئیلاهی ئیمام محمد غزالی ئیمام محەمەد غەزالی لەم ریسالەدا بیرو رای فەلسەفەی ئیشراقی گرتۆتە پێش‌و دەکوشێ بەیارمەتی وەرگرتن لە ئایەتی نور: (اَللّٰهُنُورُالسَّمواتِ وَ الاَرْضِ)و فەرمودەی حیجاب: (اِنَّ لِلّٰهِ سَبْعِينَ حجاباً من‌نورو ظلمة)و تەئویل کردنیان، تەنیا بە تەئویلی زاهری ئەو ئایەت‌و فەرمودە بەس ناکا، بەڵکو ئەسراری ئیلاهی‌و رازی نهینی لەو دوانەدا بە پێی شێوەی تایبەت بەخۆی دەکەوێتە لێکوڵینەوە. شێوەی تایبەتی تەئویلی ئیمام غەزالی لە ریسالەی (میشکات الانوار) دا بەدرێژی بەیان کراوە. بەکورتی لێی دەکۆلینەوەو قسەی لی دەکەین‌و دەی خەینە بەر سەرنج‌دانی ئیوەی ئازیز ... بێ سی‌ودو ناوەروکی فەلسەفی میشکات الانوار بەر لە هەرشتێک لە تەویلاتی باتنی‌گەری، لەبابەت تەفسیری باتنی‌و پاڵدانەوە بەسەر رموزو ئیشاراتی ئەو دوانەو ئەوەی کە لە ناخی ئەو دوانەی دەرکێشاوەو سەرەنجام ئەوەی ئیستخراج یا دەسە بەندی کردوە، دور بێ.

لەسەر ئەم بنەرەتە ریسالەی میشکات الانوار لەنێو شوێنەوارەکانی ئیمام محەمەد غەزالی لە نەوعی خۆیدا بێ‌وینەیە لە وەحدەتی تەئلیفی تایبەت بەخۆی بەشدارە. هەر چەند لە ئاخر جزمی سێوەمی کتێبی ئەحیاء العلوم الدین کە بەر لەمیشکات الانوار نوسراوە لە باسی فەرمودەی حیجاب هەندێ لەم قسانەی هێناوە.

## کۆزیا بەشی یەکەم

لە بەشی یەکەمی ئەم ریسالە ئیمام غەزالی لە بابەت واتای (نور)لە عورفی عامو خاسو لە پاشان لە عورفی خاسی خاسانەوە قسەی لی دەکا، باسێکی پێشەکیە، لەم بابەتەوەکە خوا نورالانوار یا نوری ئەعلاو ئەقسایە؛وە نوری حەقو حەقیقیش هەر خوایە، باقی ئەنوار کە تەنیا بە مەجاز بە نور ناو دەبرین، لە خواوە سەر چاوە دەگرن.

هەر دەڵێی: ئیمام غەزالی پەی بەشتێ بردوەو ئەوەی بە بەدیهیو سەلمێندراو داناوە، وە ئەوەیش بەمجورەیە: کە جیهان دارای ئەسڵێکە جیا لە خۆی. ئەم ئەسڵە نوری حەقیقی یا نوری بالذاتە. لە پاشان ئیمام غەزالی بەرە بەرە هەنگاو هەڵ ئەگرێ بۆلای نەک بۆ ئیسباتی ئەم نورە، بەڵکو بۆ تەقریری وجودی ئەوە. نور لە عورفی عامدا شتێکە، خۆی ببینێو خەڵکی دیکەش بەیارمەتی وەرگرتن لەو ببین، هەر وەکو نوری رۆژو مانگو چراو ئاگری هەڵکراو. بەڵام لە بەر ئەوەی ئەم نورە تەنیا بەچاو نەبێ کە بتوانێ ئەوە ببینێ، نابیندرێو نایتە ئیدراک، چونکا لە ئید راکدا رۆحی بینەریا روکنێ لەو زانیوە، لەم رووەوە حەق ئەمەیە کە ئەوە بە نور یا نوری زاهیر نابژێرێ، ئەمەیەکەمین هەنگاوە کە غەزالی لە بەرز بونەوەی واتای نورو تەجرید-ی نور هەڵی دەگرێ. چونکا لە نوری زاهیری مەحسوسەوە پەی بە نورێ تر دەبا کە نهێنیو نامەحسوسە. ئەم نورە هەمان نورە لە عورفی خاسانە[1].

لەپاش ئەمە ئیمام غەزالی لە بابەت نوری دیدەوە دەکۆڵێتەوە کە موبتەلا بەکەمو کوری یەکی زورە، ئەم نورە نوری غەیری خۆی ئەبینێ،بەڵام خۆی نابینێ وە لەشتو مەکیش تەنیا زاهری ئەوانە دەبینێ شتی زور دوریش ئیدراک ناکا، تەنیا شتی موتەناهیو مەحدود نەبێ نای‌بینێ. چکۆڵە بەگەورەو گەورەش بەچکۆڵە؛ساکن بە موتەحەریکو موتەحەریک بە ساکن ئەبینێ. بەڵام لەئینساندا «چاو» ێک هەیە کە ئەوکەمو کوریانەی تی دا نابیندرێو ئەوەش «ئەقڵ»یا رۆح، یانەفسی ئینسانیو مرۆفانی‌یە. لەم رووەوە باشتر

وایە بە ناوی نور ناو ببرێ نەک نوری چاو. ئەمە دوەمین هەنگاوێکە ئیمام محەمەد غەزالی لە تەجرید-ی نور- دا هەڵی دەگرێ، چونکا غەزالی بەمە دەگاتە نور-ی ئەقڵی یەکەم کە مرۆف بەوە خۆیو غەیری خۆی دیاری دەکا: (تەشخیسی ئەدا)وە موتەناهیو ناموتەناهیو ئەشیای زۆر دورو نێزیک دەرک ئەکا. ئەو دیوی پەردەی هەبون ئەناسێتەوەو ئەچێتە نێوناخی هەرشتێکەوەو رازو نهێنیو حەقیقەتی ئەوانە بەچاکی دەرک دەکا، جیهانی باڵاو پاین (سەرو خوار) دەناسێتەوە و ئافەریدگاری بەرزو بڵیند، دەرک ئەکاو نیسبەتی ئەو لە گەڵ دنیا تێدەگا. باوەکو ئەقڵ لەبەر ئەو هەموە کەماڵە شیاوترە کە بەنور ناوببرێ بەڵام هەمو شتێک یەکسان دەرک ناکا، هەندێ شت راستەو خۆو بەئاشکرا دەرک ئەکاو هەندێ تر تەنیا بەفیر بون لە سەر چاوەی حیکمەتی خوا درک ئەکاو بەس، قورئان لە ئەقڵ زیاتر ئاگاداری ئەدا، چونکا لە گەورە ترینو بەرز ترینی حیکمەت سەرچاوەی گرتوە، جا لەبەر ئەمە قورئان لە ئەقڵ شیاوترە، بۆ ناوی نور، وە لەم دو ئایەتەدا بە ناوی صیفەتی قورئان ناو براوە هەر وەکو والنور الذی انزلنا...[1] یانی نورێ کە ئەوەمان نارد (قد جاءکم برهان من ربکم وانزلنا الیکم نوراً مبیناً-[2] یانێ: نورێکی ئاشکرامان بۆ ئێوە نارد(دیارە مەبەست لەم نورە لەم دو ئایەتەدا قورئانە).

ئەم بەشە سێوەمین هەنگاوە لە (تەجرید)ی نوردا چونکا لەگەڵ نورێ سەرو کارمان هەیە کە لە نوری ئەم جیهانە نیە، بەڵکو لە عالەمی مەلەکوتەو قۆرئانیش لەوە:(لە عالەمی مەلەکوتە) عالەمی مەلەکوت، عالەمێکی بەرینە کە پەریەکان لەوێ نیشتەجێنو رۆحو گیانی سالیکان، بەرز ئەبنەوە بۆ ئەوێ.ئەم عالەمە هەمان عالەمی غەیبیە کە عالەمی شەهادەت، شۆینێکە لە شوینەوارەکانی ئەوەو نسێیو سێبەرێکە لەوو سەبەبیکە لەو. وە تەژیو پڕە لە نور، ئەنواری عالەمی فەروە دین (نۆسان) هەمیشە بە پێی دورو نێزیکان لە

---

١ ـ تغابن(ئایەتی ٨)

٢ ـ سورەی نیساء ئایەتی ١٧٤

سەرچاوەی نوری یەکەم لە عالەمی مەلەکوت، نور دەگرن. ئەم سەر چاوەی (نوری یەکەمە) ئیمام غەزالی بەمانگێکی دەشوبهێنێ کە لە روچنەیماڵێکەوە بداڵەئاوێنەیەک کە لەدیواریان گرتبێ و لەو ئاوێنەشەوە لەئاوێنەیەکی تربدا کە لە دیوارێکی دیکە گیرابێ و سەرەنجام بدا لە زەوی و نورانی و روناکی بکاتەوە، ئەمە یەک نورە کە بەهۆی ئینعیکاسەوە نورێ زۆری لێ پەیا بوەو جا چون وجودی ئەو هەموە نورانە لە نوری یەکەمەوە سەریان هەڵداوە، قەت ناتوانن لەزنجیرەی ئەوە جیابنەوە، بەڵکو تا بێنیهات پێکەوە لکاون، وە سەرەنجام بە سەرچاوەی نوری یەکەم کە نوری بالذات یانوری حەقیقی یا نوری مەحز(اللّە)ی ناوە پەیوەندئەدرێ ئەم نورە حەقیقییە هەر ئەوەیە، کە خەلق و ئەمرە(ئافەرینش و تەگبیر) لەدەس ئەودایە، نورانی بونی سەرەتای ئافەرینش بە فەرمانی ئەوە: (خوایە)و بەردام بونی ئەم نورانی بونەش لە پلەی دوەمدا هەر لەوەوەیە. لە راستی دا نورانی بون-ی هیچ کەس لە سەرەتاوە لفەودوانەی ئەوکەسە:ئەوزاتەنەبوەو کەس شیاوی ناوی پلەیی وا نیە، لەراست نوردا تاریکی و زوڵمەت هەیە، جا چون نور وجودی مەحزە، دیارە تاریکی یازوڵمەت عەدەم و نەبونی مەحزە، چونکا نەبون: (معدوم) نە بۆ خۆی وجود پەیا ئەکاو نە بۆ غەیری خۆی، بەڵام ئیمام عەزالی دو ئێژەی نورو زوڵمەت هەر وەکو رچەی(ئەنەوی‌یەتی ئیرانیان-ی کۆن بە واتایی دو مەبدەئی دژو جەنگەندە بەکار ئەبا. بەڵکو نور لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە وجودی ئیجابی‌یەو زوڵمەتیش سەلبی ئەم وجودەیە،جا لێرەوە کە وجود دابەش ئەبێ بەوەی کە دارای صیفەتێکی ئاوا زاتی‌یەو ئەوە کە خێوی ئەم صیفەتەیە بەیارمەتی غەیر، لە راستیدا شتانێ تر بێجگە لەو(خوا) مەجازەو وتنی نور هەر بۆ خوا راستەو حەقیقی و واقیعیە.[1]

---

١ ـ نوکتە: من خۆم ئەم بیرو رایەی ئیمام محەمەد غەزالیم زۆر جوان دەرک کردو تێ گەیشتم بەم واتا: لە رۆژی پینجشەمە ١٣٧١/٨/٢١ی هەتاوی کە لە تورکیا لە کاتی ٩/٥سەر لە بەیانی بەماشین لەسیواسەوە بەرەو ئیران دەهاتم هەروا کەوتبومە بیری ئەم فەرمودەو نەزەرەی ئیمام غەزالی لەپڕا روانیم کە نوری رۆژ لە لای دەستی چەپی لێخورە(راننده)وە۔ئەدا لە ئاوینەی بەرسەری راندەکەو لەوێوە نورەکە لەشوشەی لای راستی ماشینەکەی ئەداو وێنەی

وە هەروا چون نیسبەتی وجود بە بەشی ئەخیر لە ئیضافەی‌ئەو یانی‌لەنیسبەتی‌ئەو لە غەیری خۆی سەرچاوە دەگریٚ نەک بالذات، زوڵمەت یان،لە مەقولەی عەدەمی مەحز داناوە. جیهانی بون یا باشتر بڵێین: ئەوەی کە غەیری ناوی خوای لە سەر دائەنێن: (ماسوی‌الله)لە زاتی خۆیدا عەدەمی مەحزە،وجودی حەقیقی هەمان خوای بەرزو بڵیندە کە نوری حەقیقی‌یە،ئەبێ بزانین: کە ئەم قسە لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە جۆری یانەوعێ تەعبیری مەجازی نیە، بەڵکو حەقیقەتی دیارو ئاشکرایە چونکا ئەم شتە دەسکەوتی بیرو رای باری ئەقڵی نیە، بەڵکو حەقیقەتێکە،کە عاریفانو خواناسان، لە کاتی میعراجو سەرکەوتنی رۆحیدا لە (قولاّیی)مەجازەوە بەرزی حەقیقەتی ئەوە بە ئاشکراو بەعەیان دەبینن. وە لە رێگای شەوقو زەوقەوە واتای فەرمودەی خوا «کل شیئی هالک الا وجهه»نە بەم واتایە کە هەرچی بێجگە لە مەسیری بوندا (بەرەو لای خوایە)لە روژێ لە روژگارەکاندا تیا ئەچێ، بەڵکو بەم واتایە کە هەرچی بێجگە لە خوا، بۆ هەمیشە(ازلاً و ابداً)نابودە.

دیارە هەر مەوجودێکی ئاوەها ئەبێ تیا بچێو نابود ببێ،وجودی حەقیقی هەمان زاتی خوایە، کە لە مالیکیەتی بوندا (ازلاً و ابداً)لەم دونیاو لەودنیا تاکو تەنیایە. ئەم بانگەوازەی خوا لە رۆژی بەرێندا لە نیو خەلکدا دەنگ ئەداتەوە کە «پاشایی ئەمرو هی‌کێیە؟(هەمو دەڵێن): هی خوای‌تاکو تەنیاو خاوەن وزیە»تەنیا تایبەت بە قیامەت نیە، بەڵکو لە گۆی خەڵکی ئەم دنیاش هەمیشە دەنگ ئەداتەوە.

غەزالی لەو پەری بیرو ئەندێشەدا بەبیرو رای شەبیە بە وەحدەتی وجود دەگاکە هەر دەمێ فەرمایشەکانی لە قەبیلی شەتەحاتی صوفی‌یە بهێنینە ژمارە ئەوسا بەدژواری

---

راندەکە، لە نیو ئاوینەکەوە، ئەدرا لە شوشەی لای دەستی راستی ماشینەکەو لەوێوە وینەی راندەکە، لە دەرەوە دەر دەکەوت، جاری وابو، دەبوە، چار یاسێ وینەو ئەو تاقە وێنە کە لە نیو ئاوێنەکە دەر ئەکەوت، بەو نوردانەوە لە دورەوەی لای‌راستی ماشینەکە بەسێ یا چوار وینە یا زیاتر دەبیندرا. (شەپۆل) ١٢ نوامبری ١٩٩٢ زاینی‌و ٧١/٨/٢١

دەتوانین غەزالی لەم ئەقیدە بەرکەنار بزانین.

بەڵام شتێ کە بسەلمێنێ کە ئیمام غەزالی لە یارانی شەتەحات بوە بە دەسەوە نیە، بەلام ئیمام غەزالی بە پێی ئەم قسانەی خوارەوە، زۆر لە وەحدەت وجودی یەکان نیزیکە ئیمام غەزالی دەفەرمی: «دنیا پڕو تەژی‌یە لە نور ...هەمو ئەم نورانە بو لای نورالانوارو سەر چاوەی یەکەمی خویان بەرز دەبنەوە،ئەم نورەش هەمان نوری خوای بەرزی بێ هاو تایە. نورەکانی دیکە هەمو عاریەتی‌و ئەمانەتین‌و نوری حەقیقی تەنیا ئەوە: (خوایە)هەمو بون‌و گشت نوریک هەر خۆیەتی(هەر خوایەو بەس)هیچ شتێک بێجگە لە دیمەن‌و هەیئەتی مەجاز، هوویەت‌و حەقیقەتی بۆ نیە. جا چونکا بێجگە لەزاتی ئەو،خودایەک نیە لە.نەتیجەدا نیە،ئەوی هەیە، هەر ئەوە بون/هەر خۆیەتی کە ئیشارەو ئاماژە کردن،هەمو بو لای ئەوە، هیچ ئیشارەیەک بێجگە بۆ لای ئەو نیە» ئیمام غەزالی بەئاشکرا نالێ: حەق هەمان خەلقەو ئەم دوانە دیمەن‌و سورەتێکن بۆ یەک حەقیقەتی تاک. هەر وەکو ،کوری عەرەبی دوای ئەو دەڵێ: تەفاوەت لە نیو ئەوانەدا ئیعتباری‌یە بەڵکو ئیمام غەزالی دەڵێ: هیچ مەوجودێ بێجگە لەزاتی پاکی خوا حەقیقەتی بۆنیە.رەنگدانەوەو عالەم تەنیا لە ریگای رەنگ‌دانەوەو ئینعکاسی وجودی حەقەوەیە هەر وەکو ئینعکاسی نوری مانگ لە ئاوینەی جور بەجورەوە- بەزیوەری وجود نارازیتەوە. ئەمە لە روانگاری غەزالی‌یەوە حەقیقەتێکە کە ئەقڵ‌و ئاوەز دیانی پێدا ناوەو کەشفی صوفیانەش ئەوەی سەلماندوە، غەزالی لە ئاخرین پلە لە ناسین،تەفاوەت لەنێوان تەوحیدی عەوام لە سەر بنەرەتی (لا الەالاالله)و تەوحیدو خوا بەیەک زانینی خەواس لە سەر بنەرەتی (لا الە الاهو)روناک دەکاتەوە (هو) لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە هەر وەکو وتمان بریەتی‌یە لە وجودی گشتی کە ئیشارە بۆ لای ئەو دەکرێ، تەوحیدی خەواس بە پێی بیرو رای ئیمام غەزالی «ویژەرەکەی کامڵترو شاملترو حەقیقی‌ترو وردترو دەخیل تر لە هەموکەس لە فەردانیەتی مەحزو وەحدانیەتی صرف ـ ی خوادا، واریدی دەکا وە نیشتمانی فەردانیەت ئەو پەری میعراجی ئافەریدەگانە».

لە پەراوەکانی دیکەی غەزالی دا ـ کە قسەی لیوە دەکەین ـ ئاوا بەئاشکرا لە وەحدەتی وجود قسە نەکراوە، ئەوەی لە «ئەحیاءالعلوم‌الدین‌دا» یاد کراوە کە: «بون بیجگە لە خواو شوێنەواری ئەو شتێ دیکە نیە. وە بون هەمو جیلوەی شوێنەواری زاتی خوا یە» لە راستیدا ئیعترافێکە بە وجودی بون لە کۆبەی وجودی خوادا، وە دەروازە لە سەر بیرو رای وەحدەتی وجود، دا ئەخا ئایا ئەتوانرێ بوترێ کە ئیمام غەزالی لە ریسالەی میشکات الانواردا لە روانگای خۆیەوە لە بابەت حەقیقەتی وجودەوە بیری گورێوەو بیرێ تازەی دەر بریوەو مەیلی ئاشکرای بۆکشانی صوفیانەی، بۆ پەیدا بوە؟ کە صوفیان قایل بە وەحدەتی وجودن، هەر دەمێ بمانەوێ بەتەمسیلی نوری مانگ‌و ئاوێنەگەلێ کە جێی تابشی مانگن، سەرنج بدەین، قەبوڵ دەکەین کە ئەو نورە «رەنگ دانەوەیانە» مونعەکیسانە لە ئاوینەکاندا. لە حاڵێکدا کە هەنو مەرئین، زاتەن خێوی وجودی حەقیقی نین، بەڵکو رەنگ دانەوەیەکن لە نوری یەکەم یانێ: لەنوری مانگ بەڵام مەبەستی ئیمام غەزالی لە ئاوێنە لە تەمسیل‌دا چیە؟و ئەم شتانە لەتەمسیلی ئەودان چشتێک دەنوێنن؟ ئایا ئیمام غەزالی بەشتێ وێنەی هەیولای یەکەمین کە فەلاسیفە بۆ رەنگ دانەوەو دەنگ‌دانەوەی نوری ئیلاهی لە بەرچاو دەگرن، بیری کردۆتەوە؟ لە حاڵێکدا کە ئەزانین کەئیمام غەزالی بە ئینکار کردنی تەواوی وجود، مادەی قەدیمی عالەم ئەداتە دواوە، وەعالەم بەمەخلوقێ حادیس لەعەدەمەوە، دەزانێ. ئەوەی دێتە بەرچاو ئەوەیە کە ئیمام غەزالی بەتەمیسلێکی‌وا (تەمسیلی نوری مانگ‌و ئەنواری رەنگ دانەوە لەوە) موشکیلی صدوری عالەمێ لە خواوە ئاڵوزاندوەو لە سەر بنەرەتی ئەقڵی دەس ناداتە تەوزیح‌و لێکۆڵینەوەو ئاشکرا کردنی ئەوە. ئێستا ئەبێ بڕوانین کە ئایا ئەزمونی صوفیانە لە کردنەوەی ئەو گرێ پوچکە، یارمەتێکی بەو کردوە؟ ئیمام غەزالی لە عارفانێ یاد ئەکا کە لە وجود دا بێجگە لە خوای تاقانەی حەقیقی شتێ‌تر نابینن، کە لەودا بێجگە لە خوا شتێ نابیندرێ لەم روەوە هەندێ لەوانە هەر وەکو حەللاج هاواری (ئەزحەقم)ی بەرزکردۆتەوەو یەکێ‌تر «سبحانی مااعظم‌شأنی» بەزارادینێ (مەبەست بایەزیدە) بەلام ئەم حاڵەتە «وەحدەتی شهود»ە نەک

وەحدەتی وجود. وەحدەتی شهود حاڵەتێکە، کاتێ صوفی دەگەڕێتەوە لای سوڵتانی ئەقڵ، ئەوحاڵەتە زو لە نێودەچێ. لەم کاتەدا صۆفی تێ دەگا کە: «ئەم حاڵەتە یەکبونی بەراستی نەبوە، بەڵکو وێنەی یەکبونێک بووە هەر وەکو قسەی ئاشقو ئەویندارێک لەو پەری ئەویندا»: «انا من اهوی‌و من اهوی انا». ئیمام غەزالی دەفەرمێ: ئیحساسی عاریف لە حاڵی فەنابون لە خۆو لەخەڵک‌داو بەقاو مانەوە بەحەق، یەکبونی مەجازی‌و تەوحیدی حەقیقی ناوە یانی: تەوحیدێ کە لە بوندا بیجگە لە خوای تاقانە شتێ تر نابینێ. ئەگونجێ ئەوەی کە تۆمەتی وەحدەتی وجود لە ئیمام غەزالی لادەبا، وتەیەکە لەم کتێبەدا لە ئاخری بەشی یەکەم بەم واتایە هاتوە: «خوا لەگەڵ شتێکدا هەیە،هەر وەکو نور لەگەڵ ئەشیا»و مودەلەلی دەکا کە واتای ئەو «لەگەڵ هەرشتیکدا هەیە»ئەمەیە کە ئەو:(خوا)بەر لە هەر شتێ‌و بالآتر لەهەرشتێ دەرخەر«و موزهیری»هۆی وجودی هەرشتێکە. فەرمودەی ئیمام غەزالی لەم بابەتەوە کە ئەو: (خوا) «بەر لە هەرشتێکە»ئیقرار بەقەدیم بونی خوای بەرزەو قسەیەکی دیکەی ئەو کە وتویەتی: «خوا لە هەرشتێک بەرزترە»تەنزیەو بێنجەوشی خوایە، جا لە بەر ئەمە بێخەوشی خوا بە واتای حەقیقی، دینی موتڵەقە لە گەڵ، قسەی وەحدەتی وجود،سازگار نیە، هەر ئەم مەبەستە بوتە هۆی ئەوەی کە(ونسینک)لە وتارێکدا کە لە ساڵی ١٩٤١ زاینی لە Semietische Studien uitde nalatenschap بلاوی کردۆتەوە، بە پێوەندی ئەم بەشە لەمیشکات الانوار لەگەڵ نو ریسالەی فلوتین (Enneodes) تایبەت بکا. ئەو لەو وتارەدا رای گەیاندوە کە ئیمام غەزالی هەوێنی باسی ئەم بەشەی لە کتێبی فلۆتین لەبەشی پێنجەم لە ریسالەی چوارەم کە لەودا فلۆتین قسەی لەمەبەستی: «رؤیەت: دیدار»کردوە، وەرگرتوە، دوکتور ئەورەحمان بەدەوی لە کتێبەکەی خۆیدا[1] چەن بەرگەی پرش‌و بلاوی لە تەرجەمەی عەرەبی کە دراوەتە پاڵ فلۆتین؛فەیلەسوفی یونانی، هێناوەو ئەوسا رای گەیاندوە کە ئەمە نیشان ئەدا

---

١ ـ فەلوتین لای عەرەب لاپەرەی ١٨٩ـ١٩٢

که ئەم فەسڵەکراوەتە زەمانی عەرەبیو لەوە دەچێ کەوتبێتە دەسی ئیمام محەمەد غەزالی، بەلاّم ئەبێ بڵێین:کە فلۆتین لەم فەسڵەدا لەبیرو رای بینایی‌و چلونایەتی ئینتقالی مەرئی لەچاودا، قسە دەکا، وە لە ئەندێشەی واسیتەکە صورەتی مەرئی بە هۆی ئەوەکە لە ناوەندی بینایی قەرار دەگرێ، رەخنە دەگرێ، بەم‌حیسابە لە نێوان ئەم فەسڵەو فەسڵی یەکەمی کتێبی میشکات‌الانوار تەصەور ناکرێ.

بەبیرو رای دوکتور ئەورەحمان بەدەوی ئەگونجێ ئەوسەر چاوەی کە تەئثیری کردۆتە سەر ئیمام غەزالی کەژو فەسڵی پێنجەم لەریسالەی پێنجەمی فلۆتین بێ.

ئەم فەسڵە بەوێنەی کورتەیەک لەریسالەی (زانستی ئیلاهی) مەنسوب بەفارابی‌یە.

دوکتور بەدەوی ریسالەی مەنسوب بە فارابی لەکتێبی خۆیدا بە ناوی (فلۆتین لای عەرەب) بلاّوکردۆتەوە،کاتێ دەروانێتە ئەوکتێبە شتێک کە ئەوەی بگەینێ کە غەزالی بۆمیشکات‌الانوار لەو ریسالە کەڵکی وەرگرتوە بەرچاو ناکەوێ، بێجگە لەمە کە بەشێکی کورت لەوە کە ئیشارە ئەکا بەمە کە فعلِ فاعل ئەوەڵ ئەقڵەو **ئەقڵ نوری باتنی** ئەم جەوهەرەیە، هەر وەکو نوری خۆر کە لە رۆژ(وخۆر) تیشک بەسەر شتو مەک دەهاوێژێ. بەراوەژو لە ریسالەی:(علم آلهی)دا بیرو رایەکِ هەیە کە بەئاشکرا لەگەڵ بیرو رای ئیمام محەمەد غەزالی دا ناسازگارە.

لەم ریسالەدا بۆکشانێکی دیار بۆ لای بیرو رای(فیض‌فلوطین) دێتە بەرچاو. بیرو رای (فیض)کە لە (لایەن فلوطین)ەوە دارێژراوە، ئیمام محەمەد غەزالی لە پەراوی: (تهافت‌الفلاسیفه)دا رەتی کردۆتەوەو پەیرەوانی ئەم بیرو رایە بەکەم مێشک دا ئەنێ.

لە بەرا روناکمان کردەوە کە ئیمام‌محەمەد غەزالی چلون لە نێوان نورالانوار:(اللّـه)و (مطاع)و لەنێوان مطاع‌و بونە وەرانی دیکە پێوەندی نیشان ئەداو هەروا رون کرایەوە کە ئەم مەسەلە بەلای ئیمام غەزالی‌یەوە پێوەندی خەلقی‌یە، نەک پێوەندی فیضی بەواتای فلۆطینی ئەوەوە. راستە کە ئیمام غەزالی واتای نورو نور دانەوە فەیض لە وێنەگرتنی:(تصویری) ئافەرینش‌دا بەکار ئەبا بەلاّم ئەنوارێ کە تا نورالانوار چۆتە پیش‌و

ئەگەنێکانو سەرچاوەی یەکەم، ئەنواری عاریەتینو لە نوری ئەوەڵ وەرگیراونو حەقیقەتی زاتیان بۆنیە. ئێستا، کە ئەو فیوضاتَ: بەپێی (بیرو رای فەیضِ فلوطین) مەوجوداتێکی حەقیقینو هەر یەکە وجودێکی تایبەت بەخۆی بۆهەیە، دیارە فلۆطین قەت ناڵێ کە وجودی ئەمانەوابەستە بەواحیدی-ی ئەوە بەوەیە.

چ بەڵگەیەکمان بەدەسەوەیە کە بڵێین:ئیمام غەزالی لە پەرتوکی میشکات الانوار لە ریسالەی (عیلم‌آلهی) مەنسوب بە فارابی، زیاتر لە پەراوەی کتیبی (ئەئولوجیای ئەرەستو) شوێنی وەرگرتوە؟لە حاڵێکدا ئەمکتێبە سەرچاوەی یەکەمینی زانستو زانیاری فەلاسیفەی ئیسلامی سەبارەت بە نەو ئەفلاتونیان بو. ئیمام غەزالیو زۆربەی فەلاسیفەی ئیسلامی لە زاراوەی نەو ئەفلاتونیان کەڵکیان وەرگرتوە، سەرەنجام، لەوانەدا واتایێ تازەتریان ئەدۆزییەوەو بە جورێ دەیان گۆڕیو لە واتای ئەسڵی دەیان بردە دەرێ، ئەمە خۆی ئیبتکارو ئەصالەتی فەلاسیفەی ئیسلامی نیشان ئەدا، نەک پەیرەویو تەقلید لەوان.

### کژیا بەشی دوەم

ئیمام محەمەدی غەزالی لەم بەشەدا هەندێ بێژەو واژە کە لە ئایەتی نوردا (اللّٰه نور السموات‌و الارض...) وەکو: مشکاة، مصباح، زجاجه، شجرة، زَیْتْ، نار- هاتون بە پێی رەمزو رازێ کە ئیشارە دەکەن بەواتای نهێنی کە لەو دیوی رواڵەتی ئەم واژانە دان، شەرحی ئەدا. لە سەرەتاوە بۆ رون کردنەوە، دوباس دێنێتە پێش، لە باسی یەکەم تەبیعەتی رەمز: (تەمسیل)و رەوشتی بەکار بردنی ئەوە بەیان دەکا. وە لە باسی دوەمدا پلە پلەی رۆحی بەشەریو پلەی نوری ئەوە دێنێتە بەر قسەو لێکۆڵینەوە. وە لە ئاخری ئەو حەوت واژەی ناوبراوە رموزی ئەم رۆحانە دەبژێرێ. بیرو رای تەبیعەتی رەمزی ئەوە لە سەر بنەرەتی فەرضی موازات وهاو دەنگی تەواو لە نێوان عالەمی شەهادەت‌و عالە می غەیب، عالەمی جیسمانیو عالەمی رۆحانییە. ئەم بیرو رایە بەمجۆرە تەفسیر دەکرێ کە، هیچ شتێک لە عالەمی شەهادەت‌دا نیە مەگەر تەمسیلو (نمونە) یەکە بۆ عالەمی مەلەکوت، عالەمی شەهادەت هویَ‌گەیشتن بەعالەمی غەیبە. ناسیاوی ئێمە بەعالەمی عولوی:

(جیهانی بەرزی بەرین) محاڵنیەو سەفەر بۆ لای خوای پەروەرندەو نیزیک بونەوە دژوارنیە. خوای تاقانە وێنەو میسالی بۆنیە، چونکا مەرجی نمونە بون بەزەروت، موتابەقە بونی دەوێ، کەچی خوا بونێکە، هیچ شتێک هاوتاو وێنەی ئەو:(خوا)نیە. جاکەوایە ئەبێ ئەو واژە تەمسیلیانەی کە لە قورئاندا هاتون، ئەبێ هەر وەکو کلیلی ئەسراری غەیبی بزانینو هەر وەکو رموزی خەو، ئەوانە واتاو تەفسیرو تەئویل بکەین. هەر وەکو رۆژ لە زانستی تەعبیرو لێکدانەوەی خەودا نیشانەی شایەو مانگیش نیشانەی وەزیرە کە فەربانی شا دەبا بەرێوە. هەر لە سەر ئەم شێوە مەوجوداتی عولوی رۆحانی، نیشانەو رەمزی عالەمی مەحسوسن. لە سەر ئەم بنەرەتە ئیمام غەزالی هەندێ لە نیشانەو رەمزی وەرگیراو لە قورئانی کەریمی بۆ رون کردنەوەی بیرو رای خۆی بەکار دەبا. بەبیرو رای ئیمام غەزالی: (تور=کێوی تور)رەمزی مەوجوداتی گەورەو سابت لە عالەمی مەلەکوتدایە، «وادی»: رەمزی مەجوداتی عولویەیە کە زانیاریو مەعارفی غەیبی وەر دەگرن، جا ئەوسا مەعارف لەوانەوە نەقڵ ئەبێتە لای بەرەی مرۆڤ، «وادی ئەیمەن»:رەمزی سەر چاوەی یەکەمینی ناسیاویو مەعریفەتە وە«نار»:رەمزی رۆحی پێغەمبەرە کە قورئان بە«سراج منیر: چرای نورانی»ناوی ئەبا.

«جذْوەو قَبَسْو شهاب: پۆلوی ئاگری سورو گەش):رەمزی کەسانێکە بەبینایی نەک لەروی تەقلیدەوە، کە لەپێغەمبەران پەیرەوی بکەن. «اصطلاء: خۆگەرم کردنەوە بەئاگر» رەمزی موشارەکەتی پێغەمبەرو پەیرەوانە «وادی مُقَدَّس» یەکەمین پلەیە لە پلەپلەی سەرکەوتی پێغەمبەر(د-خ) «خلع نعلین» رەمزی دڵو دەرون هەڵکەندنە لە هەر دوجیهان: دنیاو ئاخیرەت ـ «قلم»: رەمزی رۆڵو نەخشی عیلمی غەیبە لەرۆحی لێهاتوو موستەعیددا. «لوح محفوظ: تەتەڵەی پارێزراو » ویا«دق منشور»:رەمزی روحێکە، کە ئەم زانستە لەودا بنوسرێ. «ید»: رەمزی پەرییەکە، نوسەریی زانستەکانە «صورة» رەمزێکە، بۆ مەجموعی: ید، قلم‌ولوح، وە لە مرۆڤدا «صورة‌الرحمان» صورتِ خودایی»یە. چونکا پێغەمبەر فەرمویەتی: (خوا مرۆڤی لەسەر بیچمی رەحمان خولقاندوە،«ماء» هەر وەکو

خوا فەرمویەتی: (لە ئاسمانەوە ئاوێکی نارد: باراندی): ڕەمزی مەعریفەت و ناسیاوی یە. «اودیه» کە هەر لەم ئایەتەدا هاتوە «لە پاشان هەر چۆمەڵە ئاوێک بە ئەندازەی گونجاوی خۆی ئاوی گرت» زەمزگەلێکن بۆدڵ و دەرونگەل.

ئیمام محەمەدی غەزالی بەزیرەکی و ژیری تێدەگاکە ئەم جۆرە تەئویلانەی ئەو، ئەو ئەباتە ریزی دەستەی باتنی کە ئایەتەکانی قورئان لە واتای زاهیری لائەدەن و بەباتین تەئویلی دەکەن، لێرەدایە کە دەسی خۆی پێش دەخاو دەفەرمێ: کە نەباتنی یە کە زاهیر ڕەت بکاتەوەو نەزاهیری یە کە ئەسراری باتین بداتە دواوە، بەڵکو ئەو: «ئیمام محەمەدی غەزالی» زاهیرو باتین پێکەوە، کۆ دەکاتەوە، لە واتای مەحسوسەوە، دەس پێ دەکاو لە ئەسراری پەنهان لەو لای واژەکانەوە غافڵ نابێ موسا(د-خ)لە «وادی مقدس»دا ئاگری دی و پەروەردگاری هەرای لە موساکرد کە کەوشەکانت داکەنە«اخلع نعلیک»[1] موسا کەوشەکانی داکەند، بەڵام لەوکاتەدا تێگەیی کە ئەو لەسەرەتای میعراجی پێغەمبەری دایەو خوا لەوی دەوێ کە تەنیا بڕواتە لای خوا، بێ ئوگر بون بەمڵا یا بەوڵا، وە خۆشەویستی دنیاو ئاخیرەت و ئەوەی بێجگە لە خوایە، هەمویان لەدڵ و دەرون دەرهاوێ و فڕێیان بدا، میسالی زاهیری لە ڕوانگای ئیمام غەزالی یەوە حەقەو پێوەندو ئەنجامی ئەوە بەرازی دەرون: (باتین) یش حەقیقەتە. میسالەکان «ئیشارە»گەلێکن کە بۆ بزاوتن و دنەدانی حیس و خەیاڵ ئینسانی، بەکار براون بەڵام ئەم ئیشارانە بەرەوپشتی پەردە ئەچن و بە نورگەلێ دەگەن کە لەروانگای حس و خەیاڵ پەنهان و نهێنن ئەگونجێ کەسێ بپرسێ: لەم ئەتەئویلەدا کە نەسەر دێتە بن فەرمانی قەواعیدو زاکۆنی زمان و نە بەعورفێکی تایبەتی علمی پابەندە، حەق کێهەیە؟ ئایا ئەم کارە مەیدانی بۆ خەیاڵ پەردازی و بەراورد، ناکاتەوە کە ئەقڵ لەودا بە ناچاری هەرچی بیەوێ؟ بیڵێ؟ ئەگەر وابێ و تەئویل بۆئیسلام درگا بکاتەوە، نەک ئەوە بێ کە ئەنواع بیدعەت و لارێی لە دین دا ڕیگا

---

١ - یانی: خوت لە شت و مەکی هەر دو جیهان دارنە. پەراوەی زریزەی زیرین (ئەپۆل).

بکاتەوە. هەر وەکو ئەوە کە باتینیەو هاوبیرەکانیان وایان کرد. لە وەڵامدا دەڵێین: ئەوە لە قسەکانی ئیمام غەزالی فام دەکرێ ئەمەیە کە ئەو:(غەزالی) تەئویل کردنی تەنیا بۆکەسانێ کە بەصیرەتیان هەیە هەر وەکو پیغەمبەرانو عارفانو ئەولیاو خواناسان بەجایز داناوە کە خودانی بیرو باوەرێکی تیژو وردنو واتای پەنهان لە پشت پەردەوە بەهەستو حیس دەبینن. هەر وەکو بۆپێغەمبەران ئەم دەس کەوتە بەدی هاتوە، پێغەمبەر دیتی کە ئەو رەحمانی کوری عەوف درەنگ؛چوە بەهەشت. پێغەمبەر ئەوەی بەچاو،وادی، بەلام بەبەصیرەت بە جۆرێتر. بە بەصیرەت زانی کە ئەو رەحمان کوری عەوفو هاواڵەکانی زۆر توند خەریکی ملە بەملانێ کردنن لەگەڵ نەفسی خۆیاندا تا بڕواو باوەر بەسەر ئارەزوی نەوس‌دا زاڵ بێو ئەوسا بچنە نێو رۆحانی پاک،بەناو بەهەشت. دیارە ئەو دوای ملۀ بە ملانێو تەقالایەکی زۆر پێ دەنێتە نێو بەهەشتەوە. ئیمام محەمەد غەزالی ئەم جۆرە لە خەو دیتنە کە هەم لە کاتی خەوتن‌داو هەم لە کاتی بێداریدا روئەدابە حسی ناوی ئەبا، کە ئەگەر لە بێداریدا بێ نیازی بە تەئویلەو ئەگەر لەخەویش‌دا بێ نیازی بەتەعبیرە.

باسی دوەم کە لەبابەت تەئویلی ئایەتی نورەوەیە پلە پلەی رۆحی بەشەر بە پێنج پلەدا لێی دەکۆڵێتەوەو بەراوردی دەکا.

یەکەم: رۆحی حەساسو بەهەست،کە مەحسوسات دەرک ئەکا هەم لە منداڵداو هەم لە گەورەدا وجودی هەیە.

دوەم: روحی خەیالی‌یە کە ئەوەی حەواس دەی هێنێتە ئیدراک، لەگەنجەی زیهندا رای دەگرێ. منداڵی شیرە خۆرە، روحێکی ئاوای بۆنیە، بەڵکو دوای لە شیر بڕانەوە، رۆحی وای بۆ پێک دێ، هەندێ لە ئاژاڵو پاتاڵ روحێکی وایان بۆهەیە.

سێوەم: رۆحی ئەقلیو ژیری‌یە کە واتای موجەرەد لەحیسو خەیاڵ جیا دەکاتەوەو ئیدراکی دەکا. ئەم رۆحە جەوهەری مروفو ناوەندی ئیدارکی زەروری‌یاتو گشتی‌یە.

چوارەم: رۆحی فیکری یانەزەری‌یەکە پێوەندی مەنتیقی بیرو ئەندێشە دەرک ئەکاو لە بەرکوڵ دەگاتە نەتیژە.

پینجەم: رۆحی قودسی نەبەوی: (رۆحی) پاکی پێغەمبەری یەکە تایبەتی ئەنبیاو ئەولیایەو تیشکو ترێژی غەیبی دەکەویتە نێۆی. خوای بەرزو بی‌وێنە فەرمویەتی: (ئێمە لە خۆمانەوە، روحێکمان بە تۆ وەحـی کرد) مەبەست روحێکی وایە. ئەم پێنج رۆحـە، نورگەلێکن کە ئەصنافی مەوجوداتی مەحسوسو مەعقول لەگەڵ ئەوانەدا زاهیر دەبن، وە لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە بەموازات پێنج شت هەن کە لە ئایەتی نوردا بەم وێنانە هاتون: میشکات: (چرادان) زجاجة: (شوشە)میصباح: (چرا)شجرة: (دار) زیت: (رون).

رۆحی حەساسو بەهەست لەراست«میشکات»دایە، چونکا نورەکانی لەکونی درزی حەواسەوە دێو دەروا، هەر وەکو چرا دانێک کە نورو شەوق لەوەوە دەچێتە دەرێ. رۆحی خەیالی لە راست: (زجاجە)دایە، چونکا هەر دو لە ئەصلدا تاریکو غەیرە لەتیفن، بەلام دەکرێ تەصفیەو لەتیفو پاکو بریقەدار بن، خەیاڵ،زانستی ئەقلی زەیت دەکاو لە پەریشانیو بلاوبونەوەی بێهودەي ئەوە بەرگری‌دەکا. هەروایش شوشە نوری چرا لە گژەبا دەپارێزێ رۆحی ئەقلی لەراست «مصباح»دایەونـاوەندی تابشی ئەنواری ئەقلە. چونکا چرایش نوری حیسی بلاو دەکاتەوە.

رۆحی فیکر لەراست «شجرة»دایە، بەم واتایە کە ژیانی فیکری لە دارێک دەچێ کە شاخو لقو پۆپو گەلاو میوەی زۆر بێ، کەهەمو لە ئەصلێک وەکو ساقەتو تەنەی دارەکە بێ دەروێنو شین ئەبن. بۆیی بەداری زیتون میسالی هێناوەتەوە کە رۆنەکەی پاکترو سافترەو پرشوعلەتر لە رۆنی‌ترو باشترین رۆنی چرایە. رۆحی قودسی نەبەوی لە راست «زیت»دایە ک لەپاکیو بێنجەوشیو چاکی‌دا گەیشتۆتە ئاوەها پلەیەک کە نیزیکە بێ ئەوەی ئاگری بگاتێ نور وتیشک بداتەوەو هەلایسیو گر بگرێ. رۆحی پێغەمبەرانو ئەولیایش وانو بە پلەیەک لە پاکیو بێجەوشیو کەماڵ گەیشتون کە ئیتر نیازی‌یان بە یارمەتی پەریو شتانی ترنیە. ئێستا ئەبێ بزانین کە پیوەندی تەئویلات لەگەڵ ئایەتێ کە خوا بە ناوی نوری ئاسمانو زەوی دەناسێنێو لەپاشان بەمیسالی رەمزیو گرێپوچکە دراو ئەوە نیشان دەداو وێنەی دەکێشێ چییە؟ بە بڕوای من بەتەئویلێ کە ئیمام غەزالی لە

سەر ئایەتەکەی کردوە، کاتێ راستو دروست لە ئاو دەردێ کە ئایەتەکە جارێ تر بەتێگەیشتنێکی دروست بەم جۆرە بخوێنینەوە: خوا نوری ئاسمانەکانو زەوی‌یە· مەسلی نوری خواکە لە ئینساندا خو نیشان ئەداهەر وەکو چرا دانێکە، کە لەودا هەیەو ئەو چرایەش لە نێوشوشە یەکدایە کەبێ زیاد کردنی ئەوە سەری پێوەند لەنێوان تەئویلی غەزالی و ئایەتە شەریفەکەدا لە بەریەک هەڵدەپچردرێ. بەڵام لەسەر ئەو فەرزە ئەتوانرێ ئەوەی کە غەزالی لە پلەی رۆحی ئینساندا (پێنج پلە ناو براوەکە) هێناویەتی، تێ‌بگەین، چونکا ئیمام محەمەد غەزالی ئەم پلەو پایانەی بە ئەنواعێ لە ئەنواری ئیلاهی داناوە کە بە پلەگەلی جیاجیا لە نورالانوار: (الله)نور وەردەگرن. وە خوای بەرز بۆتێگەیشتنی دروستی ئەم مەبەستانەو تەئویلانە لە عالەمی مەحسوس، بەچرادانو شوشەو چراو دارو رۆن میسالی هێناوەتەوە. بەڵام بۆچ غەزالی تەشبیهە کە لە ئایەتەکەدا تەنیا لە سەرئینسان کورتی کردۆتەوەو بونەوەرانی تری جیا کردۆتەوە، کەچی ئایەتەکە خوای بەنوری ئاسمانەکانو زەوی یانێ بە نوری ئەوەی بەخشلی وجود لە سەرەوە تا خوارێ رازاوەتەوە دەناسێنێ. ئەم تایبەتیە لە بەر ئەوەیە کە مروف لە روانگای غەزالییەوە، تەنیا بونەوەریکە، کە نوری ئیلاهی لەودا لەهەمو پلەیەکدا خۆی دەنوێنێ، کەچی ئەم نورە لە غەیری ئیساندا بێجگە لە هەندێ پلەو پایەنە بێ خۆ نانوێنێ. جا هەر لە بەر ئەمەیە خوا لە نێوان مەخلوقاتدا مرۆفی لە بەر چاو گرتوەو ئەوی بەوێنەی خۆی ئافەریدە کردوەو ئەوی کردۆتە شیاوی جێ نشینی خۆی لە ئەرزدا.

ئیمام غەزالی بەم بیرو رایە، باری خودایی مروفی دوزیوەتەوەو بە پیوەندی راستەو خۆ ئەو بەجیهانی بەرین پێوەند ئەدا. وە بیرو رایەکی تازە لە بارەی نبووەت را دەگەینێ کە لەوەدا نەبیو خواناس،بێ ناوجیگەری پەری وەحی، وە یا کومەگێ لەزانستی دەرەوە ئەتوانێ ئامادەی وسولی وەحی بێت. پێغەمبەر یاخواناس‌یاوەلی بە هەبونی چرای نور لەدڵو دەروندا چ نیازیکی بە پەری وەحی هەیە. ئاوا دێتە بەرچاو کە ئەم بەشە لە نامیلکەی میشکات الانوار تەواو کەرەوەی بەشی‌یەکەم بێ، چونکا غەزالی لە بەشی

یەکەمدا لە خوا بە ئیعتیباری ئەوەی نورالانوارو ئەسڵی وجودە وێنەیەکی هەستی وبون ناسانە ئەداتە دەس‌و لەم بەشەدا بە ئیعتیباری ئەوە کە ئەم نورە ئەسڵی ناسین‌و مەعریفەت، لەمروفدا بەتەواوی دێتە دی، وە لە نێوچینی پێغەمبەران وخواناسان‌و ئەولیادا که بە پێی فەرمودەی «خوا مرۆڤی لەسەرۆینەی رەحمان خولقاندوە»چینی لە بەرچاو گیردراون، بە وێنەی تایبەت خۆدەردەخەن وێنەیەکی شناخت ناسانە لەوە دەنوێنی‌و رای‌دەگەێنێ -

## بەشی سێوەم

دوای ئەوەی ئیمام غەزالی لە دوبەشی رابوردودا، دایەسەلماندن کە ئەوەی کە شیاوی ناوی نورەو بۆ نور بون ئەبێ نوری خودایەو هەروا ئەم نورەیە کە بەگشت پلەگەلیەوە لە ئینساندا خۆی نیشان ئەدا، غەزالی لەم بەشی سێوەمەدا ئەکوشێ تا پەردەگەلێ کەمانعی تابشی ئەم نورەن‌و بونەتە پەردە لەنێوان ئینسان‌و مەعریفەتی خوا شەرح ئەدا، قسەی ئیمام غەزالی لەم بەشە بەدەوری ئەم فەرمودەکە پیغەمبەر فەرمویەتی‌بو «خوا حەفتا پەردە لە نورو زوڵمەت هەیە کە ئەگەر پەردەکە لادرێ شکۆی جەلال‌و جەماڵی خوا دیدەی هەر بینەرێک دەسوتێنێ»دادەگەری، غەزالی مەحجوبەکان «داپۆشراوەکان» بەسێ دەستە دابەش دەکا: ١-داپۆشراوان بەزوڵمەتی مەحز، ٢-داپۆشراوان بە نوری مەقرون بە زوڵمەتی مەحز ٣-داپۆشراوان بە نوری مەحز.

وا دێتە بەر چاوکە مەبەست لە حیجابی زوڵمانی ئەوەی مادی، یابە ریگایەک پێوەند لەگەڵ مادە پەیا ئەکاو لە حیجابی نورانیش ئەقلانی بێ. لەم بیرو رایەوەیە کە مولحیدان‌و دەهری‌یەکان کە حەواس بە سەریاندا زاڵ بوەو ئینکاری دین‌و قیامەت دەکەن‌و وجودی عالەم لە سەر بنەرەتی مادی خالیس واتاو تەفسیر دەکەن، لە چینی داپوشراوان بە حیجابی زوڵمانین، وە هەروایش داپوشراوان بە نفوسی ناپاکی لێڵ‌و شەهەوات‌و لە زاتی مادی کە هەوایان کردۆتە خودای خۆیان‌و لە زەتی ئاژاڵی‌و گەیشتن بە ئارەزویان کردۆتە ئامانج بو خویان لەژیاندا، وە ئەگەر پلەیەک لەو خۆیریەتی‌یە بێنە سەرێ، دەسەلات‌و زاڵ بون‌و باڵ

بەسەراکێشان، وە یا ناودار بونو پلە بەو پەری ئارەزوی خۆیان دەزانن‌و هەمو لەم‌چینەدا دەوەستن. ئەم کەرەستانە کە بژاردمان هەمو پەردەی زوڵمانین،داپوشراوان بە نوری تێکەڵ بەتاریکی ئەوانەن کە لە سەر بیرو باوەری دینی خۆیان، هۆیەکی حیسی یا خەیاڵی،کە لە نێوان ئەوانەو دیتنی بەراستی حەقیقەت، جیاوازی داناوە، زاڵ بوە.

بوت پەرستان کە بیریان لە سیفەتی خوا کردۆتەوە، ئەوەیان ناوە بەسەر بونەوەرانی مەحسوس‌داو تەجەسومیان پێ داوە، تاقمێ تر لەوانە خوایان لە واتای بەر تەسک‌و بەند، دەرهیناوە جەمالی موتلەق لە بیچمێک لە بیچمەکاندا پەرستش دەکەن، هەندێ تر لەوانە ئاگر پەرستن کە واتای وزە، هێزو قودرت‌و بەرێز بون‌لە ئاگردا ئەگرنە بەرچاو کە ئەوانە هەمویان لە سیفەت‌و نوری خوا دائەنێن. ئەمانە لەم سیفەتانە، بونەوەرانی مادی‌و ئەنبوژەنی، نەخشە ئەکیش‌و ئەنێوینن هەندێ‌تر لەم تاقمە ئەستیرەی گەلاوێژ یا شەعراوموشتەری‌و روژ دەپەرستن. ئەوانەی نوری موتلەق دەپەرستن ثەنەوییەی ئیرانین. هەمو ئەمانە کە بژاردمن (محجوبان): داپوشراوانی بە تاریکی ئامێتە بە نورن. تاریکبون لەم بابەتەوەیە کە ئولوهییەت لە قاڵبی مادیدا ئەنوێنن‌و تەسویری ئەکەن‌و نوریش لەم بابەتەوەیە کە سیفاتی خوا لە مەعبودی مادیدا ئەنوینن‌و ئەینەخشینن موجەسیمەو کەرامیە کە تاریکی خەیاڵ بە سەر بیریاندا زاڵ بوەو قایل بە خوای موجەسەمن و ئەویان لە بان عەرش داناوە، لەم‌کۆرەن. هەروا ئەوانەی لە بەر بەرزی،جیهەت بۆ خوا دائەنین لە روانگای عام‌و خاسەوە، هەمو لەم تاقمەن. دەستەی سیوەم مەحجوبان بە نوری خوان، ئەمانە تاقمیکن کە زیهنیان بە بەڵگەی ئەقلی فاسید تێکلاوە،ئەمانە سیفاتیەن هەر ئەوانەن کە بۆ خوا پەسنی قسەکردن‌و ژنەوایی‌و بینایی‌و ساوانی، بۆ خوا داناوەو ئەوەیان لەگەڵ سیفەتی هاو وینە لە ئینساندا بەراورد کردوە ئەڵێن: خوا بە دەنگ قسە دەکاو هەر وەک ئێمە دەکا. مەحجوبان بە نوری مەحز فەلاسیفەن،ئەمانە لەوەی کە پەسنی ئاخەوتن، ژنەوایی، بینایی‌و ئیرادەو لێنەوین، کە وەک مرۆڤ بۆ خوای دابنین، دوری دەکەن‌و خوا لەو سیفەتانە لە بیچمی ئیساندا بە دور ئەزانن، بە سەرنج دان بە ئاسەواری خوا، خوا

دەناسن. ئەیژن: خوا بزوینەری ئاسمانەکانە،هەندێ لەوانە وایان زانیوە کە پەسنی خوا بە ناوی بزوینەری ئاسمانەکان لە بەر زور بون و جور بە جور بونی گۆکانی ئاسمانی ئەبیتە هۆی تەکەسور لە زاتی خوادا. لەم بابەتەوە بزوتنەوەی فەلەکەکانیان داوەتە پال ئەقل (پەری) کە هەریەکە لە فەلەکی تایبەت بە خوایدایە. کە هەمو فەلەکەکان بە هوی فەلەکی ئەقصی حەرەکەت ئەکەن و ئەم فەلەکەش راستەو خۆ خوا حەرەکەتی پێ ئەدا هەندی لەوانە لەم بیرەش زیاتر چونەتە سەرێ‌و وایان زانیوە کە حەرەکەتی ئەفلاک بە شێوەی راستەو خو، شیاو نیە کە لە کردەوەی خوا بێ بەڵکو ئەمە لە کردەوەی ئەقل یا پەری‌یەکە لە ژیر تاعەت‌و عبادەتی خوا خۆ خەریک دەکەن. جا بە بیری ئەوان خوا بەم ئیعتبارە کە گشت بون لە ریکای دەستورەوە، نەک بە موباشەرەت، دەخاتە گەڕ(موتاع)ی نێوە.

ئەمانە بەحیسێبی غەزالی داپوشراون «مەحجوبن»کە بە و جورەی بژاردمان، بوت پەرستان، دەهری، مادی‌و لە دین وەرگەراوانی تریش دەگرێتەوە. هەروا موجەسیمە موشەبیهەو سیفاتیە لە موتەکەلیمان و فەلاسیفەو ئەرەستۆیی یا ئەرستوو فلوتینیش دەگریتەوە. بیرێ کە غەزالی لە نیو ئەو بیرو رایانە پەسەندی ئەکا، هەر ئەو بیرەیە کە بە پیی ناو لینانی ئەو پیوەند بە«واصلان»پەیدا ئەکا. ئەم بیرو رایە بەمجورەیە کە «موتاع» لە راستیدا «دەستوری خوایە» کە ئەگەر خوا بییەوی شتێک بێتە دی پێی دەڵێ ببە ئەویش دیتەبون (....کن فیکون)بەم قەرینانە «موتاع» نە بەواتای دیتنی پەری‌یەک لە پەری‌یەکانەو نەک بەو جورەش کە فەلاسیفە نەو ئەفلاتونیەکان، دەڵێن ئەقڵی یەکەمە، نە خودی حوایشەو نەشتێ تر لە دنیادا، بەلکو واسیتەیەکە لە نیوان خواو جیهانداو ئیرادەی خوایش لە ریگای ئەوەوە دیتە دی. «نیسبەتی موتاع بە وجود ـ ی خوا نیسبەتی رۆژە بە نوری مەحز»بەڵام فەرمودەی غەزالی لەم بابەتەوە لە «موتاع مەوسوف بە سیفەتێکە، لە تەک وەحدانیەتی حەقیقیدا،تەنافی هەیە» ئەروانێتە ئەمە کە ئەمری خوا مەبدەئی کەسرەت‌و تەعەدودی وجودی‌یە، کە چی وەحدانیەتی مەحز تەعەدود ور ناگرێ، چونکا لە سیفاتی خودان. لیرەدا بیرو رای غەزالی لە تەوسیفی موتاع یا فلوتین لە تەوسیفی ئەقڵی یەکەمدا

لەگەڵ ئیختلافی جەوهەری لە نیوان بیرو رای ئەم دو بیرەوەرەدا، تیک هەڵدەنگون.

ئەمری ئیلاهی لە روانگای غەزالی‌یەوە قەدیمە بە قەدیم بونی خوا چونکا لە کەلامی خوای قەدیمە. بەلام ئەقلی یەکەم لە روانگای فلوتین مەوجودیکە، لە واحیدی یەکەم فەیەزانی کردوەو وابەستە بەو نیە. بیرو رای غەزالی لە بابی موتاع دریژەی بیرو رای ئەشعەری‌یەکانە لە کەلامی خواداو لە قورئاندا،لەو بابەتەوە کە زاتەن کەلامی خوایە. بیجگە لەوەی کە غەزالی لە چوارچیوەی بیرو رای بەسیتی ئەشعەری یەکان،هەنگاوی بەرەو پیش تر دەچیٚ، بە ورد بونەوەییٚ زیاتر، ئەوە بە وێنەی بیرو رایێ تازەتر لە بیرو رای فەلاسیفەی ئیسلامی یا«لەدو ریبازی ئیسلامی ئەشاعیرەو موعتەزیلە» لە بابەت «بیژەی Logos»هیناویەتی. بو دا سەلماندی ئەوە چەن ئایەتی لە قورئان بە بەڵگە هیناوەتەوە. غەزالی لەهیچ یەکە لەو بیرو رایانە رازی نابیٚ کە دەڵین: پەروەردگار لە مەعنای سیفەتی لەشی موتاع پاکە، یا پەروەردگار بزوینەری فەلەکی دوایین«فەلەکی ئەقصاو دەسەڵاتدار بە سەر فەلەکەکانی دیکەیە» یا ئەوەی کە خوا بزوێنەری بەراستی بونە، نەک بە وینەی موباشەرەت بەڵکو بە واسیتەی ئەقلی بزوینەری ئەفلاکە. ئەو قسەی «واصلان» کە دەلین: موتاع شتیکە غەیری زاتی خواو موتەسیف بە سیفاتێکە،کە لەگەڵ وەحدانیەتی مەحزو کەماڵی خوا مونافاتی هەیە، قەبولیەتی موتاع فەلەکەکان دینێتە بزوتن و تەگبیری هەبون و بون دەکا. «واصلان» لە ریگای ئەوەوە بەکەسیٚ کە ئاسمانەکانی خستوتە بزوتنەوە، وە بە زاتیک کە فەرمانی بەبزوتنەوە داوە،پەی بردوەو ناسیاو بوەو لەم دوەشەوە بەوەی ئاسمانەکانی خولقاندوە، رێگا دەبەن،یانی ئەوانە لە رێگای ناسینی فەرمانی خواوە بە خواناسین دەگەن. غەزالی بەم بیرو رایە لە رێگای تەنزیهی خواو تەوسیفی وەحدانیەتی مەحزی ئەو، بی ئەزەمونی تەعەدود «ئەمری خوا» بە وێنەی «کەلامی ئیلاهی» لە سەر بیرو رای ئەشعری تەوزیح دەدا.

وە کارگەلیٚ بیجگە لە حەرەکەتی ئەفلاک و تەگبیری بون ئەداتە پاڵ ئەو. غەزالی لەم تەنزیهەدا ئەگاتە پلەیەک کە خوای بە جەوهەری موجەرد زانیوەو خوا لە هەر جورە

نیسبەتیک لە نیوان ئەوو خیلقەتەکەی‌دا بە بەری دەزانی. بە واتایێ تر خوا لەسیفەتی ئیلاهی دائەرنێ. ئەم قسە بەزمانی غەزالیدا هاتوە بەلام باوەر ناکەم ئەوی رازی کردبێ «نیکلسون»NIKELSON بە دوری ئەزانی کە موتاع لە بیرورای غەزالی‌دا هەر ئەو قوتبە صوفیە بێ، کە لە فسەکانی ئیسماعیلیانەی باتنی مەزهەبدا هاتبێ. چونکا غەزالی گشت مەزهەبەکانی ئەوانەی بە مەردود ئەزانی، ئەو لە وتاریکدا بە ناوی«بیرو را یکەتی سایەتی لەئیسلامدا» بەمجورە قسە لە غەزالی دەکا: «من زیاتر لاموایە کە بلیم: بیرو رای غەزالی لە بابەت مو تاعەوە لە تەک بیرو رای صوفیەی موتەئەخیر تەوافوتی هەیە. موتاع بە بیرو رای ئەوان بە صورەتیکی رەمزی ئەوترێ کە بە «حەقیقەتی محەمەدی» یا «روحی محەمەدی» ناو ئەبرێ. ئەویش ئینسانیکی ئاسمانی‌یەکە خوا لە سەر وینەی خوی خەلقی کردوە. ئەم بونەوەرە لە بیرو رای ئەواندا هێزیکە کە نەزمو نیزامی جیهانو راگرتنو پاراستنی ئەوە بەوەو بەو راگیردراوە».

لەوە دەچێ ئەوەی ئەم هزرەی خستوتە میشکی «نیکلسون» بیژەی وجودی موتاعو وینە جیا جیاکانی ئەوە بێ کە لە چەند ئایەتی قورئاندایە. بۆ وێنە ئایەتی ١٩تەکویرە کە فەرمویەتی (مطاع ثم امین)و من یطع الرسول فقد اطاع الله ـ نیسا/ ٨٠ و (یا ایهاالذین آمنوا اطیعواللهو اطیعوا الرسول ـ نیسا٩٥/. من لام وایە تێگەیشتنی صوفیانەی ئەم دوایانە کە لە نەوئەفلا تونی شوێنیان وەرگرتوە، تەفسیرگەلێ وا لەو ئایەتانە کرا بێ.

بەلام شویندانانی ئەوە لە سەر بیرو رای غەزالی دورەگومانی زۆرتر لە سەر ئەمەیە کە غەزالی لە ئیتاعەت کردن لە پیغەمبەر بیجگە لە واتای دینی شتێ دیکەی بە بیردا نەهاتبێ.

مەبەست لە بیژەی موتاع بە بیرو رای غەزالی «ئەمری خوا»یە کە دەبیتە هۆی بە کار کەوتنی ئیرادەی خواو حودوس لە خیلقەتدا.

بیرو را لە بابەت موتاعو دژواز بونی پەسنی خوا:

غەزالی لە کژی سیوەم لە کتێبی میشکات الانوار مەسەلەی پەسنی خوای بە ناوی میحوەرو بلێسک بۆ بیرو زا بەکار بردوە. وتەو قسەی زۆرێ لە فیرقە ئیسلامیو رێبازە

نائیسلامی یەکان کە بە مەحجوب «داپۆشراو» ناویان ئەبا، ئەداتەدواوە. تاقمیٚ لە وانەی بە موشەبەهە داناوە کە تارادەیەک چونەتە پێش کە کارکەیان بوتە تەجەسومی ئاشکرا. تاقمی تر وەک موعتەزیلەو فەلاسیفەی ئیسلام رویان کردوتە تەنزیهی موتلەق.

غەزالی ئەشعەری مەزهەبە، بەو جورەی ئەزانین ئەشعەری یەکان پەسەندیٚ کە خوای بەوانە وەسف کردوە بو خوای دائەسلمینن. بەلام دەلین: ئەو پەسەندگەلانە موغایر لە تەک زاتی خودانو قەدیم بە قیدەمی زاتی خودان، لەگەل وەحدەتدا پیکەوە جیاوازی یان هەیە. لەم قسە نەتیژە وەر دەگرین کە پەسەندەکانی خوا نەعەینی خودانو نەغەیری ئەویشن. خوا زانا بەزانینو قادر بە قودرەتو موتەکەلیم بەکەلامە، بەلام عیلمو قودرەتو کەلامی خوا غەیری زاتی ئەون. ئەم سیفەتانە لەگەل زاتی خوا دا لە حەدی زاتیاٚندا ئینقتاعی تەواویان بوٚنیە، بەلکو بەوەجهیٚ پیوەندیان لەگەلٚ زاتی خودا بوٚهەیە. بوٚ وێنە مەبەستیٚ کە لێرەدا ئەیڵێینە بەرجەنجەری وردبونەوە پەسنی «کەلام»ە کە لە نیوان موعتەزیلەو ئەهلی سونەتدا هەروا لە نیوان ئەشعەری یەکانو موعتەزیلەدا بوتە هەراو جیاوازیو نیوان ناخوشی، چونکا قسە کردن لە سەر پەسنی«تەکەلوم» ئەوانی بە قسە کردن ل «ئەمری ئیلاهی» کە ئیمە موتاع مان لِە روانگای غەزالی یەوە تەفسیر کردوە، راکێش کردوە. ئەشعەری یەکان بروایان بە قیدەمی کەلامی خوایەو هەروا «ئەمری ئیلاهی» لاکەونە. ئەوانە لە سەر قسەی خویان ئەم ئایەتانە دەکەنە بەلگە«بو نیشاکانی خوا ئەمەیە کە ئاسمانو زەوی راگیر دەبن (و من آیاته ان تقوم السماء والارض بامره.[1]

«وە دەستور دان هەر تایبەت بە خوایە، چ بەر لەمەو چ دوای ئەمەش»[2]. ئەم ئایەتانە بە ئاشکرا رادەگەینن، کە دەستوری خوا «موتاع»و قەدیم بە قیدەمی خوایەو لەسەر خیلقەت پیشکەوتوەو ئاسمانو زەوی بە هۆی ئەو راگیر بون. ئەمری خوا بە وتەی ئەوان نە

١ ـ ئاگا داربن خەلقو ئەمر «دا فەرینش و تەگبیر» تایبەت بە خوایە الا له الخلق والامر.
٢ ـ لله الامر من قبل و من بعد

خودایەو نە لەخودایش جیایە. ئەم بیرو رایانە هەمو هـی ئەشعەریـانە کـە غـەزالی وەک لێکۆڵەرێکی ئەمین لە پەراوەی (میشکات الانوار )و لە پەراوەکانی دیکەی خویدا لەوە لانادا. تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەبێ بڵێن: غەزالی لە بەشی ئاخری میشکات الانواردا شتیک وێنە جەوهەر،کە پۆیەکی لە تەسەوف پێوەیەو لە تەک موشکلی کـەلامدا بـێ پـێوەندە، پێوەی ئەنێ و لێ زیاد ئەکا. قسە زیادەکەش ئەمەیە کە «واصلان» وەک داپوشراوان خوا دەرک ناکەن. چونکا ئەوانە خوا بە پاک و بیخەوش لە وەی کە داپوشراوان پەسنیان کردوە، دەهێننە بیرو هزری خویانەوە.

حەق ئەو دەمەی کە بەزات بە سەریاندا نور دەهاوێژێ و موتەجەلی دەبی، گەورەیی و عەزەمەتی ئەو بینایی و بینشی بینەران دەسـوتینێ، ئـەم مـەنزلەتی صوفیـانە،بـەوەی کـە «کوری عەرەبی»بـە مـەنزلەتی تـەنزیهی تـەوحید ی نـاو بـردوە، شەبـاهەتی هـەیە. لەم مەنزلەتەدا لە تەوسیفی حەق بە پەسنێ لە پەسنەکانی ئەو، تەنانەت لە پەسنی وەحدەتیش دوری ئەکرێ. چونکا پەسن بە وەحدەت تەقەیودی حەقە. دیارە تـەقەیودیش لە تـەک تەنزیهی موتلەقدا مونافاتی هەیە.

بەروالەت بەشەکانی دوایی کتێبی میشکات الانوار لە تێگەیشتن لە بیرو رای ئیمام غەزالی لە بابەت موتاعەوە خەڵکی خستۆتە حەیران و تەنانەت بوتە هوی شک و دودلی لە بروا و ئەقیدەی ئەودا. بۆ وینە ئەتوانین وتەی: «کوری تـوفەیل» لە پـەراوەی زیـندوی کوری بێدار بە شایەد بهینینەوە «یەکی» لەموتەئەخیران لە کـەلامی غـەزالی لە ئـاخری پەراوەی میشکات الانوار گومانی کردوەو ئەوەی بـە ئـەمرێ گـەورە زانـیوە کـە غـەزالی خستۆتە هەڵدێر کە هیوای رزگار بون لەوەی بۆنیە. ئەو قسەش ئەمەیە کە ئەو دوای ناو بردنی تاقمە داپۆشراوەکان بە نوری ئیلاهی و واصلان دەڵێ: «ئەوانە لەسەر ئەوەن کە ئەو بونەوەرە مەزنە موتەسیف بەسیفـاتێکە کـە لەگـەڵ وەحـدانـیەتی مـەحز موغـایرە»ئـەو ویستویەتی لەم رستە ئاوا نەتیجە بگرێ کە غەزالی ئەقیدەی وایە کە ئـەوەڵ «حـەق» لە زاتی خۆیدا،موتەکەسیرە «مـونەزەهە،خـوا لەوەی کـە رەخـنەگـران دەلـین لەوە دەچـی

مەبەستی کوری توفەیل لە یەکێ لە موتەئەخیران «کوری روشد» بێ کە لە روانگای **کوری توفەیل موتەهەم** بە تەوەهومە کـە لە **مەقسودی غـەزالی نـەگـەییوە**. چونکـا ئـەو لە «بونەوەری مەزن کە موتەسیف بە سیفـاتێ کـە موغـایرە لە گـەل وەحـدانیـەتی مـەحز» مەبەستی خوای پاک و بەرزە، کەچی مەبەستی غەزالی لەم قسە «موتاعە» نەک زاتی خوای پاک لە هەر وەسفێ. «کوری روشد» **خوی لە غەزالی تومەت ئەداکە لە کژی پیوەندی دار** بە مەحجوبان قسەیەکی راگەیاندوە کە لە گەل ئەوەی لە کتێبەکانی دیکەیدا لە بـابەت مەسەلەی بزوتنەوەی ئەفلاک و باری خوا کە لە گەل ئەواند باسکراوە، دژایـەتی هـەیە، دەلی: «لە پەراوەی ناو داریداکە میشکات الانوارە کە لەودا پلەی خواناسانی سەبارەت بە خوا ناو بردوە ئاوا دەلی: گشت ئەمانە لە پوشراوانن تەنیا ئەو تاقمە نەبێ کە بروایان وایە کە خوای پاک و بێخەوش بزوێنەری ئاسمانی یەکەم «فەلەکی ئەقسا» نیە، بەڵکو ئەو زاتێکە، کە ئەم موحەریکە لەو سادربوە. ئەم رستە دەر برینێکی دیارە لە سەر بیرو رای حوکەما لە زانینەکانی خوادا. لە پەراوەی «المنقذ من الضلال» رەخنەی لە حوکەما گرتوەو ئەقیدەی وایە کە زانین و عیلم لە خەلوەت و بیردا حاسڵ دەبێ، ئەمەش پلەیەکە لە پلەی ئەنبیا، هەروا لە پەراوە یەکداکە بەناوی کیمیای سەعادەت دایناوە بە ئاشکرا ئەو وتەی راگەیاندوە کە ئەم رستە لە میشکات الانواردا نیە بەلکو کورتەیەکە بەرانبەری ئەوەی کوری روشد لە کتیبەکە گەییوەو رایگەیاندوە.

ئیمام غەزالی بە ئاشکرا نەی وتوە، کە موحەریکی یەکەم لە خوا سادر بوە بەلکو لە پەراوەکەدا رای گەیاندوە کە: نیسبەتی ئەم موحەریکە (موتاع) بە وجودی حەق، هەر وەک نیسبەتی روژە بە «**پینج» نورەکان ئایا کوری روشد** لەم وتە بە واتای سدور تێگەییوە؟

لە بابەت روژەوە ناکرێ بێژین کە سادر لە نوری مەحزە، بەلکو ئەلین: تەعەیونێکە لە تەعەیوناتی ئەوە یا تەجەلیگایەکە لە تەجەلی یەکانی ئەو. هەروا لە بابەت موتاعەوە دەڵێن: «موحەریک ئەفلاکە کە ئەوەیان بە وێنەی ئەمری ئیلاهی تێدەگـەین» لە واحیدی حـەق سادر نەبوە بەلکو تەجەلٚگایەکە لە تەجەلیاتی ئەو. بەم تەوزیحە غەزالی هیچ کاتێ، وەک

فەلاسیفە قایل بەبیرو رای سدور نیە. بیجگە لەوە غەزالی بیرو رای موحەریکی یەکەم کە فەلاسیفە ئەقیدەیان پێ یەتی.لە سەر ئەم بیرە کە خۆرسک لە خۆوە کار ناکا بەلکو موسەخەرو موستەعمەلی خالقی خۆیەتی، رەت ئەکاتەوەو دەس ئەنێ بەسینگیەوە، بە بیرو رای ئەو ئەگەر بوترێ خورسکو سروشت کارێ ئەنجام ئەدا مەجازە، چونکا «فاعیل» لە روانگای غەزالییەوە بە موجەرەدی موسەبەب بێ، ناکرێ پێی بوترێ فاعیل. بەڵکو ناوی فاعیل ئەو دەمە لەو دەکاڵتێوە کە فیعل بە ئیرادەو ئیختیار لەوەوە بێ. بە پێی ئەوانەی رامان گەیاند، ئیتر ناکرێ بوترێ: کە غەزالی لەمیشکات الانواردا بیرو رای موحەریکی یەکەمی قەبول بوبێو لە کتێبەکانی تریدا رەتی کردبێتەوە. بەڵکو موحەریکی یەکەم بەبیرو رای ئەو«موتاع= ئەمری خوایە» کە نە بە خورسک موحەریکەو نە عەینی زاتی واحیدی یەکەمە. هەر ئەمە بوتە هوی ئەوە کە مونتگمری وات Montgemrywatt.

لە وتاریکدا کە لە کۆواری سەلتەنەتی ئاسیایی لە سالی ١٩٥٤ی زاینی بلاوی کردوتەوە، کژی سیوەم لە پەراوەی میشکات الانوار بە مەنحول (هەنگوین) نوما بزانێ. **ئەو لای وایە نوسەری ئەم کژە،** یەکێ لەو کەسانەیە، کە بۆ ئیسباتی واحیدی یەک لە فەلسەفەی کوری سینا تارادەی تەفسیری پەراوەی نەجات شوێنی وەرگرتوە. چونکا مەبەستی ئیسلامی مەنقول (زانینەکانی نەقلی) لە بیژەی «تەوحید» نەفی شیرکی دائیمە لە زاتی خوا، نەک وەحدەتی زاتی ئەو. وەحدەتی زات واتایەکە نەو ئەفلاتونیان بوی چونو هەر شتیکیش واتای تەعدودو کەسرەتی هەبێ لە زاتی خوا نەفیان کردوە. تا ئەو شوێنەی کە بۆتە هوی نەفی سیفاتیش لە خوا. لە گشت ئەم قسانەدا بەلگەیێ کە بتوانێ بیرو رای (وات Watt)لە بابەت مەنحولو ناسازگار بونی کژی سیوەمی پەراوەی میشکات الانوار بسەلمینێ، نیە. **غەزالی لەم کژەدا** سیفاتی خوای نەفی نەکردوە، بەلکو ئیتلاقی ئەم سیفەتانەی، بو خوا، لە روانگای موتەکەلیمانو فەلاسیفەوە ئینکار کردوە. ئەو هیچ کاتێ پەسنی زانینو قودرەتو ئیرادەو تەکەلومی لە خوا نەفی نەکردوە، **بەلکو چلونایەتیو**

**کەیفیەتی ئیتلاقی ئەم سیفەتانەی بو خوا بەو جورەی موشەبەهە ئیتلاقی دەکەن، رەد کردوتەوە.** غەزالی مونکیری نورانی بونی خوا نییە، بەلام راگەیاندنی ئەم پەسنە بو مەعبودێ تر، وەک روژ یا مانگ یا ئەستیرەکانی تر قەبول ناکا. ئەو پەسنی قەهار بون لە خوا دانا نارنێ، ئەمەیشی قەبول نییە کە ئاگر پەرستان ئەم سیفەتە بۆ بونەوەرێ وەک ئاگر دابنین غەزالی ئەوکاتە کە لەپاک و بیخەوشی خوا قسە دەکا تەنیا مەبەستی نەفی هاولف لە خوا نییە، بەلکو ئەکوشێ، تاوەحدەتی زات بۆ خوا ئیسبات بکا چونکا دژواری سیفات لە روانگـای مـوتەکەلیمـانو فـەلاسیفەی ئـیسلامەوە، دژواری وەحـدەتی زاتـی خـوایـە (وات Watt)تی نەگەییوە، کە غەزالی لەم کژەدا، دوای ئەوەی دژواری سیفاتی خوای لە روانگای کەلامی و فەلسەفی یەوە خستۆتە بەر قسەو بـاس تـا لە سـەر هـیمی بـیرو رای تەسەوفەوە حەل بکا.

«واصلان» لە روانگای غەزالی یەوە صـۆفی گـەلێکن، خـاوەن زەوقو بـەچەشە، کـە خوایان راستەوخۆ، دەرک کردوەو ئەویان لە هەمو تەوهوماتێ کە لە پەسنەکاندا بۆ ئێمە زاهیر دەبن بەپاک و بیخەوش ئەزانن.

بەبیرو رای وات واصلانی کە غەزالی قسە لەوانە دەکا، لەگەل داپوشراوان فەرقی یان نییە بێجگە لە ئەقیدە بون بە بیرو رای موتاع.

ئەو لە دوییدا را دەگەیینێ کە کژی حوجب سەرەتای بو نییە. بەلام دەلیین: لە باسی حوجبدا چ سەرەتایەک لە زیکری نورو جورەکانی ئەو ئەتوانێ باشترو چاکتر بێ. چونکا حوجبێ کە غەزالی قسەی لیدەکا، مەوانعیکە،کە ئەم نورانەی شاردۆتەوەو دەبێتە مانع لە نێوان زوهورو تەجەلی ئەودا.

هەر کاتێ حوجب بە هەمو نەوعەکانی یەوە لە نیو بچێ نوری قاهیری خوا ئاشکرا دەبێ وجەلال و شکۆی خوا(بە پێی فەرمودە)ی: ئەوەی کە دیدو بـینەران دیویـانە دەی سوتینێ. چلون ئەکرێ لە نیسبەتی کژی سیوەم لەکتێبی غەزالی دودلی بکرێ، لە حالێکدا کە غەزالی خۆی ئەلێ: کە کتێبەکە سێ کژە نەک دوکژ. هـەروا بەئـاشکرا بـەفەرمودەی

حوجب کە مەوزوعی باسی کڒی سیوەمەو لە کڒی سیوەم بەو دوەی دەگێڕێتەوە. بەڵگەیێ تر کە بسەلمێنێ کە کڒی سێوەم کڒێکە لە میشکات الانوار، ئەمەکە نوسخەی خەتی (شەهید عەلی)کە لە ساڵی ٥٠٩یانی چوار ساڵ دوای فەوتی غەزالی نوسراوەتەوە، ئەم کڒە بە تەواوی هاتوە. هەروا دوای ئەوە«کوڕی توفەیل» بەشێکی دورو درێڒو گرینگی لەم کڒە بێ ئەوەی لە صیحەتی ئینتیسابی ئەوە بە غەزالی شک یا ئیشکال بگرێ، لە پەراوەی (زیندوی کوری بێدار)کەڵکی لێوەرگرتوە. گشت ئەمانە بەڵگەن لە سەر ئەوە کە کڒی حوجب بەشێکە لە پەراوەی میشکات الانوار وە لە راستیدا تەواو کەرەوەی دوبەشە پێشوەکەیە. هەر وا لە باری شێوە نوسین و کەرستەوە لە گەڵ بەشەکانی دیکەیدا هاو دەنگە، هیچ دڒواری یەک نابیندرێ.

لەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە، کە لە سەر پەراوەی میشکات الانوار ئەنجامیان دا جوان دەر دەکەوێ کە ئێمە لەراست کاری فەلسەفی بایەخداردا قەرارمان گرتوە، کە لە جۆری خوێدا عالو چاکە. لە راستیدا ئەم کارە بەیەکەمین خشت لە بنایەک دائەنرێ کە ئەگەر خشتێ تری لە سەر ریز بکرێ، سیستمی فەلسەفی کامل و ڕێک و پێکبێکمان ئەبێ. ئەمە وامان پێ حالی دەکا، کە غەزالی بەراوەژوی ئەوەی کە بەناوی ویرانکاری فەلسەفە، ناوی دەرکردوە، خۆی دارای فەلسەفەیە ـ هەر وەک ئەوکەسانەی دوای ئەوکە پایان نانیو بیرو هزرەوە میتودی فەلسەفی یان هەبوە ـ نیهایەت لە جوری تازەدا. فەلسەفەی مەشائی یانی فەلسەفەی ئەرەستویی. ڕەنگی نوێ ئەفلاتونی گرتۆتە خۆ، ئەرکی خۆی بەر لە غەزالی بەجێ هیناوە. ئەم فەلسەفە لە نوسراوەکانی «بو عەلی سینا»و فێرگەی ئەوداگەیشتۆتە ئەو پەری خوێ و رێگایەک بێجگە لەداکەوتن و گەرانەوە بۆ دواوە. دیارە ئەبێ بە نەفعی فێرگەکانی دیکەی فەلسەفی گەراوەتەوە بۆ دواوەو ڕێگایان بۆ بیرو رای ئیسلامی تازە کردۆتەوە. هێرشێ کە غەزالی بردویەتە سەر ئەم فەلسەفە ـ کە نوێنەرو لێکدەرەوەی تایبەتی ئەوە، کتێبەکانی کوری سینابو ـ هۆیێ ترە کە بۆ روخانی ئەم فەلسەفە تالوکەی کرد فەلسەفەی ئیسلامی ناچاربو، ریگایەکی دیکە بیجگە لە رەوشتی مەشایی، کە بیرەوەر

بتوانێ لەو ڕێگایەوە پەی بەواقیعیەتی ئەسیلی وجودی خۆی‌و دینەکەی ببا، هەڵ بژێرێ. ئەو بە دوی ڕەوشتێکدا دەگەڕا کە نەزەری‌یەی مەوزوعی سەبارەت بە جیهان بە نەزەری‌یەی زاتی لە ڕۆحدا تەبدیل‌دەکا: هەر وا لە عالەمی مادەو جامید ڕێگا بەرەو عالەمی نورو لەتافەت ببڕێ. بەم ڕەوشتە دەڵێن: (ئیشراق) کە ئوسولی ئەوەڵیەی ئەوە بە هۆی ئەفلاتون‌و فەلاسیفەی ئێرانی کۆن داڕێژراوە.

فەلاسیفەی ئیسلامی پێ‌یان ناوەتە نێو ئەم باسەو نەتیجەیەکی بایەخداریان بەدی هێناوە، کە لە هەر دو لای(یۆنان،کوردستان،ئیران کەم‌مایەتر لە ڕۆژگاری فەلسەفەی مەشا نەبوە. ئەم لایەنە لە بیرو راو تێفکرینی ئیسلامیدا قەت ئینکار نەکراوەو کەسیش باوەری نییە کە فەلسەفەی ئیسلامی لە فەلسەفەی مەشائی «کوڕی سینا»و «فارابی» بەرتەسک بێتەوە. لەم ڕوەوە ناتوانن بیر کردنەوەیەکی قوڵ‌و بنەرەتی کە سیفەتی تایبەتی فەلسەفەی تەسەوفەو لە شوێنەواری ئیمام غەزالی‌و «شیخ شەهابەدین سوهرەوەردی» و «محیدینی کوڕی عەرەبی»و وێنەی ئەوانەدا هاتوە، دەرک بکەن.

لە وەدەچێ ئیمام غەزالی یەکەمین فەیلەسوفی ئیسلامی بێ کە بەرانبەری ئەوەی کە لە کتێبی میشکات الانوار بە ئاشکرا دەبیندرێ، ڕوی کردبێتە فەلسەفەی ئیشراق. میحوەرو بڵێسکی بنەرەتی غەزالی لەم کتێبەدا بە دەوری جیا کردنەوەی نورو زوڵمەت‌و عالەمی ئەنوارو عالەمی زوڵمەتدا دەگەڕێ.

ئەم جورە تەمایوزی فەلسەفی‌یە بەرانبەری ئەوەی لە کتێبی ئاوێستا (Avesta)دا هاتوە، بناغەی فەلسەفەی قەدیمی ئێران‌و کوردستان هەروا فەلسەفەی نۆی ئەفلاتونی‌یە. بەڵام غەزالی لە تەمیز لەنێوان نورو زوڵمەت،فەلسەفەی ثەنەویەی هەر وەک ئیرانیان بنێشەی دانەناوە،نا ئاوای نەکردوە کە بەراوەژو لە ریسالەی میشکات الانوارو غەیری ئەویش کەوتە نەقزو هەڵ وەشاندنەوەی فەلسەفەی ثەنەوی‌و ئەوەشی لە ریزی داپۆشراوان‌دا هیناوە. لەوە دەچێ ئەو هەرواگەورەکانی موتەسەویفەی ئیسلامی بەر لەو، لەوەی کە لە باسی نورو ئیدراکی زەوقی حاسڵ لە جیهانی نورانی‌دا هیناوە، زیاد لە

هەموان لە فەلسەفەی نوی ئەفلاتونی تازە شوینیان وەرگرتوە، کە لە ریگای کتێبی(دبو بیت ـ Debobit کە بەهەڵە دەڵێن: هی ئەرەستوە، دەسیان بەو کتێبە گەییوە. لە کتێبی میشکات الانوار هێمگەلی فەلسەفەی ئیشراق زۆر د ێتە بەرچاو. گرینگتر لە هەموان باری بون ناسی‌یە کە لە بارەی بونەوە قسە دەکاو شناخت ناسی کە ماهییەتی گیانو رۆح شەرح ئەدا. هەرچەند ئەبێ بڵێین کە زاڵبون لە باری یەکەمە یانی بون ناسی. جا بەم پیێە ئیمام غەزالی لە گەورە گەورەکانی فەلسەفەی ئیشراق هەر وەک «شیخ شەهابەدین سوهرەوەردی کورد» و «قوتبەدین شیرازی» پێشکەوتوە. ئەو ریگا بۆچونە نیۆ فەلسەفەی کامل بە تایبەت لە باسی پێوەندی دار بە ناسینی رۆحو گیان دەخاتە سەر گازەرەی پشتو دەروازەی بۆ دەکاتەوە. قسەکانی قوتبەدین شیرازی لە سەرەتای شەرحی حیکمة الاشراقی سوهرەوەردیدا ئەم قسە بەیان دەکا. دەلی: حیکمەتی ئیشراق حیکمەتێکە کە بەسەر ئیشراقدا یانی کەشف دانراوە یا حیکمەتی ئەهلی ئیشراقی ئێرانو کوردستانە. کە ئەمەش دەگەرێتەوە سەر ئەوەڵ. چونکا حیکمەتی ئەمانەش کەشفیو زەوقی‌یە، وە ئەوەیان داوەتە پاڵ ئیشراق کە جێگای زوهوری ئەنواری ئەقڵیو درەوشینەوەو فەیەزانی ئەوە لە رێگای تابش لە نفوس‌دا لە کاتی تەجەروددا. کوردان لە حیکمەتدا زیاتر پاڵ بەزەوقو کەشفەوە ئەدەن. فەلاسیفەی بەروی یونانیش بێجگە لە ئەرەستوو پەیرەوانی ئەو کە پاڵیان ئەدا بەجەدەلو بەڵگەو بورهانەوە ـ رویان دەکردە زەوقو کەشفو دۆزینەوە سەرچاوە:[1] محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل).

* * *

---

١ ـ تەرجەمەو وەرگرتن لە میشکات الانوار نوسراوی ئیمام محەمەد غەزالیو بەر کوڵو سەرەتای میشکات الانوار تەرجەمەی سادق ئاوینەوەند، بەبەرکوڵی لێکدانەوەی رەخنەگرانە لە میشکات الانوار بە نوسینی دوکتور ئەبو عەلا عەفیفی چاپی تاران ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بلاوەی ئەمیر کەبیر(شەپۆل)تاران ٢٧ئازەری ١٣٧١هەتاویو ٢٧ سارانی ٢٦٠٤کو ١٨دسامبری ١٩٩٢زایینی.

# نەخشی مامۆستالە فیرکردن وپیگەیاندنی زانین وهۆنەوهونەروفەرهەنگدا

مامۆستا ونەخشی مێژویی ئەو ـ پەرەداربون وگرینگی هەندێ لەمەبەستگەل ئەونە زورە، ئەگەر کەسێ بیەوێ لەبابەت ئەوانەوە قسەبکا یاشتێ بنوسێ، توشی حالەتێ دێ کەنازانێ لەکۆیوە مەبەستەکە راوەت بکاولە گرینگی ئەوەبناخۆی وبدوێ یا چلۆن وێنەیەکی جێگای سەرنجە، کەلانی کەم بتوانێ بەشێ لەدیمەن وسیما وگرینگی مەبەستەکە بنوێنێ و نیشانی بدا، مەسەلەی مامۆستا وپلەوجێگاوبایەخی ئەو، لەکۆمەڵگا دا خۆی لەم باسەگرینگ‌و وردوسەرنج راکێشانەیە، بەراستی مرۆڤ لەبەیان کردنی بایەخ و رێزی مامۆستا وپلەو پایەونەخش ورۆلی ئەو لەکۆمەڵدا هەست بەناتەوانی وکزی وکەم دەسەلاّتی دەکا، ئەمەش لەخۆیدا بەلّگەوشایەدە بۆ رێزوگرینگ بونی مامۆستا وپلەونەخشی بلّنیدوبەرزوتەرزی ئەو لەکۆروکۆمەڵدا.

مامۆستا ونەخشی ئەولەگەران وگۆرانی شارستانیەتی بەرەی مرۆڤدا: گرینگی ورێزو نرخی مامۆستا لەرۆژگارێکی تایبەت‌دا بەرتەسک نابێتەوە چونکا مامۆستا خێوی نەخشێ زۆر پربایەخە لەمێژودا، بەم واتایەکە مامۆستا بەدرێژایی مێژو دارای گرینگی و عەزەمەتی تایبەت بوەوهەیەو دەورانی پشکوتنی مێژوی ئەوکاتێ بوەکەبایەخ بەزانین‌وزانیاری و مامۆستا دراوە

بەراوەژویش رۆژگاری پەستیوکزی وبیچتی کاتێ بوە کە کۆرو کۆمەڵ سەبارەت بە فێرکارومامۆستا وزانین کەم تەرخەم بون، خەڵک وحوکومەت پلەوپایە وگرینگی میژوی مامۆستایان نەزانیوە، بەتێ روانینێکی سەر پیێ بە میژوی بەرەی مرۆڤو رۆژگاری خۆ دەرخستن وبەرز بونەوەو نزم بونەوەو نزم بونەوەی ژیار وشارستانیەتگەل، ئەمە بەجوانی روناک دەکاتەوە کە ژیار، رۆژگاریٚ گوڵی دەکرد کەزانینو فەرهەنگ و هەڵگران و نەقیلانی ئەوە، یانی زانیاران و مامۆستایان لەپلەی خۆیاندا رابگێردرایەن، شایەدو بەڵگەی ئەوە هەم ئەتوانین لەمیژوی کوردەواریدا و هەم لەمیژوی ئیسلامی و میژو[٩] نەتەوەکانی دیکەدا پەیدا بکەین.

دیارە بەرەی مرۆڤکاتێ لەسەر رێبازی تەرەقی و بەرەو بەرزبونەوە، قەراری گرت کە سەرنجی فێربون و بارهێنانی دا، جا لەبەر ئەمەئەتوانین بلێێن بەشەر هەرچی بەدەسی هێناوەلەسوێنگە ئاوردانە، بەزانستو زانین و فێربون یا فێرکردن، ئەگەرسەرنجی زانست وفێربونی نەدابا هێمان ئەبو لەغار ولەنێو ئەشکەوتو لەنێوجەنگەڵدا بژی، کەچل و شەل وکوێرونوقسان و دەسەوسان بێ.

جا بۆ ئەوەی بەگرینگی میژویی مامۆستایان لەنەقڵ و پێگەیاندنی زانین و فەرهەنگ فێربون و فێرکردنی مامۆستا بە بەرەی دوا رۆژ باشتر پەی ببەین و تێ بگەین پێویستە تەسەوری بارو دۆخێ بکەین کەهیچ جۆرە نەقڵ و راگوێزان وهیچ فێربون و فێرکردنیک لەگۆردانەبوبێ، هەر کەس بەتەنیا هەندێ ئەزمون،فێربوایێ و بەمردنیشی ئەو ئەزمون و فێربونانەی لەگەڵ خۆیدا ببردایەتە بن گڵ، وەئیتر شوێنە واریک لەو باقی نەبوایێ دیارە ئەگەر چارەنوسێ وا بۆ بەرەی مرۆڤ ببوایێ، قەتنەی دەتوانی بەنەردیوانی سەرکەوتندا، ئاوا سەر کەوێتە سەر سەری و بگاتە ئەم سەردەمەی ئێستا، مرۆڤ ئێستا ئازوخەیێ زۆرو زەوەندی لەزانست و زانین و فەرهەنگ لەبەر دەستدایەو ئەم ئازوخە زۆرە گەورە گەر انی زانست وفەرهەنگ لەتاکێکەوە بۆ تاکێترولە شۆینێکەوە بۆ شوینێتر، لە رۆژگارێکەوە بۆ رۆژگاری ترو لەبەرە یەکەوە بۆ بەرێیتر، هێم و بناغەی سەرکەوتو ژیاری مرۆیەو بەرپرسی ئەمەش خۆی بنچینە

وبناعه یه که، بەدەسی مامۆستا وفێرکار وزانیاردامەزراوەو دارێژراوە.

لەسەرەتای زوهـوری دیـنی بـێخەوشی ئـیسلام مـامۆستایان و فێرکـاران وزانیـارانـی فێرکردنەکانی قورئانی، بەشێ گرینگی سەرەتاییان لە بلاوکردنەوەی فـێرکردنی قورئـان ودینی ئیسلام گرتەئەستۆ کە دەسمایە و میراتی بەشەر دەهاتەژمارە.بەدرێژایی چەند هـەزار ساڵ بەهۆی مامۆستایان و فێرکارانەوە لەبەرەیەك بۆ بەرەیەکی دیکە دەچو، ئێستـا لەم رۆژگارەدا ئەو سەرمایەی پێك هێناوە کەبەرەی مرۆڤ پێوەندی بەوەهەیە، دیارە ئەگەر ئەم دەسمـایە زۆروگـرینگەزانست وفـەرهەنگە لەخـەلك وەربگـیرحرێـتەوە، مرۆڤـانی هـیچی بۆنامێنێتەوە، دیارە ئەوەی ئەم دەسمایە گرینگەی بەدرێژایی مێژو بۆ مـرۆڤ پێکەوەنـاوەو بەدەس بەرەی ئەمرۆیاسۆزی دەگا، تەنیافێرکردنوبارهێنانەکەلەهەرجێگاوریگایەکدا،بوزی خوار دبێ، بەهۆی مامۆستاوزانیارو فێرکاروە سەقامی گرتوە، ئاڵ وگور وپێگەیشتنی زانین وفەرهەنگ لەنێو بەرەی مرۆڤدا بەکورتی ئەتوانین بەمجورەی بەیان بکەین: بەشەر لەسەرەتای ژیاندا زۆرسادە ژیاوە، کەرەستەی بەرد (دەورەی بەرد) بـوەو خـۆراکـی لەریشـە ومـیوە وگیاوگژوگۆشتی جرو جانەوەران بوە کە بەبەرد شکاری کردون و پۆشاکیشی بـێجگە لەبەرگی گیاوگەڵای داران شتێتر نەبوە، جا هەر لەو رۆژەوە غونچەی زانین و فەرهەنگ و ژیاری بەشەر دەستیکردبەپشکوتن کەتاکەتاکێ لەکون وکارێژان لەم دنیایەدالەروی ئەزمون وئەقڵ و فامی خۆی بەرە بەرە فێری زانین و فەرهەنگ و ژیار بو، ئەو ئەزمون و زانیاریانەکە بە دەس هاتبو، لەو تاکەتاکانەوەو بەهۆی مامۆستایانو فێرکارانێ تـرەوە لەنـێو خـەڵك بـلاو کرایەوەو ئیتر لەشوێنێکی تایبەت نەوەستا، بەلکۆ بەهۆی مامۆستایانەوەلەنێو دڵی رۆژگاردا پەرەی گرت و لەبەرەیەکەوە بونەسڵێ تر چوو بەرەی داهاتویش بەپێێ وزەو لێهاتوی خۆی، زانین و ئەزمونی خۆی بەخەڵکی تروتازەپێگەیشتووان راگەیـاندو ئـەوزانینەیـان بـەبەرەی داهاتوسپارد، تا ئەوەلە دڵی زەماندا و لەگۆی زەویدا بەرەوپێش بیبەن.

سەرەنجام زانین و فەرهەنگ وتەکـنیك و مـەعنەوییەتی بـەشەربەهۆی مـامۆستایان و دەرس دەران و فێرکارانەوە لەنـەسلێکەوە چـوە نـێو جـەرگەی نـەسلێتر، بـەمجورەسەیری

تەمەدون، فەرهەنگ و زانین نەخشی بناغەیی بەهۆی ماموٚستایانەوە بوە، چونکا ئەوان ریگاکێش ورچە و ریباز نیشان دەربون تا دەسکەوتەکانی زانستی و مادی و مەعنەوی بەشەر لەهەر هەل ومەرجێکدا سەقام گیربکەن و پەرەی پێ بدەن، دیارە ئەگەر ئەوشاسیمی گوٚیزانەوەی زانین نەبوایێ، بەشەر لەگەڵ رابوردوی خوٚی پێوەندی بەگشتی ئەپساو وهەڵ دەبڕاو واتای ئەم پێوەند، پسان وبرانەئەمەیەکە هەر نەسلێ وهەرتاکێ لەدەس هاتەکان و ئەزمونی پێشینان بێ بەش بێ و لەسەرەتاوە دەس پێ بکاو هێشتا لەسەرەتای رێگادایە بەرەوگوٚرسەردەنێتەوەو بەرەی دواهاتویش هەربەو جوٚرە، بێ ئەوەی بەئاکام بگاسەر بنێتەوەو لەنەتیجەداگشت ئەوانە ئێستایی و وەستانی مروٚڤ لەهەمان پلەی سەرەتادا، دەماو تەرەقی نەدەکرد، هەر جوٚر بێ، چونی زانین و فەرهەنگ لەتاکەوە بوٚتاک، لەشوٚینێکەوە بوٚ شوٚینی تر، لەروٚژگاریکەوە بوٚ روٚژگارێ تر ولە بەرەیەکەوە بوٚ بەرەیەکی دیکە، بناغەی سەرکەوت و تەمەدونی بەشەرەو بەر پرسی ئەوکارە بناغەییەبە ئەسٹوی ماموٚستایان و فێرکارانەوەیە، جا هەر لەبەر ئەمەیەکە (وێل دورانت)[١]ئەوزاناکارزان وکار دانە ناودارە: ژیار، شاستانیەت و تەمەدون لە سوٚینگەی فێرکردن و بارهێناوە دەزانێ ودەڵی: (مەدەنیەت بریەتیە لەگەنجینەیەکی گەورە و زوٚر،لەهونەرو زانین وشیاوی، خووعادەت، ئەخلاق کەبەدرێژایی روٚژگار بەدی هاتوە، لەم سامانە زوٚرەوەیەکە تاک لەزیمنی پێگەیاندو سەرخستنی خوٚی خوٚراکی روٚحانی وگیانی خوٚی بەدەس دێنێ.

ئەگەر ئەم میراتە بەشەریە لەنەسلێکەوە نەچێتە نێو نەسلێ تر، ژیار مەحکوم بەمەرگە، جا هەر لە بەر ئەمە ئەبێ بڵیین: کە ژیانی مەدەنیەت بە فێرکردن و بارهێناوە بەسراوەتەوە.

کاتێ شکوفەو عونچەی ژیار لەنێو«دوروواندا»[٢] زاهیر بوو خوٚی نواند، ئەم ژیارە بەهوٚی ئەم ئینتقالەوە گەیشتە خوراواو یوٚنانو لەوێشەوە چوەکوٚشی دنیای ئیسلام و پەرەی گرت و

---

١ ـ تاریخی تەمەدون نوسراوی خوٚی ج ١ لاپەرەی ٩١)

٢ ـ بین‌النهرین

جاریّتر چوه خوّراوا ولەسەرهەڵدانی خوّی بەر دەوامە.

ژیار لەم دەس بەدەس کردنەی خوّیداکە لە هەر پلەیەکدا سەبارەت بەپلەی پیّشو،کاملتربو، زیاد لەهەرشتیّک مەدیونی تیّکوشانوتەقالای ماموّستایان وفیّرکاران ودەرسدەرانی زانین و فەرهەنگ بوەو هەیە، چونکا ئەوانە بون کە زیاد لە خەڵکی تر بەدریّژایی روّژگاران بەرپرسی ئینقالی زانین و فەرهەنگ بون.

**ماموّستا لەسەرەتای ئیسلامەوە:** لەسەرەتای روّژهەلاّتی دینی بیّخەوشی ئیسلامەوە ماموّستا وفیّرکار دەسیان کرد بە فیّربون وفیّرکردنی قورئان، بیّجگە لەوەی کەخوا خوّی بە ماموّستا داناوەو قورئانی بە پیّغەمبەر فیّرکردوە (عَلَّمَ الْقُرْآن وَعَلَّمَهُ‌البَيانَ -[1] خودی پیّغەمبەریش خەڵکی فیّرکردوە (رَسُولاً يَتْلُوا عَلَيْكُمْ آياتِ‌اللّه مُبَيِّناتٍ لِيُخْرِجَ اَلَّذِينَ آمَنُوا وَ عَمِلُوا الصّالِحاتِ مِنَ الظُّلُماتِ اِلَى النُّورِ...[2]) لام وایە ئیتر هەمو تیّ دەگەن پلەییّ بەرزوبڵیندتر لەپلەو پایەی ماموّستا وفیّرکار نیەو نابیّ، چونکا کەسلەخواوپیّغەمبەر گەورەتر نیەو ئەوانیش خوّیان بە ماموّستاو فیّرکار داناوەوشانازیش هەرلە فیّرکردن وبارهیّناندایە.

## دوسەرچاوەی زانین ومەعنەوییەت ماموّستا وکریّکار

ماموّستا وکریّکار دوتویژی زوّر بەرزو بەریّزو پرپیّزو بەبەرەکەت ومودفەرکن.

بەدەس هیّنانی ئەوین بوّخزمەتکاری ئاسانە بوّ بەدەس هیّنانی ئەوانە لەدڵمانا ئاگربارانە

لەدنیادا روّژانیّ بوّ ریّزدانان لەماموّستا و کریّکار لەبەر چاو گیراوە کە کار وکردەوەی هەریەکە لەودوانە زوّر جوانەولەبەر دلاّنەویەکیّ باری فیّرکردن وپیّش خستنی زانین و فەرهەنگی بەئەستوّیە و ئەوی دیکەیان باری باشبونی ئابوری لەبان شانە، دیارە ئەم دوکارە تەواوکارەوەی یەکودون، هیچیان بیّ ئەوی تریان باش سەقامگیرنابیّ، کار سەرچاوەی

---

١ ـ سورەی ٥٥ ئایە ٢و٣

٢ ـ سورەی تەلاق ئایەتی ١١

مەدەنیەتەوزانینیش سەرچاوەی مەعنەویت وسەرکەوتە، کاربەهۆی بازوڵەی زانین بەرەوپێش دەروا، زانین لەبەرومیوەی کارکەڵك وەردەگرێ و هۆی ئەداتەوە، کرێکار قەڵەم وکاغەز ساز ئەداو دابینیان دەکا، مامۆستا وفێرکار لەرێگای قەڵەمو نوسینگەوە نەغمەی رۆحانی لەسەر لاپەرەی کاغەزی سپی دەخاتە باڵەفرێ و بەرز بونە بۆ ئاسۆی هیواو ئارەزوی بەرەی مرۆڤو مرۆڤانی پێك دینێ، خواکە سەر چاوەی زانین وکارە سوێند بەقەڵەم دەخواێ وَالْقَلَمِ وَمٰایَسْطُرون) پێغەمبەر دەستی کریکار رادەموسێ، کرێکار هۆی خیروبەرەکەت وفرەبونی دەخڵ ودانە، زاناوزانیار زیندوە، هەرچەندە بەرواڵەت مردویش بێ، نەزان و جاهیل مردوە هەر چەند لە حاڵی ژیانێشدا بێ، دیارە میوەی ئازادی و سەربەرزی لەکارکردندایە، کاری سەخت و بەکەڵك لەچڵ و پۆپی داری زانین وزانست بەدس دێ:

-بروکاربکەو مەڵێ کار چیە؟ سەرمایەی جاویدانی لەکاردایە، بروٚکاربکە ئەگەر ئەتەوێ ئازادبی،ببرای ببرای چاوت لەدەس کەس وناکەس ببی، باچاوت لەوەنەبێ، خوازەڵۆك و نانی نانی ودوکەڵ دوکەڵ بی.

مەڵێ ئەوکارە عارە، بەڵکو چاو لەدەس ئەموئەو بون عارە مرۆڤێ چاوی لەماڵی خەڵك بێ خوارە، لارە، نالەبارە، کەسێکە بێ کارە، بێعارە، لەسەر دڵان بارە، کەسێکە دەس بەکارە، سەر بەرزو عالە، بڵیندو بەرزوتەرزە، ئێسك سوكو رەزا شیرین ولەبارە، بەڵێ زانین دەرسی مرۆڤانی وئەنزانی وجوامێریوئەدەبە.

مامۆستا وفێرکار رۆحی مەعنەویەت ئەکا بە بەر مردوی نەزاندا و بایەخێ بەرزی پێ ئەبەخشێ، ماموستاو فیرکاریش لەراستیدا کریکارە، کارەکە زانست فێرکردنەوگیاندانە بەبێ گیان، زانین فێرکەرەبەبێ زانستان و نەزانان.

مامۆستا هەروەك رۆژە ترێژو تیشکی زانین بەسەر خەڵكو دنیادا دەهاوێ و نوروزانین بارانیان دەکا، بەنوری زانین و زانستی خۆی خەڵکی گزینگ‌باران دەکاوچرای مەعریفەت و زانین ومرۆڤانی ئەداتە دەست بەرەی مرۆڤ تا لەژیاندا خۆ لەکەندو کۆسپ بپارێزن ئەم وتارە لە روژنامەی شەهادەی کوردی بە قەڵەمی شەپۆل‌لە سێ شەمە ٩ ذیقعدە١٤١٢/و ١٢مە

۱۹۹۲زاینی و ۲۲ گولاّنی ۲٦۰٤ ك و ۷۱/۲/۲۲ سالیّ ۱۰ ژمارەی ۳۹۷ لەچاپدراوە.

*دیارە ئەمرو زوربەی خەلك تی گەیوە، کە سیانتیسم (زانین بۆکشانی تەنیا) وبارهێنانی زانستی تەنیا لەسازدانی ئەنزان و ئنیسانی تەواو ناتەوانە، بارهێنانی زانینی وزانستی بەتەنیا، نیوە ئینسان‌ساز ئەدا، نەك ئینسانی ئەواو، بەرهەمو نەتیجەی ئەم بارهێنانە، کەرەستەی خاوو خلیچکی ئینسانە، **نەك ئینسانی سازدراو، پوختەکراو کەلەکلّ هاتبێتە دەریّ، زانستو زانین مروڤی بەهێز وخاوەن وزە ساز ئەدا نەك ئەنزان و ئینسانی خاوەن فەزیلەت، مرۆڤی** یەك لایەنی دروست ئەکا، نەك مرۆڤی چەند لایەنی.

***زانست، فەلسەفە ودەردی ئەوین.**

دڵخوازی ئێمە ئەمەیە کەبڵێن فەلسەفە بەهۆنەو شیعر نێزیکترە تا بەزانست، لەهەرچاخ و رۆژگارێکدا گشت نیزامەکانی فەلسەفی کەبەرهەمی هاودەنگی نەتیجەی غایی زانستگەلی جیاجیان، بیّ رۆحترو بیّ هاو دەنگتر وناسازگارتر لە فەلسەفەگەلێکن کەدەردی ئارە زوّی دڵو دەرون بەیان دەکەن، زانست هەر چەندە جێگای‌وردبونەوە و سەرنجدانی بەرەی **مرۆ بەونەخشێ کەلەژیان وبیرو ئەندیشەی ئینساندا هەیەتی بە راستی بێجیێ نشینە، بەلاّم** بەیەك واتا بیگانەونامۆتر لە فەلسەفە دێتە بەرچاو، زانست نیازگەلیّ دابین دەکاکە زیاتر عەینی و ئاشکرا وبەناو دەرەوەیین، ئەم نیازانە، لەبنەرەتا پێوەندیان لەگەلّ ئابوریدا زۆرە.

کەشف و دۆزینەوەی تازەی زانستی، بەتایبەت، نەوعی کە دۆزێنەوەو کەشفی نەزەری پیّ دەوتری، دروست هەروەکو دۆزینەوەکانی مەکانیکی وێنەی مەکینەی بوخار، تەلەفون، وێنەهەلگری، یابالۆن و فرۆکە، چتێکە، بەکاریّ تردێن و دەردیّ تر دەوا دەکەن یانی خۆی لەخوێدا گرینگ نیە. فەلسەفە بەنیازیّ کەبۆپەیا کردنی یەك واتای یەکپارچەو تەواو، کەلەجیهان و ژیان هەمانە، وەلاّم ئەداتەوەو لەسوێنگەی ئەم مەفهومەوە، هەستیّ پەیا دەکەین کە بۆکشانی دلّ ودەرونی و ئاکارو رەفتاری دەرەوەی ئێمە، دەنوێنیّ و شکلّی پیّ ئەدا، بەلاّم راستی ئەمەیە کەئەم هەستەلەباتی ئەوەی مەعلولی ئەم مەفهومە بیّ، هۆو عیللەتی ئەوەیە (میگل داونا مونولە دجاودانە (شەپۆل).

**من لەخۆمدا بەجورێ کەناپەیدابوم**

شەونمێ بوم لەزەریە نوقمو لەدەریابوم

لەسەرەتاوەشێبەرونسێ یەک بوم بەزویداکەوتمە خوار

بەراستی کاتێ خۆر پەیدا بو ناپەیدا بوم

لە من قسەمەپرسە چونکا هەروەکو پەپولەیێ

لەگزینگی شەمی روی دۆستا ناپەیدا بوم

خاك بەسەرم ئەگەر توزقالێ ئاگا بم

کوێ یە ئەوێ کەمنی سەرگەردان چوەمەئەوێ

وەک دلی «شەپۆل» لەدەرەوە هەر دوجیهانم دی

منلەشوێن دانانی دلی ئەو، بێدل وشیاربوم

**«عەتار» (شەپۆل)**

# بەختەوەری

مەسەلەی سەعادەت: «بەختەوەری» یەکێ لە کۆنترین قسەو باسی فەلسەفی بەرەی مرۆیە ئەم مەسەلە خۆیی لە مەبەستگەلی حیکمەتی کردەوەیی و عەمەلی‌یە. زانایانی خوو ئاکار و زانایانی کۆمەڵ عودەداری باس‌کردنن لە ماهییەت و مەرجگەل و هۆگەل و هەروەها قسەکردن لەو جۆرە شتانەی وا بە دژو بەر هەڵستی بەختەوەری ئەوەستن. جا ئەگەر لە حیکمەتی نەزەری ئیلاهییاتدا قسە لە بەختەوەری و هات و سەعادەت و نەهات‌و شەقاوەت بکرێ، لە سۆنگەی یەکێك لە شاخەکانی ئەم مەسەلەیەو ئەویش بەم جۆریە: کە ئایا بەختەوەری وە هەروەها بێ بەختی و شەقاوەت تەنیا بۆلەش و لارو ئەنبوژەنی و مادی‌یە، یا دو جۆرە:

ئەلف - بەختەوەری و سەعادەتی لەش و لارو مادی (جیسمانی و مادی).

ب - بەختەوەری و سەعادەتی گیانی و ئاوەزی واتا: (ڕۆحی و ئەقلانی).

حوکەمای ئیلاهی و خواناسان لەم بابەتەوە ئەم قسە دەهێننە گۆڕ کە ئایا ئەوەی دای سەلمینن و سابتی بکەن کە سەعادەت و شەقاوەتی گیانی و ئاوەزی لە سەعادەت‌و شەقاوەتی ئەنبوژەنی و لەشی و مادی زۆر گەورەتر وفرەتر شیاوی سرنج‌دانە. بیروڕای (بوعەلی سینا) لە (نمەتی) هەشتەم‌کتێبی ئیشاراتِ و بیروڕای (سەدرالمُتە ئەلیهین) لە بەرگی چوارەمی

(ئیسفار) دا لە هینانە گۆڕی ئەم مەسەلە تەنیا ئەم شاخەلە شاخە کـانی مـەسەلەی سەعـادەت باس‌دە کریٚ جالە بەر ئەمە نەچون بەلای مەبەست وقسە کردن لە شاخە کانی تری ئەم مەسەلە یە یانە یان بەر[illegible]ر قسە کردن لە شاخ وبەرگە کانی تری ئەم مەسەلە یە. لە لایە کی ترەوە، تا ئیٚستا لە پەراوەی، فەلاسیفەی ئیسلامەتی و زانایانی جیهانی نا ئیسلامەتی قسە و باسکردنیٚکی پڕاوپڕ لەم بارەوە نابیندریٚ. ئەوەی لەم بەشەدا ئەی خوٚیننەوە هەرچەندە ناتوانیٚ باسیٚکی کاملٚ و پڕبە پیٚست‌بیٚت بەلاٚم ئەشیٚ بتوانین ئەوە بەباسیٚکی کورت‌و تیگەیینەروتەژی لە قسە بهیٚنینە ژمارە.

ئەو مەبەستانەی‌وا لیرەدا دیٚنە گوٚڕ ئەمانەن:

١ـ سەعادەت واتا: (بەختەوەری) چ وەچییە؟

٢ـ سەعادەت و چیٚژە واتا: (لەزەت).

٣ـ ئایا مروٚڤ بە خوٚکرد و خورسک‌و تەبیعەت بەختەوەری و سەعادەت ویستە؟

٤ـ بەختەوەری و ئارەزو.

٥ـ بەختەوەری و رازی‌بون.

٦ـ یە ک قسە و باسی کوٚمەلاٚیەتی.

٧ـ بەشە کانی بەختەوەری.

٨ـ پلەو پایەی بەختەوەری و سە عادەت.

٩ـ هوٚ و سوٚنگەوە ئەو شتانەی وا بەختەوەری و سەعادەت دابین ئە کەن.

١٠ـ ئاسوٚیە ک لە یە ک زنجیرە قسە و باس‌دا.

١١ـ ئایا ئینسان بوٚ گەیشتن بەبختەوەری، نیازی بە ریٚگا نیشاندەر هەیە؟ (واتا: نیازی بە پیٚغەمبەران هەیە).

لە سەرەتا وە ئاوا دیٚتە بەر چاو کە بەختەوەری و بیٚ بەختی و نەهات لەباری واتا وە. رونا کە.

ئه گەر تارمایی و ئیشکالێك هەیە لە قسە و مەسەلە کانی ترایە. چونکا لە هەر کەسێك بپرسی ئایا بەختەوە ریت ئەویٚ یان نا؟ بیٚ بیرکردنەوە ئەلٚیٚ: بەختەوەریم گەرەکە. ئەگەر بێژی، ئەی بیٚ بەختی و شەقاوەت چی؟بەلەز ئەلٚیٚ: نام گەرەکە. هیچ کەسێك لە راست ئەم پرسیارەدا بیرناکاتەوە و نالٚیٚ: تۆ بەختەوەری و بیٚ بەختیم بۆ تاریف بکەو پێم بناسینیٚ تا بزانم کێهە یانم ئەویٚ یا نامەویٚ.

لیرەوە ڕون ئەبێتەوە کە بەختەوەری و بیٚ بەختی و شەقاوەت (هات و نەهات) لای هەموکەسێك واتا و راوەتێکی ڕوناکی هەیە و نیازی بە پێناسین نییە. سادەرکەوت کە ئەمانە لەو جۆرە واتایانەن کە نیازیان بە ناساندن بەخەلٚك نییە خەلٚك واتا کانیان ئەزانن چ و چییە. بەلاٚم ئەبیٚ بلٚیین: ئەم رادەیە بەس نییە کە ئێمەمانان سەعادەت و بەختەوەری لە ناساندن بیٚ نیاز بزانین.

زۆریٚ لە واتا و راوەت هەیە کە وا دێتە بەر چاو بەلاٚم کاتیٚ رەوشتی (سوقرات) بەکار بهێنین و ئەو واتایە لە گەلٚ واتایانی تری نێزیك بەو بەراورد بکەین و وردبینەوە و بیکولٚینەوە، ئەبینین ئەوە وا روناك لەچاوی ئەدا بەرە بەرە جێگای خۆی بە یەك جۆرە: ناروناك و نادیاری ئەگۆڕیتەوە و لە بەر چاو بەبولێلە و بە تارمایی دێتە بەر چاو.

بەختەوەری و سەعادەت لە ڕوانگای گشت خەلٚکەوە هاو واتای چێژە و لە زەت، ئاسودە بون، سەرکەوتن، گەیشتن بە ئارەزو، شادی، خۆشی رازی بون و خۆش هاتن لە سازبونی کارو بار وە واتاییٚ تری وەکو ئەوانە وا وتمان، بەلاٚم کاتیٚ بەختەوەری و سەعادەت بەوردی لە تەك هەریەکە لەوانە بەراوەردی ئەکەین تیٚ ئەگەین سەعادەت لەم واتایانە نێزیکە بەلاٚم ئەوانیش نییە بەتەواوەتی.

جا لە بەر ئەمە پێویستە لە بەرا ئەم بەرا ورد کردن و هەلٚ سەنگاندنە بخەینە بەرچاو تا لەدوایی‌دا یا لە کاتی ئەم بەرا وردانەدا واتایەکی دیار بۆ سەعادەت و بەختەوەری بدۆزینەوە.

پێویست‌نییە کە لە ریشەی لوغەوی ئەم دو بێژە: (کەلیمە) قسە بکەین و بکۆلٚینەوە کە ئایا

سەعادەت و بەختەوەری لەم بابەتەوە لە جێگای تایبەتی خۆی بەکار دێ کە واتای یارمەتی تیدایە و بەختەوەر بەکەسێک ئەوترێ، کە گەڕیانی جیهان بە دەنگی یە وە هاتبێ و شەقاوەتیش دژە و لە حاند ئەم واتایە دایە یا وەکو لە بەرا سەرنج بە واتای شەقاوەت دراوە، کە بە مانای: رەنج و دەرد، سەختی وزەختییە. وە سەعادەت بەر ئاوەژو بە واتای رزگار بون و ئاسودەیی لە رەنج و دەردە؟

بەڕواڵەت لە بابەت ریشەی لۆغەوی یەوە ناتوانین دو واتای لە راست یەکترینەوە بۆ ئەم دو بێژە بدۆزینەوە بەلاّم لە عورفی عام و خاسا ئەم دو کەلیمەیە دوروست لە راست یەکترین دان. هەروەکو لە قورئانا ئەم دو بێژە لە راست یەکترین دانراون.

(يَوْمَ يَأْتِ لَا تُكَلَّمُ نَفْسٌ اِلاَّ بِاِذْنِهِ فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَ سَعِيدٌ فَاَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَ شَهِيقٌ)[1] ئەوێ یانی ڕۆژێ کە (قیامەت) دا دێ هیچکەس بێ ئیجازەی خوا قسە ناکات. تاقمێ لە وانە بە شەقاوەتن و تاقمێکیش بەختەوەرن (:تاقمێ بەختەوە رو تاقمێ بێ بەختن) ئەوانەی وا بەشەقاوەت بون لە ئاگران و بۆئەوانە زەفیر و شەهیق (:ناڵەی زۆر و هەناسە بڕکێ هەیە)... لەم ئایەتانەدا خوا خەڵکی کردۆتە دو تاقم، تاقمی بەختەور وە تاقمی بێ بەخت.

(فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَ سَعِيدٌ) سەعید لە ریشەی سەعادەتەو بەمانای بەختەوەری و هات و ساز بونی کەرەستەی ناز و نیعمەتە وە (شقی)ش لە ریشەی (شەقاوەتە) و بە واتای ساز بونی کە رەستەی گرفتاری و بێ بەختی و نەهاتی وجەزا و تۆڵە لیسەندن و بەلاّیە. هەر جۆر بێت بەختەوەری و هات و بێ بەختی نەتیژەی ئاکار و رەفتاری مرۆڤ خۆیەتی لەم جیهانەدا. ئەتوانین بڵێین: بەختەوەری یانێ: ساز بونی کەرەستەی پێگەیشتن بۆ یەک تاک یا یەک کۆمەڵ و کۆمەلگای بەرەی مرۆڤ، لە راست ئەوە، شەقاوەت و بێ بەختییە کە خەڵک گشت لێی بێزارن و ئەویش

---

١ ـ ئایەی ١٠٥ و ١٠٦ سورەی هود ١١

بریەتی یە لە: ناجۆر بونی هەل و مەرجی سەرکەوت و پێشکەوت و پێگەیشتنی تاک و کومەڵ. کە وا بێ هەر کەسێک لە بابەت هەل و مەرجی گیانی، لەشی،بنە ماڵەیەوە یا ژینگە، فەرهەنگ کەرەستەو سۆنگەی پتری بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرکەوتن بەدەسەوە بێت لە بەختەوەری و سەعادەت نێزیکترە. یا بە واتایێ تر ئەوە بەختەوەر . هەرکەسیش دو چاری کەم بونی هۆی بەختەوەری و توشی کەندو کۆسپ بێ و نەتوانێ بەسەر گیرو گرفتا زاڵ بێ و سەرکەوێ ئەوە بێ بەخت یا شەقی یە.

بەڵام ئەشێ بزانین کە پایە و بنە رەتی ئەسڵی سەعادەت و شەقاوەت، و یست و لێ بڕان و لێ نەوینی مرۆڤ خۆیەتی ئەوە ئینسان:ئەنزانە،کە ئەتوانێ کەرەستەی پێویست بۆ خۆدوروست کردن تەنانەت بۆ دوروست کردنی کۆمەڵگای خۆیشی ساز بکات. ئەوە ئینسان خۆیەتی کە ئەتوانێ لەگەڵ دارو دەستە و هۆی بێ بەختی و شەقاوەت بکەوێتە ملە بە ملانێ و ملِ بادا، یاسەر بۆ نیرێ دانەوینێ.

پیغەمبەران لایان وا نییە کە سەعادەت و شەقاوەت هات و نەهات لە دڵ و دەرونی ئینسانا بێت یا لە ناو دەرونی بەرەی مرۆڤدا ڕوابن، چونکا تەنانەت کەندو کۆسپی ژینگەو بنە ماڵە و کەلەپورو میراتیش لە ڕاستلێ بڕان و لێ نەوینی ئینسانا شیاوی گۆڕیان و بەراوە ژو کردنن مەگەر ئەوە کە ئەسلی ئیرادە و ئازادی ئینسان:ئەنزان بدەینە دوا و مرۆڤ بە مەحکومی هەل و مەرجی جەبری بزانین و بەختەوەری و شەقاوەت بەزاتی یا بەشتێکی جەبری ژینگە و شتانی وەکو ئەوە دابنین و بزانین کە دیارە ئەم بیرو ڕایەش لە ڕوانگای فێرگەی پێغەمبەران و فێرگەی ئەقڵ و ئاوەزا مەحکومە. هەندێ و تویانە: **کاکڵەی بەختەوەری ئەوە یەکە ئینسان لە ئاخرین پلە و پایەی ژیانا بەئیش و کاری بەختەوەرا نە دوایی بێت. و کاکڵەی شەقاوەتیش ئەویە کە ئاخری ژیانی بە کارو کردە وەی بێ خێرەوە دوایی بێت و** ببڕێتەوە هەندێ تر و تویانە: بەختەوەری بۆ کەسێکە کە لەچارە نوسی خەڵکی تر پەندوە رگرێ

و بیٚ بەختیش ئەوکەسەیەکە فریوی هەوای نەوس‌بخوا و بادی هەوابیٚت.

هەندیٚکیش وتویانە: چار شت هوٚی بەختەوەری و چارشتیش هوٚی بیٚ بەختی ئینسانە.

ئەو چارانەی وا هوٚی هات‌و بەختەوەرین ئەمانەن:

١ـ هاولف و خیٚزانی چاک.

٢ـ خانوی بەرگوشاد.

٣ـ هاوسیٚ‌و دراوسیٚی شیاو.

٤ـ ئەسپ یاکەرەستەی سواری چاک.

**ئەو چارانەی وا هوٚی نەهات‌و بیٚ بەختین ئەمانەن:**

١ـ جیرانی خراپ‌و بەدخو.

٢ـ ژن و خیٚزانی بەدخو یا ماڵ و میٚردی خراو.

٣ـ خانوبەرەی تەنگ‌و بەرتەسک.

٤ـ ئەسپ‌و کەرستەی سواری خراپ‌و تەق‌ولەق و شەق و شڕ.

لەبەر ئەوەی ئەم چوارە لە ژیانی مروٚڤ‌دا نەخشیٚکی گرینگی بەر فرەیان هەیە و هوٚی سەرکەوت یا تیٚشکانی بەرەی ئینسانن،باش پەرە دار بونی واتاو راوەتی بەختەوەری و بیٚ‌بەختی لە ڕوانگای ئیسلامەتی‌دا ڕوناك ئەبیٚتەوە.

**یەک ژنی چاک و ماڵی خوٚش‌و دڵگیر یا یەک ماڵە میٚردی باش. ئینسان بوٚ لای هەمو جوٚرە چاکە و چاکە کردنیک دنە ئەدا.** یەك خانوبەرە و جیٚگاو ڕیٚگایەکی بەرگوشادو خوٚش گیان و بیرو هزری ئینسان ئارام و دڵ خوٚش و سەر خوٚش ڕا ئەگریٚ و ئامادەی ئەکات تا زیا تر تیٚکوشیٚ لە پیٚناوی ئاوەدانی ئاخ و ڕەخی زیٚد و ماڵ و نیشتمانی خوٚی باشتر خەبات بکات و پتروقیٚنەوە.

جیرانی بەدخو بەڵا خوڵقیٚنە، بەڵام جیرانی چاك و شیاو زوٚر بە ئاسودەیی‌وە تەنانەت بوٚ

پێشکەوتن و گەیشتن بە ئامانجگەلی ئینسانی یارمەتی مرۆڤ ئەدا، یەک وەسیلەی سواری چاک و تەیار بۆ گەیشتن بە کاروبار، ئەرک و ئەسپاردەی تاکی و کۆمەلایەتی فرە شۆێنی هەیە، دیارە ئەسپی سواری لەڕو لاوازو دالْ گۆشت یا ماشینی قورازەو شەق و شڕ ئەبێتە هۆی دواکەوتن و دەردە سەریْ چونکا هیچکاتیْ لە کاتی پێویستا ئینسان ناگا بە کارو بارەکانیدا.

پێغەمبەری مەزنی ئیسلام فەرمویەتی: ئەم چارشتە نیشانەی نەهات و شەقاوەتن:

١-گریان نەهاتن و فرمێسک نەڕشتن.

٢-دلْ ڕەقی.

٣-چاو نەزێری و تەماعکاری بۆ خرکردنەوەی ڕزق و ڕۆزی و پوڵ و دراو.

۴-پێی داگرتن و زیادە ڕەوی کردن لە گوناح و تاوان و گوناح کردنا.

دیارە ئەم چوار فەرمودەی پێغەمبەرە ئیختیارین و لە ئاکارو کردەوەی ئینسان خۆیەوە سەرچاوە ئەگریْ و بەم جۆرە دورەوە خستنی ئەم کەرەستانەی هۆی نەهات و شەقاوەتە لە ژێر دەسەلاتی مرۆڤ خۆیدایە.

ئەگەر ئەو هەمو کەرەستانە کە بۆ بەختەوەری و بیْ بەختی لە فەرمودەکەی پێغەمبەرا قسەمان لیْ کرد و هەمو کەس نەخشی گرینگی شوێن دانیانی ئەوانە لە ژیانا ئەزانیْ و هەستی ئەکات لە گەلْ هۆو کەرەستە و نیشانەی پڕو پوچاکە تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەتۆم و تۆزقاڵەزرەو کەموسکەدا تاقمێکی زۆر باوەڕیان پێیەتی بەراوردی بکەین بەم ڕاستەقانییە ئەگەین کە فێر کردنەکانی ئیسلامەتی تاچ رادەیەک ڕاست و بەراورد کراون. هێمان زۆرن کەسانێک کە لایان وایە نالْی ئەسپ هات و بەختەوەری دینیْ و ڕۆژی سیانزە بەدبەختی.

پەڕین و بازە لە باز بە سەر گوڵە ئاگرا لە چوار شەمە سوری دا بە هۆی بەختەوەر بون دائەنێن خوێندنی مامر و مریشک بە شوم ئەزانن، یا هەلاواسینی کوژەکەی شین و سور یا شەوە، بەردە شەوە بە هۆی دورەوە خستنی بەلاو جڕو جانەوەرانی بەئازار دا ئەنێن، یا

ئاو ڕشتن بە شوێن خۆشە ویستانا بەڕوناکایی و باش وشکاندنی کیتەڵەی ڕەش بە شوێن دژو ناحەزانا بە دورەوە خەری بەڵاو گۆڕ بە گۆڕی ئەو دژە ئەزانن.

بە ژێر نەردیوانا ڕۆیشتن بە نەحس و پشمین کە جارێک بێ بەوە دا ئەنین کە دیارە کارە کە یان لێ تێک ئەچێ و نەهاتیانە. **بەڵام دینی پیرۆزی ئیسلام خەتی باتڵی بەسەر گشت ئەم جۆرە کارو باوەڕە: ناشیاوە، نا ئیسلامی یانەدا هێناوە** بەختەوەری و شەقاوەتی ئینسان لە سۆنگەی خوو ئاکار و کردەوەی ناشیرین، ناشیاو، نەگونجاوونەخونجاوی خۆی ئەزانێ، نەک شتیێ تر. هەمومان باش ئەزانین کە سەعادەت و لەزەت: (چێژە) لە ڕوانگای واتاوە زۆر لێک نێزیکن (هەر وەها شەقاوەت و رەنج) بەڵام ئەم دوانە (سەعادەت و لەزەت) مورادیفی (هاواڵ ناو) یەکترنین وە گەیشتن بە لەزەت مورادیفە لە تەک گەیشتن بە سەعادەتی دڵ و دەرون، هەر وەها هەڵگرتنی باری رەنج و دەردو بێ بەختی شەقاوەت نییە چونکا ئەگونجێ لەزەت و چێژیەک رەنج و دەردێکی گەورە بە دوای خویا بهێنێ و ئەش گونجێ رەنج و دەردێک بەر کولێ و سەرەتای چێژەییکی گەورەتر لە خۆی بێت، ئەش گونجێ گەیشتن بە لەزەت و چێژە ببێتە هۆی لە ناو چونی لەزەتی گرینگتر و گەورەتر یا رەنجی ببێتە هۆی نەمانی دەردو رەنجی گەورەتر.

لە گشت ئەم حاڵانەدا واقیعییەتی لەزەت و رەنج پارێزراوە، یانێ: ئاوا نییە کە لەزەت و چێژەیەک بەرگری لە لەزەتیکی گەورەتر بکا یا ببێتە هۆی رەنجێکی گەورەتر و ئیتر بە لەزەت و چێژە نەیێتە ژمار، بەڵام ئاوەها لەزەتێک بە بەختەوەری دا نانرێ، هەر وەکو رەنجێ کە بەرکولێ لەزەتیکی لە خۆی گەورەترە یا بەرگری کارەوەی رەنجێکی گەورەترە بە نەهات و شەقاوەت و بێ بەختی نایەتە ژمارە.

بەختەوەری بە شتێک ئەوترێ کە گەیشتن بەوەهیچ جۆرە پەشیمانێک نەهێنێ، وە شەقاوەت لە شوێنێکایە کە بە هیچ ڕێگایە کا قورسی ئەو لە بەر چاو نەکەوێ. واتا: بەرەی مرۆڤ

واتای: بەختەوەری بۆ مەبەستی ئاخری خۆی هەلبژاردوە، وە واتای: شەقاوەتیش بۆ نوختەی ڕاست ئەو یانیّ: شتێك کە بۆ هەمیشە ئەنزان‌و ئینسان ئەبیّ لەوە دورەوە کەویّ لە بەر چاوی‌گرتوەو هەلّی بژاردوە. بە واتایی‌تر بەختەوەری مەبەستی بیّ هەل و مەرجی‌بەرەی مرۆیەو شەقاوەتیش لە بەر چاوکەوتوی بیّ بەندو مەرجی ئینسانە.

جا لەبەر ئەمە ئەگەر کەسێك یا مەسلەك و ئایینێك بێژیّ: کە من بەرەی مرۆڤ ئەگەیینمە بەختەوەری بەم واتایە: ئەوەی وا من ئیدیعای رابەرایەتی بەرەو لای ئەکەم شتێك نییە کە بتوانریّ باشتر لەوە فەرزبکریّ بەلاّم لەزەت وا نییە، ئەگەر کەسێك ئیدیعای گەیاندن بە لەزەتێکی کرد بەسە، کە بەو لەزەت‌و چێژەیە بگەیینیّ‌چ هۆی رەنجی گەورەتر یا فەوتاندنی لەزەتێکی گەروەتر بیّ یا نەبیّ.

لەزەت‌و چێژە پەیوەندی هەیە بە یەك هێزولێهاتوی تایبەتی ئینسان یا ئاژاڵ بەلاّم بەختەوەری پێوەندی هەیە بە گشت هێزو لێهاتویی‌یەکان و لایەن و رەخەکانی ژیانی ئینسان. لەزەت‌لە سەر خۆش بون یا نا خۆش بون خول ئەخوات واتا: بە تامە یا بیّ‌تامە، مزرە یا تفت‌و سۆیرو تاڵ و ترشە بەلاّم بەختەوەری لە سەر بەرژەوەندی و نا بەرژەوەندی ئەگەریّ. چێژەو لەزەت پێوەنی بە زەمانی حاڵ و ئێستاکە وە هەیە، بەلاّم بەختەوەری بە زەمانی حاڵ‌و ئایەندەوە یەکسان پێوەندی لە پەل هاویشتن و پەرەدان دایە،رەنج و لەزەتی هەر رەخە لە رەخەکانی هەبونی ئینسان بە چەشنی سەر بەخۆ ئەگرێتەوە، بەلاّم بەختەوەری هەمە لایەنی و گشت رەخانی‌یە.

جا هەر لە بەر ئەمەیە دیاری کردن و جیاکردنەوەی لەزەت لە رنج ئاسانە بەلاّم جیاکردنەوە و دیاری کردنی بەختەوەری لە نوختەی راستەو خۆی (بیّ بەختی) سەختە. بەلّکو لە بابەتێکیشەوە ناگونجیّ. یەك زانای رەوان وگیان ناس کە تەنیاکارو باری گیان ناسی ئەزانیّ، ئەتوانیّ لە بابەت لەزەت‌و و رەنجەوە قسە بکا و بیردەربریّ بەلاّم بیر دەربڕین لە بابەت

سەعادەت و شەقاوتەوە ئەرک و ئەسپاردەی یەک فیلەسوفەکە ئەڵێ: جیهان و ئینسان و کۆمەڵ ئەناسم.

وە نۆعِی بیرو ڕا دەربڕینی ئەو هۆزانە سەبارەت بە سەعادەت و شەقاوەتەوە پێوەندێکی تەواوەتی بە نەوعی جیهان تێ ڕوانی و ئینسان ناسی ئەو هەیە. لەم ڕێگایەوە یەکە پیشنیاری هوزانڤان سەبارەت بە سەعادەت نەزیلەی عاسمان و ڕێسمانە و جیاوازیان زورە.

یەکێک بەختەوەری زیاتر لە بە دەس هێنانی لەزەتا و یەکێکی دیکە لە تەرکی لەزەت و مراندنی ئیرادە ئەزانێ. یەکێک بە کارو باری ئەنبوژنی و مادی ئەڕوانی و یەکێ‌تر سەرنج ئەداتە کار و باری گیانی و ڕۆحی یەکیک دەموکات و سات بە دەرفەتدا ئەنی و یەکی‌تر ئاخر بینی ئەکاتە دروشمی خۆی. بەلاّم لەزەت و ڕەنج هەرۆەکو بەدیهاتوی تایبەتی نەفسانی و دڵ و دەرونین ئەکەونە ژێر چاوە دیری جەرباندنو تاقی کردنەوەی کردەوەیی، زور بە ئاسانی یەکیەتی بیرو ڕا سەبارەت بەوانە پێک‌دێ.

هۆی ئەمەکە زوربەی خەڵک باوەکو هەمو ئەلین بەختەوەریمان ئەوێ بە دوی کاری جیا جیادا ئەرون و ڕێگای جیبا جیبا بۆگەیشتن بەو ئامانجانە هەڵ دەبژێرن ئەمەیە کە جۆری تێفکرینی تاکە تاکی ئەوانە و یا فێرگە و ئایینێ کە پێوەندی‌یان پیەوە هەیە و بڕوا و باوەڕیان پێی‌یەتی لە بارەی ئینسانو جیهانەوە جیایە. دیارە ڕەخێ تریش هەیە لەگەڵ دیاردەو ئاماژە کردن بەمەکە ئایا سەعادەت موتڵەقە یا نسبی‌یە قسەی لێو دەکەین.

ئایا ئینسان بە خۆ کرد بەختەوەر ویستە؟ لەو جیاوازی‌یەی وا لە نێوان لەزەت و بەختەوەری‌دا دەرمان خست، دیاری ئەداکە لەزەت یەک بُعْدِی ورەخی‌یە، بەلاّم بەختەوەری هەمە ڕەخی‌یە، لەزەت یەک حالەتو پەدیدەو بەدیهاتوی تایبەتی دەرونی‌یە و شیاوی ئاماژە کردنی ویژدانی هەیە. بەختەوەری یەک واتای گشتی دانراوی‌یەکە لە بەراورد کردنو جەمع و تەفریقی گشت لەزەت و چێژە و ڕەنجو دەردێک پەیا ئەبێ. واتای بەختەوەری لە بەر ئەوەی

بۆ بەرەی مرۆڤ پەیا بو کە ئەتوانیٚ لە چیژەو رەنجا پیکەوە بەراورد بکات و بُعْدُو رەخە جیا جیاکانی بگریٚتە ژێر چاوەدیری رێگایەک بگریٚتە بەر کە بە تێکرایی زیاتر و تەواوتر لە چیژەو خۆشی کەڵک وەرگریٚو رەنج و دەرد بگەیێنیٚتە پلەی نوختە وصفر یا بیگەیێنیٚتە ئەو پەری سنوری کەم و سوکی بەڵام لەزەت یەک حاڵەتی تایبەتی گیانی و دەرونی یە و پێوەندی بە هێدیو هێمنی یەک شت یا یەک هێزو یەک لێهاتویی٘وە یا یەک ئەندامی ئینسانەوە هەیە جا لە بەر ئەمە ناسین و جیاکردنەوەی لەزەت و رەنج بە خۆکرد و غەریزەوەیە.

بەڵام ناسینو جیاکردنەوەی سەعادەتو شەقاوەت لە یەکتر بە غەریزەو بە خۆکرد. نییە بەلکو بە ئاوەزو ئەقڵە، چ ئاوەز راستە و خۆ بڵێ ئەیناسم و جیای ئەکەمەوە یارێ نیشاندەری ئینسان بێت لە سۆنگەی فێرگەو ئایینێکەوە کە ئەو فێرگەو ئایینە رێ نیشاندەری راستەو خۆی بەختەوەری و سەعادەتە. هەر جۆر بێت بەختەوەری غەریزی نییە.

جا لەبەر ئەمە کە ئەوتریٚ هەرکەس بەخۆکرد بەختەوەری ویستە و هەمو خەڵک ئەچیٚ بە دوی سەعادەتا راست نییە، ئەوەی کە هەمو خەڵک بە دویدا ئەچیٚ لەزەتو چێژەیە، تەنیا ئەوکاتە ئەتوانین بڵێن: کەسێک بە دوی بەختەوەریدا ئەروا جا چ راستڕوا یا خوار کە لە راستیا دانیشتبیٚ و لێکیدا بێتەوە و سودو زیانی پێکەوە هەڵ سەنگاند بیٚ و لە نێو ئەوانە دا رێگایەکی هەڵ بژارد بیٚ. کە وا بو لە وەرامی ئەم پرسیارە داکە ئایا ئینسان بەخوکرد بەختەوەری ویستە ئەبیٚ بڵێن: ئەگەر مەبەست ئەمەیە کە هەموی خەڵک بە دوی گوم بەری بەختەوەریدا ئەرون شتێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە ناسینو جیاکردنەوە دا بەلای زۆرەوە توشی هەڵە ئەبن، راست نییە چونکا زۆربەی خەڵک لە دڵ و دەرونی خویان پەیرەوی ئەکەن نە لە ئەقڵ و ئاوەز و چێژە و لەزەت ویستن نە لە بەختەوەرییەوە ئەگەریش مەبەست ئەمە بیٚ کە ئەقڵ و ئاوەزی ئینسان بەختەوەری ئەو ئەناسیٚو دیاریو نیشانەی ئەکا لە روی سرشتەوە بە دوایدا ئەچیٚ، ئەمە مەبەستێکی دروستە.

به‌خته‌وه‌ری و ئاره‌زو

دیاره هه‌ر که‌سێک یه‌ک زنجیره ئاره‌زوگه‌لێکی هه‌یه و زۆر تامه‌زرویه‌که به‌وانه بگا جا ئه‌گه‌ر به‌و که‌سه بگوترێ به‌خته‌وه‌ری خۆت بێژه بزانین که له‌چ شتانێک دایه تابوت ساز بکرێ ئه‌و که‌سه هه‌ر کارو نیاز و ئاره‌زوه‌کانی خۆی به زمان هه‌ڵده‌ریژی و دوپاته‌یان ئه‌کاته‌وه وده‌ریان ئه‌خاته ده‌ره‌وه. هه‌ندێ که‌س وای دائه‌نین که به‌خته‌وه‌ری بریه‌تی‌یه: له‌گه‌یشتن به ئاره‌زو و سه‌رکه‌وتن‌و به‌ده‌س هینانی مه‌به‌ستی پێویست. وه هه‌ر که‌سێک که به ئاره‌زو و، مه‌به‌سته پێویستیه‌کانی خۆی گه‌یشتبێ به به‌خته‌وه‌ری ته‌واوه‌تی گه‌یشتوه هه‌ر که‌سیش که به هیچ ئاره‌زویه‌ک له ئاره‌زوه‌کانی خۆی نه‌گه‌یشتبێ به‌دبه‌ختیکی ته‌واوه و هه‌ر که‌سیش که به هه‌ندێک له ئاره‌زوه‌کانی خۆی گه‌یشتبێ هه‌ر به‌و نیسبه‌ته‌که به ئاره‌زوی خۆی گه‌یشتوه به‌هه‌ندێ له به‌خته‌وه‌ری یه‌کانی خۆی گه‌یشتوه.

نه‌تیژه: به‌خته‌وه‌ری ئینتهاکه‌ی له‌م بیچمه‌ڕاگه‌یندراوه، که وابو (زرینگ) سته‌مێکی نه‌ته‌نیا سه‌باره‌ت به‌و (نازرینگ) نه‌کردوه به‌ڵکو تازه ئه‌و په‌ڕی خزمه‌تیشی به‌م چینه (نازرینگ) ه ناموره‌فه‌کردوه.

به‌ڵام ئه‌گه‌ر بێژین: به‌خته‌وه‌ری بریه‌تی‌یه: له‌گه‌یشتن به‌و په‌ری خۆشی گونجاو وه دوره‌وه خستنی زۆربه‌ی ره‌نج یاگه‌یاندنی پله‌ی ده‌ردو ره‌نج به نوخته‌ی ئاخر به واتایێ‌تر ئه‌گه‌ر بێژین به‌خته‌وه‌ری بریه‌تی‌یه: له فیعلیه‌ت گه‌یشتن به هه‌مو هیزو لیهاتوه‌کانی مادّی و مه‌عنه‌وی وجودی ئینسان، وه دور خستنه‌وه‌ی زۆربه‌ی به‌ر هه‌لست‌و دژواری و د ژایه‌تی ئه‌وانه‌که هه‌ر ئه‌وانه‌ش ئه‌بنه هۆی ده‌ردو ئازار چ ئینسان خۆی به هه‌بونی ئه‌و لێهاتوی‌یانه ئاگادار بێ یا نه‌بێ‌وه چ بزانێ که جیهانی ئافه‌رینیش هه‌ل و مه‌رجێکی تایبه‌تی بۆ ئه‌و ساز کردووه که له ریگای ئه‌و لێها تویانه‌وه به به‌خته‌وه‌ری به‌گا یا نه‌زانی لیره‌وه ئه‌بێ بێژین: هه‌رچه‌ند چینی

زرینگ و چروسینەرو چەوسینەر توانیویەتی رازی بونی چینێ تر ساز بکات‌وە هەرچەندە ئەم چینەش وا ئەزانی گەیشتونەتە بەختەوەری کامڵ لە هەمان کاتا هەندێ لە بەختەوەری ئەم چینە بە هوێ چینی زرینگ کورۆسێنرا وەتەوە و رفێندراوە یانی چینی زرینگ ملهوری و ستەم و زوڵمی لە چینە کەی‌تر واتا: چینی نا زرینگ کردوە.

بەڵکو زوڵمێک‌کە بەم جۆرەیە لە ستەمێک‌کە هۆی نارازی بونی ئەو چینەیە زۆر ناحەزو کرێت‌ترە چونکا ستەمێک کە ئەو کەسە یا ئەو کەسانە هەستی پێ ئەکەن وەکو نەخوشێکی دەردەدارە کە هەستی دەردەداری نەخۆشەکە بە جولە جوڵ ئەخات کەبڕوا چاری بکات بەڵام ستەم بە چەشنی بەرو وەکو نەخوشێکی بێ دەردە کە هەرگیز نەخۆش‌لە بیری چارەی‌دا نییە کە لای بات ئەو پەری خزمەت‌و راژەیەک کەچینی زرینگ و «مورەفەه» بەم چینە نازرینگەی کردووە؛ئەمەیە کە لەبەر ئەوە رازی کردون دەردو ئێشی ئەوانی لە ناو بردوە بەڵام، بەختەوەری تەنیا «ئاسودەیی» وەبێ دەردوئێشی نییە بەختەوەری یەک واتای عەدەمی (نەبونی) بە واتای نەبونی رەنج و دەردنییە بەختەوەری پێی ڕاگەیشتنی هەمو لایەنی خۆشی و رەحەتی و سودو چێژە و لە زەتگە لە. بەڵکو هەر وەکو وتراوە: ئەم جۆرە دەردەداری یانە لە گەڵ دەردەداری لەش و لاری وەکو چاوێشەدیانێشە (ددان ئێشە) بەراورد نا کرێن و ناتوانرێ لابردنی ئەوانە بە خزمەت وراژە دابنرێن.

ئەم جۆرە دەردەداری‌یە لە سۆنگەی بێداری و وشیاری کومەڵەوەیە،سوک‌کردن بەم جۆرە خۆی جرم و جینا یەتێکی ترە،خوزیا و بریا و زاری لە نەخۆشی‌دایە،کاتی نەخوشی هەموگیان و لەش‌لە بێداری دایە.

هەر کەسێک بیدارترە پڕ ئۆف‌ترە

هەر کەسیش وشیارترە ڕوسورترە

سا بزانە ئەم بنەرەتە ئەی ئەسلْویست

هەر کەسێک دەردە دارترە ئەو بڕندەترە

**بەشە کانی بەختەوەری:**

بەختەوەری ئەگەر بیدەینە پاڵ ئینسان کە هەویرێکە لە لەش وگیان ئاوێتە بوە، هیچ بەش و کەرتێکی نییە لە یەک شت زیاتر هیچی لە گۆڕا نییە. بەلاّم ئەگەر لەش و گیان جیا دابنێین دیارە بەختەوەری ئەبێتە دو بەش: بەشی لەش و بەشی گیان. بەختەوەری لەشی بریەتی یە: لە پێ ڕاگەیشتنی هەمە لایەنە و کامڵی لەزەت و چێژەی لەش و لاری بە لە بەر چاو گرتنی مادەو هێزو وزەو کەم و کوڕی لەزەت و چێژەو دورەوە خستنی ئەو پەری دەردو رەنجی لەش و لاری.

بەختەوەری گیانی و رۆحیش بریەتی یە: لە پێی ڕاگەیشتنی هەمە لایەنە و کامڵی لەزەتی رۆحی و گیانی، وە دور خستنەوەی ئەو پەری دەردەداری رۆحی و گیانی.

وە هەر وەهاش ئەتوانرێ بەختەوەری هەر ئەندامێک لە بەختەوەری ئەندامیێتر جیا بکەینەوە و بەختەوریش سەبارەت بە وزەو هێزو ئەندام دا بەش بکەین: بەختەوەری دیتن: (چاو) بەختەوەری بیستن یا «گوێ». بەختەوەری ئاوەز یا هێزی ئاوەزی وهی‌تر. بەلاّم هەر جۆر بێت بەختەوەری لە لەزەت جیایەو ئەو نییە، بەختەوەری دیتن لە گەڵ چێژەو لەزەتی دیتنا جیایە.

ئەگونجێ شتێک بۆ دیتن لەزەت و چێژە بێت بەلاّم لەو بارەوە کە خودی دیتن و چاو هۆی زیان بێت بە بەختەوەری نەیێتە ژمارە، واتا: بەختەوەری بدەینە پاڵ هەر شتێک یا نیسبەتی بدەینە پاڵ ئەم مرۆڤ یا ئەو ئینسان نابێ لایەنی هەمە لایەنی ئەوە لەبەر چاو نەگرین. بەراوەژوی لەزەت و چێژە واتا: ئەتوانین لەزەت و چێژە بدێنە پاڵ ئەم شتەی ئەو چتە کە.

پلەو پایەی بەختەوەری:

هەر وەکو لەزەت و رەنج کە، مەبنای ئەسڵی سەعادەت و شەقاوەتن پلەو پایەیکیشیان هەیە وە تاکەکانی بەرەی خەڵک سەبارەت بە وزەی وەرگرتنی لەزەت و چێژە لە یەک پلەو پایەدانین بۆ وێنە پلەی لەزەت و چێژەییک کە یەکێک لە زانست یا عیبادەت یا جوانی و خوشیکی یا چاکەوکار چاکی، وەتەنانەت لە خورد ن و خوردانە وە تێکەڵی لەگەڵ ژنا (تێکەڵی ژن و پیاو) تەنانەت تێکەڵی پیاو لە تەک کچ و ژنی جوان و جەوانا لەزەت و چێژە زیاترە تا لە تەک ئافرەتی پیرو پاتالا، چونکە کچ و ئافرەتی جوان نوری زور ترە- هەر لە بەر ئەمەش لەزەتی تێکەڵی لە تەکیا زیاترە. دیارە لە سەر بەڵێنی شێخی ئیشراقی کورد، تێکەڵ بون لەگەڵ ئافرەتی جوانا لەگەڵ تێکەڵ بون لە تەک ئافرەتی پیرا پلەو پایەی لەزەت و چێژەیان زۆر لێکتر جیان.

یەکێک یەک لێهاتویی لە بیچمێکی بەهێزدا هەیە، یەکێکی تر کزو بێتین ئەو لێهاتوییەی تێدایە واتا: ئەو لێهاتوییەی زۆر کەم تێدایە کە وابێ بەرەی مرۆڤ لە باری هەبونی وزەوهێز و لێهاتوییەکانی خۆرسک و خۆکردی جیا ئافەردیدە کراون، جا هەر لە بەر ئەمە گەیشتن بە چێژەو (لەزەت) و بەختەوەری جیان. سالەم روانگایەوە پلەو پایەی بەختەوەریش لێک جیان وە تاکی بەرەی مرۆڤ لە یەک پلە لە بەختەوەری‌دا نین، تازە سەرە ڕای ئەمانەش هۆی لاوەکی و دەرەوەیی کە لێهاتویەکان بەکردەوەو فیعلییەت ئەگەینێ وە یا بەر هەڵست بۆ رەنج و دەرد پێک دەهێنێ بۆ هەمو کسێک یەکسان ساز نابێ،دیارە بەختەوەریش کە بەم هۆیانەوە پێوەندی هەیە جیایە بەختەوەری ئیستیفای هەمە لایەنی‌یە ئەم سود وەرگرتن و ئیستیفای هەمەلایەنی‌یەش ئەگونجێ ئاوەها نەبێ، لێرەدایە ولەم‌بارەوەیە، بۆ سەعادەت و بەختەوەری پلەو پایەییک پەیا ئەبێ.

لەوەی تائێستا باس‌کرا دەرکەوت کە بەختەوەری پێوەندیکی تەواوەتی بە

بزوتنەوەو سەیری پیگەیشتن و گەیینی ئینسان بە کەمالاتێکە کە بیلقوە هەیەتی. سا بەختەوەری پێوەندی بە بزوتنەوەی مرۆڤ خۆیەتی خۆیی بەڵکو ئەتوانین بێژین: بزوتنەوەو جمو جوڵ لە ملایەوە خۆی بەختەوەری یە، هۆیی گەیشتن بە کەماڵ واتا: بەختەوەری خۆیەتی بەختەوەری و کەماڵ هاوماڵ و هاواشان و هاورِ کێفی یەکن. ئێستە ئەتوانین بە یەک واتا و بیریکی بەرزتر لە بابەت بەختەوەری یەوە نیزیک بکەینەوە. بەختەوەری و بونەوەری و وجود هاوماڵ و هاوشانو هاورکێفی یەکترین بژمیرین، هەر بونەوەرێک بە گۆیرەی گونجایشیِ خۆی و دەرەتانێ کە هەیەتی لە بەختەوەری سود وەر ئەگرێ، گونجایش و دەرەتانی هەبونیِ هەر بونەوەرێک بەگۆیرەی نێزیکی ئەوە لەکەوانەی نزمی یاکەوانەی بەرزی بۆلای سەر چاوە و بناوانی بێ برِانەوەی هەبون و هەبونیدەر کەخودایە، دیارە بونەوەران بەو پێیەی والە سەر چاوەی بێ برِانەوەی هەبونی دەر نێزیکن لە بەختەوەری سود وەر ئەگرن، وە هەر بەوپێیەی وا لەو دورن توشی بێبەختی دێن.

لێهاتوی مرۆڤ بۆگەیشتن بە بەختەوەری راستەقانی بەو هەمو نوێنگە جیا جیا یانەی وا هەیەتی بریەتی یە: لە لێها تویی بۆگەیشتن بە پلەو پایەی قوربیِ ئیلاهی. (**يَا أَيُّهَا الْإِنْسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَاقِيهِ**)[1]. واتائەی ئینسان، تۆلە تەقالاییکی پرِ ماندو بونایی بۆگەیشتن بە خوای خۆت، سا پێی ئەگەی.

**هۆیی بەختەوەری:**

لەو قسەو باسە گرینگانەیە بەڵکو لە روانگای راستییەوە گرینگترین قسەو باس سەبارەت بە بەختەوەری باس و قسیە کردنە لە بابەت سۆنگە و هـویەکـانی بـەختەوەری. لیـرەدا چـەن پرسیارێک هەیە وەکو:

١ـ ئایا لە بنەرەتا هۆ یا ئەو هۆیانەی وا لەراستیدا مرۆڤ بەختەوەر ئەکەن هەن یا

[1] ـ ئایەتی ٦ سورەی ٨٤ الانشقاق

بەختەوەری لە خەونو خەیاڵ بەو لاوە شتێ‌تر نییەو لە جیهاندا ئەوەی وا ئـافەریدە کراوە دەردو رەنج و توشیو بێ‌بەختیو ماندو بون و رەنجە رویی و رەنج بەخەسـاری و هۆیەکانی ئەوانەیەو بەس. هەروەکو ئەزانین کورێ زۆر لە فەلاسیفەی قەدیمو جەدیدی جیهان بەدبینیان کردۆتە دروشمی خویان وئاوابیر ئەکەنەوە. دیارەکە ئەم جورە بیرکردنەوەیە لەگەڵ فەلسەفەی ئیلاهیدا شیاوی بەرانبەری کردن و بارتەقایی نین، لە نێوان فـەلاسیفەی ئیلاهیدا لەم جۆرە کەسانە پەیا نابن بەڵام فەلسەفەی مادی وئەبوژەنی لە داوێنی خۆیدا لەم جۆرە کەسانەی زۆر پەروەردە کردوە، ئێستا دەرفەتی قسەکردن لەم جۆرە مەبەستانە نییە.

٢ـ ئایا هۆی بەختەوەری تەنیا یەك شتەو ئینسان ئەبێ ئەو تاقە شتە پەیا بکات یا ئەوەیەکە بەختەوەری لە بارمتەی چەن هوو سۆنگە دایە؟

٣ـ ئایا ئەو [illegible] انا بە نهێنی هەیە یا لە جیهانی دەرەوەیە و ئەبێ لە دەرەوەی و جودی خۆی بۆی بگەرێ؟ و یا بە شێ لە هۆی دەرونی و بەشێکیش بیرونی و دەرەوەیی یە؟

٤ـ ئەگەر هەمو ئەو هۆیانە یا هەندێ لەوانە لە خودی ئینسانا نهێنی بێت ئایا لە لەش و لار و هێزی لەش دایە یا لە گیان و هێزی گیانی دایە؟ و یا هەندێکی لە لەشاو هەندێکیش لە گیانایە؟

ئەمانە مەبەستگەلێکی زۆرن کە شیاوی قسەن و قسەش لە بابەت ئەوانەوە فرە گوتراوەو کورتەی هەمو ئەوانە ئەمەیە کە سەر چاوەی بەختەوەری لە ناو دەرون و هەناوی خۆتا ئەبێ بدۆزیتەوە، زۆربەی ئەم خودان بیرانە بەختەوەرییان بە ئاسودە بون لە دەردو رەنج داناوە. وە رایان گەیاندوە تیکلاوی لە تەك جیهانی دەرەوەیی دا ئەبێتە هۆی دەردو رەنج. وە هەرچی ئینسان زیاتر خۆی لە جیهانی دەرەویی بێ نیاز بکات و پێوەندی خۆی لەگەڵ دەرەوەدا ببری لە بەختەوەری کە بێجگە لە رزگاری لە رەنج شتێك نییە زیاتر سودو کەڵك وەر ئەگرێ.

لە فەلسەفەو تەسەوفی هێندی و بیرو هزری بودا و هەروا لە فەلسەفەی فەلاسیفەی کەلبی یونانکە (دیوژین) ناودارترینی ئەوانەیە، وە هەروا لە بیرو هزری مانی و پەیرەوانی ئەو بەم جۆرە بیرو هزرەوە زیاد ئەبینین. بە داخەوە ئەم جۆرە هزرە کە لە بەدبینی فەلسەفی یەوە سەرچاوە ئەگرێ و لە تەك تەوحیدی ئیسلامەتیدا زۆری دژایەتی و جیایی هەیە لە سۆنگەی تیکلاوی و بلاو بونەوەی هزرو بڕوای نەتەوەگەلێك کە بەم جۆرە بیرو هزریان ئەکردەوە لە نێو موسوڵمانانا بە نێو تەقوا و خۆ پاراستن و تەرکی دنیا وە یا بە ناو دەروێش و سۆفی بونەوە کەوتە برەو، و وەها وزەی گرت کە لە بەر چاوی هەندێ لە خەڵك بێ سرنجدان و تێ روانین کەوتە ریزی پێدا ویستەکانی ئیسلامەتی یەوە.

تاقمێ‌تر سەر چاوەی بەختەوەری بە جیهانی دەرەوە ئەزانن و ئەڵێن: ئینسانو ئەنزان بەشێکە لەم جیهانە و لەژێر شوێن تێکردنی هۆیەکانی ئەم جیهانەدایە و کەوتۆتە ژێر شوێن تێکردنی هۆیەکانی جێهانێ کە ئینسان ئەتوانێ بەژیانی خۆی درێژە بدات‌و لە لەزەتو چێژە سود وەرگرێ، ئەوەی وا ئینسان لە لایەن خۆیەوە هەیەتی هەژاری و نیازە، لەزەت‌و چێژە لە بەر جۆرێ وەرگرتنی شوێن تێکردنی ئەسەبی کە لە هەندێ هۆی مادی و ئەنبوژەنی‌یەوە پەیا ئەبێ وەکو شوێن تێکردنێك کە ئەعسابی چاو لە دیتن‌وە ئەعسابی زارو زوان‌و دەزگای هازیمەلە تەماس لە تەك خۆراکا و ئەعسابی لەمسی لە ساوانی لەمس کردنی ژن و مێرد لە یەکترین‌دا، پەیای ئەکەن تەنیا شتێك کە ئەتوانین بێژین لە دڵ ودەرونی ئینسانەوە هەڵدە قوڵێ دەردو رەنجە، کە لە سۆنگەی کەم بونی خۆراك یا کەم بونی شتێ‌ترەوە پەیا ئەبێ و سەر هەڵ ئەدا.

بە بڕوای ئەم تاقمە بەختەوەری لە سەتاسەت پێوەندی لەگەڵ هۆی دەرەوەیی‌دا هەیە. بەڵام بێ بەختی و رەنجەرۆیی ئەگونجێ هۆی ناوەوەیی هەبێ واتا: لەکەم و کوری نیازگەلی مادی و ئەنبوژەنی‌یەوە پەیا بێ و ئەشگونجێ هۆی دەرەوەیی بۆ بێت وەکو رەنجێ کە مرۆڤ لە

سۆنگەی لێدان، زیندان بون یا زەوت کردنی مافی خۆی لە لایان نەیارانەوە توشی دێ.

مادی مەسلە کان لە بابەت هۆ یا هۆیە کانی بەختەوەری دا ئاوا بیرو را دەر ئەبرن.

بیرورایێکی سێهەمیش هەیە و ئەویش ئەمەیە کـە بـەختەوەری تەنیـا لە دڵ و دەرون یـا دەرەوەزانین توندرەوی یە، ئینسان نە و ایە کە بتوانێ لە هویە کانی دەرویی بێ نیاز بێت و بێ یارمەتی خواستن لەوانە بگاتە کە ماڵ و بەختەوەری (بەزاراوەی فەلسەفی مرۆڤ بونەوە رێکە موستە کفی بەزات و باتنی زاتیش نییە) مرۆڤ نەوایش وە چەو دوکەڵ دوکەڵە (:طُفَیْلِی یە) کە هەمو خۆشیە کانی ئەبێ لە دەرەوە دابین بکرێن. ئینسان دڵ و دەرونی پڕ و تەژی یە لە چێژەو لەزەت کە ئە گەر بتوانرێ ئەوانە هەڵە نجێنن لە چێژەو لە زەتی مادی و ئەنبوژەنی دەرەوەیی پڕ مایەترو گەورەترو بێ نیاز کارەوەترە.

ئەم هزرو رایە نادوروستە کە لەزەت و چێژە تەنیاوە تەنیا لە نەتیژەی شوێن تێگردنی مادی عەسەبی پەیا ئەبێ و سەر هەڵ ئەدا ئە گونجێ چێژە و لەزەتیک بۆ ئینسان پەیا بێت کە هیچجۆرە ریشەی مادی و عەسەبی نەبوبێ و لە تەک سۆنگە کـانی دەرەویـی مـادی و ئـەنبوژەنیشدا پێوەندێکی نەبوبێ.

لێرەدا ناتوانین لە پلەی نەفی یا ئیسبات و هێنانەوەی بەڵگە بۆ ئەم قسە راوەستین. زانایانی رۆحی پەیرەوی ئەم بیرو رایەن. خوا ناسانی مەزن تەقەلا یان داوە کە ئەم جۆرە چێژانە بناسێنن و لەزەتی ئەنبوژەنی لە راست ئەم چێژانەدا بە کەم دا بنێن بە بڕوای خـوا نـاسان ئینسـان بـە جۆرێکی وەها بونەوەرێکی رەسەن و ئەصیلە کە خۆی ئەتوانێ بۆ خۆی کۆزانێک لە چێژە بێت بەڵکو زریایێکی بێ بن لە بەختەوەری بێت.

زۆر بـــەد نـــمە کـــین ورێ نەنـــاسین

نـــانی تـــۆ دەخـــۆین و بێ سپـــاسین

ئــەی خــوایــە بــە دڵ نــەزانــە شــەپۆل

خــۆت فــێری سپــاسی کــەی بــە پــۆل

زۆربەی زانایانی جیهان بەختەوەری هەم بە پێوەندیدار بە هۆیەکانی دەرونیو هەم بەهی دەرەوەیی ئەزانن هەرچەند لە دیاری کردنی پلەی نرخاندن و دەس تیّ وەرداني هۆیەکاندا جیا جیایی بیرو رایێ زۆریان هەیە.

ئەرەستو هۆی بەختەوەری ئەکاتە سێ بەش: دەرەوەیی، لەشی،گیانی، وە هەر یەکە لەو سیانە لە سێ هۆدا کورتی کردونەتەوە، بەم جۆرە:

١ـ هۆی دەرەوەیی: سامان و دارایی، پلە و پایە، خزم و کەس و کار

٢ـ هۆی لەشی: ساغ بون، هێزو وزە، خوشیکی.

٣ـ هۆی گیانی: حیکمەتو رێئۆنی، دادگری، دلێری و نێری.

دیارە ناتوانین هۆیەکانی بەختەوەری تەنیا بەوانە دانین کە ناومان بردن لە هەرکامە لەو سێ بەشەی سەرەوە ئەتوانین هۆی تریش بهێنینە ژمار وەکو ژینگەی کۆمەلأیەتی یارمەتی دەر بۆ پێشکەوتن، ئازادی، لە ئەمانا بونی ژینگەی خۆرسکو خۆکردی و جوگرافیایی یارمەتی دەر.

رەچەڵەکی بەرزو پەسەند، منالّ و زارولّە، خێزانی شیاو، دۆستی خوێن گەرم و نێزیك (لە هۆیەکانی دەرەوەیین) دەنگ و ئاوازی خۆش، کاروئیش، چاکەو چاکە کردن و پیاوەتی (لە هۆیەکانی لەش و لارن). بڕوا و ئیمان، سزنج دان و دلّ نەرمی بەرزو باش هەوالّ، ساغی گیانی، لێبرانی قەوی، لێهاتوی هونەری و فەن و فوتی و شتانی تری وەکو ئەوانە (لە هۆیەکانی گیانین).

هەندە، هۆیەکی بەختەوەری هەیەکە لە نێوان گیانو لە شاهاو بەشە، وەکو: عیبادەت، هەندێ لە نێوان گیان و لەشو دەرەوییدا هاو بەشە، یانیّ: پێوەندی بەگشت ئەمانەوە هەیە وەکو پەراوەو کتێب.

**دور نمایەک لە یەک زنجیرە قسیەو باس**

لێرەدا قسیەو باسی تریش هەن کە لە بەر درێژ دانە درین لە راڤە کرنی ئەوانە خۆ رائە گرین وەکو: نرخاندن، پلەو پایەی دەس تیوەردانی هۆیەکان یانێ: کێهە هۆ، هۆی یەکەمە و کێهە هۆ، هۆی دوومە، بە واتایێ‌تر لە سەتا سەتی ئەم هۆیانە چەندەیە،کێهە هۆ یەک لە سەتایەو کێهە دەلە سەتە و یا زیاترە؟

یەکێ‌تر ئەمەیە کێهە هۆ لە مەرجەکانی ستونی بەختەوەری دێتە ژمارە کە بە نەبونی ئەوانە بەختەوەری دابین نابێ.

یا کێهە هۆو مەرجێکە کە بە ستون نایێتە ژمارە وە هەبونی ئەو هۆیە کەماڵ و پلەو برەوی بەختەوەری، بەختەوەری زیاد ئەکات بەڵام نەبونی ئەو هۆیە بەختەوەری ناکاتە بێ بەختی و نەهات.

یەکێ‌تر ئەمەیە کە کێهە لەو هۆیانە هۆی راستەو خۆن و کێهە راستە و خۆنین؟ یانێ: هۆی: هۆن.

یەکێ‌تر ئەمەیە کە ئایا هۆیەکانی بەختەوەری‌لەگۆڕانان یا سابتن؟ واتا: ئایا یەک‌شت کە لە یەک زەماندا بۆ مرۆڤ هۆی بەختەوەری بێت لە هەمو رۆژگارێکا بەوجۆرەیە و هەر واشە یا ئەگونجێ یەک‌شت لە یەک زەماندا هۆی بەختەوەری بێت بەڵام زەمانێ‌تر هۆی بەختەوەری و هات نەبێ بەڵکو هۆی بێ بەختی و نەهات بێت؟

ئایا ئەگونجێ بۆ بەرەی مرۆڤ یەک بەرنامەیێک هەبێ کە هەمو جۆرە بەختەوەرێک بگرێتە بەر، هەر چەندە لە سۆنگەی وەحی و نبوەتەوە بێتە گۆڕێ کە بۆ هەمو زەمانێک بەس بێ؟

یا لە بنە رەتا ئاوەها شتێک محاڵە؟ ئەوانەی دژی ئەدیانن لەم رۆژگارە دا ئەم قسە دەهێننە گوڕێ و ئەبێژن کە ئەدیان لە رابوردودا هۆی بەختەوەری و سەرکەوت و پێشکەوتی بەرەی

مرۆڤ بووە بەڵام لەم رۆژگارە دا بەر ئاوە ژوی رابوردو هۆی بەد بەختی و چارە رەشی و دوا کەوتن و نزم بونەوەیە. ئەم باسە لە روانگای دینی پیرۆزی ئیسلامەوە بە تایبەت کە دوایی هێنەرو جوانی ئەدیانە و داب و دەستورە کانیشی بۆ گشت زەمانێکە زیاتر جێگای تێ روانین و سرنج و لێکۆڵینەوە.

لەمەدا کە هەندێ هۆی بەختەوەری ئەگۆڕێن و لە گۆڕاندان هیچ شکێک نیە هەر وەکو نەگۆڕانی هەندێکیان هیچ شکێک نیە، بەڵام ئەبێ پێ و دانیک بەدەس بهێنین کە چ هۆیەک یا هۆگەلێک ئەگۆڕێن وە چ هۆیەک ناگۆڕدرێت؟ وە ئایا ئەتوانین بێژین هۆی راستە و خۆی بەختەوەری سابتە و هۆگەلی هۆی راستەو خۆ لە گۆڕاندان وە داب و دەستوری تا ئەو شوێنەی کە پێوەندی بە هۆگەلی راستەو خۆوە هەیە سابت و ناگۆڕدرێ، وە تا ئەو شوێنە کە پێوەندی بە هۆگەلی هۆیە کانەوە هەیە ئەگۆڕدرێ وە ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە موقەرەراتی ئیسلام لەم باسەوە قسە بکەین قسە و باسێکی بەر فەرە دێتە گۆڕ.

ئەشێ بزانین کە ئایا بەختەوەری موتڵەقە یا نسبی یە؟ ئایا شتێک کە هۆی بەختەوەری یە بۆ گشت تاکێک و بۆ هەمو نەتەوەیێک و لە هەمو مەڵبەندێکاوە بۆ هەمو نیژادو رەچەڵەیەک یەکسان هۆی بەختەوەری یە یا هۆگەلی بەختەوەری و داب و دەستورێک کە بەرەی مرۆڤ ئەگەیینێتە بەختەوەری لە روانگای تاکەوە یا بگرە بەلانی کەمەوە لە روانگای نەتەوە گەلەوە و لە مەڵبەندو رەچەڵەکی جیا جیاوە بەلە بەر چاو گرتنی جیاوازێک کە لە بیرو راو خووئاکار و هەستان و دانیشتنا لە بابەت رۆحی و لەش و لاری یەوە هەیانە ئەبێ لێک جیا و از بن؟

وە ئایا ئەگونجێ یەک قانون بۆ هەمو جیهان و بۆ هەمو تاکێک و بۆ هەمو نەتەوەییک وە لە هەمو مەڵبەندێکا یەکسان ئەبێتە هۆی بەختەوەری.

یا نا؟ هەر وەکو ئاشکرایە ئەم باسەش لە روانگای بەرانبەری یەوە لە تەک موقەرەراتی ئیسلامەتی دا زۆر شیاوی سرنج و ورد بونەوەیە.

ئەمانە یەك زنجیرە قسەو باسن کە ئێمە لێرەدا ناچارین بە نیشان‌دانی دور نمایەك لەوانە قنیات بکەین ئەگینا یەك کتێب بەزەحمەت بۆ ئەم باسە بەس بێ.

## ئایا ئینسان بۆگەیشتن بە بەختەوەری نیازی بە ڕێگا نیشان‌دەر هەیە؟

ئەگەر بەختەوەری بریەتی بێ لە چێژەو لەزەت‌وە بێ بەختیش بریەتی بێ لە دەردو رەنج وە چێژەو لەزەتگەلیش‌و رەنجیش کورت کرابنەوە لە سەر چێژەو لەزەت‌و رەنجگەلی تایبەت بە لەش‌و لارەوە، لە سنورێکا بێ کە یەك ئاژەڵ هەیەتی کە پێ بە پێ هەڵدانی تەبیعی و جسمانی خۆی بە حوکمی غەریزە کە تەبعی ئەوانە ئەناسێ‌و لە وجودی ئەوانە ئاگادار ئەبێ، نیازی بە ڕێ‌نیشاندر نەبوەو نیەتی، هێمانیش ئەگەر نیازی ئینسان کورت کرابنەوە لە سەر ئەندازەیێك کە خۆی بە لانی کەمەوە بەوزەی ئەقڵ و عیلم نیازی خۆی لە هەر بابەتێکەوە دەرك بکاتو لە نەتیژەدا بتوانێ دور نەمایەك لە بەختەوەری خۆی ببینێ و جیای‌کاتەوە و بیناسێ هێمان بەسە بۆ ئەوە کە بەرە بەرە لە ڕێگای زانست و پەرەدان بە شارستانی‌یەت و ژیارو هەرە وەزو پیشە ڕێگای خۆی ببڕێ.

بەڵام بەختەوەری تەنیا چێژە و لەزەت‌و دەردی غەریزی نییە، بەڵکو مەبەست نیاز گەلێك نییە کە وەکو نەخۆشی و ئەمینی دیارو لە بەر چاوبێت کە بێژین بەرەی مرۆڤ ئاخریەکەی‌لە ڕێگای تێکۆشانەوە ڕێگای رزگاری خۆی و هۆی بەختەوەری خۆی ساز ئەکات دیارە قسە لە یەك یا دو نیاز نییە.

نادیارترین شت بۆ ئینسان، ئینسان خۆیەتی و لێهاتوەکانی نهێنی‌و پێگەیشتنێکە کە لە وزەی دایە، بەو هەموە پێشکەوتەنە گەورانەوە کە لە زانست‌و هونەرو پیشەدا دەس بەرەی مرۆڤ کەوتوە، وە بەو هەموە دوزینەوە: (کەشفیات) سەر سوڕ هێنەرانە کە لە جیهانی جەمادات‌و نەباتات‌وگیاندارانا بەدی هاتوە هێمان ئینسان بە نەناسراوی ماوەتەوە.

مرۆڤ توانیویەتی لە دەرونی ئاتۆم‌دا و لە هەوای جیهانی‌دا لە ڕوانگای عیلمیەوە بیرو راو

هزری خۆی یەک بخات، بۆ وێنە سەبارەت بە دۆزینەوەی نەوت و گازو ئۆرانیوم و سازکردنی رادیو، تلویزیون و پێوەندی دڵ و جەرگ و چونە ناو کورەی مانگ و شتانی تری وەکو ئەمانە... بەڵام مرۆڤ هێمان لە بابەت بەختەوەری یەوە و رێگایەک کە مرۆڤ ئەبێ بۆ دابین کردنی بەختەوەری خۆی ببیرێ هزر و بیرو رای خۆی بە تەواوەتی یەک نەخستوە، هەر بەو ئەندازە یە کە زانایان و هۆز انڤانان و پیتۆلان و فەلاسیفە لەکەوناراوە لەسێهە هزار ساڵ بەر لەمە بیرو رایان جیا بوە هێمانیش لەم کات و چاخەش دا هزرورایان لێک جیایە بۆ چ؟

بۆ ئەوەی دەرونی کەموسکە توزقاڵە زەرە ناسراوە بەڵام ئینسان هێمان نەناسراوە و بە نەناسراوی هەروا ماوەتەوە. تەکوز کردن و هێنانەگۆریی بەرنامەی بەختەوەری ئینسان، لەمەوە سەرچاوە ئەگرێ کە تەواوی لێها تویی کان و گونجایشە کان و پێگەیشنە کانی ئینسان و گشت ئەو رێگایانەی وا بۆ پێشگەیشتنی ئینسان بناسرێ هەرچەن ئەوانەش سەر لە بێ دوا بران ئەساون.

مەگەر بەختەوەری بێجگە لە گوڵ کردنی هەمو لێها توەکان و پڕ بونی هەمو گونجایشەکان و دیاری دان و ئاشکرا بون و هاتنە گۆریی گشت هێزو وزەکان و پێوانی راستە رێگاییک کە ئینسان بۆ بەرزترین و بڵیندترین نوچکەی هەبون بگەینێ شتێ تر هەیە بێتە گۆڕ؟

لە لایەکی ترەوە ئایا ئەتوانین باوەڕ بکەین کە ئاوەها نیازێکی گەورە کە ئەگەر نەییتە جێ نەتیژەکەی سەر لێشواوێ بەڵکو تیاچون و نابودی خودی ئینسان لە کارا بێت و دەزگای گەورە و تەکوزی خیلقەت کە هەمیشە شاکارەکانی خۆی لە دەرەتانی نیازا دەر ئەخات، ئەم بۆ شایی وەرگرێ و ئەم نیازەش لە بەر چاو نەگرێ و لە ئاسۆیی بانتری تەگبیری ئینسانیدا یانێ: ئاسۆی وەحی بە هۆی تاکە تاکی پاک و ئامادە بو ئیشراقاتی غەیبی ئەو رێنوێنی و هیدایەت نەکەن؟ ئەی چلۆن ئەم بۆ شایی یە، پڕەوە بێت و ئەم نیازانەی بەرەی مرۆڤ دابین بکرێن. چەن جوان و بەرزو تەرزە! وتەی: (بو عەلی سینا) ئەو هوزانە زانا

کورده که له ئاخری پەراوەی: (نەجاتا) لەو شوێنەی وا نیازی بەرەی مرۆڤ به شەریعەتی ئیلاهی که له سۆنگەی ئینسانێکەوه: (نەبی) بەیان کرابێ راڤەی ئەکات و ئەبیژێ: «الحاجة إلی هٰذا الانْسانِ فِی اَنْ یَبْقیٰ نوعُ الناسِ وَ یَتَحَّصَلَ وجودُهُ اَشَدَّ مِنَ الحاجةِ إلی اَنْباتِ الشعرِ علی الاَشفارِ وَ علی الحَاجبِیْنِ وَ تَقْعیرِ الاَخْمَصِ مِنَ القدمینِ وَ اشیاءَ اُخرَیٰ مِنَ المَنافِعِ التّی لاضرورةَ الیها فِی البَقاءِ»

واتا: نیاز به نەبی (پێغەمبەر) و بەیان کارەوەی شەریعەتی ئیلاهی و ئیدئۆلۆژی ئینسانی، بۆ مانەوەی نەوعی ئینسان و بۆ گەیشتنی ئینسان به کەماڵی بونەوەری ئینسانیەتی خۆی فره زیاتره له نیاز به دەر هاتنی موی برۆو چاڵ بونی بەری پیّو ئەوانه که تەنیا بۆمانەوەی نەوعی ئینسان کەڵکیان هەیه، بیّ ئەوەی پێویستی مانه وەی نەوع به پێویست دانێ.

ئەم و تاره له کتێبی پەندیائه مسالی قورئان نوسراوی (شه پۆل) چاپی نەلۆسی ساڵی ۱۳۶۲ی هەتاوی له تاران وشنۆبڵاو کراوەتەوه، لاپەڕەی ۸۱ تا ۱۱۳.

خێری مەعنەوی ئەم کتێبه پێشکەشه به باوکی دڵسۆزو خودان فەرهەنگ‌و کورد پەروەرم مەلا ئیبراهیم (رضوان الله علیه) چونکا:

بۆ باخچەی کزی کوردی    بلبل بو چریکەی وردی

دڵی باش دەرونی پاک‌بو    بیری ڕون کردەوەی چاک‌بو

# ئایەتی نور

لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئایەی نور بەشێوەی لێکۆڵینەوەی زانستورافە کردنی ئایەتی نوربە شێوەی تەحقیقی و فەلسەفی و عیرفانی:

اَللّٰهُ نُورُ السَّمٰواتِ وَ الْاَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكٰوةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ اَلْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ اَلزُّجَاجَةُ كَاَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَاشَرْقِيَّةٍ وَ لَاغَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْلَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ عَلَىٰ نُورٍ يَهْدِي اللّٰهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللّٰهُ الْاَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللّٰهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ.

سورەی نور آیەتی ٣٥.

واتا: خوانوری‌ئاسمان و زەوینە، مەسەلی نوری‌خوا وەکو چرادانێکە کەلە وا چرایەکی (پڕ نور) هەبێ. ئەو چرایەش لە ناو خوبابێک (روپۆشی چرا لە شو شە یا بلۆر) دابێ، حوبابێکی بێ‌گەردو گرشەدار، وەکو ئەستێرەیەکی، ورشەدار، ئەوچرایە، بەرۆنێکرو ناک ئەبێ و گرئەگرێ کە لەدارەزە یتو نەیەکی پڕ پیت و بەرەکەت گیراوەکەنەخۆر هەڵاتی یەو نەخۆر ئاوایی رۆنەکە ئەوەنە پێنخۆش و پاڵاوتەو پاکە نێزیکە بێ ئەوەی ئاگری بگاتێ، گڕ بگرێو بابیسێ. نو رلەسەر نورە (تیرێژ و تیشک بە سەر تیشکدا تیرێژ دەهاوێژێ).

هەر کەسێک خوا بیەوێ، بەرەو نو ری‌خۆی رێنوێنی و هیدا یەتی ئەکا خوا ئاگای‌لە هەمو شتێک‌هەیە.

(ئەمچرا پڕتیشکە) لەناو خانو بەرەکەلێک دایەکەخوائیجازەی داوە دیوارەکانیان، بەرزو بڵیند بکرێتەوە (تا دز و چەتەوجەردەپەی پی نەبات) فِي بيوتٍ أَذِنَ اللهُ أَنْ تُرْفَعَ وَ يُذْكَرَ فيها اُسمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فيها بِالْغُدُوِ وَالْآصالِ. «سورەی نور» خانو بەرەگەلێک کە ناوی خوا لە ناو ئەوانا ببرێ وە بەرەبەیان و لە ئێوارانا ناوی خوا بە پاکی ببەن.

لە راڤەکردنی ئایەتی نوردا قسە زۆرە تەفسیر نوسان، فەلاسیفە و خواناسانی جیهانی ئیسلامەتی و عاریفان و لێکۆڵەران، هەریەکە لەوانە قسەی جیاجیاوزۆریان هەیە، پێوەندکردنی، ئەم ئایەتانە لەگەڵ ئایەتەکانی بەرو لێرەوەیەکە لە ئایەتەکانی، بە رودا قسە لە پاک داوێنی و ململانێ کردنبو، لەگەڵ کاری ناحەز و ناشیا ودا لە رێگای جیاجیا وە، جا لە بەرئەوەی زامنی بەرێوە بردنی هەمر فەرمانەکانی، خوا، بە تایبەت غەریزەی نێرومێ کە بە هێزترینی ئەوا نەیە، بێ کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانەی (ئیمان و بڕوا) ناگونجێ، سەرئەنجام قسەی هێناوەتەسەر باسی بڕواو ئیمان و شوێنیپڕهێزی بڕوا و قسەی لێوەکردوە.

لە پلەی یەکەم دا فەرمویەتی: (خوانوری ئاسمان و زەو ییە (اللهُ نُورُ السَّمٰواتِ وَالْأَرْضِ) هەندێ لە تەفسیر نوسان بێژەی (نور) لێرەدا بە واتای (هیدایەت دەر) و هەندێتر بە واتای (روناکی هێنەر) و هەندێکی دیکەبەواتای (جوانی هێنەر) واتاکردوە، هەمو ئەمواتایانە راستە، بەڵامواتای ئەو ئایەتە لەمەش پەرەدارترە.

لە قورئانا چەن شت بە نور واتا کراوە:

١ـ بە واتای (قورئان) وەکو خواله ئایەتی ١٥ی سورەی مائدەدا فەرمویەتی: (قد جائکم من اللهِ نورٌ وکتابٌ مبین) واتا: لەلایەنخواوە نور: (قورئان) و پەڕاوەیئاشکرایی دەر (بەخەلات) بۆ تۆ هاتووە.

یاوەکو ئایەتی ١٥٧ سورەی ئەعراف کە خوا فەرمویەتی: (وَ اتَّبِعُوا النورَ الَّذِي اَنْزَلَ مَعَهُ اُولٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) واتا: کە سانێ کەلەنو (قورئان) پەیرەوی ئەکەن کە بۆ پێغەمبەر هاتووە، ئەوانە رزرکان.

٢ـ بە واتای (بڕوا و ئیمان) هەر وەکو خواله سورەی بەقەرە ئایەتی ٢٥٧دا فەرمویەتی: (اللهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُماتِ اِلَى النُّورِ) واتا: خوا وەلی

کەسانێکە، کە بڕواو ئیمانیان هێناوە، ئەوانە لە تاریکی (شیرک وکوفر) بەرە و نور (بڕوا) ئەبات.

٣ـ بە واتای (هیدایەتی ئیلاهی) و روناک بینیە هەروەکو خوا لە قورئانا لە سورەی ئەنعام ئایەتی ١٢٣ دا فەرمویەتی: (اَوَمَنْ كَانَ مَيْتاً فَاَحْيَيْنٰا وَجَعَلْنٰا لَه نُوراً يَمْشِي بِهِ فِي النّٰاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمٰاتِ لَيْسَ بِخٰارِجٍ مِنهٰا) ئایا کەسێ کە مردبوو ئێمە ئەومان زیندو کردەوە و نور (هیدایەت) و روناک بینیمان بۆ راگرت، تالەبەر تیشکی ئەو نورەدا بتوانێ بە نێو خەڵکا بڕوا، هەر وەکو کەسێکە، کە لە تاریکایی دابێ و هەرگیز نەتوانێ لەوە دەرکەوێ و بێتە دەرێ؟

٤ـ بە واتای (ئا یینی ئیسلام)ە هەر وەکو خوا لەقورئانا لەسورەی تۆبە ئایەتی ٣٢ دا فەرمویەتی: وَيَاْبىٰ اَللهُ اِلاّٰ اَنْ يُتِّمَ نُورَهُ وَ لَوْكَرِهَ الْكٰافِرُونَ) واتا: خواخۆئەگرێ، مەگەر نور: (ئیسلام) کامڵ بکا هەر چەندە کافران پیان ناخۆش بێت.

٥ـ بە واتای: (زاتی پێغەمبەر)ە، هەر وەکو لە قورئانا لە سورەی ئەحزاب ئایەتی ٤٦داخوا سەبارەت بە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام فەرمویەتی: (وَدٰاعِياً اِلَى اللهِ بِـاِذْنِهِ وَ سِراجاً مُنيراً) واتا: ئێمە تۆمان کردە ئەوەکە خەڵک بۆ لای خواناسی بانگ بکەی و تۆمان کردە چرا یەکی، روناکی دەر.

٦ـ بە واتای (زانست و علیم)ە، هەروەکو ئەمە: (اَلْعِلْمُ نُورٌ يَقْذِفُهُ اللهُ فِي قَلْبِ مَنْ يَشٰاءُ) زانست نورێکە خوا ئەیخاتە ناو دڵو دەرونی هەرکەسێک کە بیەوێ.

**ئەبێ ئەمەش بزانین نور خوێئەم تایبەتیانەشی هەر هەیە:**

١ـ نور جوانترین و خوشیکترین و لەتیفترینی مەوجودات وبو نەوەرانە لە جیهانی ماددەوئەنبوژەنیدا و سەرچاوەی هەمو جوانی و خوشیکی یە.

٢ـ نور باڵاترین سورعەتی لە جیهانی ماددە و ئەنبۆژە نیدا هەیە، هەر وەکو لە نێو زانایاندا قسەی لێوە ئەکرێ، نور بە سورعەتی سێسەت هەزار کیلۆمێتر ئەتوانێ بە دەوری کورە:(گۆ) وجەغزی زەوی کەمتر لەچاولێکدا نانێکا حەوتجار سوربخوا جا هەر لە بەر ئەمەیەکە مەسافەتی دور و درێژ بە سورعەتی رۆیشتنی نور هەڵدەسەنگێنن واتا: مەودا و مەسافەتێک کە نور لە ماوەی سالێک دا، بە و سورعەتە زۆرە دەیپێوێ.

٣- نور هۆی تێبیین و روناک کردنەوەی ئەجسام و دیتنی بونەوەرانی جیا جیای ئەم جیهانەیە و بێ نور مرۆڤ ناتوانێ هیچ شتێک ببینێ، کە وابێ نور هەم (دیارە) (ظاهر) و هەم (دیاری دەر) (مُظْهِرَ).

**٤- نوری خۆر کە گرینگترین و بەبایەخترین نورە لەم جیهانەدا و پەروەر دەری و گیا و گژە، بەڵکو رەمزی مانەوەی، هەمو بونەوەرانی زیندوە و نالۆێ بونەوە ری بێ کەڵک وەرگرتن لەنور: (راستەو خۆیا ناراستە و خۆ) زیندو بمێنی.**

**٥- ئەمرۆ جوان دەرکە و تووە کەئەو رەنگانەی و ائیمە دەیبینین لە سوێنگەی تیشک و شەوق و نور دانەوەی نورێکی دیکەی وەکو ئەمەیە، دەنا بونە وەران و مەوجودات لەتاریکایی دا رەنگیان نیە.**

**٦- هەمو وزەو ئەنێرژی یەک، کەلەژینگەی ئێمە داهەیە (بێجگە لەوزە و ئەنیرژی ئەتۆمی) هەمولە نوری خۆرەوە سەر چاوە دەگرێ بزوتنەوە و حەرەکەتی باو بۆران، جم و جوڵی ئاوی زەریا و کەف وکوڵی دەریا و سێلاو، قەڵپەزەی ئاوی تاڤگەو رێژەوی باران و بزوتنەوە و هات و چۆی هەمو گیان لەبەران و بونەوەران، ئەگەر برێک سەرنج بدرێن رون دەبێتەوەکە سەر چاوەی هەموان لەنور دا،دادەکوژێ**

**سەر چاوە و بناوانی گە رما و ئەوەی و اجێگاو رێگای بونەوەران گەرم رادەگرێ هەر نور و تیشکی خۆرە، تەنانەت گەرمای ئاگریش کەلە و شکەڵە دار، یا لە رەژی (زوغاڵ)ی بەرد یا لەنەوت، وەیا لەوانەی و الەنەوت بەدەس دێن هەمویان لە گەرمای خۆرەتاوی خۆرە. چونکا هەمو ئەمانە، بە پێی لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەچنەوە سەرگژ و گیاو ئاژاڵ گە لێک کە گەرمایان لە خۆر، وەرگرتووە و لەناو خۆیانا ئازوخەیان کردوە کە وابو حەرەکەتی مۆتۆر گەلیش لەبەرەکەتی خۆرەوەیە.**

**٧- تاوی خۆر هەمو جۆرە (میکرۆبێک) و بونەوە رانێکی ئازادەر لەناو دەباو دەیان کوژێ دیارە ئەگەر تاوی تیشک و تیرێژی ئەم (خۆرەتاوە): نورە پر بەرەکەتە نەبوایێ، ئەم ئاخ و زەویـیەیوا ئێمەی لەسەر دەژین ئەبووە (بێمارستان) و نەخۆشخانەیەکی گەورە وزل کەهەمو دانیشتوانی لەگەڵ مەرگدا دەبوپەنجە شکێنێ بکەن.**

**بە کورتی بڵێین: هەر چیلەم بە دیها توە سەمەرەی جیهانی ئافەرینشە: (نور) ورد**

بینەوە، شوێنەوار و ئاسەواری بە نرخ و تەژی لەخێر و بەرەکەتی ئەم نورە ئاشکراتر و دیارتر دەبێ.

ئێستا بەلەبەر چاوگرتنی ئەم دو بەرکوڵە ئەگەر بمانەوێ بۆزاتی پاکی خوا وێنە و نۆینەرێک لە بونەوەرانی حیسّی ئەم جیهانە بگرینە بەر چاو (هەر چەند پلە و پایەی بەرزی خوا لەهەر وێنەو نوێنەرێک بەرزتر و تەرزترە) ئایا بێجگە لە بێژەی (نور) شتێکی‌تر هەیە بۆ خوا بەکاربێت؟! ئەو خودایەی واهەمو ئەم جیهانەی بەدی هێناوەو سازی داوە ئەو خودایەی وا نور و روناکایی بە جیهانی ئافەرینش داوە، کە هەمو بونەوەرانی زیندو لەبەر بەرەکەتی فەرمانی ئەو زەق و زیندو ماون خوێن و ژین لەناو دڵ و دەرو نیاندا گیر ساوەو بووژاوە و هەموئافەریدەیەک لەسەر سفرەی ئەو بەرێ ئەچن ئەخۆن و ئەژین کەئەگەر قەنەکێشێک چاوی لوتفی خۆی لەسەر ئەوان لابا هەمو لەشەوە زەنگیْ فەناو نەمانا رۆدەچنە خوارێ و نوقم دەبن و وەکو بڵقی سەرئاو دەپوچێنەوە

سەرنج راکێشە هەر بونە وەرێک بە هەر ئەندازەیەک لەگەڵ خوا پێوەندی هەبێ هەر بەورادەش نورانی بون و روناکی بەدەس دەهێنێ.

قورئان نورە چونکا کە لامو قسەی خودایە.

ئایینی ئیسلام نورە، چونکا رەوانەکراوی خودان.

پیرانی دەسگیر و زانایانی دینی نورن، چونکا پارێزەرانی ئایینی خودان لەدوای پێغەمبەران.

بڕوا: (ئیمان) نورە چونکا نیشانەی پێوەندی مرۆیە لەگەڵ خوای خۆیدا.

زانست (عیلم) نورە چونکا هۆی ناسیاوی و ئاشنا بون لەگەڵ خودایە.

کە وابو (اَللّٰه نوُرُالسَّمٰواتِ وَالْارضِ) لە بابەت زاتی خواوە دروستە، بەڵکوئەگەر نور بەواتای پەرەداری بێژەبەکار ببەن واتا: (هەر شتێک کە زاتی ئەو شتە دیارو ئاشکرابێ و دیاری دەرو ئاشکرا دەری شتانی تربێ) بەم جۆرە بەکار بردنی بێژەی (نور) بۆزاتی پاکی خوا لایەن و جەنبەی تەشبیهی و وێچوواندنی نابێ، چونکا هیچ شتێک لە جیهانی خلیقە تا لەخوا دیارتر و ئاشکراتر نییە، هەمو شتێک بێجگە لەزاتی خوا لەبەر بەرەکەتی وجودی خودا، ئاشکرایە و دیارە و لەچاو دەدا، کە وابێ هەمو شتێک و نوری هەبون

لەنوری خوا سەر چاوە دەگریٚ لەو دەگو رویٚ و هەر لەنوری خودایشدا دەکوژیٚتەوە.

قورئان دوای دەربڕینی ئەم راستیەی والە بەرا و ترا بەهیٚنانە وەی میسالیٚکی جوان و ورد چلۆنایەتی نوری خوا لیٚرەدا دەردەخا و ئەفەرمیٚ: ( نوری خوا وەکو چرا دانیٚکە کە چرایەکی تیٚدا بیٚ وئە و چرایەش لەناو حوبابیٚک دابیٚ حوبابیٚکی بیٚ گەرد و گرشەدار هەر وەکو ئەستیٚرەیەکی ورشەدار و ابیٚ ( مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ).

(ئەم چرایە بەرۆ نیٚک گڕ دەگریٚ کە لەداری پڕبەرەکەتی زەیتون گیرابیٚ کە نەخۆر هەلاٚتی و نەخۆر ئاوایی بیٚت.)

«رۆنەکەی بە جۆریٚکی وابیٚ گەرد و بیٚخەوش بیٚ وەک ئەوە بیٚ ئەوەی ئاگری بگاتیٚ گڕبگریٚ و روناک هەلٚگەڕیٚ و هەلٚکریٚ .

(يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ) نورلە سەرنورە (نور على نور).

(خودا هەرکەسیٚک بیەویٚ بەو نورەی خۆی ریٚگای نیشان دەدا و هیدایەتی دەکا و بەرە و نوری خۆی دەیهیٚنیٚ (يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ)

(بۆخەلٚک میسال و نەزیلە دەهیٚنیٚتەوە) )وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ).

«و خودا بەهەمو شتیٚک ئاگادارە» (وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) بۆشی کردنەوەی ئەم میسال و نەزیلەیە پیٚویستە چەندشت بزانین:

مِشکات بە واتای دەلاقە و تاقچەیەکە لەناو دیواردا سازیان دەکرد و (چرا و لامپا) کەیان لە ناودادەنا بۆئەوەی کەس خۆی لیٚ نەدا و نەکەویٚ و نەشکیٚ لەهەندیٚ مالٚدا لە دیوی حەو شەو حەسارە وە شوشەیەکیان لەو جیٚکای چرای ناو دیوار دەگرت بۆئەوەی تیشکی چراکە دیوی حەوشە و دەرەوەش روناک بکاتەوە و چراکەش باو بۆرانی لیٚ نەکەویٚ و نە شکیٚ و نە کوژیٚتەوە.

(مشکاة) بە دیوارە شوشەیەکیش دەلٚین: کە دریٚژە و چارگۆشە بۆ جیٚگا چراکە سازدەکراو دەیان کرد بە سەر چراکەدا جالەبەر ئەوە هەلٚمی چراکە دەرچیٚ و نەکوژیٚتەوە، لەسەروە کونیٚکیان بۆدە هیٚشتەوە و دەربیجەشیان بۆ سازدەکرد.

بەکورتی بلٚیٚن: (مشکاة) روپۆش یا دەلاقەیەک بو کە بۆچرایان سازدەکرد زیاتر

دەلاقەیان بۆسازدەکرد، تا چرا کە هەم لەشکان بپارێزرێ و هەمنورەکەشی کۆبێتەوە و باش‌تر نور بداتەوە و نا و هۆدەکە روناک بکاتەوە.

(زوجاجە) واتا: (شوشە) و بەبەردی ورشەدار دەڵێن، چونکا شوشەش لەکەرەستەی بەردساز دەکرێ و ورشەدارە (زوجاجەی) پێ دەگوترێ.

لیرەدا بە واتای حوباب و روپۆشە دە بە سەرچرای دا هە ڵدەکێشن، تا هەمگڕوشوعلەی چراکە بپارێزرێ و هەم لەخوارەوە بۆ سەرێ میزانی بکا و نور و روناکایی زیاد و رێک و پێک بکا.

(مِصباح) بە واتای (چرایە کە بەپلێتە و رۆن یا نەوت بگرێ و روناکی بدات.

رستەی (يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ) ئیشارەت و ئاماژەکردنە بۆکەرەستەی ئەنێرژی زای گرینگ و شیاو، بۆئەو چرایە، چونکا (رۆنی زەیتون) کە لەدارێکی: پڕ بەر و خودان بەرەکەت دەگیردرێ، یەکێک لەباشترین ڕۆنە، بۆباش گڕگرتن، ئەویش دارێ، کە هەمو لایەکی ئەودارە بەجۆرێکی بەرانبەر تیشک و تاوی خۆرە تاوی لێبکەوێ. نەلە لای خۆر هە ڵاتی باخ و کەناری دیوارێک بێت و نەلە لای خۆرئاوا بێت کە تەنیا لایەکی خۆر و تاوی لێبکەوێ و لەنەتیژەدا میوەی ئەودارە لایەکی بگا و نیوەکەی تریشی نەگا و رۆنەکەیش ناساف و خەوشدار بێ.

بەم شی کردنەوەیە دەگەینە ئەمە کە بۆ کەڵک و ەرگرتن لەنورێ تەواوی ئاوەها چرایەک، بۆگرشەدانەوەی پتر نیازی بە چار شت هەیە:

١- چرا دانێک کە ئەو چرایە لەهەر بابەتێکە وە بپارێزێ. بێ‌ئەوەی نور و تیشکی کز بێ وکەم بکا بەڵکو هۆی کۆبە نەی پتری نورە کە پێک بێنێ.

٢- حوباب و روپۆشێکی هەبێ، تا گەڕانی هەوای دەوری گڕ و شوعلەکە رێک بکا بەڵام ئەوەندە ورشەدار و بێ‌گەردبێ، کە نە بێتە هۆی بەرگری ورشەدار بونی نور و تیشکی چراکە.

٣- چرایەک هەبێ کە ناوەندی پەیدا بونی نور و تیشک‌لە سەری پلێتە کەوەبێ.

٤- کەرەستەی ئەنێرژی زای ساف و بێخەوش و بێ گەرد کە ئەوەندە ئامادەی گڕگرتن بێ، کە بێ ئەوە ئاگری بگاتێ گڕ بگرێ و هە ڵایسی.

هەمو ئەمانە لەلایەک، لەراستیدا رواڵەت دەردەکەن و ئاشکرای دەکەن، لەلایەکی تریشەوە موفەسیران و لێکۆڵینەرانی مەزنی ئیسلامی، لەمەداکە ناوەرۆکی ئەمە تەشبیە و وێچوواندنە چی‌یەو بەناو (مُشَبَّة) کێهەنوری خودایی یە، قسە و لێکۆڵینەوەی جیا جیا زۆرە.

هەندی و تویانە مەبەست هەمان نوری رێنوێنی و هیدایەتەکە خوالە نـاو دڵ و دەرونی خودان بڕوایاندا گیرساند و یەتێ.

هەندێکیش ئەوەیان بە واتای قورئان گرتووە، کە لەناوناخی دڵی مـرۆڤ نـور و تیرێژە ئەهاوێژێ.

هەندێکیش ئەوەیان بە واتای قورئان گرتووە کە لەناوناخی دڵی مـرۆڤ نـور و تیرێژ ئەها وێژی.

هەندێکیش لایان وایە، ئیشارەتە بۆ رۆحی فەرمانبردن و قەقوا و خۆپاراستن کـە هۆی خێر و بەختەوەری‌یەکە لەراستید هەموئەو واتایانەی بۆنوری مەعنەوی لەقورئان و ریوایەتی ئیسلامیداهاتون، لێرەدا بە ناوی تەفسیر و لێکۆڵینەوە ناو براون و رۆحی هەمو ئەوانە لەراستیدا یەک شتە و ئەویش هەمان نوری (هیدایەتە) کە لە قورئـان و وەحـی و وجودی پێغەمبەران سەرچاوەدەگرێ و بە ڵگەی تەوحید پاراو دەکرێ، و نەتیژەی ئەوە خۆبەدەسەوەدانە لەراست فەرمانی خوا و تەقوا دا.

دیارە: نوری بڕوا کە لەناو دڵ و دەرونی بروا داران (موئمینـان) دا دارای هەمـان چارشتەیە، کە لەیەک چرای «تیشک خۆشا» هەیە:

«مصباح» هەمان گڕی بڕوا و ئیمانە، کە لە دڵ و دەرونی خودان بڕوادا دەردەکەوێ و تیرێژ و نوری هیدایەت لەوەوە بڵاو دەبێتەوە و پرشینگ دەها وێژێ.

(زجاجە) و حوباب دڵ و دە رونی خودان بڕوایە، کە بروالە گیان و لەشی دا رێک و پیکێ دەکا.

(میشکاة) سینگی خودان بڕوایە، یا بەواتاییێ تر سەرجە می کە سایەتی و ئاگاداری و زانست و بیر و ئەندێشەی ئەوە، کە بڕوا ئەو بروایە ئەو لەکەندو کۆسپی تۆفی روداوەی رۆژکار دەپارێزێ.

لاوته و عوسارەی ئەوە لە و پەری پاکی و بێخە و شیدایە و بڕوای خودان باوەڕان لەسۆنگەی ئەوە وەگڕ دەگرێ و لەبەر و بو تەژی دەبێ.

لەراستیدا ئەمە نوری خودایە، هەرئە و نورەیە کە ئاسمان وزەوی روناک کردوە تەوە و لەناخی دڵی خودان بروایان سەری دەرهیناوە و هەمو هەبون و کیان و لەشی ئەوان روناک و نورانی دەکا.

ئەو بەڵگانەی والە ئە قل و ئاوەزەوە، وەریان گرتووە لەگەڵ نوری وەحی تێکلاو دەبێ و ناوەرۆکی (نورعلی نور) پەیدا دەکا.

هەر لێرە شدا یەکە دڵ و دەرونی بێدار و هۆشیار بەم نورە، هیدایەت دەدرێ و واتای: (يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ) لە بابەت ئەوانەوە پیادە دەکرێ، کە وابو بۆپاراستنی ئەم نورە خودایی یە: (نوری هیدایەت و بڕوا) کۆگایەکە لەزانست و ئاگاداری و خۆدروستکردن و ئاکاری پیۆیستە کە هەر وەکو میشکات و روپۆش و حوبابێک ئەم «میصباح» و چرایە دەپارێزێ.

دیارە دڵ و دەرونی ئامادە و شیاو و لێهاتوی ئەوێ کە هەر وەکو زوجاجەبە رنامەی ئەوە تەنزیم و رێک و پێک بکا و یارمەتی دەریشی لەلایەن وەحییەوە ئەوێ کە هەروە کوشەجەرەی موبارەکەی زەیتونە وزەو ئە نێرژی پێ بدا.

ئەم نوری وەحییە دەبێ لەتێکە ڵ بون و ئۆگر بون بەشت و مەکی ماددی و کەروێشکەکردن بەرەو لای خۆر هەلات و خۆرئا واکە دەبێتە هۆی سووان و پووان و لێڵ و لێخناو بون، دورە پەرێز دەبێ.

بە جۆرێکی وا پاک و بێ گەردو بێخەوش و خاڵی لەهەر جۆرەگوڵەوە چنین بێ و بەم لاوئەولادا نەشەکێتەوە بێ نیاز پەیدا کردن بەمو بەو هەمو هێزی لەش و لاری مرۆڤ دنەبدا، ناوە رۆکی: «يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَار» لەخۆیدا بەدی بهێنێ.

هەر جۆرە راڤە کردن و شیکردنەوەی لەخۆوە یاداوەری ناراست و بەکار بردنی چێژە و سەلیقەی شەخسی و بڕوای داسە پێندراو یا شەکانەوە بەم لاو بەولادا مل و مۆکردن بە چەپ یا راستدا و هەر جۆرە بیر و باوەرێکی پوچەڵ و بێکاکڵە کە بەر و

بوی ئەم شەجەرە: (دارە) موبارەک و پیرۆزە لەکەدار بکاگرِ و نوری ئەم چرایە کەمدەکا، یا هۆی کوژانەوەی بەدەسی خۆی پێک دێنی.

ئەمەیە، وێنەیەک کەخوا لەم ئایەتەدا بۆنوری خۆی دەهێنێتەوە دیارە خوا بەسەر هەمو شتێکا زانا و ئاگادارە.

بەلاّم ئەوەکە (مشکوة) بە دلّ و دەرونی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام (مصباح) بەنوری زانست (زجاجه) بە دلّ و دەرونی پیاوی خودا (شەجەرەی موبارەکە( بە حەزرەتی ئیبراهیم و (لا شرقیه و لا غربیه) بە نەفی بەرە وکشان بۆ لای فەلەوجو لەکە واتا کراوە لەراستیدا دیمەنێکی ترلەو نور و بروایەنیشان دراوە، ئیتر وەنەبی قسە و لێکۆلینەوە هەر لە مەداکورت کرابێتەوە و داکوژابێ.

ئێستا دەبێ بزانین ئەم چرا پرنورە لەکوێ دایە؟ و جێگاکەی چلۆنە؟ تا ئەوەی والەم بابەتەوە پێویستە بە دیاری کردنی جێگاکەی باشتر روناک بێتەوە.

جا هەر لەبەر ئەمەیەلە ئایەتی دوای ئەمە خوا فەرمویەتی: «ئەم میشکاتەلە مالاّنێک دایە کە خوائیجازەی داوە، کە دیوارەکانیان بەرز و بلّیند بکەنەوە (تالەتالاّن و بروّی چەتەو جەردە و ریگر بپاریزرێن) (فِی بُيُوتٍ اَذِنَ اللّٰهُ اَنْ تُرْفَعْ). مالاّنێک کە ناوی خودا لەناو یاندا ببرێ و بخوێندرێ و قسە و باس تەنیا یادی خوا و قورئان و پێغەمبەر و وەحی بێ.)

زۆر بەی زانایان و تەفسیر نوسانی قورئان پێوەندی ئەم ئایەتەیان بە ئایەتی بە روزانیوە و باری ئایەتەکەیان بەم جۆرەداناوە: ( هَذه اْلمِشْكوٰةُ فِی بُيُوتٍ ... يٰا هَذااْلْمِصْبٰاحُ فِی بُيُوتٍ ... هٰذهِ شَّجَرَةُاْلْمُبٰارَكَةِ فِی بُيُوتٍ ... نوُر اللّه فِی بُيُوتٍ) زانایان و گیان ناسان و تویانە: لەم دارە پرِ بەرەکەتە کەناوی زەیتونە رۆنێک بە دەس دێ کە سودمەندترین و پرِبایەخترینی رۆنە و نەخشێکی زۆر گرینگی لەساغ و سلاّمەت راگرتنی گیان و لەش و لاردا هەیە (ئیبنی عەباس) فەرموویەتی: ئەم داری زەیتونە کە هەموی بایەخدارە و سودمەندە، تەنانەت خولّە مێشە کە یشی قازانجی هەیە یەکەم دارە کە دوای تۆفی حەزرەتی نوح رووەوە و پێغەمبەران لەبەر خوا پارِاونەتەوە تا بەرەکەتی هەبێ.

ئەگەر پرسیار بکرێ مەبەست لەم (مالاّنە= فی بیوت) چییە؟ کەهە ربەرە بەیان

وئێوارانێک یادی خواله ناوئەوانا دەکرێ: (تەسبیحی خودایان تێدا دەکرێ))یُسَبِّحُ لَهُ فِیهٰا بِالْغُدُوِّ والْآصٰالْ) غدو  لە سەروەزنی (عُلُوٌّ)ە، بە واتای: بەرەبەیان و سەرەتای رۆژە لەقورئانا لەراست (آصال) دانراوە، کەچی (غداة) لەراست (عَشِیِ) دایە.

(آصال) جەمی أُصُلْ لە سە وەزنی: (رُسُلَ کە ئەمیش جەمی (اصیل) بە واتای (عەسر)ە بە لاّمبۆ چی (غدو) تاک و (آصال) بە جەم وکۆ هاتووە **ئیمام فەخریرازی** خودای لێ رازی بێ نوسیویەتی: (غدو) باری مەسدەری هەیە و مەسدەر هەرگیز جەم ناکرێتەوە.

مەردانێک کە نە بازرگانی کردن ئەوانەلە یادکردنی خوا و نوێژ کردن و زەکات دانْدەگێریتەوە نە کرینو فرۆتن (**رِجٰالٌ لٰا تُلْهِیهِمْ تِجٰارَةٌ وَلٰا بَیْعٌ عَنْ ذِکْرِاللّٰهِ وَ إِقٰامَ‌الصلوةِ وإِیتاءَ الزَّکٰاةِ**).

ئەوانە لەرۆژیک ئەترسن کە دڵ و دەرون و چاولەو رۆژەدا دەگۆرێنو، وەکو شەپلەلیانی دابێ و ایان لێدێ (یَخٰافوُنَ یوماً تَتَقَلَّبُ فیهِالقلوبُ والابصار).

ئەم تایبەتیانە نیشان دەداکە ئەم ماڵانە هەرئەوا نەن وا بەفەرمانی خودا ساز دراون و یادی خوای مەزنیان تێدا دەکرێ و قسە و باسی خودا و قورئان و فەرمانەکانی ئیسلامی‌یان تێدا بلاّو دەکرێتەوە وەکو مزگەوت و خانەقا و ماڵە پیا و چاکان و پیرانی دەستگیر.

بەڵێ: هەر شوێنێک کە بە فەرمانی خوا سازدرابێ و ناوی خودا لەویدا ببرێ، و هەربەرە بەیان وە ئیوارانێک مرۆڤ گەلێکی خودان بروا، کە ژیانی ماددی و ئەنبۆژەنی ئەوان لەیادی، خوا دورەوەنەخا و شەی پاک و خاوین بونی خوا بەدڵ و دەرون و زوان دوپاتە بکەنەوە. ئاوەها خانو بەرە و ماڵانێک ناوەندی (میشکاتی نوری ئیلاهی و بروا و هیدایەت و رێنوێنی یە).

**لەراستیدا ئەم جۆرە چەن تایبە تییەکیان بۆهەیە:**

١- بەپێی فەرمانی خوا سازدرابێ.

٢- پایە و دیوارەکانی بە جۆرێکی وا بڵیندوپتە و بێ‌کەلەتا لاّن و برۆی چەتەو جەردە و دزبپارێزرێن.

٣- ناوەندی یادی خوابن.

٤- مروڤ گەلێک لەو ماڵانە پارێزگاری بکەن، کە لەبەرە بەیان و ئێوارانداا خەریکی یادی خوابن ماڵ و منالی ئەم جیهانە فریویان نەدا و لەیادی خوادورەوەیان نەخائەم ماڵانەبەم جۆرە تایبەتیانە سەرچاوە و بناوانی هیدایەت و بروان.

سەرنج راکێشە! لەم ئایەتە داهەم (تجارة) و هەم (بیع) هاتووە بەڵکوله بەرئەمەبێ (تجارة) بۆکاروبازرگانی کردنی بەردەوام بێ بەلام (بیع) تەنیا بۆجار جارێک کرین و فرۆتن بێ.

ئەشی بزانین خوانەیفەرمووە ئەوانە پیاوانێکن بەرە ولای (بازرگانی و کرین و فرۆتن) ناچن بە ڵکو گوتویەتی: (بازرگانی و کرین و فروتن) ئەوانە لەیادی خوا و لەنوێژ کردن و زەکات دان‌دو رەوە ناخا و لەبیریانەوە نابا. ئەوانە هەمیشە لەرۆژی (مەعاد= رۆژی پەسلان) و رۆژی دادگایی کردن لەلایەن خوداوەدەترسن.

سەرنج بدەرستەی (یخافون) لەبەر ئەوەی (فِعْلِ مُضارعَ)ە لە سەر بەر دەوام بوونی ترسی ئەوانە لەرۆژی مەعاد دەلالەت دەکا خوف و ترسێک کە ئەوان بۆئەنجامدانی بەر پرسیار بون و ئەرک و ئەسپاردەی خۆیان رادەکێشێ. بە واتایێتر یادکردنی خوا بۆئەم جۆرە کەسانەلە هەمو شتێک گرینگتربێ.

هەندێ لەزانایانی قورئان لایان و ایە (نورعلی نور) ئیشارە یەبۆ پێغەمبەران کە یەک بە دوای یەکدا هاتون و هەمو لەبەرە باوا نێکیش بون.

**ئیمام فەخری‌رازی:** نوسیویەتی: مەبەست تیشک و گرشەی نور و کەڵەکەی تیرێژ و بڵێسە بڵێسی نورە کە تیشک و تیرێژ بەسەر یەکدا دەها وێژێ هە وەکو لەبابەت خودان بڕواوە: (خودان بڕوا لەناوچارخاڵدایە: -١ ئەگەر لەخواوە شتێکی دەس کەوێ شوکری خوادەکا ٢- ئەگەر توشی توشی بێ تابشت دەهێنێ و خۆرا دەگرێ ٣- ئەگەرداوەری بکادادگەری ئەنوێنێ ٤-ئەگەر قسە بکا راست دەبێژێ ئەم جورە خودان بڕوایەلە نێو حەشیمەتی نائاگاداری بەرەی مروڤدا وەکو مروڤێکی زیندوە لەناومردواندا ئەم خودان بڕوایە لەنێوان پێنج نوردالە بزوتنەوە دایە.

قسەی نورە کردەوەی نورە ئەوجێکایەی بۆی دەچێ نورە ئەوجێگایەی

لیٚ‌دەروا و دەردەچیٚ نور.

دەش گونجیٚ نوری یەکەم ئیشارە بیٚ بۆ نوری هیدایەتی خودا لەریٚگای وەحی یەوە، نوری دوەمیش مەبەست نوری هیدایەتی خوابیٚ لەریٚگای ئەقلەوە یا نوری یەکەم نوری هیدایەتی تەشریعی بیٚ و نوری دوەم نوری هیدایەتی تەکوینی بیٚ‌کە وابیٚ نوریٚکە لەسەر نوریٚ‌تر، نور و تیشک لەسەرنور وتیشکە. **اللّٰهُ نُورُ السَّمٰوٰتِ وَ الْاَرْضِ** واتا: خواهادی گشت ئەوکە سانەیە والە ئاسمان و زەوی دان کە بە نوری خوائە ڕۆنە سەر ریٚگای خوایی هەندیٚ‌ترکوتویانە خوا مودەبیری ئاسمانگەل و زەوییە.

(یوقد) بە (ی) و تەخفیف (ق) واتا: روناک دەبیٚ بە لاٚمبە (تیٚ) و تە شدیدی (ق) کە (توق) بخویٚنند ریٚتەوە واتا: روناک دەکا دیارە مەسەلی ئیخلاسی موئمین وەکو داریٚکی سەوزی نەرم وایە وەکو دارە هەنارکە سەوزە و هیچ کاتیٚ تاوی خورٚ لیٚی نادا موئمینیش هەروایە خوٚی دەپاریٚزیٚ و خوی بە چار خەسلەت دەرازیٚنیٚتەوە: ١ـ بیدریٚتیٚ شوکر دەکا ٢ـ ئەگەر توشی توشی بیٚ‌تابشت دەهیٚنیٚ ٣ـ ئەگەر فەرمان بدا دادگەری دەکا ٤ـ ئەگەر قسەبکا راست و بیٚ دروٚ قسەدەکا (فلو لم تمسسه نار نور علی نور) تەبەری لە ج ١٨ـ لاپەرٚەی ١٠٧ دەلیٚ: کە لام و قسەی بڕوادار نورە موئمین زانینی نورە هاتنی نورە روٚینی نورە. ریٚگاشی هەر نورە. بە واتاییٚتر مەسەلی هیدایەتی خوا لە دلٚ و دەرونی موئمیندا وەکو روٚنیٚکی سافە کە بەر لەوەی ئاگری بگاتیٚ گردەگریٚ، جائەگەر ئاوری بگاتیٚ روناکی لە سەر روناکی کە لەکە دەبەستیٚ و هەر تیشک و تیریٚژ دەهاویٚژیٚ، هەر ورشە و گرشە گرشی دیٚ دلٚ و دەرونی موئمینیش هەروایە بە پیٚی هیدایەتی خوا ئەجو لیٚتەوە بەر لەوەی زانینی بگاتیٚ جائەگەر زانینی بگاتیٚ هیدایەت لە سەر هیدایەتی دەگاتیٚ و لە هیدایەتی خوا تە سە ل دەبیٚ.

هەندیٚ دە بیٚژن کاتیٚ: «یـ ـەـود» بە پیٚغەمبەر یان و ت:نوری خوا چلوٚن لە عاسمانەوە دیٚتە خواریٚ خوائەم میسالەی بۆ نوری خوٚی‌هینایەوە (**مِنْ شَجَرَةٍ مبـاركة زيتونة لاشرقية**) هەندیٚ دەبیٚژن: ئەوە دارێکە لە ناوە راستی دەشتایە نە سیبەر و کەرەنسییٚ خورٚ هەلاٚتی لیٚ‌دەکەویٚ نە نیسییٚ خوٚر ئاوا، جالە بەر ئەمە روٚنی ئەوەسافترین روٚنە،وەها بریقەدار و بیٚخەوشەکە ئەگەر ئاگریشی نەگاتیٚ هیٚمان روناکی و

بریقه دەدا.

هەنەیَ ترلایان وایە: ئەوە دارێکە، کە لە ناوەراستی دارێترانیە کە بەری هەتاو و خۆری لەکاتی خۆر هەلاَت و خۆر ئاوادالیَ بگرن هەندیَ دەلێن: ئەوە دارەزە یتونی شامە، کە لە خۆر هەلاَتی ناوە راست دایە: نە لە خۆرهەلاَت و نەلەخۆر ئاوای زەوی دایە. هەندیَ دەلێن: ئەوەداری بە هەشتە و لە جنسی داری ئەم ئاخەنیە. (نورعلی نور) ئیمان و کردەوەی مومینە، هەندیَ دەلێن: ئاگرە لە سەر رۆن واتا: روناکی ئاگرە لە سەر روناکی رۆن، هەنەیَ دەلێن: دەلیل و بە یانی قورئانە، بە رلە نازلَ بون و دوای هاتنی. هەندێتر دەلێن قورئان برێکی بە برِیَتری روناک دەبێتەوە و دەزانریَ (یکاد زیتها یضیُ) واتا نێزیکە مەحاسنی حەزرەتی محەمەد «د.خ» لەوەی وەحی بۆبیَ، بۆخەلَک ئاشکرابیَ هەندیَ دەلێن: حەزرەتی محەمەدنە بیَ یە ولە نەسلی نەبیَ یە: هەندیَ دەلێن: ئەو دارە داری تەقوا و داری ئیمانە کە ریشە کەی نبوەتە و شاخ و لق و پوپ و بەرگە کانیشی قورئان و حەدیسە و درگاوانە کانیشی جبرائیل و میکائیلە.

دەشیَ بزانین هەندیَ لە حوکەمای جیهانی ئیسلام لەم ئایەتە کە لَکیان وەرکرتووە و پلە و پایەی ئەقلیَ ئینسان یانپیَ بەراورد و بارتەقا کردووە ئێمە لەبەر درێژ دادری، لێرە قسەمان لیَ نە کردوە (**یَهدِی اللهُ لِنُورِهِ مِنْ یشاء**) واتا: خوا مۆمین تەوفیق دەدا بۆئەوەی قورئان کە نوری خوایە تەواوی بخوێنێتەوە و تەواوی بکا. هەندیَ لە موفە سیران بۆئەم تەمسیلە تە عبیراتێکی فەلسەفی یان باس کردوە بروانە: (بیضاوی: ۴ ۴/ ۴۰۰) و دەلێن: نوری مومین دیاردە و ئا ماژە کردنە بۆ (۵) هێزە دەراکە کەی ئەو، کەمەعاش و مەعاد پێوەندییان بەو ۵ هێزەوە هەیە و ئەو ۵ هێزە برێتین: لەحەساسە، کە شتی حیسّی هەست دەکا و هەستی خەیالییە، کە راگری وینە گەلی مەحسوسات و قوەی ئاقیلەیە، کە مودریکی حەقایقی گشتی یە. و قوەی موفەکیرەیە، کە مەعقولات تەئلیف و تەرکیب دەکا تا نەتیژەی زانستی لیَ بەدی دیَ، یە کێکی تر قودسییەیە، کە وەحی و غەیب و ئەسراری مەلەکوتی لیَ دەر دەکەویَ، لەم ۵ هێزە مە عقولاتی ئینسانی تەرکیب و تەئلیف دەبیَ و زانستی مرۆف پێک دیَ قوەی قودسییەی ئیلاهیش کە لەپلەی دوایی دایە، تایبەتی پێغەمبەران و ئەولیایە- لێرەوە، کە لە قورئاندا هاتوە (**وَلکِنْ جَعَلْنَاهُ نُوراً نَهْدِی بِهِ مَنْ نَشاءُ**

**مِنْ عِبادِنا)** سورەی شورا - ٥٢/٤٢ لە سەر ئەم بنەرەتەیەکە ٥ شت لەم تە مسیلە دا هاتووە: کە بڕیتین لە: (میشکات زجاجة، مصباح، شجره و زیت) کە هەر یەکە، لە و پێنجانە ئاماژە کردنێکە بۆ یەکێک لەو ٥ حەواسە: **قوەی حەساسە، بە میشکات نا و براوە،** جێگای چرا دانە و روی لە شتانی زاهیر و ئەوانە روناک دەکاتەوە، تا هێزەکانیتر ئەوانە دەرک بکەن.

**قوەی خەیالییەش بە (زجاجە) ناوە براوە تا سووەری مودریکات لە هەر لایەکەوە دەرک، بکاو ئەوانەش بە ئەنواری عەقلییە روناک بکاتەوە، قوەی ئاقیلەش بە** (مصباح) ناو براوە کە ئید راکاتی کوللی و مەعارفی ئیلاهی لە ناو دل و دەرونا رون هەل بکا.

**قوەی موتەفەکیرەیش بە (شەجەرەی موبارەکە)** ناو براوە چونکائەگەر لە واحیق و ئەعرازی جسمانی خاڵی ببی‌نە شەرقی و نەغەربی دەبێ و لە نێوان سووەری مەعانی موەسەریفەی دایە و لەهەردوکان کە لک وەردەگری. **قوەی قودسییەی ئیلاهیش بە (زیت) ناو براوە** کە لە بەر بریقە بریق و بێگەردی، بی‌ئەوەی ئاگری **فێر** کردن و بیر کردنەوەی پیێ بگا، لە خۆوە نور ئەفشانی دەکا و دەس دەکابە نوردانەوە و تیرێژهاویشتن، هەروا دەڵێن: **کەئەم ئایەتە تە مسیلێکە لە قووەی عاقیلە لەسەر پلە و پایەکانی وجودی خۆیدا،** کاتێ بەزانستی زەروری بنەخشێ و هەستی پاژە و جوزئی بۆدەس بدا وەکو ئاوێنەی لێ دێ‌کە وامە بەستی نەوزەری تێدا دیاری دەدا، سائەگەر پلە و پایەی زانست ئەوی بۆ لای تێفکرین، را بەری کرد و وزەی ئیستینبات و بەدی هێنەری لەوا هاتە دی دەبێتە شەجەرەی موبارەکە و ئەگەر ئەم گەوهەرە بە حەدس و گومان بە دەس بێ وەکو (رۆن و زەیتی) لێ دێ، بە لام ئەگەر نوری زانست لە سۆنگەی قووەی قودسییەی ئیلاهی بە دەس بێ، ئەو نەوت و رۆنە لە خۆوە بێئەوەی ئاگری بگاتێ گردەگرێ و نورئە فشانی دەکا. هەر چەندە پەری و فریشتەی وەحی و ئیلهامیش پیێ نەگا، هێمان لەنورانی بونی وی کەم نابێتەوە، کاتێ قووەی عاقیلەش بە جورێکی والە تەک گەوهەری زانستا جوت و تێکە لاو بێ وەک چرا بە رۆن و (نەوت) ئاگروگر ئەگرێ و روناک دەبێتەوە ونوری ئەمیان بە سەر نوری ئەوی تریاناگر داوێ و نور بلاو دەکاتەوە، نور

بە سەر نوردا کە ڵە کە دەکات، تیریژ لە تیریژ دەدا و نور بە گرشە گرش بە سەر یەکا دەکەوێ بوعەلی سینا، لە بە راوەی ئیشارات دا (شەرحی ئیشارات ج ١ پەرەی ١٥٣ چاپی میسر) **لە سەر مەشرە بی حوکەما ئەم ئایەتەی هێناوە تەوە و فەر موویەتی:** میشکات ئاماژەیە بۆئەقڵی هەیو لایی، زوجاجە ئەقڵی بیلمە لەکە و شەجەرەی زەیتونە قووەی موتەفەکیرەیە، زەیت قوەی حەدس وگومانە **(یکاد زیتها یُضِیُٔ وَ لَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نارٌ)** قووەی قودسییەی ئیلاهیە (و نور علی نور) ئیشارەتە بۆئەقڵی موستەفاد: والمصباح) ئەقڵی بالفیعلە، ناریش ئەقڵی فەعالە.

خواجە نەسیری تو سیش قسەکەی بوعەلی سینای لەبەیانی ئەم ئایەتە داهێناوەتەوەو ئەڵێ: (ئیشارات و تەنبیهات ج ١ پەرەی١٥٢ چاپی ١٣٢٥ ھ) **بوعەلی سینا فەر مویەتی: پلە و پایەی قووای نەفسی بەم جۆرە تەفسیر کردوە و گوتویەتی: میشکات یانی: ئەقڵی هەیولایی، زوجاجە ئەقڵی بیلمەلەکە؛ شەجەرەش زەیتونە، یانی: موتەفەکیرە، زەیت:** هێز و وزەی حەدس وگومانە (یکاد زیتها یُضِیُٔ ولو لم **تمسسە نار) قووەی قودسییەی** ئیلاهی یە، و (نور علی نور) دیاردەیە بۆئەقڵی **موستەفاد، والمصباح** ئەقلی بالفیعلە، والناریش ئەقڵی فەعالە. ئەم ئایەتە لە راستیدا **وەڵامە** بۆئەوانەی وا ئەم ئایەتە **دەکەنە بەڵکە بۆ جسمانیەتی حەق تەعالیٰ** هەر وەکو «قاضی عبدالجباری» موعتەزیلی لە (تنزیة القرآن عن المطاعن) دالە پەرەی ٢٥٢ فەرمو یەتی... **و انما وصف الله نفسە بذلک مبالغة من حَیْثُ اَنَّ کل الانوار من قبلە کما یوصف بانە رجاء و غیاث‌الی ماشاء کل ذالک. قال تعالی:** (من لم یجعل الله لە **نورا فما لە من نور)** دەشێ بزانین یەکێک لە ئیستیعارات و مەجاز گەلی لە تیشەی خۆشیک کە لە قورئانا زورە، واژەی نورە، کەلە واتای هیدایەت وگەیشتن بە حەقیقەت بە کار براوە، نور لە ٤٤ ئایەتا هاتووە (معجم الفهرس للقرآن پەرەی ٧٢٥ وەکو ئەم ئایەتانە:

**١ـ قدجاءکم من الله نور وکتاب مبین (١٥/٥)**

**٢ـ یریدون لیطفئوا نورالله بافواههم و الله متم نورە و لو کرە الکافرون (٨/٦١).**

**٣ـ افمن شرح الله صدرە للاسلام فهو علی نو ر من ربە (٢٢/٣٩).**

**۴ـ و من لم يجعل الله نوراً فما له من نو ر (۴۰/۲۴)**
**۵ـ نورهم يَسْعىٰ بين ايديهم ... (۸/۶۶)**

خـاوەنی (تـەفسیر الجـواهێر) نـاودار بـه تەنتـاوی ج ۱۲ لاپـەڕەی ۲۳. دوای لێکۆڵینەوە یەک دەنوسیٚ: ۱ـ هەندیٚ ئەم تە مسیلەیان بە نوری محەمەدزانیوە و تویانە: کە میشکات سینگی ئەوە و «زوجاجە» دڵ یەتی و (مصباح) **نـبووەتیەتی و شـەجەرەی موبارەکەش داریِ هیدایەتی پێغەمبەری مـەزنی ئـیسلامە (و لولم تـمسسە )** ئاماژە و ئیشارە بەوە، کە قسە بکایا نەکا فەرمانی ئەو رونە و زەیتی وی نور ئەفشانە.

۲ـ هەندیٚ‌تر لە بابەت حەزرەتی ئیبراهیم خەلیلو لایەوەی ئەزانن و ئـەبێژن: کـە شەجەرەی موبارەکە **دیاردەیە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم کـە نـە یـەهودی بـووە و نـە نەسرانی و (نورعلی نور)** ئیشارەتە بە فـرەبونی نـوری مـحەمەد پـێغەمبەری مـەزنی ئیسلام بە سەر نوری حەزرەتی ئیبراهیمدا.

۳ـ هەندیٚ لایان وایە واتاکەی عامە و هەر مرۆڤێکی مۆمین دەگرێتەوە و دەڵێن: کە میشکات نەفسی مۆمینە؛ زوجاجەش دلێەتی و میسباح بـڕوایـەتی و شـەجەرەش‌داری ئیخلاس یەتی.

۴ـ حوکەما و تویانە: ئەم تەمسیلە ئیشارە بە قووای پەنجەی دە راکە یە، کە بریتیز لە: **حەساسە، خەیالٚ، فیکر، ئاوەز و نەفسی قودسییەی ئیلاهی.**

**۶ـ ئیبنی عەبباس فەر موویەتی (هَذا نورالله و هُداهُ فِي قلبِ المؤمنِ کما يَکادُ زيتُ المصباحِ يضئُ قبلَ اَنْ تَمَسَّهُ النارُ، فاذا مَسَّهُ الناسُ از دادضوءً علی ضوئِهِ کذالک قلبُ المؤمن يَعْلَمُ بالِهُدٰی قبلَ اَنْ ياتيَهُ العِلمُ فاذا جائه العِلمُ اِزداد هُدیً علی هدیً و نورا علی نورٍ)** خاوەنی (تفسير الجواهير) لەج ۱۲ لاپەڕەی ۲۵ دادەنووسیٚ: حیکمەت لەنازڵ بونی ئەم‌ئایەتە دوای ئایاتی (عِتق و نِکاح و قذف) ئەمەیە: کە موسڵمانان ئـاگـادار بـن تـا بـه خەریک بون بەئەحکامی شەرع و ئه نجام دانی کار و باری کۆمەڵایەتی و دینییەوە، لەبیر کـردنەوە لەعەجباتی خلیقەت غـافڵ نـەبن و عـیلمی فـیقە ئـەوان لە عـیلمی کـائنات نەگێڕێتەوەو لە لاپەرەی ۴۹ شدادە بێژیٚ: لەتەواوی، ئەدیان و عەقایید و میلەل و نیحەل داهەمو کەسێک خوای نور بە جۆرێک دەپەرستن، چونکـا ئینسـان بـە فیترەتی خـوی

ئەویندارى نورە، نور بنچینەى ژیانە، ساوێچوواندنى خوا بە نور وێچواندنێکە بە فیترەتى مرۆڤ نێزیکە.

لێکۆڵەرانى ئوروپاییش توێژانەوەیان لەسەر ئایەتەوە ئەنجام داوە (بلاشهر، وەرگێرانى قورئان بە نەقڵ لەکلێرمۆن گانو، ج ۳ لاپەرەى ۱۰۱۲) Cermontcanneau ویستویانە وێنەیێ لەپەراوە عاسمانییە کانى ترا پەیا بکەن و دیاردەیان بۆپەراوەى عەهدى عەتیق کردوەکە نوسراوە: (و بە منى وت: چدەبینى؟ وتم: روانیم وائێستا شەم دانێک کە هەموى لە تەلایە و رۆ ندانیشى بە سەرە وەیە و حەوت چراى لە سەرە و هەر چرا یەکیش حەوت لولەى هەیە و لە کەناریشى دو دارى زەیتون هەیە کە یەکیان بە لاى راستى رۆندانە کە وئەوى تریشان بە لاى چە پیەوەیەتى.)

یەکیّ تر کۆشاوە کە لەم مەسەلە قورئانەدا لە روانگاى قەندیلى راهیبان دالە تێئۆرى مەسیحى‌دا شتێک بدۆزێتەوە (ریچارد بیل Richardbell ئینگلیسى لاپەرەى ۱۳۶ هەر ئەو پەراوەیە، بە ئیشارەت بە میسباح راهیبانى نەسارا کە لە بیاوانا، لەدور روناکى دەدا، ئەمەى لەدیوانى ئیمرو لقەیسى هاوردوە. يُضيءُ سَناهُ اَوْ مصابيحُ راهب، اما لَ السليط بالذبالِ المُفَتّلِ دیوانى ئیمرو لقەیس لاپەرەى ۶۶ چاپى لیدن. هەمو ئەزانین ئەم شاعیرە ناوى ئیبنى حەجەرى ئیبنى عومەرولکەندى یەوئەهلى نەجدە و شاعیرى عەسرى جاهلیە و ۱۳۰ ساڵ بەر لە هیجرەت ژیاوە و رایگەیاندوە کەئەم تەمسیلە کە نیسەکانى رۆمى شەرقى کە لە رۆژگارى بیعسەتى رەسول‌لە دەشتەکانى شاما زۆر بون دێنێتەوە یاد بە لاّم ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەى زانایانى موسنەى بلاشێرى پایە و مایەیەکى واى نیە، دڵ خۆشکەربێ.

یەکێک لەمە لا کەورەکانى کوردیش بەناوى (مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازى) باپیرە گەورەى: (شە پۆل) لە راڤە کردنى ئەم ئایەتە نوسیویەتى: (اللە نورالسموات و الارض) واتا: خواى بەرزو بێچون روناک کەرەوەى‌ئاسمانە بەخۆر و مانگ و ئەستێرە و رازێنەرى زەویە، بەدار و گوڵ و ئاوروانگا و جۆگە و شەتاو.هەروا کوتویانە: رازێنەرى ئاسمانە، بەپەرى و سرۆش بە ناردنى پێغەمبەرانَ رێ ئیشاندەرى ئەهلى زەوى و ئاسمانە بە نورى خۆى .. نورى خودا وەحییە و پەیامیەتى (مثل نوره کمشکوة فیها

مەبەستیش بەو تاقەقیندیلە، کە پلێتەیان تێ خستبێ وهەڵیان گرتبێ و روشنیان کردبێ، بەڵێ مەسەلی قورئان وەکو چرایەکە و تاقی وی‌قیندیل یەتی و ئەو خوێنە رەشەوا، لەدەرونی جەرگدایە وەکو ئەوگرەیە، وا بەسەر پلێتەی چراوەیە.

گەلۆ، چرا کە پێغەمبەرە، کە لەدار و ریشەی ئیبراهیمە **ئەبو بەکر عەتیقی سوراوایی** لەتەفسیری تاهیریدا داستانێکی نێزیک بەوقسانەی نوسیوە و دەڵی کە بولئەحباریش و تویە تی: حەزرەتی محەمەدمیشکاتە و زوجاجە و.میسباحیش دورو نوری نبووەتن، خوانوری ئیمان و بڕواله ناودڵێکادائەنێ کە روناک و بەڕاق بێ، **سۆفییەکان: سەهلی کوڕی عەبدوڵای،** توستەری (شوشتەری) کە لەساڵی ٢٠٠ لەدایک بووە و لەساڵی ٥ دا مردووە لە (تفسیرالقرانِ) خۆیدا بەنەقل لەحەسەنی بەسری دەڵێ: **(مثل نوره)** دڵی عارف و زیبای تەوحیدە، چونکا دڵی پێغەمبەران لەوە روناکترە کەبشێ بەم جۆرە نورانەی و یچوێنین، هەرواگوتویەتی: نوری قورئان وەکو چرادانێکە کە چراکەی مەعریفەتە و پلێتە کەشی فەرایزە و رۆنەکەشی ئیخلاسە و روناکی یەکەشی و یسالە، دیارە هەرچی لەئیخلاس زیادکرێ نوری چراکە زێدەتر دەبێ و هەرچی لەفەرایزیش چاکترئەنجام بدرێ‌رەنگ و بریقەی زیاتر دەبێ.

**(عەبدورەحمانی سوللەمی)** نوسیویەتی: دڵ و دەرونی عارف وەکو ئاسمانە، هەر وەکوئاسمان بە دوانزە بورجی ئاسمانی راوە ستاوە و نەزمی جیهان راگیر اوە هەرواش تا دوانزە خەسلەت لەدڵی عارفدا پایەدارە، نەفسی ئەو بە نوری عافییەت نورانی‌یە.

**روزبەهان بەقلی:** نوری خواجێگای دڵە و دڵ عە رشی خوایە. قلب المؤمن عرش الرحمن، غاية الامكان فی‌دراية المكان نوسراوی **قدوة المحققين و خواناسان: مەحمود بن خواداد ـ ی شنۆیی** کەلە سەتەی ٦ و ٧ی مانگیدا ژیاوە یا مەجموعەی ئاساری فارسی لاپەرەی ٢٦ چاپی ١٣٦٨ هەتاوی.

**خواجەعەبدولاهی ئەنساریش** نوسیویەتی: نور هەندێکیان زاهرن و هەندێکیشیان باتینن، بۆنوری زاهری خوا فەرمویەتی: **(جعلنا سراجا وهاجا)** بۆ نوری باتینیش فەرمویەتی: **(فمن شرح‌الله فهو على نور من ربه)** نوری زاهیر نوری مانگ و

رۆژە، نوری باتینیش نوری تەوحیدو ماریفەت، نوری مانگ و رۆژ ئەگەر چی جوان و خوشیکن بە لام رۆژێک بە کوسوف و خوسوف دەگیر درێن بە لام رۆژی ماریفەت ماریفەت و نوری تەوحید کەلەریشە و ناخی دڵ دەدا و ئەروێ، هەرگیز کوسوف و خوسوف بۆنیە و تاریکدا نایێ خۆر هەلاتێکە بێ غوروب، کەشفێکە بیکوسوف و ئیشراقێکە، لەپلەی ئەوین و ئیشتیاقدا(**ان شمس النهار تغرب اللیل و شمس القلوب لیست تغیب**) حوسەینی کوری مەنسوری هەلاج شەهید ٣٠٩ی مانگی دەبێژێ: لەکاسەی سەرانوری وەحی هەیە و لەنێوان دوچاودانوری موناجات و لەگوێچکەدانوری یەقین و لەزوانا نوری بەیان و لەسینگا نوری ئیمان و لە تەبیعەت و خۆکردا نوری تەسبیح: (سەبحە) هەرکاتێ یەکێک لە و نورانە گڕبگرێ بەسەر ئەوانی تردا زاڵ دەبێ؟

(**محێدینی عەرەبی**) لەتەفسیر ەکەی خۆیدا دەنوسێ (**اللە نورالسموات والارض**) واتا: نوێنگە ی ئاسمان رۆحەو هی زەوییش لەشە، نوریش: بونەوەر و وجودی موتڵەقە، کەگشت بونەوەرانی، جیهان لەسۆینگەی ئەوەوە بونەتە بونەوەر وهاتو نەتە وجود (مَثَل نورە) واتا: سیسفەتی وجودی حەق و زوهوری ئەوە (**کمثل مشکوة فیها مصباح**) ئیشارەتە بۆتاریک و نوتەکی لەشیو نورانی بونی وی بە نوری رۆح و گیان. زوجاجەش ئیشارەیە، بە دڵ و دەرونی نورانی عارف و خواناس کە بەنوری ئیشراق وەکو چرا بەگڕروناک بۆتەوە،کەوکەبی دوڕی دڵی عارف و درە و شینە وەی ئەوە، شەجەرەی موبارەکەش: نەفسی قودسییەی پاک و چاکە، کە روناکە. مەولەوی دەبێژێ: (بە رگی ۴ مەثنەوی پەڕەی ٤٢٥ - لە بابەت لاشرقیە و لا غربیە):

قابل تغییر اوصاف تن است — روح باقی آفتاب روشن است
اوست بی‌تغییر لا شرقیه — نی ز تبدیل که لا غربیه

و سەبارەت بە واتای (نور علی نور) یش دەڵێ:

نور حسی رو که نورش راکب است — حسرا آن نور نیکو صاحب است
نور حسی میکشد سوی سرا — نور حقش می‌برد سوی علا
نور حسرا نور حق تزیین بود — معنی (نور عَلَیٰ نور) این بُود

**اللە نورالسموات والارض:** دە توانین بێژین مرۆڤ بە هۆش بێ و دڵی لای خوابێ

دەبێتە میشکات کە لەودا شوشەیەک هەیە کەلە و شوشەدا چرایەک هەیەکە نوری خوایەو دڵ دوای کرانەوە وەکو ئەستێرەی دوڕی لێ دێ و رون دەبێتەوە، لەنوری داری مدفەرک و موبارەکەی، پرسود بونی رۆحانێتی یادو زیکر خوایە. کە نەلە خۆر هەلاتەوە یەو نەلەخۆراواوەیە. بە ڵکو لەرێگای دڵ و دەرون کە نە خۆر هەڵاتی یە و نە خۆراوایی یە ئاشکرادەبێ ( **و لولم تمسسە نار**) واتا: ئەگەر دڵ لەیادی خوا غافڵ نەبێ کە بە پێی: ( **وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِالرَّحْمٰنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطٰاناً فَهُوَ لَهُ قَرِينْ**) سورەی ۴۳ (زوخروف) ئایەی ۳۶ دبێتە هۆی نێزیک بونەوەی شەیتان کە لە ئاگرە (**نور علی نور**) لە نور و تیشکی ئەو زیادە دەبێ تاهەموی دەبێتەنورو تێریژ و خۆر،روناکایی، بە واتایێ تر ئەورۆنە هەمیشە نوردەها وێژەی: ئەگەر چی ئاگریشی: نەگاتێ: کە ئاور هۆی نور و روناکایی یە: واتا: لەدڵ و هەناو پەیتا پەی تاگری نور و تیشک هەڵدەستێ و نور دەداتەوە و ئەم شوشە بلورە: (**فی بیوتٍ اذِنَ اللّٰهُ اَنْ تُرفعَ و يُذكَر فيهااسمُهُ**) چونکا مرۆڤی دەرون نورانی خەریکی خواناسی و خوادۆزی یەو لەیادی خوا دایە، جا لەبەر ئەمە سربتەدای مەحزوفێ کە (فی بیوت) دەبێتەخەبەری، ئەگەر (هذە الزجاجة) ...... ست لەبیوت لەشی مرۆڤە، چونکا ئەونە نورانی یە، کەهەمان عالەمی میسالە، کەلەخانو چکەی لەشی دایە. ئەگەر موبتەدای حەزف کراو (هذەالمشکوة) بگرین ئەشێ مەبەست لە (بیوت) مەقامی خەلوەت بگرین واتا: ئەو دڵە نورانی یە، کە لەدەرونیئە و نور دیتەدەر، هەر ئەو مەقامە پاک و خەڵوەتی دڵ و دەرونە. بۆ بەیانی: مَثَل نورە) شی دەفەرموێ: ( **یسبح لە فیها بالغدو و الآصالِ رجالُ لاتلهیهم تجارة ولا بیع عن ذکرالله**) واتا: مرۆڤ گەلێک هەن کەلە و خانوچکەدا هەر کەرەبەیانیان بولێڵە و شەونیوەشەو، یادی خوا دەکەن و کرێن و فرۆتن و بەرژەندی ئەم جیهانە ئەوان لەخوا دورەوەناخا.


سەرچاوە:

تەفسیرالمصحف المفسر دوکتور فەریدوەجدی

* تەفسیری مەفاتیحالغیب:( تەفسیری کەبیر نوسراوی ئیمام رازی.

* الاتقان فی علومالقرآن: جلالالدین سیوطی.

* استعارات قرآنی: دکتر صباح
* تەفسیری مراغی: احمد مسطفی المراغی.
* دایرةالمعارف مذاهب (انسیکلوپیدۆی مذاهب)
*تەفسیری فی ظلال القرآن : سیدقطلب.
* تەفسیری جواهر ناودار بەتەنتا وی‌ج ۱۲ لاپەرەی ۱۳ و ۲۵ و ۴۹ چاپی میصر.
* منظومەی حاج ملاهادی سبزواری لاپەرەی ۷ و ۳۰۶
* تەبیعیات، نجات شیخ ابوعلی سینالاپەرِەی ۷۴ و ۲۶۹ چاپی مصر.
* تنزیةالقرآن عن‌المطاعن: قاضی‌عبدالجبار معتزلی لاپەرەی ۲۵۲.
* مشکات‌الانوار: ئیمام محمد غزالی.
* شرح اشاراث ج ۱ لاپەرەی ۵۳ چاپی مصر.
* الاشارات و التنبیهات ج ۱ لاپەرەی ۱۵ چاپی مصر ۱۳۲۵ ه
* تەفسیر بیضاوی ج ۴/۴۰۰.
* تەفسیرِ تەبەری ج ۱۸ لاپەرەی ۱۰۷ و ۱۰۴.
* دیوان امرؤ القیس لاپەرەی ۶۶.
* تەفسیر ابن کثیر ج ۶ لاپەرەی ۱۲.
* کشف‌الاسرار ج ۸ لاپەری ۷۳۰ (تفسیر ابوالفضل میبدی ناودار بە تـەفسیر خـواجـە عبدالله انصاری.
* مقدمەی کتابِ‌الْمصاحف طبع ارتور جفری ۶۵ و ۱۵۰.
* تەفسیر محی‌الدین عربی.
*المعجم المفهرس للقرآن لاپەرەی ۷۲۵
* امثال‌القرآن الماوردی.
* تاریخ قرآن نولد شوالی.
*بلاشر: ترجمەی قرآن بنقل لە کلرمون گانو.
* تەفسیر ئەلمەنار: محمدرشید رضا تقریرات – درس شیخ محمد عبده.
* تەفسیری قورتوبی الجامع لاحکام القرآن : محمداحمد الانصار القرطبی بیروت ۱۹۶۵

* تەفسیر روح‌المعانی: علامه شهاب‌الدین محمود آلوسی.
* امثال‌القرآن ابوعبدالرحمن .
* تەفسیر کەشاف ابوالقاسم محمود زمخشری.
* الحواشی المدینة: شیخ محمد سلیمان کوردی مدنی
* تاریخ قرآن هیرشفلد.
* تەفسیر لباب الالباب خازن.
* دائرةالمعارف الاسلام (انسیکوپیدیا اسلام).
* المستقصی فی‌الامثال.
* تەفسیر روزبهان (عرایس البیان).
* تعلیقات فی‌القرآن: علاّمه عبدالکریم ناو دار بەشیرازی.

ئەم وتاروتەفسیری ئایەی نورە لە ژمارەکانی ٦٤ و ٦٥ و ٦٦ و ٦٧ گۆواری سروە سالی حەوتەم چاپی ناوەندی بلاّوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدە بی‌کوردی صەلاحەدین ئەیوبی سالی ١٣٧٠ ی‌هە تاوی، بلاّوکراوە تەوە بە لاّم بداخەوە هەڵەی چاپی زۆربو، کاک ئەحمەدشەریفی ئافەرین نامەیەکی لەسەر نوسیوە و لە رۆژنامەی حەوتانەکەلە تاران چاپ دەبیّ لەژمارەکانی ٤٠٩ و ٤١٠ سالّی ١٠ ئابی ١٩٩٢ زاینی بلاّو کراوەتەوەو بەکورتی بە مجورەیە:

وەرگێران ورافەکردنی قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی، لەنا و کوردان کاریکە تازە.

دوکتور کامران بەدرخان لەساڵەکانی (٤٠)ی زاینی لەشاری شامی سوریە مانگنامەی (رۆژانۆیی) بەزاراوەی کرمانجی و پیتی لاتین دەردەخست، لەوان سالاّن دا دەکەوێتە سەرئەم ئەندێشەیەکە بە شێک لەقورئانی پیرۆزیش بکاتەکوردی و لەلاپەرەکانی رۆژانۆی دا بلاّوی بکاتەوە و ئەم کارەشی ئەنجام دا و بۆهە وەلێن جار، لەمێژوی کوردستان و ئیسلامدا، چەندسوریەکی لەقورئانی کەریم، وەرگێرایە سەر زاراوەی کرمانجی ولەلاپەرەکانی گۆفاری رۆژانۆی چاپیکرد کە بەناوی (تەفسیری قورئانا پیرۆز) بلاّو بوەوە.

پاش ئەم کارە بەنرخ و بەجیٚ یەی رەحمەتی کامران بەدرخان، زۆر کوردی تر خۆیان لەقەرەی رافەو وەرگیٚرانی قورئانی پیرۆز دا و سورەکانی قورئانیان بەهەر دو زاراوەی سەرەکی (کرمانجی سەرو و کرمانجی خوارو)

بەلاٚم رەنگە ئاخرین کاریٚکی کەلەم مەیدانەدا کرابیٚ، کارەکەی مامۆستا دوکتور مەحمەد سالحی ئیبراهیمی بیٚ کە ئایەتەکانی کردۆتە کوردی و لیٚکیداوەتەوە، هەڵسەنگاندنی ئایەی نوری بە شیٚوەی لیٚکولینەوەی زانستی کە لە ژمارەکانی ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧ گۆفاری سروەدا بلاٚو کراوەتەوە.

مامۆستا حاجی مەلاسالٚەی ئیبراهیمی (شەپۆل) یەکیٚک لەو نوسەرە کوردانەیە، کەچەندین ساڵە خەریکی خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی یە و لەم ریٚگا یەدا زۆر هەنگاوی بەکەڵک و سودمەندی هەڵگرتووە و خزمەتیٚکی باش و بەرچاوی بە کتیٚبخانەی نەتەوەکەی کردووە، کەلەمبوارە دا ئاخرین کاری مامۆستاحاجی مەلاسالەرافەکردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە بەتەواوەتی کە بە شیٚوە یەکی زانستیانە ئەنجامی داوە و ئیٚستا لەدار القرئان لەژیٚر چاپ دایە.

هەروەک عەرزم کردن، بە شیٚک لە رافەکردنەکەی سورەی نورە لەگۆفاری سروەدا بلاٚو کراوەتەوە.

وە رگیٚران ورافەکردنەکەی مامۆستا حاجی مەلاسالە بەراستی بە شیٚوە یەکی زانستی، عیلمی ئەنجام دراوە و بەزمانیٚکی کوردی زۆرسادە و ساکار، ئایەتەکانی لیٚکدا وەتەوە ئەم کارەش کرنگیی یەکی زۆری بۆ فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، هەیە و ئەو کەسانەی کە دەیانە ویٚ لە فەرمو دەکانی یەزدانی مەزن بەکوردی حاڵی بن، بەراحەتی دەتوانن سود لەم کارە گرنگەی حاجی مەلاساڵە وەربگرن.

حاجی مەلاساڵە ئایەتی ٣٥ی سورەی نور بەم جۆرە رافەدەکا:

خوا نوری ئاسمان و زەوینە، مەسەلەی نوری خوا، وەکو چرا دانیٚکە کە لەوا چرایەکی (پڕ نور) هەبیٚ. ئە و جرایەش لەناو جوبابیک (رو پۆشی چرا، لەشوشە یابلور) دا بیٚ، حوبابیٚکی بیٚ گەرد وگرشەدار، وەکو ئەستیٚرە یەکی ورشەدار ئەو چرایە بە رونیٚک روناک ئە بیٚ وگڕ ئەگریٚ کە لە زیتونیٚکی پرپیت و بەرەکەت گیراوە، کە نە خۆر هەلاٚتی یەو

نه خۆر ئاوایی یە (رۆنە کە ئەو  نە بێخوش و بالأوتە و پاکە) نێزیکە بێ ئەوەی ئاگـری بگاتێ، گربگرێ و بایسیێ نور لەسەر نورە (تیرێژوتیشک بە سەر تیشک‌دا تـیرێژ دەهـا وێ)

هەرکەسێک خوا بیەوێ، بەرەونوری خۆی رێنوێنی و هیدایەتی ئەکا، خوا ئاگای لەهەمو شێک هەیە.

( ئەم چراپرتیشکە) لەناو خانو بەرەگەلێک دایە کە خوا ئیجازەی داوە دیوارەکانیان بە رزو بڵیند بکرێتەوە (تادزوچەتە و جەردەپەی پێ نەبات).

مەلا سـاڵە، لەلاپـەرەکـانی (١١-١٠)ی سـروەدا، واتـا و مـانای و شـەی نـوری لەروانگەی قورئانی پیرۆزەوە بەشێوەی تەفسیری قورئان بە قورئان لێکـداوەتـەوە و زۆر بەوردی لەوشەکەی کۆڵیوەتەوە، رەنگەئەوە تەنیا رافە و وەرگێرانی قورئانی پیرۆزبێ، بە کوردی کە رافەکەی بە شێوەیە کی عیلمی و زانستی یەکە پەرژاوەتە سەر لێکدانـەوەی ماناو واتای و شەگەلی قورئان.

بەشی دوەمی‌رافەی سورەی نور و ئایەتەکانی لەژمارەی ٦٥ی گۆڤـاری سـروەدا بلاو بۆتەوە، لەوبەشەش‌دا، حاجی مەلاساڵە هەمیسان، لەسەر رافە کردنە کەی دەروا و بیرو بڕوای زانایانی ئیسلامی لەم بارەوە لێکدەداتەوە و دەنوسێ:

هەندێ وتویانە مەبەست هەمان نوری رێـنوێنی و هـیدایـەتە کـە خـواله نـاو دڵ ودەرونی خودان بروایاندا گیرساندویەتی.

هەندێکیش ئەوەیان بەواتەی قورئان گرتووە کەلەناخی دلێ مرۆڤ نور و تـیرێژ ئەهاوێژێ...

حاجی مامۆستا مەلا ساله، درێژەبەرافە کردنی ئایەتەکانی سورەی نور دەدات و بەشی‌سێ یە می ئەم و تارە گرنگەی لە ژمارەی ٦٦ سروەدا چاپ کراوە، کە لە بە شـی لێکـدانـەوەی و شـەپیرۆزەکـانی (میشکـات، زجـاجە: مصباح شـەجرەو زیَت) دا دەنوسێ:هەریەکە لەوپیتانە، ئاماژە کردنێکە بۆیەکێک لەو حەواسە، قـەوەی حەسـاسە بەمیشکات ناوبراوە کە جێگای چرادانە و روی لەشتانی زاهیرە ئەوانە، رو ناک دەکاتەوە تاهیزەکانی‌تر ئەوانە دەرک بکەن.

قەوەی خەیاڵییەش بە (زجاجە) ناوبراوە، تا سووەری مودریکات لەهەر لایەکەوە دەرک بکاو ئەوانەش بە ئەنواری عەقڵی روناک بکاتەوە

قەوەی ئاقیلەش بە (مصباح) ناوبراوە کە ئیدراکات کوللی و مەعارفی ئیلاهی لەناو دڵ و دەرو نارون هەڵ بکا.

قەوەی موتەفەکیرەیش بە (شەجەرەی موبارەکە) ناوبراوە، چونکائەگەرلە... ئەعرازی جسمانی خاڵی بێی، نەشەرقی و نەغەربی دەبێ

قەوەی قودسی یەی ئیلاهیش بە (زیت) ناوبراوە، کەلەبەر بریقە بریق و بێ گەردی، بێ ئەوەی ئاگری، فێرکردن و بیرکردنە وەی پێ بکا، لەخۆوە نور ئەفشانی دەکاو دەست دەکا بە نور دانەوە و تیرێژ هاویشتن، هەروا دەڵێن کەئەم ئایەتە، تە مسیلێکە لەقەوەی عاقیلە، لەسەر پلەو پایەکانی وجودی خۆیدا، کاتێ بە زانستی زەرو ری بنەخشن و هەستی پاژەو جوزیی بۆدەست بدا وەکو ئاوێنەی لێ دێ کەوا مەبەستی نەوزەری تێدا دیاری دەدا، سائەگەر پلە و پایەی زانست ئەوی بۆلای تێفکرین را بەری ...

سەر زمانی کوردی.

محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی: (شەپۆل) ئەم کتێبانەی نوسیوە:

١-دین وئەدەب چاپی ١٣٦١/٦/٢٨ھ تاران.

٢-کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی نەو رۆزی ٥٩و ١٣٦٠ ھ-تاران.

٤-باوی کۆمەلاّیەتی ومێژویی... چاپی نەو رۆژی ١٣٥٧ھ-تاران کەئێستابەناوی باوی کوردەواری بۆجاری دوەم لەبن چاپدایە.

٥-بەرگی یەکەمی زانایانی کورد... یاگەنجینەی فەرهەنگ و زانستچاپی ١٣٦٤ تاران.

٦-تەفسیری سورەی فاتحةالکتاب چاپی ١٣٦٦ھ

٧-نۆ ژمارە کۆوار بەناوی گرشەی کوردستان، کە، یەکەم ژمارەی لە ١٩٨١/٣/١ زلەتاران بلاّو کراوەتەوە.

٨-ئینسان وبڕوا: (وەرگەراوەیە) چاپی ١٣٦١ ھ تاران.

٩-شارەمێش هەنگوین تەرجەمەی سورەی موبارەکەی نەحلە، وەئەم کتێبانەشی ئامادەی چاپن.

١-تەفسیری قورئان تەرجەمەلەڕوی المصحف المفسر نوسراوی فەریدوەجدی لەئەوەڵی قورئانەوەتا ئاخرین سورەی قورئان.

٢-بەرگی ٢و ٣و ٤و ٥ زانایانی کورد.. یاگەنجینەی فەرهەنگ وزانست.

٣-نوێژ بە فارسی وبەکوردی.

٤-عیلمی کەلام.

٥-شەرحی حاڵی حەزرەتی محمد (د-خ)وخولەفای راشیدین بەکوردی و بەکورتی.

٦-شەرحی حاڵی ئیمامی شافعی، حەنەفی، مالکی، حەنبەلی، ماتریدی و عقایدی فقهی ئەوان.

٧-حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای نەهری، قدس سره العزیز.

٨-تەرجەمەی ئایاتی مونتە خەبەی قورئان.

٩ـ حەزرەتی ئیمام شافعی و بیروڕای فقهی و ئوصولی ئەو پێشەوایەو داب و دەستوری نوێژ بەپێیٚ فِقْهِ ئەو زاتە، بەوێنەی کتێبێک کەبەوێنەی وتاریش لەرۆژنامەی شەهادە ی کوردی بلاّوکراوەتەوە لە ژمارەی ٢٢٣ تا ٢٢٨.

وێنەی بیبلۆگرافی یاکتێب ناسی نوسراوەکانیش بەم جۆرەن: ژیناوەری زانایانی کورد لەجهانی ئیسلامەتی، یاگەنجینەی فەرهەنگ وزانست:

کەشەرحی گەورە بیاوان ونوسەران وشاعیرانی کوردە، بەزمانی کوردی: وەکو: مەولانا خالد شارەزوری، شێخی ئیشراق و بیرو ڕای ئەو لەبابەت فەلسەفەی ئیشراقەوە، غەوثی گەیلانی، حەزرەتی شێخ عوبەیدیلانەهری، سەید طەی شەمزینی عەبدولقادر: عەوثی ثانی، مەلا ئەبو بەکری موصەنیف ـ حوسێن حُزْنی ـ مەلاعەلی تورجان، دوکتور کامران بەدرخان ـ ئەحمەدی خانی ـ حاجی قادری کۆیی ـ مەلای جریزی ـ حاجی خەڵیفە مەلا محەمەد: (بەها) موفتی زەهاوی، وەفایی ـ میرزا عەلی قازی، نورنیساخانم، دارە مر واری یا شجرةالدر ـ مەلا محەمەد قزلجی، مەلا رەحمانی پێنجوێنی ـ بەدیع الزمانی کوردستانی، عەلامە شەعیدنورسی، بێسارانی، مەحوی ـ زەیوەر ـ حەریق ـ فەقێ تەیران، عەلی تەرموکی، ئامێدی، مەجدی، مەستورە، نالی ـ عەلامەعەبدوڵلا بێتوشی عەلی ئەصغەری کوردستانی ـ پیرە مێرد ـ تاهیربەگ ـ گیوی موکریانی ـ ابن الحاجب شارەزوری، صەیدی هەورامی، ئەمینی ئەودالٚ، ئیبنوجەنی ـ عەلامە کەماڵەدین وزانایانی شارەزوری وئامێدی، ئیبنو صەلاح ـ خازنی ـ عەبدوالرحیم مەولەوی، عەلی حەریری، مەلاخەلیلی سیرتی، شیخ یوسف ئوغلو، دڵدار ـ قاناتی کوردۆ، شامیلۆف، رەشیدیاسەمی

عەلی سیاباندۆف ـ مەلا مەحمودی بایەزیدی سلطان العرفا: حاجی سەید عەبدوڵا گەیلانی زادە ـ سالم سنەیی، شێخ رەزاتاڵەبانی ـ گۆران، حەمدی ـ مەلایەحیامزوری، شێخ عەبدورەحمان روژبەیانی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمودی ئەمر ـ بەدرخان، شێخ سەلام بارزانی ـ عەزیزخان سەرداری بۆکان ـ کوڕی خەلەکان ـ ئەبوفیدای ئەیوبی،

شێخ نورەدینی بریفکانی ـ باباطاهری عوریان ـ مەلاپەرێشانی لور ـ شێخی شەرقاوی.

بەرگی یەکەم چاپخانەی مەهارەت ـ تاران ـ لە ساڵی ۱۳۶۴ هەتاوی لەچاپ داراوەو ۸۸۶ لاپەڕەیەو بەزمانی کوردی یە.

هەر لەباسی فەلسەفەی ئیشرافەوە تادەگاتەباسی فەقێیەتی و ئەدەب و فقەاللغەو کەرت کردنی واژەو واژەنامەکەی پڕو تەژی یە لەمەبەستی زانستی و لێکۆڵینەوەو وردەکاری عیلمی جوان و رازاوە.

باوی کوردەواری:

چەن مەبەستی جیاجیایە بەزمانی کوردی وەکو: بەهاری ئازادی، نەورۆز، کوڵەچوارشەمە، هەتەرێ ومەتەرێ، کۆسە، میرمیرین، سیانزەبەدەر، داب و دەستوری فەقێ یەتی، بەیت وباو، لێکۆڵینەوە، چریکەی شەو یاروشەو بۆوچەن چیروک ومەبەستی مێژویی، وەکو مێژوی هۆزی شوانکارە، چاپخانەی جەواهیری ـ تاران ـ چاپی ساڵی ۱۹۸۰ زاینی، دوسەت وحەوت لاپەڕەیە.

۱ـ پەند یا ئەمساڵی قورئان ؛

ئەم کتێبە پڕ پڕە لەمەستی جوان و وردی کەلامی و کۆمەڵ ناسی و علمی وفەلسەفی و دینی و ئەخلاقی، لە بابەت واتای ئەمسالی قورئان و بەراورد کردن لەگەڵ چەن پەندی کوردی و تەفسیری چەن ئایەت بە شێوەی تەفسیری مەوضوعی، فەلسەفەی چاوە دێری گشتی، واتا کردنی ئایەی نور بەشێوەی وردی زانستی و دەر بڕینی بیروای زانایان لەو بابەتەوە، بڕواو ئیمان و زانست و عیلمی کەلام، کەلەچاپخانەی:

مەهارت ـ تاران، چاپی یەکەم، ساڵی ۱۳۶۲ هەتاوی لە ۲۷۸ لاپەڕە لەچاپ دراوەونرخی ۳۵ تمەنە، بەزمانی کوردی نوسراوە.

۲ـ کوروکاش یا مێژوی موکریان:

لەبابەت مێژوی مەهابادو مەڵبەندی موکریانەوە بەزمانی کوردی باس دەکاو لەچاپخانەی پیروز ـ تاران چاپی یەکەم ساڵی ۱۳۶۶ هەتاوی لە ۲۹۸ لاپەڕە لەچاپ دراوەو

نرخی ۸۹ تمەنە.

۳ـکۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی؛

برێ لەبابەت باوی کوردەواری و فۆلکلور: خەتە نەسوران و ژن هێنان و داب و دەستوری مەرو مالاًت بەخێو کردن و هۆزەواری و یەکتر ناسینەوە بە کوردی قسەدەکا. چاپخانە جواهیری ـ تاران ـ لە ساڵی ۱۹۶۱ زاینی لە ۱۱۲ لاپەڕە لەچاپدراوە ونرخی ۱۵ تمەنە.

۴ـگرشەی کوردستان ؛

کۆواری گرشەی کوردستان ژمارەی یەکەمی لە ۱۹۸۱/۳/۱ زاینی بلاًوکراوەتەوەوتا نۆ ژمارەی لیٚ چاپکراوە وبەوێنەی کتێب لەیەک بەرگدا کۆ کراوە تەوە، ئەم کۆوارەزیاتر بەئەدەب و وێژاوەری و هۆنەوچریکەو فۆلکلورو باوی کوردەواری و فەرهەنگ گرینگی داوەو جوان و پڕە لەمەبەستی جوان جوان.

۵ـ دین و ئەدەب یاقسەی دابێژ راوی پاراوی زوانی کوردی:

هەندیٚ مەبەستی دینی یە لەبابەت (شوراو اولی الامر)کارو عەدالەتی کۆمەلاًیەتی، مافی ژن و بانگ کردن بۆیەکیەتی و شیرین زمانی و زمان و خوێندن و صەبرو دین و ئەدەب و جەبروئیختیارو نزولی قورئان، هیدایەت، رۆژوگرتن، بەزمانی کوردی قسە دەکاو لەپەڕەی ۱۶۱ تا ۲۴۳ تەفسیری سورتە کورتەکانی قورئانی پیرۆزە بە کوردی یەو لە چاپخانەی ئارمان ـ تاران لەسالی ۱۳۶۲ هەتاوی چاپبووەو ۲۵۳ لاپەڕەیەو نرخی ۳۵ تمەنە.

۶ـ تەفسیری فاتحةالکتاب بەکوردی ؛

ئەم و تویژە لە روژنامەی شە هادەی کوردی سالی ۶ ژمارەی ۲۸۲ در ۲۶ سپتامبر ۱۹۸۹ ی زاینی و ۴ی رەزبەر (بەران)ی ۲۶۰۱ک و ۲۵ سەفەری ۱۴۱۰ی مانگی و ۴ ی میهری ۱۳۶۸ی هە تاوی لەگەلٚ وینە چاپکراوە.

**بیلوگرافی یاکتێب ناسی** ؛

* **ناوی کتیب:** تەفسیری فاتحة الکتاب بەکوردی.

* **نوسەر:** محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل).

* **ناشر:** بە هەوکاری معاونت بین‌الملل تەبلیغاتی ئیسلامی ئێران.

* چاپی یەکەم سالی ۱۳۶۷ هەتاوی.

* تاریخی ئینتشار: ۱۳۶۷/۸/۱۴ هەتاوی.

* جیگای بلاوکردنەوە: تاران

* تیراژ ۵۰۰۰ دانە

* لەم پەراوەدا بیرو رای زانایان و تەقسیم بەندی تەفسیر زانان‌لە بابەت زانستی کەلام دا، تییداگو نجاوەو زۆر بەوردی قسەی لیکراوەو تائیستا سورەی حەمد بەم شیوە زانیاری یانە ئاوا جوان و عیلمی واتا نەکراوە.

لە ئاخر یشدا لە بابەت بیژەی قورئان بە شێوەی فقه‌اللغه زۆر زانایانە قسە کراوە و بیرورای ئیمام شافعی فەرا، ئەبو حەسەن ئەشعەری و پەیرەوانی ئەو، ئەقیدەی زجاج، لحیانی و دوکتور صبحی صالحی تیدا خونجاوە وکەمیکش لەبابەت مەسەل و چریکەی حەی بنی‌یەقطان (زیندوی بیدار) زور پرواتایانە قسە کراوە.

بنام خدای دانا و توانا

فاضل و محقق محترم جناب آقای محمد صالح ابراهیم محمدی (شەپۆل) موضوع / کتاب (تەفسیری فاتحة الکتاب).

با عرض سلام و آرزوی موفقیت بیشتر برای آن محقق فرزانه، به استحضار می‌رساند که کتاب فوق‌الذکر را، که به زبان کردی نوشته‌اید، با علاقه و اشتیاق مطالعه نمودم.

چون کتاب مذکور برای اینجانب بسیار جالب بود لازم دانستم که بصورت اجمال و در چهارچوب تشخیص‌های خود نظر خود را راجع به آن، بشرح ذیل به عرض برسانم.

۱ـ چون تا جائی که بنده اطلاع دارم، این اولین باری است که یکی از سوره‌های قرآن

مجید، به زبان کردی بصورت یک کتاب مستقل تفسیر شده است، لذا کاری است کم‌نظیر و ابتکاریست جالب.

۲ـ از اینکه به زبان کردی حالت عرفانی می‌بخشد، قدمیست بسیار بدیع در احترام به زبان مادری نویسنده کتاب، که قابل تقدیر است.

۳ـ در مقایسه این کتاب با سایر تفسیرها یا ترجمه‌های دیگر قرآن مجید به زبان کردی، این کتاب بسیار مدرن نوشته شده است و برای خوانندگان این عصر بسیار پرکشش است.

۴ـ مسئله بسیار مثبت در تدوین کتاب این است که در تفسیر سوره مبارکه مذکور، نظر صاحبنظران مشهور را نیز عیناً درج فرموده‌اید از قبیل: زمخشری، فخرالدین رازی، محمد غزالی و غیره. که حالت استناد بیشتری به کتاب می‌دهد.

۵ـ مهمتر از همه نکات فوق‌الذکر این است، که افرادی که زبان عربی بلد نیستند و کردی بلدند، می‌توانند با سهولت این کتاب ارزشمند را بخوانند و در رابطه با شناسایی با مذهب خود، که اسلام است، از راهنمایی‌های ارزشمند آن بهره‌مند گردند.

در خاتمه امیدوارم که در خلق این قبیل آثار گرانقدر بیش از پیش توفیق حاصل کنید.

ارادتمند ـ حسن صلاح (سوران)
تهران ۱۳۶۷/۱۰/۱۱

ارا تمند ـ حسن صلاح (سۆران)

***

# بیروورای تەفسیرزانانی قورئان

ئەبوحەفس عومەر بن عەلیبن عادڵ حەنبەلی دیمەشقی کە لە ٨٨٠ مانگی بە دوامردوە. لە تەفسیری ١٨ بەرگی خویدا بەناوی لوباب لە عولومی کتێبدا، وتویەتی: موجاهید **لەئیبنی عومەری بیستووەکە مرۆیێ لەکورد ـ ی** فارس ئاماژەی بە سوتاندنی ئیبراهیم کردوە. ئیبین عادلیش بە نەقڵ لە ئیبی جەریح ناوی ئەو مرویەی بە ٢ جۆر (هرین و هنرین) نوسیوەو بە یەکەم کەسی زانیوەکە مەنجەنیقی سازداوە. ئیبنی عادڵ نمرود بە شای سائیبین و بە خەڵکی بابیل: خاکی کوفە یاکێویێ بەناوی سەرکەشتی لە نەهاوەند (: نوحاوەند) داناوە ـ بڕوانە بەرگی ٤ پەڕەی ١٣٧ تا ١٣٥ کتێبی کۆمەڵە و تاریێ وارگەو زانایانی کورد (شەپۆل) ـ و خاوەنی ئەم تەفسیرە، لە بابەت ئازەرەوە (اذ قال ابراهیم لأبیه آزر ـ ئایەتی ٧٤ سورەی ئەنعام) و تویەتی: (: ئازەر وەزیری نمرود بووە (بەرگی ١١ پەڕەی ٥٠١). قورتوبی ئەندەلوسی: عەبدوللا محەمەدبن ئەحمەد ـ ی ئەنصاری کە لە ٦٧١ مانگی مردوە، لە تەفسیری ٢٠ بەرگی خویدا، بەناوی جامێعی بۆ ئەحکامی قورئان، دەڵێ: (روی‌ان قائل هذه المقالة هو **رجل من الاکراد** من اعراب فارس ئەی من بادیتها و هەروا رای گەیاندوە کە ئیبنی عومەر و موجاهید و ئیبنی جەریح ناوەکەیان بە (هیزری) ناو بردوەو بە مەنجەنیق سازدانی زانیوە (قورتوبی بەرگی ١١ پەڕەی ١٣٨). قورتوبی دەڵێ (ئازەر باوك یا مام و ئاپی) ئیبراهیم بووە و (پیێ) بۆتە (بیێ) و ئازەری بە (بوت) واتاکردوەو ناوی باوکی (تاروخ) بووە. (بڕوانە بەرگی ٧ پەڕەی ١٠). شەمسەدین محەمەدبن ئەحمەد شێربێنی ناودار بە خەتیبی شێربێنی کە لە ٩٧٧ مانگی وەفاتی کردوە، لە تەفسیری سیراجی مونیر ـ ی خویدا، نەخش و **رۆڵی کوردانی نیشان** داوە و دەڵێ: (**هذا رجل من الاکرادی** و تویانە ناوی (هینون) ە ـ بڕوانە بەرگی ٤ پەڕەی ١٨٤. خەتیبی شێربێنی هیجرەتی ئیبراهیمی لە **کۆیی** بۆ حەران، زانیوە (بەرگی ٥ پەڕەی ٧٣) نوسەر هەروا، ئیبراهیم ـ ی بەخەڵکی شوشی ئەهواز، داناوەو

لەگەڵ باوکیدا لە شوشەوە چوونەتە بابیل (بەرگی ١ پەڕەی ١٢٠)، ئیبراهیم (: بلە)ی بەواژەیێ **کوردی** فارسی داناوە. عەبدورەحمان بن محەمەدبن مەخلوف ئەبی زەید سەعالیبی (٧٨٦ ـ ٨٧٥ مانگی) لە کتێبی جەواهیر ـ ی حیسان ـ ی خویدا، لە پەرەی ٩٢ دا، ئەو **پیاوەی بەکورد، زانیوە**، بەڵام ناوی نەبردوە. بەغەویش لە تەفسیری لیبابو تەئویل لە نیشانەکانی تەنزیلدا لە رافەی ئایەتی ٦٨ سورەی ئەنبیا بەریوایەتی ئیبنی عومەر، بەڵگەی هاوردوە و رایگەندوە: کە ئەو **پیاوەکورد**، بووەو ناویشی (هیزن) بووە و تەفسیرەکانیش ئەو شوێنەیان بە **(کۆیی)** داناوە. ئەبوحەسەن عەلی بن محەمەد بن ئیبراهیم بن عومەر شێخی خازین لە لوبابی تەئویلدا لە بەرگی ٥ پەڕەی **٣٤ دا**، دەڵێ **(هذا رجل من الاکراد** قیل اسمه (هیزن)، لە تەیسیرو لەتیفی مەنان نوسراوە، ئەو رەحمان بن ناسر سەعدیش **بە ناوی کۆییێ** ئاماژە کریاوە و لە ئەزوائی بەیان لە ئیزاحی قورئان بە قورئاندا، وتراوە پیاوێ لە عەرەبی فارسی کە **مەبەست لەوەکورد**، بووە (بەرگی ٤ پەڕەی ٣١٣) کە هەندێ ئەوکوردەیان، بە نمرود و هەندێکیش بە **کوردێ بەناوی هیزان**، ناو بردوە (تەفسیر موقحەماتی ئەقران لە موبهماتی قورئاندا) و نوسەری جامیعی ئەحکامی قورئان، **کوردانی** عەرەبی فارسی و خودی هیزان بە ناوی کەسانێ کە دەسیان لە کاری ئاگرەکەدا هەبووە، باسی لێکردون و خێوی تەفسیری کەششاف نوسیویەتی مەبەست لە پیاوێ لە ئەعرابی **عەجەم، کوردە و** بێژاویش کەخۆی **لەکوردانی ناوچەی** فارسە، فەرمویەتی: مەبەست لە (رجل من اکراد فارس (: هیون)ەو ناوی هیون بووە (بەرگی ٢ پەرەی ١٩٥). لە تەفسیری بە حری موحیت دا، نوسراوە ئەوەی ئیشارەی سوتاندنی ئیبراهیم کردوە (نمرود) بووە و کوڕی عەتیەیش نوسیویەتی: **پیاوێ لە کوردانی**، عەرەبی فارس و خەڵکی بیاوان بووە (بەرگی ٥ پەڕەی ٢٣٩) و شیخ محەمەد نەوەوی لە تەفسیری راح لەبید، بە نمرود ـ ی کوری کەنعان یا مرۆیێ **لەکوردانی** فارس کە ناوی (هینون) بووە، یادی لێکردون.

تەبەری روداوی سوتاندنی ئیبراهیم بە ئاگر بە ساڵی ١٤٧٠ی دوای تۆف و توفانی

نوح و ۴۳۰۰ دوای هاتنە دنیای بابە ئادەم، داناوە (بەرگی ۱ پەڕەی ۳۰. کتیبی مێژوی ئومەم و ملوك، باو باپیرانی ئیبراهیم نەسل بە نەسل دەگەیێتەوە، سەر نوح بە مجۆرە: ئیبراهیم بن تاروخ بن ناحوربن ساروغ بن راغوبن فالیغ بن عابیربن شایح بن ئەرفخشد بن سام بن نوح و نوسەری تەجریر و تەنویر، دەورەی گولکردنی بابیل و دەورەی پاشایی نمرودی بە **۳۷۵۵** بەرلە زایین، داناوە (بەرگی ۲ پەڕەی ۳٦۹) وە قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا ئەوەی بە **۲۳٦** سال دوای تۆفانی نوح و **۳۳۳۰** سال دوای خیلقەتی بابە ئادەم، داناوە و تەنانەت لای وایەکە نمرود لە **خاکی کوردەواریدا** بووە (بڕوانە بەرگی ۷ پەڕەی ۱۰ و بەرگی ۲ پەڕەی ۲۴ قورتوبی) ئەو قسانەو قسەی **میهرپەرستی لە کوردەواریدا،** ئەوە دەسە لمێنی کەدین و دین باوەری و ژیار و تەمەدون لە زاگرۆس: لە کوردەواریدا فرەکەون وکەو نارایە، هەرئەوەیشەکە سەلماوەکە **نەتەوەی زیرەکی کورد، گەنمی دۆزیوەتەوە.**

تەفسیرزانان نوسیویانە: لە کلدە، هاران: حەڕان و کەنعان و... خەلک لەو ناوە ناوەدا خەریکی ئەستێرە وگۆ پەرستی ئاسمان و حەوا بون، کلدە بەوە ناودارە کە زانستی ئیسترانومی لەوێ سەری هەلداوە، کە زانایانێ فرە لەوێ لەوزانینەداگولیان کردوە، بۆیێە دیسانیان و دەسەیێ تریش تا دەورەی **پاشایانی ساسانی کورد،** هەبون و خویان نیشان داوە کە هەمویان بڕوایان بە پەرستنی ئەستیرە و ڕۆژوگۆی حەوایەکانی ئاسمان هەبووە، رەگاژوی کۆن و کەو نارای ئەو بیروباوەڕە، هێمان لە نێو هونەودەقی زمانی کوردی و فارسی و فۆلکولۆر و داب و دەستوری خەلکی رەمەکیدا، هەروا ماوەو باوە. لە باکوری غەرەب و غەربی نێو دوروان: (بەینە نەهرەین) لەوە پترباو بووە و شاری دیمەشقی شامیان لە سەر ئەو بیرورایە، ساز داوەو بە سەر هەریەکە، لەدە روازەی شار، وێنەیێ فرەلە ۷ ستارە وگۆی حەوای ئاسمان، نەخشێنرابوون.

کوری عەساکیر لەو سەردەمەدا، چەن مەبەستێکی لە بابەت شاری دیمەشق و هەروا لەبارەی لە دایك بونی حەزرەتی ئیبراهیم لەگوندی (بەرزە) نوسیوەو رایگەیاندوە، لەو

سەردەمەی کە خەڵکی لەو ناوچانە خەریکی ئەستێرە و مانگ‌و ڕۆژ پەرستن بوون، ئیبراهیم لە (ئەمیلە) لە دایک بووە و کوری کەسیریش قسەی لەوانە کردووەو ئەو دەورە، دەورەی میهر: **میترا پەرستی بووە،** کە لە **سەردەمی ماد و بەرلە مادیش لەکوردەواری** و ئێرانی کەوناراداا، میترا پەرستی ڕۆژ باوبووە. بە قسەی (ئەنست ڕێنان) دین و ئایینێ ئەگەر مەسیحیەت بەری نەگرتبا، فرە بە پەلە و بەلەز دنیای دادەگرت. لە دایک بوونی ئیبراهیم چ‌لە (بەرزە یا لە ئور: ئاور) بوبێ، ئەو لەسەر زەوی و ئاخێ لە دایک بووگە، کە خەڵکی خەریکی میهر: **میترا پەرستی بون.** دیارە ئیبراهیم لە بەینە نەهرەین لە دایک بووە، چونکا ئەوێ شوێنێ بووە، پڕوتەژی لە ئەستیرە پەرستان و موعەبیران و خەڵکی کە، بۆڕۆژ و مانگ‌و ئەستێرەو میهر میترا و خودایانێ‌تر عیبادەتیان کردوە و کڕنوشیان بردوە. جێی ورد بونەوەیە **(بەرزە) یا سەر زەوی بەرزە** کەلە مێروی کۆندا، یادی لێکراوە، (تئوفیلاکتوس سیوکا) کە لە سەردەمی سپاکێشی (موریسیوس) لە ساڵەکانی ٥٨٢ ـ ٦٠٤ زاینی، لەکاتی قسە کردن لە ڕێ‌وبانی **(دینەوەر)** بۆ سەرمەراغە، یادی (بەرزە)ی کردوە، کە لە شوێنی ئێستای **(بانە) یا سەقز،** دەچێ. بڕوانە ژمارەی ٣٨٨ حەوتەنامەی سیروان ساڵی ٨رۆژی ١٠ی پوشپەری ١٣٨٥ هەتاوی پەرەی ١٥ بەرێز کامل سەفەریان.

زۆر بەی تەفسیرزانان و تەفسیر نوسان بیروبڕوایان وایە کە ئەم ئایەتە: (.. الی قَوْمٍ أُولی بَأْسٍ شدید ـ ئایەتی ١٦ سورەی فەتح) لە پەسن و تاریفی ئازایی و نەبەزی‌و **بوێری نەتەوەی کورد، نازل بووە.** بۆوێنە: تەفسیری روحولمەعانی نوسراوی پڕزانا سەیید مەحمود ئالوسی بەرگی ٢٥ چاپی ١٩٨٥ ز ـ چاپی ٤ پەرەی ١٠٤ تا ١٠٢ فەرمویەتی مەبەست لەو ئایەتە، نەتەوەی کوردە، کەبوێڕو نەترس و ئازاو کۆڵنەدەرەو هەروا لەبن ئایەتەکەدا نوسیویەتی (و بالجملة اِنّ الأکرادَ مشهورٌ بالْبأْسِ الشدید...) و تەفسیری ئیبن کەسیر لە پێغەمبەرەوە، نەقڵی کردوە کە فەرمویەتی: «مەبەست لەو ئایەتە هۆزی کاڵەموویین ـ ە کە بە (: بەرەز، باریز، بارزانی، بارزان، یا جەبەل باریز، بارجانی

بارزانی، بارجان، بارجانی ناوبراوە ـ بڕوانە بەرگی ٤ تەفسیری ئیبن کەسیر پەڕەی ٣٠٧ وکتێبی دانشنامەی جیهانی ئیسلام پیتی بێ جزوی ٢ چاپی ١٣٧١ تاران پەڕەی ٢٢٥ وکارنامەی ئەردەشیر بابەکان وکیسرەوی پەڕەی ٤٩ و صادق هیدایەت پەڕەی ٢٥ تا ٢٤ و کتێبی بە یانولئە ئیمە بەرگی ـ ١ ـ پەڕەی ٨٩ نوسراوی زینەلعابیدین محەمەد مەهدی. ئیبن مونزیرو موعجەم سەغیرو موعجەم کەبیر تەبەرانی و موسنەد ـ ی سەغیر ـ ی تەبەرانی و قاموس و دورەری مەنسور و... دەڵێن: ئایەتی ١٦ سورەی فەتح لە پەسنی نەتەوەی کورد، دایەو رایان گەیاندوە کە مەبەست لە (ئەلبارز) بارزانی ـ یەیانی کوردان و کوردانی عەجەم و ئەعرابی فارسە یعنی الاکراد و اکراد العجم واعراب القارس و ظاهر العطف ان اکراد العجم لیسوا من اعراب فارس و ظاهر اضافة الاکراد الی العجم یُشْعِرْ بانَّ مِنَ الاکراد مایُقال لهم الاکراد العرب و لا نعرف هذا التقسیم و انما نعرف جیلا من الناس یقال لهم الاکراد من غیر اضافة الی عرب اوعجم و ئیبن خلکان نوسیویەتی: انّ الاکراد من نسل عمروبن مزیقابن عامر ماءِالسماءِ و انهم وقعوا علی ارض العجم فسّموا الاکراد و قال الشاعر: لعمرک ما الاکراد ابناءَ فارس / و لکنّه کُرد بن عمرو بن عامر.

لە قاموسا و تراوە: کورد خێڵ و تایفەیێکن لە بەرەی مرۆ و کۆی کورد، ئەکراد ـ ە و باپیرە گەورەیان کوردە و عامیربە بیرورای زۆربەی نوسەران کوری شالح بن ئەرفخشذبن سام بن نوح ـ ە و تەبەرانی لە موسنەدی کەبیر و سەغیردا، لە **جابانی کوردیو** ئەبو بەسیر مەیمون **بن جابانی کوردی** حەدیس و فەرمودەی نەقڵ کردوە. بەراستی کورد، نەخشێ گرینگ و بەرچاویان هەبووە و هەیە لە خزمەت کردن بە زمان و فەرهەنگ و قورئان و ژیار و تەمەدونی ئیسلام، ئەوەیە، دەبێ بڵێین: ئیسلام قەرز دارومەر هونی کوردە. کەئیبن خەلدون نوسیویەتی: «چوار کتێب بۆزانینەکانی ئیسلامی و قورئان، سەرچاوەن کە (نوادر یا الامالی و ادب الکاتب) نوسراوی ئیسماعیل قالّی دیار بەکری کورد و ئیبن قوتەیبەی کوردی لای کرماشانە (بڕوانە پەڕەی ١١٧٥ بەرگی ٢ **بەرکوڵی کوری خەلدون** چاپی

١٣٦٢ تاران تەرجەمە بە فارسی و تاریخی علومی ئیسلامی نوسراوی دوکتور جەلال هومایی ئوستادی زانکۆی تاران پەڕەی ١٥٣ چاپی ١٣٦٦ تاران کە (شەپۆل) ئەمەی د جەلال هومای لە زانکۆی تاران بە زانینخوازان، بە دەرس وتوتەوە و هەروا **ئیمام محەمەد غەزالی** فەرمویەتی: «زمان و فەرهەنگی ئیسلامی لەسەر ٤ کۆڵە کە دانراوە کە ٣ لەوانە زانایانی مەڵبەندی ئامێد: دیار بەکرو زانایانی شارەزور و هەڵەبجەیە، هەڵەبجەی سوتا و هیروشیمای کوردستان و زانایانی دینەوەر ـ ی **لای کرماشان، کە کوردن**، لە پاشان ئیمام غەزالی فەرمویەتی ئەگەر، زانایانی ئەو ٣ ناوچە کوردنشینانە نەبوایێ زمان و فەرهەنگی ئیسلامی ئاوا قەوام و دەوامی نەدەبو و تەفسیری ئیبنی کەسیر هەروا لەبن ئایەی ٦٨ و ٦٩ سورەی تەنبیا کە فەرمویەتی: [... قالوا حَرِّقُوهُ: یانی خەزرەتی ئیبراهیم بسوتنن... قُلْنَا یا نارکونی بَرْداً و سلاماً علی ابراهیم ٦٩ ـ کوری کەسیر نوسیویەتی: یانی: پیاوێ لە کوردان وتویەتی: ئیبراهیم بسوتێنن و تەفسیری صاوی لەسەر جەلالەین بەرگی ٣ چاپی مەکتەبەی ئیسلامی پەڕەی ٨١ دەڵێ: مەبەست لە(حَرِّقُوهُ...) ئەندامانی هەیئەت رەئیسەی موحاکەمەکارانی ئیبراهیمە، ئیبراهیم بسوتێنن. کە یەکێ لەوانە نمروز، بن کەنعان بن سنجاریب بن نمروز بن کوس ـ ە کەناوی هینوب و حەزرەتی ئیبراهیم ـ ی لە ئاوایی کۆیێ بەندوزیندانی کردبولە دواییدا بە مەنجەنیق ئیبراهیمیان، تورِ هەڵدایە، نێو ئاگرو زۆربەی تەفسیرزانان (واستوت علی الجودی، ئایەتی ٤٠٤ سورەی هود، جودی چیاوکێفی گوتی کوردی یە، کە لە ناوچەی ماردینی کوردستاندایە، کە چیای ئاگرێ یە (بڕوانـنە ئـەعلامی قـورئانی دوکـتور خـەزایـیلی، مـوفرەداتـی قـورئان حـمیص، روحولمەعانی، مەجمەعولبەیان، تەفسیری قورتوبی، ئەبولفەتح رازی، تەبەری، محەمەد حوسین مەحمود شیخی هیندوکتیبی دین و ئەدەب بەرگی ٢ پەرەی ١٦٨ تا ١٧٨ بە زمانی کوردی نوسراوی (شەپۆل). تەبەری لە تاریخی ئومەمو سلوکدا و لە جامیعی بەیان، لە تەفسیری قورئاندا، بیروڕای وایە کە رجلٌ من اعراب فارس، **پیاوێ لە کوردەکان بووە** کە ئیبراهیمی خستوتە نێو ئاگرو هەروا، رای گەیاندوە کە ناوی ئەو پیاوە (هیزن)

بووەو لە**کوردەکان** بووە. (بڕوانە تەفسیر ـ ی جامیعی بەیان... بەرگی ١٢ پەڕەی ١٦٥ هەر ئەویٚ و تاریخی ئومەم و ملوک، ئەوەی دوپاتە کردوٚتەوە و بە (هیزن) ناوی بردوە (بەرگی ـ ١ ـ پەڕەی ١٦٨ هەرئەویٚ). عن ابن عمر (ر) جلُ من اعراب العجم یرید **الاکراد** (بڕوانە تەفسیری کە شاف بەرگی ٢ پەڕەی ٤٩ و تەفسیری ڕوٚحی بەیان بەرگی ٥ پەڕەی ٤٩٦، فەرمویانە: (ان الذی اشارە باحراقە رجل من اعراب العجم **یعنی الاکراد**). تەفسیر خازین لەبن ئەو ئایەتەدا بە دورودرێژی قسەی کردوەو تەفسیری بەیزاویش لە بن ئایەتی (حرقوە...) دانو سیویەتی: پیاویک بوو لە**کوردەکان** و ناوی (هیون) بو (خسف بەالارض و قیل نمروز). کوڕی کەسیر لە قیسەسی ئەنبیا، رای گەیاندوە کە**کوردەکان مەنجەنیقیان سازداوە و ئیبراهیمیان** پییٚ فریٚدا وەتە نێو ئاگرو ئەو مروٚیەی کە بوٚیە کە مجار مەنجەنیقی سازداوە و ئیبراهیمی پییٚ خستوٚتە، نێو ئاگر، بەبە (هیزن) ناوبراوە. عەبدوللآبن محەمەد بەغەوی (: فەرا) کە لە ٣١٧ مانگی لە مەروٚ مردوە بە نەقلٚ لە کوری عومەر ـ ی خەلیفەی دوەم لەبن ئایەتی (حرقوە) دا و تویەتی (ان الذی قال هذا **رجلٌ من الاکراد و ناوی (هیزن)** ە و هەروا و تویەتی: ئەوکارە ساتەلە (کوٚییٚ) رویداوە.

ـ لە کتیبی بەیا نولئەئیمە بەرگی ١ پەڕەی ٥٣٥ دا نوسراوە لە خودبەی ئیمام عەلیدا هاتووە: [وارتفع علم العمالیق **فی کوردستان**، و عقدت الرایة لعمالیق الکرد، و ویل لبغدادبین من سیوف الاکراد]، لە کتیبی بەیانی ئەئیمە بەرگی ١ چاپی ١٩٨٨ ز ـ دا لە باسی ناسخ و مەنسوخدا ئەم قسانە هەیە: (فی‌الاخبار عن الاکراد البارزین: بارزانی و اندرحارهم و ارتفاع علم العلم الاکراد الآخرین قبل قیام... فی کوردستان و محیٚدین عەرەبی لە مەنزومە یە کدا فەرمویەتی: **ان الاکراد یملکون البغداد** و ساحتها الی خریسان (قلیسان ـ سلیٚمانی، سەرچنار شاربان: سەعدیە، خەلیٚسان: دیالە نیٚوان خانەقین و مەندەلی و...

کورد: کوردی، کوردستان: تورو دانگین J. C. Thureau Daangin لە سەردوتیکە

بەردی ئاستانە، لە عەهد ـ ی سومێری لەساڵی ٢٠٠٠ی بەرلەزاین ناوی وڵاتی Kar-da-Kaی خوێندوەتەوە، ئەم مەڵبەندە **جیرانی خەڵکی «سو»** SU دابووە. سو ـ کان بە قسەی دەریوەر Driver لە باشوری **دەریاچەی وان بون**. هەزار ساڵ دوای ئەوە (تیکلات پیلسر) دژی هۆزی کورتی Kur-ti-e لە چیاکانی ئازو Azu کە «دەریوەر» ئەوە بە بەشێ لە (ساسون Sasun)ی تازە، دەزانێ، جەنگی کردوە. گزنفون لە کاتی گەڕانەوەی دەهەزار سوارەی «یونانی» [ ٤٠١-٤٠٠ بەرلەزاین) ناوی **نەتەوەی کوردی** Karsouxol کە نیشتمانی ئەوان تا خورهەڵاتی کنتریتس (Kentrites (Bohtan دەروێی ناو بردوە و باسی لە کورد، کردوە. (ئەعلامی فەرهەنگی موعین ج ٦ پەرەی ١٥٥٧ چاپی ٦٢ ئەمیرکەبیر تاران. کورداوا دیێیەکە، لە دیهستانی جێی، لە ٧کیلومیتری خورهەڵاتی ئیسفەهان دایە ـ کوردان، گوندێکە لە دیهستانی بەرەغانی کەرەج دایە. کورد خورد، گوندێکە لە ٣٩ کیلومیتر شاری مەلایەردایە. کوردکوی، یەکێ لە بەشەکانی گورکانە لە نێوان بەشی بەندەری گەزوناوەندی گورکان دایە. کوردو: فەرانسەوی: قورتوبە ـ کوردو: گەنزالودو = فەرانسەوی ژەنرالی ئیسپانیایی، کە لە ١٥١٥ی زاینی مردوە.

کوردوبا: قورتوبە ـ کوردوچین، کچێ، کە لە ٧٢٩ی مانگی لە شیراز حاکم بووە و زۆریش کاری ئاوەدانی کردوە ـ کوردون وڵاتێکە لە بەشی باکوری کوردستان ـ کوردەمەهین گوندێکە لە ٦کیلومیتری باکوری سەراب دایە. ـ کوردی: زمانی کوردی. کوردیان، یەکێ لە بەشەکانی جەهرومە. کەهۆزی کوردی (شولی) لە لای جەهروم فرەن. ـ کوردیچاڵ، کە کوردی زەندن، گوندێکە لە ٦ کیلومیتر خۆرهەڵاتی حەسەن کێف ـ کەلاردەشت نەو شاری مازندەران ـ کوردیە. کوردستان: گوندێکە لە ١٢ کیلومیتری خۆراوای بیهبەهان کە ٢دێن، کوردستانی سەرو، خوارو، ئاوێکیش کە بە بەر ئەودیەدا دێ و دەروا، هەربەناوی کوردستان ناو دەبرێ.

لە ٢١٥٠ تا ١٧٥٠ بەرلە زایین. بۆ ماوەی سێ (٣) سەدە، خەڵکی لەو ناوەدا و لە کەنعاندا خەریکی کۆچەڵە کۆچ بون و لە ساڵی ١٩٠٠ بەر لەزایین ئیبراهیم لە (ئور)ەوە

چۆتە فەلەستین (: فەلەئەستێن) ئەم بیروڕایە، ئەوەی **دەیسەلمێنێ کە کورد**، لەو، سەردەمەی‌دا، حوزوری بووە، هەروا دەورەی بگرەو بەردەی (هەکسوس) ەکان: (کاسیان) بووە لە نێو دوڕواندا **کاسیان**، چەندین جار هێرشیان بردۆتە، سەر باشوری دەجلە: (تیکلاو) و فورات (فرەهات، بەخۆرهات) و دوای ماوەیێ کە بارگە و بنەیان لەوێ دانا، جالە ویوە لە حیجازو عەرەبستانەوە، **خۆیان گەیاندۆتە میسرو سەڵتەنەت و پاشاییێ فرە گەورە و بە شان و شکۆەی لە وڵاتی میسر** دامەزراند. [**ویلیام لین وسترمان**] بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە **نەتەوەی کورد** لە ٢٤٠٠ ساڵ بەرلەزایین یانی ٤٤٠٠ ساڵ بەرلەمرۆ چیغ و چادرنشین و دارای وارگە و زۆم و سیماڵو دەواربون، ئاوا بیروڕای خۆی سەبارەت بە نەتەوەی **کورد، راگەیاندوە** و دەنوسێ: [**نەتەوەی کورد** بەراستی رەگەزو ریشەیێ پاک و وبێ گەردی هەیە و لەوەدا، وەپێش رەگەزی ئوروپایی کەوتون و هەروا یەکێ لە روژ هەلات ناسانی روژاوایی بەناوی (: تورو دانگین) لە روی ٢ بەردی ئاستانە ـ ی دەورەی سۆمێری) کە دەگەڕێتەوە بو (٣٠٠٠ هەزار) ساڵ بەر لەدایک بوونی عیسا مەسیح، لە سەرئەو بەردانە، ناوی (**کوردکا**)ی خوێندۆتەو ئەو ٢ بەردەیشی لە نێو خاکی ژیانی خەلکی (ئور) و سەر زەوی حەزرەتی ئیبراهیم، پەیدا کردوە. ئەو مرۆیانەی کە لە دەق و ئاسەواری سومێریشدا لە هەموشوێنێ بە (کاردیکا) بێشک دەبێ هەرئەو (کاسیان)ە بوبن کە قسەیان لێکراو **کاسیانیش بەباوکاڵو باپیرانی کورد، دانراون** و مێژوزانان ئەوەیان بە ئاشکرا راگەیاندوە. یەکێ لە شوێنەواری ئەوان (**کوێی**) و (زیگۆرات)ە کە عەرەب بە ناوی سازدەرانیەوە بە (زی کورد: زیگورات) ناوی دەبەن. مێژوی عەرەب دەڵێ: ناوی دایکی ئیبراهیم، (ئوشا) بووە و **ناوی (ئوشا)** لەبن ناوی خودایانی مەوجود **لەگاتا: گازە** ـ کاندا، هاتووە.

هەندێ لە تەفسیر نوسانی عەرەب لایان وایە واژەی **(ئازەر) کوردی** فارسی‌یە (دیارە (ئازەر، ئاتر، ئاگر، ئاور، ئاتەش، ئەرتەش) لە ریشەو رەگاژوی **ئاتر ـ ی کوردی**، سازدراون و مێژویش دەڵێ: **ئاترۆپات ـ ی کوردی ماد**. لە راست داگیر کەرانی

ئیسکەندەرو ئیسکە ندەریان راپەری و ئەو ناوچانەی کەئەمرۆ بە ئازربایجان ناو دارن و ناوچەگەلێ پان و بەرین تر لە ئازربایجانی، لەبن چرنوکی ئەوان دەرهێنا و ئازادی کردو ژیانێ پڕلە خیرو بەرەکەت و شادی و خۆشی بۆ خەلکەکەی دابین کردو خەلکەکەیش بەشوکرانەو بە شانازی ئەو، تەواوی ئەو ناوچانەیان بە **ناوی ئەوسەردارە ماد ـەکوردە**، بە (ئاترو پاتان) ناونا، یانی (ئەلف و نونی نیشانەی نیسبەتیان) بۆداناو لە دواییدا، کە عەرەب کوردستان و ئاترو پاتانی داگیر کرد، ناوەکەی کردە ـ ئازربایجان)، باشە بزانین لەو واژە و ناوە کوردیانە، فرە بە ئاشکرا، دەردەکەوێ کە ئیبراهیم کوردو کوردزادە بووە. کورد فەرمویەتی: [نان ئەو نانە ئەمرۆ ئێستا لە خوانە]، **بەلام حەقیقەتی مێژو دڵو دەرون خۆشکەرە** (شەپۆل).

سەرزەوی مەدیەن کە بە بان بەستینی دەریای ئەحمەر (: زەریای سور) و ئۆردون، دادەنرێ بەزوانی یونانیان، بەسەرزەوی کوردەواری و کوردستان، دانریاوە، یانی وارگە و نشینگەیێ کە ئیبراهیم بە ناچار لەوێ کۆچ و کۆچباری کردوە.

ـ لە تاریخی ـ عەرەب و یەهود، بەگشتی لە بوونی ئیبراهیم بە ٢٠٠٠ تا ١٥٠٠٠ ساڵ بەلە زایین، دانراوە و ئەوەیش **لەگەڵ هێرشی کاسیان لە زاگرۆسەوە** بۆبان بەستێی باشوری دەجلە و سەرزەوی شنعار، دروست بەرامبەری دەکا.

ـ زەردەشتیان، «ئاورام» بە زەردەشتی سێوەم، دەزانن، کە لە راستیدا، ئیبرام یا ئیبراهیم ـ ی عبریە کە کورد بە (بلە) ناوی دەبا.

ـ قورئانیش دەلێ (ماکان اِبراهیم یَهُودیّاً و لانَصْرانیّاً...) سورەی ئالی عیمران ئایەتی ٦٧. یانی ئیبراهیم بەرگەز یەهودی نیەو لە ئایەتی ـ ئایەتی ٤ سورەی ئیبراهیم (وما ارسلنا من رسولٍ الا بِلسانِ قومِهِ)یش جوان دەردەکەوێ، کە ئیبراهیم لە کوردەواریدا، هەلکەوتووەو **بەزمانی کوردانی مادو مانناو گوتی و ئورارتۆ**، قسەی کردوە.

ـ هیچ گومان لەوەدانیە کە کوردان لە سپای نمرود، بە شدار بوون.

ـ مێژوزانان لایانوایە نمرود کوڕی کوش یا کوس بووە، کە لەگەڵ واژەی کاسیان،

هاوریشەیە و بەواتای کەسێکە، نارِوا، کەس: کاس.

کوردستان سەرزەوی یەکە، لە ئاسیای خوراوادایە. واژەی کوردستان بۆیەکەمجار، بە رەسمی لە رۆژگاری سەلجوقیان لە نوسینگەی حوکومەت دا، نوسراوە، لە ئێران بەسنەو پارێزگەی سنە، کوردستان دەوترێ، حەمدوللاّ موستەوفی سنوری کوردستانی بە عیراقی عەرەب، خوزستان، عیراقی عەجەم، ئازربایجان، دیار بەکرو ئەم ١٦ ولاّتەیشی بە بەشێ لە کوردستان داناوە: ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاجخاتون، دەربەندی زەنگی، دزبیل، دینەوەر، سولّتان ئاوای چەمچەمالّ، شارەزور، کرماشان «قرماسان» کرند وخوشان، کنگور (قصراللصوص یاگەنگاوەر) ماهیدەشت هەرسین و وستام. ـکوردانی ئەییوبی، سەرزنجیرەی ئەم بنەمالّە صەلاحەدین یوسف بن نەجمەدین ـ ە، کە ئەم بنەمالّە ٥٦٧ تا ٦٤٨ی مانگی لەمیسرو شامات و فەلەستین و کوردستان: مەلّبەندی بەشی سەروی دەجلە و فورات حوکومەتیان کردوە، کە صەلاحەدین دەولّەتی فاتمی میسری لابردو خۆی بووە پاشای ئەو ناوە [ ٥٦٧ـ ٥٨٩ی مانگی] وجەنگی صەلاحەدین لە راوانانی فەلەکان لەجەنگی خاجداراندا، مەشهورەو زۆر ئازایانە و پیاوانە ئاوقەی هێرشکاران بووە و **سولّتان صەلاحەدین کوردایەتی کردوەوکوردلە دەورانی ئەوزاتەداگولّی کردوە و ئەو هەموەزاناو قازی و ئەمیرو پاشاو وەزیر و مێشروزان و سیاسەت زانو عالم و خواناس و عارفانە لەبن سێبەری پڕ میهر و زاناپەروەری ئەوزاتە، سەریان هەلّداوەو بۆنەتە هۆی فەخروشانازی بۆ دنیای عیلم و زانین، یەکێ لەخزمەتەکانی کوردو کوردایەتی کردنی سولّتانی کورد، بە نەتەوەی کورد، ئەوەیە.**

کورد عەلی، رامیار، زانا و نوسەر، وەزیری فێرکردن و بارهێنانی سوریە و ئەندامی عیلمی مەجمعی عەرەبی شای میسرو سەروکی عیلمی دیمەشق بووە [ ١٨٧٦ وەفات ١٩٥٣ ی زاین] نوسراوەکانی: خطط شام، تاریخ احمدبن طولون، و فەلاسیفەی ئیسلام (شەپۆل).

← ١ - ڕێبازی گرشەی کوردستان

٢ - ئەلف و بیێ بژار کراوی کوردی بە کوردی و پارسی وە هەروا نیشان دان بە وێنەو ڕەنگ.

٣ - ژن لە ئیسلاما. ٤ - گۆران. ٥ - کاروکردەوە. ٦ - نەورۆز. مانای گرشەی کوردستان. ٨ - چیرۆکی نەچیرو نەچیرەوان. ٩ - بانگە واز. لە ژمارەی (٢و٣) گرشەی کوردستاندا ئەم مەبەستانەی نوسیوە: ١ - نو ما یەک لە مزگەوتی جامیعە یا دارالاحسانی شاری سنە. ٢ - بانگەواز بۆ یەکیەتی. ٣ - وَ مِنْ آیاتِهِ خَلْقُ السمواتِ و الارض و اختلافُ السنتکم و الوانکم... ٤ - زوان و ئەدەب. ٥ - هەڵبەست و قسەی خۆش. ٦ - سازو ئاوازی موسیقای کوردی. ٧ - شیعرو هونەرو وێژاوەری. ٨ - پەندو مەتەڵی کوردی. ٩ - هەجیج داب و دەستوری با وی خەڵکی گوندی هەجیج... ١٠ - کتێبی کۆزانی فەر هەنگی زمانی کوردی بەشی شوێنە واری باو لە کوردەواریداو مێژوی یا ژمارەی ٣ لە زنجیرە چاپەمەنیە کانی گۆڤاری گرشەی کوردستان.

ئەو مەبە ستانەی وا لە ژمارە (٤ و ٥) گۆڤاری گرشەی کوردستان دا چاپ کراون وەکو: تەفسیری ئایەی یا ایّها الناس انّا خلقناکم من ذکر و انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عندالله اتقیکم. ٢ - کورتە یەک لە بارەی مێژوی نە تەوەی کورد. ٣ - پەندو مەتەڵ یا ئەمسالی کوردی. ٤ - زوانی هەڵبەست. ٥ - وێژا وەری ٦ - پەنجەی تار. ٧ - هەورامان. ٨ - ناودارانی نەتەوەی کورد: حاجی خەڵیفە مەلامحەمەد. ٩ - کابان و ژیان.

و ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی ٦ گۆڤاری گرشەی کوردستان دا چاپ بون وەکو: ١ - بەیت المقدس. ٢ - بەشی ئایینی. ٣ - حەق. ٤ - زاڵ و کەژاڵ. ٥ - چیرۆکی عەلی بەردە شانی. ٦ - چیرۆکی ئەحمەد خان و وڕ وڕە. ٧ - چاوی کەژاڵ - فقەاللّغة. ٨ - هاو دەنگی و هاو ڕەنگی. وە ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی (٥ و ٧)ی گۆڤاری گرشەی کوردستانا چاپ بون وەکو: ١ - یرید اللّه بکم الیسر و لا یریدبکم العسر: لێکۆڵینە وەی سیاسی. ٢ - بەشی ئایینی ٣ - ناسیاوی لە تەک بیجارا. ٤ - پەند یا ئەمسالی کوردی. ٥ - ناو دارانی نەتەوەی کورد - دارە مرواری یا خانم و خاتونی ناوداری کورد « کە لە ساڵەکانی ٦٤٨ کۆچیدا بە سەر

میسرو ولاّته موسولّمان نیشینه کانا حوکمات‌و میرایه‌تی کردوە. به نەقڵ لە: با وی کۆمەڵایەتی و مێژ ویی چاپی نەورۆزی ٥٨-١٣٥٧ هەتاوی نوسراوی شەپۆل نوسەری ئەم گۆڤارە و دێرانە.

٦ - صلاح‌الدین ایوبی. ٧- بەشی نامەی خوێنەران. ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی (٨ و ٧)گۆڤاری گر شەی کوردستانا چاپ بون وەکو:١- وتاری ئایینی لە بابەت ئایەتی ٣٦ سورەی بە رائەت ان عدة الشهور عندالله اثنا عشر شهرا ٢- چیرۆکی دو خوشکە هیوا و بێزار. ٣- بەشی نامەی و دیاری خوێنەران. ۴- چیرۆکی مینە کازەرد. ۵- فەهەنگیلە. وە ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارە ٩ی گۆڤاری گر شەی کوردستانا لە ساڵی ١٩٨١ زایینی دا چاپ بون وەکو: ١- سەرەتای ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا. ٢- وتـا رێ لە بـابەت ئـازاد بـونی خوێندن بە کوردی لە سوێنگەی هینانەوەی پەخشنا مەو ڕۆژنامەی اطلاعات ژمارە ١٦٥٨٢ چاپی ١٣٦٠/٩/١ هە تاوی (شە پۆل).

## زوانی هەڵبەست

ئەشێ ئەم ناوە بۆهەندێ کەس هۆی سەرسوڕمان بێت و ئەم پرسیارە لە بیریـانابێ، بۆچی زوانی شیعر بێجگەلەم زوانەواپێی دەئاخوێن شتێترە؟ بۆئەوەی بـەم پرسییـارە وەڵام بدەینەوە، ئەشێ لە سەرەتاوە دوڕێگـای بـەکـار هێنـانی زوان کـەلەیەکـترجیـان، لیکیـان جیاکەینەوەو باش سرنجیان بدەین:

**١- زوانی وتار:**

زوانی وتار شتێکە بۆدابین کردنی پێوەندی لەناوتەک تەکی بەرەی یەک کـۆمەڵا، ئەمەش بەهۆی بێژەو بێژەگەلەوە مانای جۆربەجۆرگەل کەواله بیریـایە، بیخـاتە نـاومێشکی کەسانێ ترەوە.

زوانی نوسینیش بەوگشتە جیاوازی یەوە، کەلەتەک زوانی وتاریدا هەیەتی بێجگەلە نوسینی ئەم زوانە وتاری یە، بەواتایێ ترگۆرینی نیشانەگـەلی بـیستن بەنیشـانەگـەلی بـینین «دیتـنی» شتێتر نییە.

**٢- زوانی شیعر و هەڵبەست**

## ۱۲۷ ـ شه پۆل

ئەشێ بزانین زوان یەک بەشێ تری لە بەکارهێنانا هەیە، وەئەوەش زوانێکە کەلەشیعرا بەکاردێو بەکاریش ئەبرێ. لەهونەری شاعیریدا بێژەگەل هەر ئەو ئەرکەیان هەیە کە دەنگ و ئاواز لە موسیقی وەخەت و ڕەنگ لەنەخشاندنا هەیانە....

زوانی وتار زوانی ئاواز وقسەش، هۆی لابردنی یەک نییازی کۆمەلایەتی یە. کەرەسەی کاروکردەوە یە، بۆ یەک سودی ئانی و لەبەرچاوگیراو.

خودی کە رەسە لێرەدا پلەیەکی نییە، تەنیا بۆئەوەیەکە مەبەست و ماناکە جوانترو باشتر راگەیینێ.

بەلاّم هەلّبەست وشیعر،هونەرە، مەبەست لابردنی نییازگە لی سەرەتای وئەو تاوەی واتێیدا ین نییە، بەلّکولە شیعرانییاز گەلی بەرزترو جوان و نەخشیلانەتر لە کارایە. مرۆف بە راگەیاندنی هەستگەلی دەرونی یانی: دەرخستنی ئەوەی وا لەهەناویشی دایە نییازی هەس. هە روا مرۆف نیازی هەیە کە ئەم هەستگەلە بۆمرۆڤێ تر بلّێ و بۆی دوپات کاتەوە وخەلّکیش لەم جۆرەهەستانەداله تەک خۆیدا بەشدار بکات. کەوابو هونەری شاعیری بریەتی یە: لەوەی والەهەمو تایبەتییەکانی بێژە چ لە فزی یان هە ستی و دەرونی بێت، بۆبزوتنەوەی خەیالّو هەناوبێ، یانی: بەدیهێنانی حالّەتی دلّ و دەرونێ کە لە بیرومێشکی بیسیاراناگلّپە هە ستێنێو سودییان پێ بگەیینێ، کەوابێ ئەتوانین بێژین: شیعرو هەلّبە ست کەلامێکە خەیالّ بزۆین.

**خەیالّ:**

ئەلّێن: منالّێکی وردیلە، ئەی ویست ساقەتەگەنمە شامی یەک لە ریشەوە لەزەوی هەلّکەنێو دەری بینێ، بەلاّم هێزی پێی نەدەشکا و نەی ئەتوانی ریشەکێشی کات، تاسەر ئەنجام بە نقە نقێکی زۆر ئەو ساقەتەی بە ریشەوە هە لّکیشا، بەخۆشی وپێکەنینەوە بە باوکی وت:

بابە! چاو، چاو چلۆن بەریشەوەهەلّم کەند، باوکیشی بوئەوەی زییاتر دلّیخۆشیکات، وتی: ئا فەریم کورم شوکر تۆبوویە پییاو ووزە و هێزت زۆر بووەو پەرەی ئە ستاندوە!

کورە وردیلە کەخۆی قەفکردوگوتی: بابە! زەوی بەگشتی سەرێکی ئەوساقەتەی گرتبوو منیش سەرە کەی تر، ئەونەی لێ نەویم تا بە سەر، زەویدا زالّ بوم و لەریشەوەدەرم، هینا. ئەم قسە کە بەزاری ئەومنالّەدا هاتووە، هەرئەوخەیالّ خەیالّەیە، ئەو منالّە بەوزەی خەیالّ،

بەخەیاڵی خۆی زەوی بەو هەمووەهێزوکەش و فشەوە کە هەیە تی، بەدژ و دوژمنی خـۆیی دانابو، خەیاڵی کردبو سەرکەوت و زاڵ بونی خۆیی بەسەرگشت زەوینا، دا بووە قەڵەم وبەو هۆیەوە دڵی خۆیی پڕکردبو لەشایي وخۆشی و هەستی بەوە ئەکرد واپێ گەییوەو پیاوی لێ دەرهاتووە.

میساڵێ تر: رووداوەیەک کە لەبەرەبەیانا روی داوە ئەتەوێ بۆ دۆسی خۆتی تاریف کەی، بەم جۆرەدەس بەقسەئەکەی: «کاتێ شەوداهاتو و ڕۆژهەڵات وگزینگی رەزدەی تاو دای لە دەم کەل.....» ئەمە زوانی وتارە، چونکا لەواهەوێنی خەیاڵ نییە، بەواتایێ ترکەلامی خەیاڵ ئاوی لە وانییە؛ئێستە بائەم قسەو نوکتەیە، لەزوانی نیزامی گەنجەوی کوڕی ڕەئیسەی کوردە وە، ببیستین: (سپیدە دەم چوودەم بەرزەد سپیدی ـ سیاهی خاند حەرفی نـائومیدی ـ هـەزاران نەرگس ئەز چە رخێ جهانگەرد ـ فروشودتا بەرئامەد یەک گولی‌زەرد).

ئەمەهەر ئەو مانایەیە: «کاتێ شەو داهاتو ڕۆژئاوابو...» شاعیر لێرە لە وزە و هێزی خەیاڵ یارمەتی وەرگرتووە، کاتێ ئەو لەنەرگس وگوڵی‌زەر دقسەئەکات مەبەستی نەرگس و گوڵی زەردی دەرو دەشت نییە، کەلەباخچەوکەژوکۆدائەڕوێن و شین ئەبن.

بەڵکومەبەستی ئەو لەنەرگس، ئەستێرە وەلەگوڵی زەردیش مـەبەستی تـیشکی ڕۆژو خۆرەتاوە، شاعیر ئێمە ئەباتە ناوگۆمی بیرو خەیاڵەوە. سپیەتی و بۆنی خۆشی گوڵی نەرگس وە هەروەها گوڵی زەردی جوانی باخچەمان دەهێنێتەوە بیر، وە دەروازەی دنیای خەیاڵ مان بۆ ئاوا لە، دە کاتەوە.

کە وا بو، بێژە گەل تەنیا بۆ دیاردی کردن بۆشتگەل وکاروکردەوە بە کار نابرێن، بەڵکو ئەبێ حاڵەت و خەیاڵگەلێک بخەنە ناومێشکی ئینسانەوە.

بەهۆی وزەی خەیاڵە کەئینسان داروەک خۆی ئەبینێ و ئەزانێ یان لەناودارا هەموی سروشت، وە لەناو ئەنگوسی ئالأدا کەلەبان مێزدانراوە، قەراخ تاقەراخی یـەک نیشتمـان و زێدی خۆی ئە بینێ وهەستی پیێ ئە کات.

۱۲۹-شه پۆل

بەواتایێ تر ئەتوانین بێژین شاعیر بەهەڵخراندنی بیروهێزی خەیاڵی ئێمە، باش ترئەتوانێ هەستو ئەندێشەیەک کەگشت لەش وئەندامی داگرتووە،بیخاتە ناوبیرو مێشکی ئێمەمانەنەوەو لە ئاکاما لەتوندو تیژی ئەوەکەم کاتەوە و دڵی ئارابگرێ.

کەوابێ، هۆی ئەوەکە شاعیردەس ئەکا بە هۆنینەوەی هەڵبەست یەک نیبازی دەرونی یە، نیبازێکە سروشتی لەگەڵ خۆین و رەگو پێست و ئێسقانیدا تێکلاو بووەو خۆبەخۆ بووەتەخوی خۆی،هەرکە سێک لەکاتی خەمو خەفەتو شایی و شینا، ئەنوارێ و ئەکەوێتە بزوتنەوەتا هاودەنگ و هاوڕەنگ وهاودڵ و هاوزوانێک بۆخۆی پەیاکاتو لەشایی و شینی خۆیدا بەشداری بکات. شاعیر بەوزەی بێژەگەل هێزو توانای خەیاڵی، ئێمەمان بێدارئەکاتەوەو ئەو دەمەئا سودەئەبێ و پشویەک ئەدا و لەدەس خەفەت ڕائەکاو وەنەوزێک ئەداو ئێمەمانانیش لەخەوە نوچکەی بێ ئاگای ڕائەچلەکێنێ وبێدارمان ئەکاتەوە. وەزن و قافییە، یان شڵ و پاشڵ:

شاعیر بۆئەوە بتوانێ خەیاڵو بیرو ئەندێشەی ئێمەمانان ڕاچلەکینێو تەکانی پێ بدا. لەدنیای ڕەنگاو ڕەنگ و نە خشینا، بەندو باو و ئاهەنگ و ئاوازگەلی خەیالاوی بۆئێمە ئەنوێنێ و سرنجمان بۆلای ئەوانە ڕائەکیشێ، لەوەزن وقافییە یارمەتی وەرئەگرێ و خۆیشی ئەخاتە ناو ئەوبەندەوە. شاعیرئەتوانێ بۆ بەیانی کەفوکوڵ و هەڵچونی دەرونی خۆی، لەناو، وەزنگەلی جۆراجۆری زوانی کوردی، جوانترینی ئەوانە بۆخۆی لەبەر چاو بگرێ.

بەلام یەکێک لەهونەرگەلی گرینگی شاعیر ئەوەیە، کە بەوهەموەوە کۆسپو قورتەی وادێتەسەر ڕێگای، ڕێگای خۆی ببڕێو هۆنراوەکانی خۆیی، وەها بە زمانی، وتارو زوانی پەخشان نێزیک بکاتەوە، تۆبڵێی و وابزانی هیچ جۆرە گرێ وگوڵێ لەکارانەبووە. لەمبابەتەوە، خۆشییەک ڕوئەکاتە بیسیار، هۆیەهەستی وزەو شارەزایی و ماشەری، جوڵای جاونانە وەو نواندنی کەلاما، نیشانی داوە. دورست وەک سەماکارێ کەهەرلەوکاتەی واخەریکی سەمایە، زوروەستایانەگشت لەش و ئەندامی خۆی ئەبزوینێ و دێ و دەچێ، ئاهەنگ و بارستاریی و بارتەقایی و وەزنی موسیقای، ڕەنگ و ڕوی ئارامو بێ پشو سواربونی خۆی بنۆینێو بزەی لەسەر لێوبێ و بینە رانیش بخاتە ناوئەم خەیاڵ و بیرەوە، کە تەکان وهاتو چۆی ئەو، زۆرهاسان و لەسەر خۆیە.

## ١٣٠-باوی کور دەواری

تاقە ڕێبواری ئەم ئیشەمامۆستا گۆرانە، کاتێ بنوارینە هەرکام لەبەرگی دیوانە هونراوەکانی میسالگە لێکی فرە دێتە بەرچاومان،وەک ئەم هەڵبەستی دەرونەی شاعیری نەمرو مەزنی کوردەوارییە، عبداللە گۆران، ئەو هۆنەرەکە لەجوانی پەرەستی داتاکی کەمەو واژە لە دەسیاوەک مێوە، دڵتەرو خۆش خەیاڵە، ناسک بینە، بەهونەر شارەزاو شەرەنگینە...

### هەڵبەستی دەرون

هەرچەن ئەکەم، ئەوخەیاڵەی پێی مەستم، بۆم ناخرێتەناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێک دانەوەی دەرون، قسەی زمانم بۆچی وەها دورن لەیەک نازانم؟!
ئەمویست دەرون بکرایەوە، وەک تۆمار دەرکەوتایە، دنیای، جوانتر، لەبەهار،
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین پرشنگدارتر لەئە ستێرەی قوبەی شین!
دەرکەوتایە: مانای مانگی دەریایی، کەنەرمە با، لەروی ئەدا ئەسپایی،
دەرکەوتایەئەو دنیاییە کە شیعری بێ فرمێسکەو زۆرترلەفرمێسک ئەگری
زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەم و چاو تیژگێک ئەدا روناکترە لە هەتاو!
بەلاّم ئەفسوس! کەئەوشیعرەجوانانە باڵدار یکن، جێ ناهێڵن، هێلانە
لەناوەوە ئەجریوێنن، ئە خوێنن هەرگیز قەڵم بەکاغەزاناهێنن!

### هاودڵی وهاوزمانی

هۆنراوە لەراستییا، کاتێ بەئەو پەری دواپلەی خۆی ئەگات کە بتوانێ هەستو بیرو خەیاڵێک،کەلەوا هەیە بەباشترین ڕێگابەخەڵکی ترڕاگەیینێ، ئەوەی هۆنراوەلە مێشکی ئینسانا هەڵخرینێ، چ یەک هەستی جوانی،یان ناشیرین ودزێو، یایەک هەستی دەرونی هەڵچوانە، وە کەفوکولانە یا یەک دەردو رەنجی بەر دەوام بێت. بەلاّم مەرجی بنەرەتی وەرگرتنی هۆنراوە شتێ ترە، شاعیر هەرچەن زییادلەناو بەرەی مرۆڤدا هاو دەرد پەیاکات هەربەوئەندازەش قەدری وەرگرتنی قسەشی زییاترئەبێ. جالەبەر ئەمەیە کەنابێ تەنیا بودڵی خۆی، وە بۆلابردنی تەنیا دڵ تەنگی خۆی هونراوە بهۆنێتەوە.

کام مرۆڤەکە نەیەوێ هاودەنگو هاو ڕەنگی بۆخۆی پەیابکات؟ هاودەنگێ کەرێزی ئەوبزانێ و ئەویش بەوجۆرەی واهەیە بناسێ؟ هەر ئەم هەستە یە واشاعیر بۆهاودەنگی و هاو دەردیو هاورەنگی رائەکیشێ.

ئەم هاورەنگییە خۆی گەورەترین مەرجە بۆهاو دەنگی، چونکا، کاتێ شاعیر زوانێکی نائاشناو نەناسیاو یا، مەرموز، یا، نامۆ و خونەگرێ هەبێ، نەدەردی خۆی وە نەدەردێ کەسانێ ترئە توانێ بەیان بکات.

نیشانەی هۆنراوەی باش ئەوەیە کەلە بیستن و خوێندنەوەی مرۆف هەست بکات و وابزانێ ئەوەی واشاعیرئەیلێ دەرد، یا، بیرو ئەندیشە یەکە، ناسراو وئاشنا، کەهۆنەر، بەبەیانێکێ هونەر مەندانە را زاندویە تەوەوگییانی کردوە، بەبەریدا.

ئەرێ وایە: تا شاعیرنەچێ بەتان و پۆی ژییان و ژینی بەرەی مرۆفدا وە دەردو رەنجی گەل و هۆزی خۆی نەزانێ ناتوانێ لەناو ئەواناهاودەرد و هاورەنگ بۆخۆی بدوزێتەوە، تازە نایش توانێ لەدڵ و هەناوی ئەوانا شوێنێ هەبێ. هۆی سەرکەوت و پیرۆز بونی هەندێ لەهۆنەران کەتەنانەت دوای چەندین سەتە وە لەولای چە ندین کە وشەن و سنورە وە لە گییان و لەشێ مرۆف داشوێنی هەیە، ئالێرەوەیە واتوانیویانە بچنە ناو دڵ وگییان ولەشی خەڵکەوە، کاتێ دەردو ئۆف و ئێشێ رویان تێ بکات، ئۆفێ کە هەمو کەسێ ناو هۆزی پێی بزانن بەیانێکیان هەبێ ئاشناو هونەر مەندانە و روناک و راست و راستەو خۆ و بێ گرێ و گوڵ و خۆمانە و دۆستانەو خۆما ڵیانەو هۆزەوارییانە وکوردانە و مەردانە.

**کاکڵەی و تار:**

بە کوردی وکورتی، زمانی هۆنراوە، زمانێکی تەرو پاراو بژارکراوە و وردو هاڕراوەو سرنج راکێشەو لەو دا، هیچ جۆرە تەوەزەلی و چاونوقاندن و لارێی وکوێرە رێی تیدانییە، چونکا هەم مەبەست و هەدەف و ئامانج، لە هۆنراوەدا وردترو بەرز ترلەزمانی وتارو پەخشانە، تازە چاوەنواڕی خوێنە ران و بیسیاران لە هۆنراوەزییاترو پترە، هەرلە بەرئەم وردی و جوانکیلانە،یەتی یە،واله سەر دڵ ئەنیشێ و لەبیرەوە ریدا، ئەمێنێتەوە، وە هەرلە بەرئەمەشە واشوێنیش ئەکاتە سەرزمانی وتارو پەخشان.

ئەشێ سرنجێ ئەمەبدەین کە بێژە وەک کراسەو ماناش وەک ئەندامی هۆنراوەیە. ئەم مانایەبە لەش وگییانیش نوێندراوە، بەرگی جوان لە ئەندامی ساغ و موتەناسب باش ئەکاڵێتەوە، کاتێ بێژەی لینج ولیق و نامۆو رەمەکیانە، بۆ بەیانی، ماناگە لی زۆربلێندو پایەبەرز لە بەر چاو

بگرین، یا، ماناگەلی هیچ و پوچ لەگولّ بەرگی بێژەگەلی پتەو و جوان بنوێنین،کاری نارەوامان کردوە، چونکا بەم ئیشەی خۆمان یا لەشمان لە پۆشینی بەرگی کورت و تەسکوتەنگ رەنجاندوە، یا، پارچەی بەنرخ ورەنگینمان، بەفیرۆ داوەوکردومانە بەبەر بەژن وبالآیەکی لارو وێرا، وەئەم هەردوکارە کردەوەیەکی بیٚ ئاوەزانەیە نازیرانەیە کۆڕیٚ لە رەخنەگیران و ناقپدانی قسەلەبەرزتری بیژە بە سەرمانادا، چەنەدرێژییان کردوە،کۆڕیٚ تریش لە بەنرخ تر بونی بێژە بەسەرمانادا چەنە وێرغەیان کردوە، بەلاّم ئەوەی واراستە و خۆدێتە بەرچاو، ئەوەیەکەبێژە و مانا هەردوك لفی یەکترنو بارستایی و بارتەقایی لەنێوان بێژەو مانادا هەیە.

ئەوانە، کەتەنیا لەبەر بێژەگەلی جوانتر بەبەرزتری هۆنراوە یەك، بەسەر هونراوی ترحوکم ئەکەن، وەك کەسانیٚ ئەچن، کەکاتیٚ دییان وا مرۆڤێك بەرگی باشتر وجوانی تری لەبەردایە لەخەڵکی تری بەباشتر بزانیٚ، ئەوەی وازاندراوە و سەلمێندراوە ئەوەیە، کە هوّی پێك هێنانی بارتەقایی لەنێوان بێژەو ماناداهەبونی چەشەو چێشکەیە، ئەویش چێشکەی پێوەکراو،کەوزەی دەرکی ئەم بارتەقایەی هەبیٚ.

**وێژاوەری**

ئێمەئەمانەوێ شتگەلێك بهێنینە کایەوەکە خوێندەوارانی روناك بیرپیان خۆش بێت، بەوردی، لە بەرێکەوە، لەمانای وێژاوەری: «ئەدەبییات» بەتیکراو شیعر، بەتایبەت ورد، دەبینەوەو بە وردی، مەیدانی، مەبەستگە لیجۆربەجۆرکە ئەدەبو شیعر، باڵی بەسەرا کێشاوە، دەخەینە، بەرچاو، ئامانجی هۆنراو وئەدەب بەرپرسیاری و وەمەسئولییەتی و ئەرکی سەرشانی شاعیرو ئەدیب وئەم جۆرەشتانەی چ بتەویٚ و نەتەویٚ شوێن وئەسەری، دیارو نادیاری، هەموکەلێن و قوژبنی ژیانی کۆمەڵ و نەتەوەی هەرمەڵبەندوجیٚو شوێنیکی تیادیارە، دەهێنێتە ژیرڕکێفی قەڵەم، جا:

قەڵم قوربانی نوکتبم دەبێرەشورش و گوفتاروە کوحاتەم، دبشکێنە خەزێنەی جەوهەری ئەسرار.

بەڵیٚ ئێمەتیٚ دەکۆشین کالاّی ئاڵ و والاّی وابهێنینە ئەم بازارەوە تاکریارانی بەزەوقو دش پەسەندکەئێوەی زیرك و نوکتەسەنج بن، ئاورێکی لیٚبدەنەوە و لایەکی لیٚ بکەنەوە... با

## ١٣٣ - شه پۆل

برۆین نه کادوای ئەم هەموهەو هەو وهەی هەیە، سەوقاتە کەمان، ئاڵە کـۆک بـێو بـەس! هیوادارین بتوانین روبەندوتارای سور لەسـەر رومـەتی بـیرو ئـەندێشە، لادەیـن وەزوڵـفی وتارلەسەر شانۆی تاریک بەنوکی قەڵەم لادەین و موی ئاڵوزا وشانە کەین و سەرۆک و بنۆکی جیا کەینەوەو بە کاری ساکاری خۆمان بی رازێنینەوە تائێوەی جوانی دۆس و جوان پەسەند، پەسەندی بکەن...

جا، بانەختە نەختە دەس بە کەین بە کۆڵینەوەو لێک دانەوەی مانای وتەی ئەم چـەن قسەوباسە یە:

«وێژە - ئەدەب؟» چییە؟ «هۆنراو - شیعر» - بە چ قسەیەک دەڵێن؟ «هۆنەر- شاعیر» کامە؟ هەروەها لەمەش دەدوێن کەئایاهەرکەسێ هەربەمە، کەدە سی دایە پێنوس و قەڵەم و پێی نایە مەیدانی وتار ئەرکێکی لە سەرشان دە کەوێ؟ جـائەگـەروایـەئە ڵـبەتە قـەڵەم بـەدەس لەبەرانبەرکێو چیای بەرزی شاخاویو زەرداتە عـەهودو لێ پـرسراوی هـەیە،راوەسـتاوە، سەبارەت بە گەلو نەتەوەو دین وبڕوا ی خۆی، وەبەڵکو، سەبارەت بەئینسـان و ئینسـانیەت دییارە، کەدەردی دۆینێ شی بۆوە، بەرەی مرۆڤ چاوە ڕێ دەرمانی بون، ئابابزانین دەرمان، بەدەس کێیە؟ ئایاجگەلە خاوەن بیرانو قەڵەم بە دەستانە! ئەوەی کە ئێمەلەشوێنی دە گەڕێن؟!

واتەئەی ئینسان:

تا، تەنورت، گەرمە نانێکی بکە    تا، نە بویتە، کۆتی پێ، کۆلکی پنە.

بەڵێ: کاری ژیان گەرانەبەشوین ئەوەی کەئینسان دەیەوێو لێ نادیارە؛جارێ دەزانێ چیەو جارێ نازانـێ، بـەلاّم وادیـارە کـەدەبێ لەپـێشدا، چـرایـێ هـەڵ کـەینو بـەشوێن ئینسانادەشتو دەرو شارو دیار بدینەپێی وە، جامەگەر «ئینسان» هەرئەویە، کەلەسەردوپێی رادەوێستێ، یا، دەرواو قسەش دە کات؟ نا، نا، «ئینسان» ئەوکەسەیە، کە بەزمـانی خـەڵکو بۆخەڵکو لەبەر خەڵک ئەدوێ. دەنابۆوا «دیۆژن » فەیلەسوفی گەورە، بەئاڵوزاویو سەر لێ شێواوی، بەڕۆژی ڕوناک، چرای هەڵکردبو ئەم سوچ و قوژبن دە گەڕا ئەو لە تاو سوچو گوناحی زۆرداران وستەمکاران گیانی بەڵیوی گییشتبو «رۆحگە ییشتبوە سـەرنوکی لوتـی» توڕەو قەلس و جاڕزببوو لە نێو «تەن» هادا خۆی تەنهادەزانی پییان گوت: «ئوستاد! ئەوەچتلێ

ون بووە؟» وەڵامی دانەوە: «ئینسانم لێ ون بووە» گیانم خەستەی دە ستی دەستەی دیوو درنج بووە و ئارەزوی ئینسان دە کەم...

دی شیخ با چراغ همی گشت گرد شهر

کز دیو و دد ملولم و انسانم آرزوست

گفتند: یافت می نشود جستەایم ما

گفت: آنکە یافت می نشود آنم آرزوست

هەردەڵێ حە کیم مەلەوی کورد بە چرای سۆزی گەرم وئاهی ساردی، شەو چەرەی دیوەخانی دڵی سازدە کاو بەشوێن «شەمام تەوێڵەیی» دائەگرێ، بەڵام ئەم لە کوێ و ئە و لە کوێ!

خوێندەوارانی بەرێز «ئەدەب» وەها کە دەزانن واژەو وشەیێکی کۆنەلەزمانی عەرەبدا کەئێستا بەتێکراله هەمو ناوچەی ئێمە کە زمانی عەرەب شوێنی تیاکردوە، هەربەو مانایە، بە کاردەبرێ، لەزمانی تورکی، پارسیو لەزمانی کوردیشدا، ئەدەب بە مانای: «دەفرو، ئامانو، خووان»ە چونکائینسان خواردەمەنیو پێی خۆر، دە کاتە نێو زەرفو دەفروئامانەوە، هەروەك فیکروبیروئە ندێشەو زانستیَ خۆی لەسەر سفرەو دەقی وتار، دادەنێ تابە واتەی: بەیان بەیان بکات و نیشان بدات، ئەوەیە کەلەزمانی عەرەبی دا بە سفرەش دەڵێن: «مأدبە» ئەوەی کەبە تایبەت لەئیرانادەڵێن: «ادبیّات» لە خودی زمانی عەرەبدانییە، بەڵکوئەم بێژەو کەلیمەیە، ئەدیبانی تورکی عوسمانلی دایان ناوە،جاعەیبی چییە؟ خۆزمان وئەدەب موڵکی کسێك نییە، بەڵکو وە کو، چەن شتیتر، هی هەموانە، بزانین دەتوانین بێژین: ئەدەب و ئەدەبییات،وێژەو وێژاوەری بۆپێوە ندی نێوان ئینسان و فیکرو ئەندێشەی بەرەی مرۆڤە وەئەم هەودا هەوریشمینە،یەك یەکی، ئەفرادی کۆمەل بەیەکەوە دە بەستێ، کەوایە، ویژەو ئەدەب، هۆیە، نەچۆن یەت، بەڵکوچۆن یەت، وا لە مانای «هونەر» دایە، جا دۆستانی ئەدەب دۆستو تێگەیشتو، ئەمانەی وائەمرۆ وسبەینێ گوتراون و دە گوترێن، بەیانی سادەی زمانی عیلمی ئەمرۆی دنیایە، کەبەچەشنێکی تازەو روناكلە باسی بەرچاوی ئێمە دە کۆڵێتەوەو تەحلیلی وردی وای دە کات کەئێمە بزانین مانای ئەوشتانەی کە لەعەینی موشکل بونا هەموروژێ لە پێش چاومانەو لەگەڵی کارمانە، چییە! تابەم جۆرەچینی خوێندەوارو

خوێندکارو قه‌ڵه‌م به‌ده‌س خۆیان بناسن و ئه‌رکی سه‌رشانیان، دیاره‌گرینگترین قۆناغی ژین و بونی ئینسان، «خۆناسینه» وئێمه به تایبه‌ت له‌به‌رخۆ نه‌ناسین زۆرشتمان نه‌ناسیوه! ته‌باره‌که لاهو جه‌له‌ل خالیق، حه‌زره‌تی محه‌مه‌دپێغه‌مبه‌ری مه‌زنی ئیسلام چه‌ن شرین و کورت فه‌مویه‌تی:

هه‌رکه‌س خۆی باش بناسێ خودای خۆشی باش ده‌ناسێ واته ئه‌گه‌ر مرۆڤ خۆی باش بناسێ ئیتر بۆکه‌س سه‌رنا چه مێنێته‌وه، خۆی بۆخوی و خزمه‌ت کردن، بۆبه‌ره‌ی موسڵمانان ته‌رخان ئه‌کات و به‌س و ته‌نیاله راست خودا و به‌دی هێنه‌ری جه‌هاناته‌سلیم ئه‌بێ.

ئه‌وه‌ش که‌ئه فلاتون وتویه‌تی: برِو، خۆت بناسه هه‌ر ئه‌مه، دوپات، ئه‌کاته‌وه واتا: خۆت بۆخوت به‌تاله‌کزی و که‌ساسی و ژێرچه پوکه‌ی نه‌فسی ئاماره‌رزگارت بێ....

نوکته: واتای ئه‌ده‌ب

. ئه‌ده‌ب: به‌واتای فه‌رهه‌نگ، زانین، هونه‌ر، جوان له‌گه‌ڵ خه‌ڵکدا هه‌ستان و دانیشتن، شه‌رم وحه‌یا، حورمه‌ت، پاراستن، بێدارکردنه‌وه. ئه‌ده‌ب‌دان.زانین و عیلمێکه، زانایانی پێشو به داگری ئه‌م زانینانه‌یان زانیوه: لۆغه‌ت، صه‌رف، نه‌حو، مه‌عانی، به‌یان، به‌دیع، عه روز، قافیه، قانونی خه‌ت، قانونی خوێندنه‌وه، هه‌ندێ ئیشتیقاق، (قرض الشعر) ئینشا، تاریخ: مێژو، که ئه‌مرِو به‌و زانینانه ده لێن:

ئه‌ده‌ب «ئه ده‌بیات، ئاداب:» وێژاوه‌ری. کۆی ئه‌ده‌ب ئادابه، نه‌ک ئه‌ده‌بیات. که‌ئه‌ده‌ب ئه‌مانه‌ش ده گرێته‌وه: ئه‌ده‌بی که سبی، ده‌رسی، که‌به‌ده‌رس خوێندن و له‌به‌رکردن و بیرکردنه‌وه به ده‌س بێت، ئه‌ده‌بی نه‌فس، ئه‌ده‌بی ته‌بعی، ئه‌خلاق: خوو ئاکاری چاک، په‌سنی چاک، ته‌رکی ته‌ماع و... دوکتور محه‌مه‌د سالح ئیبراهیمی (شه‌پۆل) موته‌رجیمی قورئان به زمانی کوردی

یـاخوا بـه‌خێـربێ مـیوانـی ئـازیز بـه رۆژی بـه‌هار بـه‌شه‌وی پـاییز

ئه‌م فۆلکولۆره‌کوردی‌یه جوان میوانداری و میوانگری نه‌ته‌وه‌ی کورد،ده‌گه‌ینێ.

شه‌پۆل: دوکتور محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی ئه‌ندامی هه‌یئه‌تی عیلمی زانینگه (دانشگاه مذاهب اسلامی) له تاران.

# شیعرو هۆنەی کوردی

ئەمڕۆکە دەریچەیەکی تازەو نویێ بۆ شیعرو هۆنەی کوردی کراوەتەوە، شیعری کوردی روی لە ئاسۆیەکی رووناک کردووە، سەیرو سەیرانێ نوێ دەستی پێکردووە، لە ئاو و هەوایێ تازەو ئازادا دەپشکوێ و خۆ دەنوێنێ و دەدرەوشێتەوەو درەخششێ دیکەی هەیە

شیعرو هونەر و هۆنە و ویژەی کوردی سەری لە ئاسۆی پێگەیشتن ساویوە، شیعرو هۆنەی کوردی لە روی بڕواو ئیمان، وە هەروەها لە ئاگری گڕ گرتوی دەرونی پڕ دەردەوە دەهۆنرێتەوە، تێدەکۆشێ بە نیازگەلی من و تۆ و ئەو، هەروا بە نیازگەلی کۆڕو کۆمەڵگای گەورەی من و تو، وەڵام بداتەوە. شیعرو هۆنەی کوردی رەنگ و روی خۆماڵی و مرۆڤی و ئینسانی و ئیسلامی و قورئانی هەیە، لە رنگ و ریختی نامۆو بیانە دورە پەرێزە و خۆی سەر بە خۆ راگرتووەو لەسەر بنچینەی بیرو باوەڕی کوردەواری پنجی داکوتاوەو خۆی تاو دەدا. چونکە جوان تێکەیوە کە ویستێ ئێمە، دەردی ئێمە، بیرو باوەڕی ئێمە، وە باری ژیانی کوردەواری شتێ دیکەیە لە هی بیانەو نامۆ جیایە.

شیعری کوردی باری رامیاری، کۆمەڵایەتی و دینی و قورئانی زۆرە و ئاگری گەرمی ژیاوێ ژیان وەجۆش و خرۆش دەخاو رێگای ژیان و ژینمان نیشان ئەداو دەسمان دەگرێ و بەرەو ژیانێکی خۆش و بژوێن و ئاسودە رامان دەکێشێ، وە بەوانەی چاک ناتوانن راکەن رەو رەوەی بیری جوان و ورد و ماقوڵانە دەیان خاتە سەر رێگای راست و دروست و ئینسانی و مرۆڤانی و ئیسلامیێ قورئانی.

شاعیرانی ئێمە رویان لە شیعار کردووە، بەڵام هێمان شیعاریان شاعیرانە لە شیعرەخۆیاندا باش نەگونجاندووە، ئەبێ چاوەڕوان بین تا شاعیرەکانمان بە نیشان دانی شکڵی شاعیرانەی شیعار، واتای بەرز و شیاوی ریسالەتی ئەوە ئەدا بکەن شیعر گەلێ دابنێن کە شیاوی هەمو خولێو چاخ و رۆژگارێک بێ. شیعری کوردی زیاتر مایەو رەنگی حەماسی هەیەو تێدەکۆشێ وشیار دەربێ و هۆیەک بێ بۆ راپەڕین و وریا بوونەوەی گەلان.

شیعرو هۆنە ئەبێ جوان بە وردی بڕوانێتە دنیای کزو کەساسو بێ بە شان و هەژاران و لێقەوماوان و سرنج بداتە نەتەوە بێ بەش و بەندکراوەکان، وە ئەوانەی وا

لە دنیای سێوەم دا لە بەند رزگار بوون.

شاعیرانی ئیمە ئەشێ بۆ خزمەت کردن بە خەڵک تەرخان بکەن، ئەبێ لە شیعر شمشیری ئاودار لە راست تالانچیان و زۆرویژایێ بەکورتی بیژین شیعرو هۆنەی ئێمە رێگایەکی گرتۆتە بەرو بەرەو رەوەک دەڕواو راپەڕیوە، ئەتوانێ هیوادەرو ئومێد خولقێنەر بێ.

□ کوردەواری جێگای هەڵقولانی ویژو ویژەوانی و ئەدەب و هونەرە. لەوەتی خوا ئەم خاکە جوان و پاکەی خولقاندووەو کوردی لێ نیشتەجێ بووە، بووتەکانی شیعرو هۆنەو ئەدەبی بەرز و تەرزو بڵیند. شوێنەوارێ کە لە پێشینان بۆ ئێمە بە یادگار ماوەو نەفەوتاوە عەزەمەت و پەرەداری هونەری کەلامی ئەم خاکە رەنگینە بە ئێمە نیشان دەدا، وەک شیعری مەلا پەرێشان، ئەرکەوازی، مەلا رۆستەمی ئیلامی، خانای قوبادی، سەرهەنگ ئەلماس خان، حەکیم مەولەوی کورد، میرزا ئەولقادری پاوەی، وەلی دیوانە، ترکەمیر، مەلا منوچێهر، فەهیم سەنجابی، ئەحمەد داواشی، باباتاهیری عوریان، ئەسفەندیاری غەزەنفەڕی، سەیید سالح ماهی دەشتی، حەیرانعەلیشا، سەیید یەعقوب ماهی دەشتی، تەمکینی کرماشانی، شامی، میرزا شەفیع کیمنەیی، ئەلماس خانی کوردستانی، عەلی حەریری، عەلی بەردەشانی، عەلی تەرەماخی، فەقێ تەیران، مەلای باتە، پەرتەو حەکاری، حەکیم ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیێ، نالی، کوردی، ناری، قانع، وەفایی، ئەحمەد موختار جاف، سالم، تاهیر بەگی جاف، سەلاح سۆران، ئەحمەدی کوڕ، فەقی قادری هەمەوند، حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها)، عارف، ئیمامی (ئاوات)، خالەمینە، حەقیقی، جەوهەری، سیف القضات، فیدایی، زاری، هێمن و هەژار.

ئەوەی ئەمڕۆکە بە ناوی وێژەو ویژەوانی قسەی لێوەدەکرێ بەردەوامی رێبازی قسەزانانی پێشینانمانەو نوختەیەکە بۆ پێوەندی رابوردومان بە داهاتومان، دانانی شوێنەواری ئەدەبی ئەمڕۆکەمان ئەبێتە پێوەندێکی راستەقینە بۆ ئاسەواری رابواردومانو رێگا نیشاندەرێکی باش دەبێ بۆ بەرەی داهاتومان.

□ دەزانین کە وێژاوەری لە دەرونەوە هەوێن و مایە دەگرێ، خوێن گەرمی و راستەقانیەکی تایبەتی هەیە، لە روی هەست و لە سونگەی دەرد لە دڵ و دەروونەوە قڵپە دەکا. لە تێروانینی قسەی دڵهێنەو شادراوەتەوەو لە هاوار کردنیشی دا دەردو

ڕەنج و خەم و خەفەت و مەینەت و شادی و شادمانی مرۆڤ پێل و شەپۆل ئەدا. جا لە بەر ئەمە ئەتوانرێ بۆ وێژەو وێژاوەری-مێژوویێ دیکەیگ بۆ دابنرێ: مێژووی دڵ و دەرونی، عاتفی، مرۆڤانی، خوێن گەرمی، ڕاستەقانی و ڕاست خوازی و حەقیقەت ویستی.

جا هەر لێرەوەیە کە بە خوێندنەوەی شیعرو هۆنەی حەکیم ئەحمەدی خانی ئەتوانین تۆی تۆی و توێژاڵ توێژاڵی ژیانی خەڵکی هاو خول و هاودەورەی ئەو شاعیرە بەرپرسە، پڕ هەستە تێبگەین و بیناسین و بیزانین و جوان لیی حالی بین و بە خوێندنەوەی شوێنەواری ئەدەبی و هونەری (فایق بێکەس، ئەحمەد موختار جاف، حاجی قادری کۆیی، حاجی خەلیفە، مەلا محەمەد(بەها)، نالی، مەحوی، خانای قوبادی، فەقێ تەیران، حەکیم مەولەوی کورد، نوسخەی جامیعە؛ مەولانا خالید، پیرەمێرد، وەفایی و مەلای جزیری و ...) ئەتوانرێ ئەوەی لەو ڕۆژگارانەدا بەسەر خەڵکی کوردەواریدا هاتووە، ڕاست‌و دروست‌ترو بێ گرێ و گۆڵە تر لە مێژووە نووسراوە و دانراوەکان،ئەتوانین تێبگەین و شتەکانمان باشتر دەس‌کەوێ و بە ڕووناکی و بە باشی لێ حاڵی بین

☐ شیعرو هۆنەی کوردەواری هەر خول و دەورەیەک تەشک و دیمەنێ تایبەت بە خۆی هەیە، بە قسەی ساتیر: (هەر خولێ هۆنەو شیعری خۆی هەیە). دیارە وێژاوەری ئەم بیست ساڵەی دوایی‌یانەی لە ١٩٨٠ بەم لاوە لە کوردەواری دا باشترو جوانتر و بە هێزو پێزتر گوڵ و بەر و میوەی داو سەری هەڵداوەو بە خۆدا هاتووە کە پێویستە لە لایەن لێکۆڵەران و دڵسۆزان و زانایانی کوردەواری‌یەوە پێیاندا بچنەوەو بژارەیان بکەن و لەبەرا بە شەن کاودانەکەی لێک جیا بکەنەوەو ئەوسا بە کەو، قونەکەوی بکەن و بە شێلگیرو بێژینگ دای بێژن و کۆزەرەو چێو و خەوشی جیا بکەنەوەو جوان بە شانەی بیرو هزری-سەرۆک و بنۆکی بگرن و لە جیکەنەی بدەن تا دانەو لۆکە جوان و سپی‌یەکەی لێک هەڵاوێژرێ و بە وێنەی هێلکەی پاک کراو لە بەردەستی خوێندەوارانی نیو کوردەواری دابنرێ.

دیارە بەو پێودانەی کە مرۆڤ لە تەک خۆیدا نامۆ بێ و لە بنێشەی خۆی دورەوە کەوی، هونەریش کە یەکێ لە دیارترین و بەرچاوترین نوێنگەی ڕۆح و گیانی ئینسانە توشی لاڕێی و تیا چون ئەبێ، لە دنیایێ دا کە مرۆڤ دیل و یەخسیری هەواو هەوەسی نەوسی خۆی بێ یا دیلی هەوای وزەو هێزی ئەنبوژەنی و مادی

بێ، دیارە هونەریش هەروەک پوڵ و سامان و وزە و تێکنۆلۆژی دەبێتە کەرەستەیێ لە دەست تەماکاری زیادە بەش ویستانی زل هێز و دەچێتە خزمەتی بەشی ئاژاڵی وجودی مرۆڤانی و لە ئاکامدا هەموو چتێ لە خزمەت ماڵ وێرانیدا قەرار دەگرێ.

## بە ئەستۆ گرتن و بەرپرسی لە شیعرو هۆنەدا

لە کەوناراوە وتویانە قسە کە لە دڵەوە بێ بێشک لەسەر دڵیش دەنیشێ. بەر لە هەموو شتێک با بزانین شیعر چییەو چ جۆرە کەلامێکە؟

تا ئێستا لە لایەن فەیلەسوفان، زانایانی مەنتیق، عەروز دانەران و ئەدیبانەوە تاریف گەلێ جیا جیا لە هۆنەو شیعر کریاوە، بۆ وێنە:

□ کوڕی سینا بوعەلی لە بەشی مەنتیق لە پەڕاوەی شیفای خۆیدا فەرمویەتی: «ان الشعر هو کلام مخیّل مؤلف من اقوال موزونة متساویة...»[1]

شیعرو هۆنە قسەو کەلامێکی خەیاڵئابسێنە کە لە پیت و قسەی وەزندارو بەرابەر ساز درابێ، وەک دەزانرێ کوڕی سینا زیاتر دوپاتەی لەسەر خەیاڵی بونی شیعرە.

□ ئەرەستو لە پەڕاوەی فەنی شیعری خۆیدا وتویەتی: رەسەنی شیعر بە واتاو ماناو مەزمونیەتی، وەزن و ئەوانی دیکە شاخ و بەرگن، بەم پێیە کە شیعر لە روانگای واتا وا دابنێین ئەبێ شیعر بە قسەیێ خەیالاوی بزانین کە بتوانێ شۆر و غەوغا لە دەرون ساز بدا و حالەتێ لە غەم و شادی و شتانێ دیکە لە خوێنەر و بیسەر دابەدی بهێنێ، هەرچەندە دەق و بلاۆکیش بێ.

□ ئەشێ بوترێ چون لە زەمانی حەکیم ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، حەکیم مەولەوی کورد، مەلای جزیری، حاجی قادر کۆیی، مەلا پەرێشان، نالی، چامەی هوزموگان رمان، ئاتران کوژان، وەفایی، پیرەمێرد، مەولانا خالید شارەزوری، شیعر بە وێنەی وەزن و قافیەدار بەیان کراون لە ئاکاما قسەیەک لەو دوانە خاڵی بن بە شیعر دانانرێن، هەر چەند ئێمە بەیتمان هەیە کە هەندێکی وەزن و قافیەی هەیە و هەندێکی بێوەزنەو بە ئەدەبی کلاسیک دادەنرێ. هەرجۆر بێ شیعر ئەگەرچی لە وەزن و قافیەو لە هەندێ نوکتەی جوانی بەدیعی و لەفزی خاڵی بێ شیعرەو هۆنە

---

١- بروانە: ابن سینا، فن الشعر، چاپی ئەورەحمان بەدەوی، لە پاڵ فن الشعر ئەرەستو، قاهیر ١٦٥٣ پەرەی ١٦١.

ئەبێ ئەزمونی بەرهەمی عاتیفە و بیروخەیاڵ بێ، وە بە بێ خەیاڵ و وزەی خەیاڵ هیچ یەک لە عاتیفە و بیر ناتوانن سازدەری شیعر بە واتای واقیعی بن. بە واتایێ دیکە هۆنەی شیعری کاتێ خۆدەنوێنێ کە خەیاڵ و بەیانی هونەری لە کار دابێ، چونکە هیچ ئەزمونێک لە ئەزمونەکانی مرۆڤ بێ وزەی خەیاڵ بایەخی هونەری و شیعری پەیدا ناکا. شاعیر بە وزەی خەیاڵ و زەوق و سەلیقە و بە کار بردنی (تشبیهات) جوان و ئیستیعارەگەلی لەتیف و قسەڕەوان و بەدیع و بە کار بردنی پەندو مەسەلی دڵنشین و خونجاو و گونجاو و جوانی واتا و بێژەو کەلام بە نیشان دانی شتگەلی دڵ پەسەند و صووەری خەیاڵ و دڵگیر ئارەزوی خۆی لە شیعرو هۆنەدا لە بابەت ئیلقای بیروگوێزاندوەی عاتیفەو حاڵاتی خۆی بە خوێنەر و بینەر بە دوو شێوە ئەنجام دەدا.

١ـ جوان رازانەوەو باش نیشان دان کە شاعیر بەم کارو شێوە جوان بە جوانتر نیشان دەداو لە سیحرو جادوی کەلام و هێزی جوانی بەیان و شوێن دانانی خەیاڵ، وە خەیالاوی شیعر،کارێ وا دەکا واتاو مەفهومی زیهنی بەبیری مێشکی خۆی و خۆرسک و ژیان لە چاو و دل و گوێچکەی خوێنەر و بیسەری شیعرو هۆنەکەی خۆیدا پڕشکۆترو بە تین و تەوژمتر لەوەی وا هەیە نیشان بدا.

٢ـ دووەمی یە کە کارو شێوەی داپۆشین یا داپوشێنی هونەری یە، کە شاعیر لە کاتی پێداویست دا جۆرە پۆشاکێک لە بێژەی جوان و رازاوە ئەکا بە بەر واتاداو بەم کارە ناحەز و کرێت بە جوان و رازاوە نیشان دەداو ناپەسەند دەکاتە پەسەندو دڵگیر.

□ لە بابەت شوێن‌دانانی شیعرو هۆنە لە دڵ و دەرون و بیرو مێشکی خەڵکدا چ لە بابەت ناسینی هونەر، وەچ لەبابەت رەوان‌ناسی و فێرکردن و بارهێنانەوە گرینگی‌یەکی زۆر و بەرچاوی هەیە. جاحیز (٦٠-١٢٢٥ی مانگی) ئەدیب و موتەکلیمی ناوداری عەرەب. دەڵێ: لای نەتەوە باستانی‌یەکان، شاعیران و هەستیاران زیاتر لە هەڵچین و توێژی دیکە دەستە جلەوی ئەقڵ و عاتیفەی خەڵکیان بە دەستەوە بووە. ژنانی عەرەب لە خولی جاهلی و نەزانی دا ئەو قسەی جاحیز دەسەلمێنێ.

بە قسەی (شمس قیس رازی - صاحب المعجم: زۆر جاران تاکە شیعرێک هۆی دۆستی و ئاشتی بەدی‌هێناوەو زۆر جارانیش بۆتە هۆی فیتنەو فەسادو ئاژاوە.

لە هەر هاوارێکدا کە لە دڵ و دەرونی شاعیری بەڕاستی دەردەپەڕێو لە هەر سورەتی خەیاڵێ کە ئەو لە شیعرو هۆنەی بە ئەستوداری خۆی بەدیدەهێنێ، گشت هەویا، بیرو خەیاڵ، دەرد، خۆشی، گەورەیی و داماوی مرۆڤ، بە کورتی هەموو کەینەو بەینەی جیهانی تێدا نهێنە.

دیارە شیعری ئەستۆدار و وێژاوەری بەرپرس ئەتوانن بەنێوی شوێندانێرترین هۆیێ بۆ بوژانەوەو پاراستنی بایەخە مەعنەوییەکان و ئاگادارکردنەوەو بێدارکردنەوەی ستەم لێچوان.

مەبەست لە شیعرو وێژەو وێژەوانی بەرپرس،تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەڕاستی و دروستی و ئازادی مرۆڤ، هەستیارانی بەرپرس و بە ئەستودارو و بە ئەمەک بۆ راستی و دروستی و مرۆڤانی، ئەوانەن کە بە واتای قورئانی کەریم کاری چاک و عەمەلی سالح ئەنجام بدەن، هەمیشە لە بەر خوداو بۆ رازی بوونی ویژدانی خۆیان، خۆیان بۆ خزمەت کردن بە مرۆڤانی تەرخان بکەن و لە بیری چەوساوان و ستەم لێکراوان دابن.

قورئان: **[والشعراءُ یتبعهم الغاون الم تر انهم فی کل واد یهیمون وانهم یقولون مالا یفعلون الاالذین آمنوا و عملوا الصالحات و ذکروا الله کثیراً...]** (سوورەتی شوعەرا - ئایەتی ٢٢٤ تا ٢٢٧).

[پێغەمبەر شاعیر نیە - شاعیران کەسانێکن کە لاڕێیان پەیرەوییان لێدەکەن، لاڕێ بەدوی هەستیار دەکەوێ. ئایا نەت دیوە کە ئەوانە (هەستیاران) لە هەر شیوو دۆڵێکدا سەر لێشێواون. وە بەڕاستی ئەوانە شتگەلێ دەڵێن کە خۆیان عەمەلی پێناکەن. مەگەر کەسانێ (لە شاعیران) کە بڕوایان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووەو یادی خوایان زۆر کردووە.]

ئەم هەستیارانە کە بڕوایان بە دین و ئەخلاق و ئاکارو خوی چاک و ئینسانی و خودایی هەیە، لە ئاکام دا لە بەدیهێنانی شوێنەواری خۆیان بۆ هۆنینەوەی شیعر ئەکۆشن، هۆنەو شیعرەکانیان لە خزمەت خەڵکدا بێ، بۆ خەڵک بە کەڵک بێ و خەڵک بێدارو وشیار کاتەوە، خوو ئەخلاقی چاک و ئینسانی لە نێو خەڵکدا پەرە پێبداو خەڵک لە زوڵم کردن، ملهوڕی، بێ ئەخلاقی دور بخاتەوەو سەرنجیان بۆ لای ئاکار، خو، بیرو کردەوەی چاک و خودایی و مرۆڤانی و دادگەری و دادپەروەری و ئاشتی و ئازادی بیروڕاو خۆشی و شادی و بە یەکەوە سازان بانگ بکا، تا خەڵک

لەباتی دژو دژایەتی کردن رو بکەنە چاکەو چاکەکردن و خوێندن و سەنعەت و تکنیک و پەرەدان بەفەرهەنگی رەسەنی مرۆڤانی و خودایی و تەرەقی کردن و پێشکەوتو سەرکەوت لە کارو باری دنیاو ئاخیرەت دا بە هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن و تێ گەیشتن و زانین و فامینی بەرەی مرۆڤ تا زوڵم ریشەکیش بکرێ و لە دنیادا زوڵم و بێ عەداڵەتی و تەبیعض نەمینێ. (شەپۆل)

نیشتمان ویستی وئۆگر بون بە زێد، لە سەرەتایی ترینی خوی مرۆڤانی یە، هەروەك ئۆگرداربونی زاروکە، بەدایک،ئەو عەشق و ئەوینە بە گۆچ گرتن بەشیری دایک، لە گەڵ خوێن تێکلاو، دەبێ و لە گەڵ گیان و رۆح دەر دەچێ.

شاعیر وتەنی:

[روزی کە بامر حقّ جهان شد ایجاد
و آدم شد خلق و آدمیزاده بزاد]
[مهر وطن و محبت قوم و نژاد
در طینت مردم بودیعت بنهاد]
خزمەتی خاکی وەتەن فەرزێکی عەینە، بۆ هەمو
داخلی بەم حوکمەیە، کێ فەرقی جوان و پیر ئەکا
زوڵمەتی جەهل لە بەرچی زۆری سەندوە باکت نەبێ
نوری عیلمی عالە مێکە، عالەمێ تەنویر ئەکا
هەرکەسێ فیکری مەزاری باوكو باپیری هەبێ
بۆ بەقای ئیعزازی خاکی خوێی چلۆن؟ تەفسیر ئەکا.

## *غارپراو، بزرگترین غار دنیا...*

در فاصله کوه «بیستون» و «تاق بستان» در بلندیهای کوه «پراو» که یخچالهای طبیعی آن معروف است، دهانه «غار پراو» قرار دارد.

در درون این غار شگفت انگیز، درەای به عمق ٣٥٠متر و در قسمتهای عمیق آن چندین آبگیر و یک «آبرو» وجود دارد.

این غار که در سال ١٣٥٠ شمسی توسط یک گروه غارشناس انگلیسی کشف شد، بنا به تائید انجمن غارشناسان بین المللی، بزرگترین و عمیقترین غار دنیاست.

غار بیستون:

بیستون چە حکایتها که در دل نهفته ندارد....

غار بیستون، یادگاری از بشر اولیه ودورۀ دیرینه سنگی. این غار که متعلق به دورۀ ماقبل تاریخ است در بیستون. بالای سر مجسمه هرکول به طور تصادفی از زیر خاک بیرون آمد.

# زوانو ئەدەب:

ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی لە ئاخرو ئوخری سەتەی دەهەمی کۆچی واتا: ٤٠٠ ساڵ بەرلەمە کتێبی شەرەفنامەی بەزوانی پارسی لە مێژوی. گەلی کوردا نوسیوە ئەمیرشەرەفخان یەکەم مێژو نوسێکە،زوانی کوردی لە بابەت زاراوەوە کردۆتە چوار بەش[١] ئەوچوارەش بەم جورەن:

## ١ - کرمانجی:

مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لەکرمانجی زاراوەیە کە لەم چاخەدا زیاترلە دەمیلیون کورد قسەی پیێ دەکەن. وەنوسەرانو مێژوسان کردویانەتە دوبەش: ئـەلف: کرمـانجی ژوریـا باکوری: "شمالی". کە کوردەکانی: (ئێرەوان و گورجستانی شورەوی لاچین، گوڵ بەهار یا گوڵبجار، ئاخکەندو ...) وەکوردەکانی تورکییەلەلای گۆلاوی (وان، دییار بەکر، قارس، با یەزید، خەرپوت و جەزیرە و دەرسیم و...[٢] وەکوردەکانی ئێران (لە قوچان و بجنورد هەرێمی خوراسان وەهۆزی جەلالی و میلانی و هەرکی و برادۆست و ... لە ئازربایجانا[٣]. وەهەرێمی جابان: "جاوان" لەدەماوەندی لای تاران.

وەکوردەکانی عیراق لە (هەرێمەگەلی دهۆك و موسڵ و هەندێ لای هەولێر) وە کوردەکانی سوریەلە (ئوستانی: پارێزگەی دیرالزورو فەرمانداری ترابلس و حیسن الاکراد و کوردەکانی لوبنان و ئۆردۆن. بەم زاراوەیە لە عیراقا[٤] - بادینی پیێ دڵین.

بێ: کرمانجی خوارو یا باشوری: "جنوبی" وەك زاراوەی کـوردەکـانی موکریـان: مەهـاباد، سەردەشت، سنە، مەریوان، سقز و بانە و ... لەکوردستانی ئێرانـا وەئوستـانگەلی سلێمـانی، کەرکوك و هەولێر لەکوردستانی عێراقا «کە بەهەڵە بە سۆرانی ناوی ئەبەن».

---

١ - بنوارە شەرەفنامە چاپی پطرسبورغ ساڵی ١٨٦٠ زایینی وەبەرگی یەکەم چاپی قاهیرە ساڵی ١٩٣٠ زایینی و ئۆفسیتی تاران سالی ١٣٤٣ هەتاوی لاپەرەی ٢٣.

٢ - "لە دەرسیم بە زاراوەی زازایی داخۆن" (زازالە ناوچەی سیورلی چبخچورەکر) و گۆران (لەکـە نـدوڵە، پـاوە، هەورامان، تل‌هدشک (ص ٤٥ تاریخ زوان پروێز خانلری).

٣ - بنوارە (باوی کۆمەلایەتی و مێژویی نوسراوی شـەپۆل) چـاپی تـاران نـەورۆزی ٢٥٩١ کـوردی ٥٧ و ٥٨ هەتاوی.

٤ - بەهەڵە بادینانی "بهدینانی" پێ دەڵین.

## ٢- لری:

مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لە زاراوەی لری (ئیلامی، فەیلی، بەختییاری، لەهەرێمی پشتکۆ و پێشکۆ یە، یان روناکتربڵێین، لە هەمەدانەوە تا شوشتە رو شاری کورد لە ئێرانا وەئوستانگەلی کوت و عیمارەو فەیلییە کانی بە غاو بەسرە و شوێنە کانی ترە لە عیراقا[1].

## ٣- کەڵوڕی = کەڵهوڕی.

مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لە کەڵوڕی ئەوجۆرەزارا وانەیە کە لەزۆربە ی هەرێمە کانی کرماشاندا،وەلە بەشی لە کستانا لە ئوستانی ساحلی ئێران وە لەناو کوردە کانی فرمانداری خانەقین،مەندە لی و میقدادیە."شاربان" قسەی پێی دە کرێ،بە هە لە هەندێ لە نوسەران "کرماشایی" یا "لە کی" پێی ئەڵێن کەچی لە کی خۆیی تێکلاۆێکە لە (لری،کەڵوڕی و گۆرانی).

## ٤- گۆرانی:

مەبەستی ئەمیرشەرەفخان لە گۆرانی زاراوەیە کە لە پێشا لە "ئەردەلانەوە" تا کێوی حەمرەین یانی لە ئوستانی: پارێزگەی کوردستان لە ئێران وە پارێزگە کانی سلێمانی و کەرکوك لە عیراقا قسەی پێ کراوە ...

بەلام بە هۆی ئەوە کەزۆر بەی هۆزە کانی گۆران زوان وە ك: زەنگەنە، سیيا مەنسور وهی ترلە رۆژگاری شاهەباسی سەفەوی یەوە کۆچ دراونەتە، ئەفغانستان،جابەم هۆیە ئەوانە وا بەم زاراوەیە ئاخە فتون زۆرکەم بونە تەوە[2]. زاراوەی گۆرانی لەم چاخەی ئێمە دا لەناو (هۆزی زەنگەنە، سییامەنسور، گەلالی، شوانکارە، کاکایی، هەورامانی لە کوردستانی ئێران و عێراقا وەلە ناو کوردە کانی ئەفغانستانا باوەو ماوە[3].

---

١- بابا تاهیری عوریان (٩٣٥-١٠١٠) بەلری شیعری گوتوە و ناوبانگی چارینە کانی: لەدەرەوەی کوردستان بلاوبۆتەوە بیروباوەرێکی دژی دەرەبەکایەتی لەناو گەلدا بلاو دەکردەوە ... لە شیعرەکانی دا بە توندی دژی زوڵم و زۆری کۆمەلایەتی دواوە. هەروەها دژی ئاغاگەورەکان و فەرمانرەواکان بووە" (میژوی جیهان پراگ ١٩٦٠ بەرگی سێهەم ل ٥٠٢ چاپی چیکی). وە (کوردستان و کورد) بەنەقل.

٢- کۆرێ لە نوسران بەهەڵە بگۆرانی ـ هەورامانییان پێی وتون، کەچی هەورامانی خۆی زاراوەیە کە لە گۆرانی کۆن.

٣- بۆناسینی شوانکارە بنوارە (کتێبی باوی کۆمەلایەتی و مێژوی و... نوسراوی شەپۆل چاپی تاران ساڵی ٥٧ و ٥٨.

پروفسور مینوریسکی رۆژهەڵات ناسی ناوداری روس لەبارەی "گۆران" ەوە کتێبێکی بەزوانی ئینگلیسی نوسیوە کە لەوا زۆرێ لە هۆنراوەی هۆنەرانی هۆزی گۆرانی تێداهێناوەو چاپی کردون.

هەروەها بەسودوەرگرتن لەناوی سوڵتان ئیسحاق پیری کاکا ییەکان دیاردیبۆ کەونارابونی ئەدەب و بێژاوەری هۆزی گۆران کردوەو ناوی سوڵتان سەهاك = ئاستیاگ = ئاژی دەهاکی بەکوردی ماد داناوە، بەڵام بە داخەوە ئێستائەوکتێبمان لەدە سانییە.

هەرچەن بەڵگەیەکی زۆرمان لەبابەت ئەدەبی گۆرانی کۆنا بەدەسەوەنییە، بەلاّم بەوجۆرە ئاگاداری یانەی وابەدەسەوەن، ئەتوانین بێژین: ئەدەبی گۆرانی کونترین بێژاوەری و ئەدەبی کوردە.

حەمدو للاّی مستەوفی قەزوێنی بە نەقڵ لە "ئەلبولدان" ئەنوسی:

"سپای ئیسلام" ساڵی ١٨ی کۆچی لەزەمانی ئەمیرە لموئمنین عومەر - ی کوری خەتتابدا قەزوێنی گرت.

لەوکاتەداحە ساری شارستان "شاپوری" بوو خەڵکی ئەوێ لەگەڵ موسڵمانانا جەنگیان ئەکرد و موسڵمانەکان بانگیان ئەرکردن یان موسڵمان بن یان جزیە بدەن.

ئەوانیش هەرایان ئەرکرد وئەیان وت: "نەموسڵمان ئەبین وە نەگزیەش ئەدەین هەڕن بگەڕێنەوە مەککە تا ئێمەش رزگاربین" - "نەمسلمان بیم نەگزیت دهیم + بشی اومکەشی کاما برهیم[1]."

مستەوفی قەزوێنی ئەم بەیتەی بە پەهلەوی ناو بردوە،وەلە راستیا ئەم بەیتە: "گۆرانی = لری" یە، ئەمە خۆی بەڵگەیە، بۆئەوەکە لەپێش ئیسلاما ئەدە بی کوردی گۆرانی هەبووە.

کۆڕێ ترلە مێژونوسان و نوسەران وەك (ملك الشعرای) بەهار وە رەشیدی یاسمی و دوکتور سەعیدی کوردستانی و ئایە توللاّمەردوّخ و شەپۆل و ئەورەنگ، چەن هۆنراوە یەکیان لە نوسراوەکانی خۆیانا، هێناوە کەبەدەسنوسی پەهلوی لە پێستی ئاسك نوسراوەتەوەو لەناو یەکێك لە غارەکانی کوردستانی عێراقا، دۆزراوەتەوە،کەلەوا دیياری بۆکوشت وبڕین و تالاّن و برۆ و بەدیل گرتن و ... کراوە ئەوهۆ نراوانە، بەکەمێ جیاجیای یەوە بەم جۆرن:

---

١ - مێژوی گوزیدە چاپی فردەوسی تاران ساڵی ١٣٣٦ هەتاوی پەرەی ٧٧٦.

هورمزگـــانرمان ئـــاتران کـــوژان      هۆشان شاردەوە گەورەی گەورە کـان
زۆرکـــارئەرەب کـــردنە خـــاپور      گونـــاو پـــاڵە بشـــی شـــارەزور
ژنو کـــەنیە کـــان وەدیـــل بشـــینا      مـــێرد ئـــازاتـــلی ژ روی هـــوینا
رە وش زەردوشـترە مـانەوە بـێکەس      بەزەیە ك، نکاهورموز، وەهیچکەس[1]

---

١ـ هورموز، یا ئاهورامەزدا بەمانای خوایە، گان بە مانای جێگەیە واتا: عیبادەتخانە کان و ماڵە خودا،رمیان وروخان، ئاهورمەزدا لە ئاهۆرە، بە مانای: هەبونی دانە، مەز بەمانای مەزنە، دا، بە مانای دانا وزانایە، رمان بە مانای رمیان و روخانە. ئاتران لە ئاتر، وە بە مانا ئاگرە ـ تـوگ بەیەکتری گۆردراونەوە = ان =پەسوەندی نیشانەی جەم و کۆیە لە کوردی ئەمرودا"ك"ی‌عەهد. لە پێشەوەی دائەنرێ و ئەبێتە ئاگرە کان، ئاگر، ئاتر، ئاور، یەك مانای هەیە، لە کوردییا دەڵێن: ئاگرە خۆشە لە خوٚم گاتەوە. کوژانلە کوژیانە، بە مانای ئاگر کوژانە وەو ئاور مریان و کوژیانی ئاگرە.

٢ـ هۆشان: لەریشەی‌هو، خو "**Hwa**" ئاوێستایی‌یەو بەمانای خۆیان ـ لەباتی هۆشان "وێشان" وتراوە، شاردەوە. لە شاردنەوەیەو بە مانا خۆشاردنەوەو خۆگومو بزرکردنە، گەورەی گەورە کان یانی: مەزنی مەزنەکـان. زۆر، لە زۆر، لەزۆردارەو کاریش پەسوەندی نیشانەی سیفەتی فاعیلیە، ئەرەب بە مانای عەرەبە. خاپور بە مانای رمیانە،گونالە گوندەو بە مانای ئاوای‌یە. پاڵە: بە مانای شارە، پەڵەو پاڵەوان، پاڵە لەیەك‌ریشەن. لە کوردییا پێڵاو تایبەتی شارنیشنە کان بووەو کاڵەش تایبەتی دێ‌نیشنە کان بووە، لە کوردییا ئەبێژین: پێڵات لەسەر چاوە، کاڵەو پێتاو،کاڵەو پوزەوان. ناتوانم بەن کاڵەی خوٚم لەبەن چە کمەی توٚخەم، لە بورهانی قاتیعا نوسراوە پەهلو، پەلەو بە مانای شارە، پەهلوان، پەهلەبان بەمانای: شەهرەبان یا نیگاهبانی شارە، بە کوردیش ئەوترێ پاڵەوان یانی: شارەوان، شارەوانی، دییارە، لەقەدیمەوە نیگاهبانی شاریان لە مروٚڤ گەلی خودان وزەو بەهێز کە بتوانێ لەدزو دروزن بەرگری بکات لەبەر چاو ئەگرت، بشی لەریشەی بەشەو بە مانای پشکە x یان لەریشەی شیایی و شو ـ ی ئاوێستایی‌یەو بەمانای ئەرواو روێشتن‌ە، لە گوٚلستانا شد بە مانای روٚیشت، هاتووە. وەك ئەبێژێ: (شد غلامی که آب جو آرد      آب جو آمد و غلام ببرد)

واتا هەتا ئەرواتە شارەزور، لەباتی: "بشی" "هەتا" وتراوە، شارەزور ناوی بەشی سلێمانی و ئەو ناو ناوەیە. نالی شاعیری شارەزوریش زوٚر بە ناو بانگە.

ژن. لە ئاوێستادا بە مانای زان و ژان پیاهاتنە، کەبە غیناش ناو براوە.

ـ کەنیە کان لە ریشەی کەنی کەنیشك‌کناکە نیك ـ ەو بە مانای دوێت و کچە،ڵێرە دایە گوٚران شاعیری نازارو دڵتە رو ناوداری کورد ئەبیژی: عەشقی ئێوارەی سەرە رێی کانی ـ بەرئەداتە چەم کڵپەی گوٚرانی!ـ روٚژا ئاوائەبێ چەم تاریك ـ دایە دەنگی (کنالەیل) هەردوایی نایە... ـ (کنالەیل: کچێ یار) ـ مانگ بەتریفەی ئەکاکەیل ـ هێشتا، هەر گەرمە، ناڵەی (کنالە یل...!)

گومان لەوە دانیە کە (عبدالله) گوران (کە ساڵی ١٩٦٢ لە عێراق کوٚچی دوایی کردوە) چ لە ناوە روٚکی شیعرە کانی داو چ‌لەو شێوە تازانە داکە لە شیعردا دای هێناوەوچ‌لەرەوانی و بژارکراوی ئەوکوردیە دا کە شیعری لەقەید و بەندی شیعری کلاسیکی کوردی رزگار کردوە و بەوهوٚیەوە ئاسوٚیەکی نوێی بوٚگەشە کردنی زیاتری شیعری کوردی کردوٚتەوە.

بشینالە ریشەی شیای بە مانای هێنانو هاٚرد نە. مێردئازالە دوبێژەی مێردوئازا، تێکڵاٚواکراوە، مێرد لە ریشەی مێرد: مێرت ـ ەوبەمانای پیاو و مێرو مەردومێردە ـ ئازاش بە مانای نەبەزو کوڵنە دەرە.

تلی: لە ریشەی تلیای، تلین ـ ە و بەمانای تلانەوەو تل خواردنە.

هەروا مجلەالعربی ژمارەی ٢٠٠ چاپی تەموزی ١٩٧٥ کووەیت لەو تارێکداکە بەقەڵەمی (عبدالحلیم منتصر) لەژێر ناوی (ابن وحشیة فی الفلاحة) و (هو اقدم الکتب فی العربیة) دەنوسی... شوق‌المستهام فی معرفة رموز الاقام و قد ذکر فی آخر کتابه هذا انه ترجم من‌اللغة الکردیة کتابا فی علل المیاه و کیفیة استخر اجها... یاخەتی ماسی سۆراتی کوردی کە دوکتور سەعید خان کوردستانی لە مزگانی نەزانی کوردی باسی دەکات.

بەڵام ئەبی بێژین ئەم: هۆنراوانە بەزوانی گۆرانی کوردین. حوسەین حوزنی موکریانیش لە نوسراوەکانی خۆیدا دییانی بە مەداناوە، یەکێک‌لە هۆزەکانی گۆرانی زوان، هۆزی کاکای یە، کەلە ئێران و عێراقا ئەژین، بەرەی کاکای یەکان، لە سەرئایینی "شەیدایی" ئیرانی کۆنن.

سرنج راکێشەلە ناوئەو نوسە رانەداتەنیا (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) سەر چاوەی ئەم هۆنراوانەی بەنەقڵ لە کۆبەی ١٨ لەسەر لاپەرەی ١١ لە کتێبی خەباتی سونێان ـ ی کورد نوسراوی واسیلی نیکیتین رۆژهە لات ناسی ناوداری روس ناوی بردوەو گوتەیەتی: ئەم هەڵبەستانە بەزوانی پەهلەوی‌یە.

لە کتێبی مێژو دا ناوی چەن باڵولٚ دێتە بەرچاومان ئەلف = باڵولی خارجی: کە شارە کوری بە شەری شەیبانی موسڵی کە لەکوردانی دەورو بەری، موسڵ بووەو لە ساڵی ١١٩ کۆچی دا لە هیشامی کوری (عبدالملک) ئەمەوی را ساوەو شۆرشی کردوەو لە موسڵمەوە تا کوفەی هێناوەتە ژێر فەرمانی خۆی و لە پاشان لەشەڕا کوژراوە.

---

١ـ (بنوارە دائرةالمعارف پطرس بستان پەرەی ٦٤۴ جەلەی ۵). ٢ـ فەرهەنگی دهخداپیتی ب و دائرةالمعارف پطرس و سە فەرنامەی (ابن بطوطه) پەرەی ٢١٠ تا ٢٠٩.

ـ ژ: بە مانای بە یەو جاری‌واش هەیە بە مانای "لە" یە، وەک ژمن دی ژمن.

هوینا: لە ریشە هون بە مانای خوێنە. رەوش بەمانای ئایینە.

زەردوشتر یا زەرتوشەر یانی پێغەمبەری ئێرانیان کە لەرەگەزی کوردەمادەکان.

قانع شاعیری ناودار لەم بارەوەیە، کە دەبێژێ:

کتێبی زەردەشت کە ئاوێستایە — وەک باقی کتێب خەلات خوایە
بەزمان هەورامی هاتە سەر بە شەر — یانی های زەردەشت بوی بە پێغەمبەر

ـ بزیکا، بەزەی یەک، لە ریشەی بەزەیی، بە مانای دڵسوزی و دڵسوتان و روحمە.

نکا، نیکا بە مانای نەکرن، نەکردن واتانای کات. ئەم هەڵبەستە و هونراوانە دەسیلابی یە واتا: دەبەشن و

ب ـ باڵوڵی مەجنون: ئەبووەهیب باڵوڵی کوڕی عەمر صیرفی کوفی، گۆیالە کوردانی ئێران و شاگردی حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق بووەو لە ساڵی ١٩٠ کوچیدا مردوە .

ج ـ باڵوڵی شولی کە یەکێک لە عاریفانی مەزن و شاعیر بووە «ابن بطوطه طنجه لی» لە سەفەرنامەکەی خۆیداناوی بردوە کە لە لورستانا چاوی پێی کەوتوە و قسەی لەتەکیا کردوە.

هەروەک لە قسەکانی ئەمیرشەرەفخانی بتلیسی دەرئەکەوێ، ئەدەبی گۆرانی لە کاتی فەرمانرەواکانی "حەسەن وێهی" و "عەیاری" زۆر و زەوەندو پەرەدارانە پلاوکراوەتەوە، بەلام شوێنە واریو یژاوەری ئەوکاتەلە بەروێران کرانی شارەکانی (دینەوەر ـ سیروان ـ حەلوان ـ شارەزور) لەلایەن مەغولەکانەوە، وێژاوەریش تیاچوو نەما، بەلام لە کاتی فەرمانرەوای: (بەنی ئەردەلان) دا ئەدبی گۆرانی بوژایە وەو تازەمانی خوسروەخانی ناکام چووە پێشە وەو لێرەوە شوێنەوارگەلی بە نرخی وێژاوەری بۆئێمە جێمارە.

بەلام میران و فەرمانرەوایانی بابان، دەسیان دایە، پەرەپێدانی ئەدەبی کرمانجی خوارو: "جنوبی" کەبەهەڵە بە سۆرانی ناوئەبرێ، جاهەر لە بەر ئەمەیە لەدەم و کاتی ئێمەدا وازاراوەی کرمانجی خوارو بووەتە زمانی ئەدەبی و علیمی و هونەری و کۆمەلایەتی و رامیاری و ئابوری و نوسراوەیی زمانی کوردی، ئێستاشێوە و رچەیەکی ئەدەبی یەکگرتوی گرتۆتە بەرو

---

ـ دەهیجایین. ئەم هوزی کاکایە: دوای داهاتنی ئایینی پیروزی ئیسلام هەندێ لەبیرو باوەری رچەی خۆیان لەدەس دابرێکیشیان بە دڵ و داو پاراستووە، تەنانەت بێژاوەری گۆران بەشێکەلەرازە نهینییە کانی رچەی گۆران، لای غەوارە نای درکێنن، ئەمانە باوەریان بە تەناسوخ هەیە، بەمەکە گییان و رەوانی فریشتەکانی ئەوان ئەچێتە ناو کڵیشەی ئەنبیا و ئەولیا. باوەریان هەیە. وەلەبەر ئەوەی زۆریان حەزرەتی عەلی و ئالی ئەوخۆش دەوێ کۆڕێ لە مێژونوسان ئەوانیان بە یارسان و عەلی یوللاهی ناو بردوە.

پیشوایانی ئایینی کاکاییکان، لەهەندێ شوێناڵە بەرهەندێ هۆ چەن هونراوە یەک لەهونە رانی خۆیان ئەگێرنەوە، بووینەئەواچەن شیعر لەدو بەیتییە کانی باڵولێ کەلە (١٧٠ ـ ١٩٣ کۆچی)دا ـ ژییاوەو کۆچی دوایی کردوە بۆتان نەقل دکەین:

ئەز بەهلولە نان جەروی زەمینی — چار فرشتانم چاکەرکەرینی
نجومم سالح رە جەبەم بینی — چەنی لڕەبیم جەماو هەفتینی
ئەو واتەی یاران ئەو واتەی یاران — وە قانون شەرت ئەو واتەی یاران
چەندی مەولابیم کردمان شاران — یارانم کەردەن وە قەوای ماران
دیوانەی زاهیر دیوانەی زاهیر — دانای یارانم دیوانەی زاهیر.

دە رۆیش نەوروزی سۆرانی کە لەسەتەی ١٣ هیجریدا ژیاوەلە زانایی و دانای باڵولا ئەبێژێ:

بەهلول زاتیون زات یەکدانە — عامیان ماچان بەهلول دیوانە ٠

لەو چوار زاراوە بنەرەتی یە رەسەنانە کەڵك وەر ئەگرێ و خۆی گییاندۆتە پلەو ریزی زوانە زیندوو پێشکە و تووەکانی جهانی ئەمرۆ و شان لەشانی ئەوان ئەدا.

باش وایە: بگەرێنە وەسەربیژەی گۆران، هەروەك لەبەرگی یەکە می شەر فنامە لاپەرەی **٢٣** دانوسراوە هۆزی گۆران لەسەرەتاوە لە پێ دەشتەکانی پاریزگەلی کەرکوك و سلیمانی و کرماشان دا، نیشتە جێبون و رویان کردبوە، ئاوەدانی و خەریکی زەوی وزارکێلان وکشت و کاڵ بون، بلاّم هۆزە کۆچەرە کوردەکان و جافەکان زۆریان لێ دە کردن وەك لەم میسالە کوردی یانەدا دەرئەکەوێ، گۆرانەکان باشاری ئەوانیان نەدەکردو بەردەسیان ببون ئەڵێن:

جارێك جافەکان مێگەلە پەزەکانیا بەلەوەرەوەبەرە و کوێستان ئەبەن و رێیان ئەکەوێتە ناوزەوی وزاری کابرایەکی گۆران، لەدورەوە هەرای لە دەکەن و دەڵێن: هۆی کابرای گۆران. (گاڵەکەت وە **گوێزە واپەزەکەمان هات**) یانی تۆناتوانی بەرگری هاتنی مێگە لەمەرەکەی ئێمەپکەی، دیارە بەودەم و دەسەش گاڵ و هەرزنەکەت بۆ نادوررێتەوە کەوابو پەزەکـان زییانی خۆیان هەر ئەکەن.

هەروائەو کوردە کۆچەرانە کەبەشەوالای پەزوپۆڵە بون، خەویان لە گۆرانەکان حەرام کردبون و ئەمانەیان بۆ کردبونە جۆك وتوانج و تەشەر وقسە:(هەیڤە شەوە، **تەقلەودەوەو** گورانە و... چاول خەوە...)

ئەبێژن جاری وا هەبوە کە کوردە گۆرانەکان، لەترسی کوردە کۆچەرەکان، مـاڵ و ژییانی خۆیان بەجێ هێشتووە ولە ترسان رایان کردوە، بۆیی واوتویانە: (گۆرانە...لە ئاوای بە دەرە...) ئەوانیش وردە وردە چونە تە ناوچیاوچرەکانی کوردستان و خوی کوردە کۆچەرە کانیان گرتوەو لە نەبەزی وکۆڵنە دەریدا ئەوانیان بەجێ هێشتوە. بەلاّم گۆرانەکان خۆیان لایان وایە گۆران لەواژەی گۆر گیراوەو بەمانای مەزن و گەورەس، چونکا گۆرانەکان، لای میرو پادشایانی کاتی خۆیان زۆر خاوەن پلەو پایە و مەزنبون.

هۆزانی مەزن تەوفیق وەهبی کە کتێبێکی لە بارەی بارامی گورەوە بەعەرەبی نوسیوە ئەبێژی: بێژەی گۆر بەرێی لەرلە گورـ ەوە بەرێ قەڵەو گیراوە و بە مانای: ناوەند، مـەیدان، دەشت، گۆرایی و قەور و...هی ترە.

بۆئەوە بەوهوزە کوردانەیان وتوە گۆران، کە لەدەشتدا نیشتە جێبون، بارامی گۆڕپاشای ساسانی لە دایکەوەلە کوردە گۆرانە کانە، کەوابێ تۆنە کابلێ : چونکابارام ئۆگری‌گۆڕ: واتا: "کەری بەڵەك "گرتن بووە، ناویان ناوە: بارامی گۆڕ، چونکا ئەمەهەڵەیە. کۆرێ لەشاعیران وایان ناوبردوە، وەك ئەم چوار چارینەی خەیامی هەژار:

لەوکۆشك و سەرایە داکە جەم جامی گرت ‌‌‌‌‌‌‌ ‌‌‌‌‌ ڕێوی ترە کیوە، مامز ئارامی‌گرت
بارام کە هەموژیانی خۆی‌گۆڕی دە گرت ‌‌‌‌‌‌‌ ‌‌‌‌‌ دیتت بەچجۆرێ گۆڕێ بارامی گرت .

عارفی ناودار مەولانا مەلائەحمەد جزیری لە قەسیدەی ٨۴ دا بە شیعر فەرمویەتی:

مەب ئیشراقی سوئالەك ژلەبی غونچە گوشا کر -کوب ئیلهامی د سوئالامە جەوابە

شێخی ئیشراق بە عەرەبی و بەکوردی و فارسی شیعر و هۆنەی هەیە، شیعربەکوردی

میرزا ئامانەن وێت مەدەرۆ خەم ‌‌‌‌‌‌‌ ‌‌‌‌‌ نەجام مەمانۆ نەجەمشید نەجەم
نەهامدەم نەقەوم نەهونرەس نە کەس ‌‌‌‌‌‌‌ ‌‌‌‌‌ کەس وەدەردمان نەبۆفەریاد رەس
دڵسۆزان دڵ تەنگ بێ دسەڵات بۆ ‌‌‌‌‌‌‌ ‌‌‌‌‌ رومان جە سەفر راگەی نەهات بۆ
ئیشراق ئومێدەت وەساقی خۆر بۆ ‌‌‌‌‌‌‌ ‌‌‌‌‌ تا دوعات جەروی قیامت سۆز بۆ[1]

پرۆفسور مینورسکی روزهەلات ناسی ناوداری روس لە کتێبە کەی خویدا، کەبە ئێنگلیسی لەبارەی گۆرانەوە نوسیویەتی و کراوەتە کوردیش نەز ریان وایە: گۆران هۆزیکن زیباترلە سێهەزارساڵ بەر لە مە هەبون، مەبەستلە گۆران تەنیا ئەو هۆزانە نییەوا ئێستا لە

---

کێ دی دیوانەوی تەور دانابوی ‌‌‌‌‌‌‌ ‌‌‌‌‌ مەرکەونە مەیدان گەردون رانابوی- رانا: نیشاندان.

ئەوانەی وابەزوانی گۆرانی هۆنراوەیان گوتوە، ئە مانەن:

عێل بە گی، مەلا پەرێشان، خانای قوبادی، سەیدی هەورامی، شەفیع جام رێزی، خان ئەلماس خان، حاکیم مەولەوی کورد (عبدالرحیم) تاوەکوزی مەعدومی شاعیری گەورەی غەزەل بێژکە لە کوردستانی جنوبی لە (١٨٩٧-١٨٩٢) دا ژیاوە و کۆچی دوای کردوە.

لە شاعیرە گەورەکانی سەدەی بیستەم دەتوانین پیرە میرد (١٨٦٧-١٩٥٠) و ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٧-١٩٣٥) و بێکەس (١٩٠٥-١٩۴٨) و حاجی قادر کویی (١٨١٥-١٨٩٢) کەخەڵکی بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی و سەر بە خویی دا هان داوە، ناوبەرین. ئەمرۆبە ناوبانگترینی شاعیرە کان لە ئێران داهەژاروهێمن- ە!

شێخ‌شەهابەدین سوهرە- وەردی شێخی ئیشراق کوردەو لەسورە دیی نێوان بیجارو زەنگان لە٥٨٧ی مانگی لە دایک بودەو لە ٣٨ سالی‌دا وەفاتی کردوە. سوهرەوەردی‌یەکان کوردن چون واژەی سوهر لەفارسی‌و عەرەبیدا بەکار نابرێ. فارس لەباتی سوهر دەڵێن: [سرخ] -عەرەبیش دەڵێ [احمر] -کوردیش دەڵێ: سور، سوهر- (شەپۆل).

پارێزگەی کرماشان دانو نیوی ئەم هوزەیان پاراستووە، بە ڵکومە بەشت لەنا وی گۆران، گشت هوزە کوردە کانە کە بەزاراوەی گۆرانی قسە یانکردوە، وەك: هوزی سییامەنسورو زەنگەنە کەئە مرو لە ئێرانو عیراقو ئەفغانستانا بلاو بونە تەوە. هۆزی برادۆست: بروانە: (شوینەواری باولە کوردە واریداو میژوی... نوسراوی شەپول بە رگی ٣) کە ئیستازاراوەی ئـەوکوردانـە کرمانجی ژورو "شمالی" یەو لەلای ورمێ لە ئیرانا و لە لای رەواندز لە عیراقانیشتە جین و شوانکارەو زەندو کاکاییو پالانیو گیژو هەورامیو روژبەیانی و چگنیوپازوکیو ئەوانی ترە. **واژەی کرمانج**: ئەمواژەسی مانای هەیە:

١- مانای گشـتی کـەلە نـاو ویـژاوەران و نـوسەرانـا، بەمـانای کـوردبە کـاربراوە، حەماسەویژو بەیت سوراو ریئالیزم نوسی ناوداری کورد حەکیم ئەحمەدی خانی لەبەرکولی "مەموزین" دا، چەن جاروواژەی کوردوکرمانجی دوپات کردوتەوەو بۆیە ك مەبەست بەکاری بردون وەك ئەبیژی:

| | |
|---|---|
| داخە لق نـە بـیژ تنکو ئـە کـراد.ـ | بی مەعریفەتن،بێ ئە سلو بونیاد |
| ئە نواعێ مـیلەل خـودان کـتێبن | کرمـــانج تەنێ دبـــێ حســـێبن!! |
| هەم ئەهلێ نەزەر نەبێنکو کورمانج | عـــیشقێ نـە کـرن ژبـۆخۆ ئـامانج |
| کورمـانج نـە پـربێ کـە مـالن | ئـە ممـاد یـەتیمو بێ مـە جـالن |

٢- دوهەم مانای تایبەتەو بەوکوردانە کە زوانیان لەتەك زوانیخیلە گۆرانە کانی ترا زۆر جییانیە.

٣- سێهەم مانای تایبەتی ترە، بەم جۆرە خەڵکی موکریانو سۆرانو شاری سـنە، بە گوندنیشینە کان ئەبیژن: (کرمانج) ـئیستائەدیبانو، میژونوسانی کوردخویان،کرمانج ئە کەنە دوبەش .

بە شی کرمانجی ژورو، بە شی کرمانجی خوارو بە ڵام مینورسکی لای وایە، واژەی کرمانج لەدو ناوی: (کوردو مانا) پیکهاتووەو ئەم دوهوزە سێهەزارسال بەرلە مە، پیکەوە ژییاونو تیکلاوییان هەبووەو بە دریژای ژورگار (کوردومانا) بوە تە کرمانج بەلام تـەوفیق وەهبی لایوایە. بیژەی کرمانج لەبنەرە تا، کرماژ بووە و لەمە سدەری کرمـاژنو بەمـانای

کرمليدانو کرماوی‌یەوە، هاتووە وئەم ناوەلە ئەفسانەی ئاژی دەهاکی مار دوشـەوە. کـە بیماری سەرەتانی بووەو لەبان شـانی دوکـرم وەك مـار روان، کـوردەکـانی ژێـردەسی بەسەروکایەتی کاوەی ئاسنگەری‌کورد، لێ‌را ساون، وەکـاوە. بـە چکـوشەکـەی مـیشکی پرژاندوە، ئەڵێن ئەو مرۆڤەی وامیشکی مەرومرۆڤی لەو برینانەی شەرشانی ئـاژی دەهـاك ساوی وە، ناوی (کرمائیل) بووە، کەلە ریشەی کرمەوەگیراوە.

بە لاّم ئەشێ بزانین ئەم قسەلەبابەت‌ئاژی دەهاکە وە، ئەفسانەیەو دژودژمنانی گەلی کورد میژوی کوردییان شیواندوەو بەئانقەست پەردەی رەشیان بەسەر میژوی ئەم‌گەلە نەبە زەداکیشاوە، چونکا بەپێی قسەی لیکولەرانو میژونوسانی یونانی ئاژی دەهاك واتا ئاستیاك ئاخرین پاتشای‌کوردەمادەکان بووە، کەبە هوی خەیانەتی هارپاکی خزمی یەوە قلّپەوەبونو تیباچونو نەمان. پرۆفسور مینورسکی رۆژهەلاّت ناسی روس لای وایـە: سولتـان‌ئیسحاق هەرئەوئاستییاگەکوردە مادێ هەروەك لە پێشەوە رامان‌گەیا.

کرماج: مەستورە خانمی ئەردەلاّن لەکتێبە مێژویەکەی خۆیداکرماج - ی ناوبردوەو ئەبێژێ: (سێهەم کرماج کەلە ناو بورە پییاوانا بە (بابان) ناودارن.

محەمەد ئەمینی گولستانە لە (مجمل التواريخ) ئەفشاری‌یە و زەندی‌یە داکاتێ ناوی سلیمان پاتشای بابان ئەمیری هەرێمی سلیمانی ئەبا ئەبێژێ: (سليمان پاتشای کرماج‌بە) لەو بەڵگانە رون ئەبێتەوە کەکرماج لەکرماژ - ەوەگیراوەو - ژ - بووەتە - ج - ئەم جۆرە گۆرانانە لە کوردییا، زۆرە، وەك: تاج و تانج، تاژی و تانجی و فەرەجی و فەرەنجی.

هۆزی کرمانج لە سەرەتاوە بێژاوەران و شاعیرانیان زۆر بووە بەلاّم شوێنەوارەکانیان لەناو چون ئەڵێن: عەلی تەرەماخی کەهاوچاخی رودەکی بووەو لە سەتەی چوارەمی کۆچییا ژییاوە، دیوانێکی هەڵبەستی گەورەی کوردی هەبووە، بەلاّم لەناو چووە، بێچگە لە چەن تیکە هۆنراو، کەئەی دەنە پاڵ ئەو شتێکمان بە دەسەوەنییە.

دوکتور پەروێزی ناتل خانلەری لە مێژوی زوانی پارسی بەرگی دوهەم دالە لاپەرەی ٣٨کە لە تاران لە ساڵی ١٣٥٢ هەتاویدا چاپ بووە ئەنوسی: لە سە تەکانی ٥ و ٦ی کوچیدا شوێنە واری بێژاوەری دەماودەم و نوسراوەی کوردی لە ناو لاپەرەی مێژودابینراوە، یەکێك

لەونوسراوانە قەسیدەیەکی ملەمەعە بەزمانی کوردی کە ئەنەو شیرەوانی بەغدادی یە، کەلە کتێبی معجم‌البلدان چاپی لایپزیک ج ١لاپەرەی ١٨٦ دانوسراوە و چاپ کراوە.

ئەشێ بزانین تاسەتەی نۆهەم ناوێک لە بێژاوەرانو هۆنەرانی کرمانج وەبەرچاونا کەوێ.

حاجی قادری کۆیی لە دیوانەکەی خۆیداناوی دوهۆنەری مەزنی کوردی کرمانجی ژوروی بردوە و ئەڵێ: عەلی حەریری واتاگوندی حەریری لای رەواندز، حەریروباتاس وە شیخ ئەحمەدی جزیری واتە جەزیرەی ئیبنوعومەر[1]. ئەو دوشاعیرە مەزنەلە جهاناناودارن و لە گەڵ (عبدالرحمن جامی) ئەو شاعیرە پارسی وێژەداهاوکات بونو یەکتریان دیوە، هەروەک جامی دەڵێ: پیر مردی بدیدم زجەزیر نیک مەردی بدیدم زحەریر

شیخ ئەحمەد جەزیری زانایەکی دینی و خوانا سێکی رەبانی بووە، هۆنراوەکانی عاریفانەیە، زوانی کوردی و عارەبی و پارسیشی جوان زانیوە، بیری نەتەوەپەروەیشی هەبووە. کۆرێ لە مێژو نوسان لایان وایە هاوکاتی ئەتابەک عیمادەدین-ی زەنگی میری موسل بووە بەلام بەپێی ئەو شیعرەی جامی کە حاجی قادری کۆیی هێناویەتی شیخ ئەحمەد جەزیری لە سەتەی نۆهەما ژییاوە، نەک لەسەتەی شەشەما.

شیخ ئەحمەد جەزیری لەقەسیدەیەکی زۆر رەوانا لەمیرخەلیل-ی ئەیوبی تاریف ئەکات ولەسەرەتادائەبێژێ:

ئەی شەهەنشاهی موعەززەم حەققنیگەهداری تەبی

سورەی إِنَّا فَتَحْنا حافیزویاری تەبی

ئەم خیەلیل ئەیوبی‌یە تەنیا کوردە ئێرانییەک بووە کە لەکاتی هەرکەس هەرکەسیدا لەزەمانی (ئاق قویونلو وەقەرەقویونلو)ەکانا میری کردوەو لە راست بێگانەکانا، رەق راوەستاوە، جالەبەر ئەمەیە شیخ ئەحمەد جەزیری پییاهەڵخوێندوە.

دیوانی کوردی شیخ ئەحمەدی جەزیری کە بە پێی پیت گەلی هیجا و ئەلف و بێ هونراوەتەوە، بۆیە کەم جارلەلایەن ڤونهارتمان-ی ئالمانییەوە لە ساڵی ١٩٠٤ زایینی دالە

---

١- واتا(عبدالعزیزابن عمربە رقعیدی):بە ردەقیتی. وەفیاتی کوری خەلەکان لەباسی جزیریدا

برلین لە چاپدراوەو بەر کۆلێکی تەحقیقی بەزمانی ئەلمانی بۆ نوسراوەو لەلایەنژابا رۆژ هەلآت ناسی روسیش وتارگە لێکی تۆیژانەوەو لێکۆڵەرانەی لەبارەی شێخ ئەحمەدی جزیری‌یەوە بۆ نوسرواە: جزیری شاعیرو هۆنەرێکی مەزنی چەرخی دوانزە، بووە، دیوانە شیعرە کوردی یەکە شی چەن جاران لە قاهیرەو شام و عیراقا چاپ کراوە.

لەم دوایی یانەدا مەلایەکی کوردی کوردستانی سوریە دیوانەکەی مەلای جەزیری وەرگێراوەتە سەر عەرەبی و تەواوی ئەو شیعرە تەر و لە بارانەی بۆ دڵداری دانراون بە ناوی سۆفیگە رییەوە کردوە بەپارانەوە و خوادواندن و لەو مەبەستەی بردۆتە دەرێ کە مەلای جەزیری لە دڵیدابوە.

کۆڕێ لەوانەی وا بەزاراوەی کرمانجی ژورو شیعر وهونراوە یان گوتووە، ئەمانەن : فەقێ تەیران، مەلای باتە، عەلی حەریری، شیخ مەلا ئەحمددی جزیری یە، گەورەترین شاعیری ئەدەبی نەتەوایەتی حەکیم ئەحمەد-ی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) یەکە دیوانەکەی "مەم وزین" بەرزترین پلەی ئەدەبی کوردی سەردەمی دەربەگایەتیە- حەکیم ئەحمەد-ی خانی‌ناسیونالیسم-ی کورد-ی ٢٢ ساڵ بەر لەدایك بونی [ژانژاك رۆسو] و ١٣٠ساڵ بەر لەئینقیلابی نەتەوەیی و لآتی فەرانسە لە چریکەی مەم وزین‌دا مەسەلەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و ناسیونالیسم-ی نەتەوەیی بۆکورد راگەیاندوەو روناکی کردۆتەوەو هونەری خانی نەمر لەمەدایە کە هێمان فەرانسەو ئوروپایەکان ئەمەیان نەزانیبو، حەکیم ئەحمەد-ی خانی لەسەتەی ١٧ی زاینیدا رای‌گەیاندبو. دیارە دەبێ حەماسەی حەکیم فیردەوسیش لەبیر نەکەین، هەرچەن حەماسەی خانی ریئالیزمەو حەقیقەتی هەیەو درۆیی تێدانیە، بەلآمهی فیردەوسی ریئالیزم نیەو لەداستانی روستەم‌وکورەکەی‌دا درۆیی تیدایەو باوك درۆ بە کورەکەی دەڵێ جالەم بابەتانەوە شاکاری خانی فەزیلەتی بەسەر هی فیردەوسی‌دا هەیە[1]. - خانی کەلەسەتەی ١٧ دیوانی مەم و زین‌و فەرهەنگوکەکەی خۆی نوسیوەو دوای ئەم شاعیرانەهاتۆتە جهان کە لە بارەی ئەوانا ئاوا دبێژی:

بینا فەروحا مەلێ جزیری پێ حەی بکرا:عەلی حەریری

---

١- بنوارە کتێبی ژیناوەری کورد... نوسراوی (شەپوڵ) پەرەی ٦٦١ چاپی ١٣٦٤ - تاران.

کـــەیفەك وەبـــدا فـــەقیهی تـــەیران حەتتـــا بـ ئـــەبەد بمـــابێ حـــەیران

بنەماڵە و تیرەی خانی لە ساڵەکانی **١٩٥٢** زاینی دالە هەرێمی بایە زیدا نیشتە جێبون، کە لە پێش ئەوەدا واتا: لەساڵی **١٥١٤** زاینی کوردستان دوای جەنگی چالدران سێ بـەشی کەتبوە ژێر چە پوکی رەشی عوسمانلییە کان ـ

لە سوریا قەدری جان کە لە ساڵی **١٩٧٢** زاینی کۆچی دوایـی کـردوە، لە ئـێرەوان عەرەب شەمو و ئەمینێ ئەودالٚ کە لە **١٩٠٦** زاینی هاتۆتە جهان و لە **٢٢** سپتامبری **١٩٦٤** زایین کۆچی دوایی کردوە، ئەم ئەوداڵە هەم شاعیر بووەو هەم لێکۆڵەر بوو (شەپۆل).

---

١ـ کوردستان ئەدەبیاتی کوردی دوکتور کامران بدرخان بە زمانگەلی جیاجیا چاپی پاریس. مێژوی ئەدەبی کوردی، عەلائە دین سەجادی چاپی بەغا **١٩٥٢**ی زاینی ـ (من روائع الادب الکردی محمد توفیق وردی) چاپی **١٩٥٦** ی زاینی بە غا بە عەرەبی. زمانی کوردی و...نوسراوی کرمانج **١٩٥١** زاینی ـ زمانی کوردی زازا جەلادەت عەلی بەدرخان شام ١٩٢٦ی زاینی ـ گۆڤارگەلی هاوار، کوردستان، رۆژی کورد، دەنگی گیتی تازە، ژیان، راوێژ، نیشتمان، خۆرنێشین، زاگروس...) بەررەسی شیعروئەدەبیاتی کوردی نوسراوی مادام لوسی پل مارگریت و دوکتور ک. ب. بە زمانی فەرانسە تەرجەمەی جیمز چاپی پاریس **١٩٣٠**ی زاینی (شەپۆل).

ـ گەنجینەی گرانبەهای ئەدبییاتی کوردی (محمدقاضی) چاپی تاران **١٣٢٥** هەتاوی، بەررەسی عیلمی زمـان و ادبیات کوردی نوسراوی جیمیز یادداشتها، در نامەی هەفتەگی کوهستان چاپی تاران **١٣٢٥/٦**هەتاوی ـ دەستوری زمانی کوردی توفیق و ەهبی چاپی بەغدا **١٩٣٠** زاینی، مێژوی کورد و کوردستان ئەمین زەکی وەزیری فەرهەنگی عیراق چاپی بەغدا **١٩٣١** زاینی.

ـ بنوارە بەرکولی مەم وزین کە قەناتی کردۆنو سیویەتی و شەپۆل وەری گیراوەتە سەر زمانی پارسی و کوردی و لە گۆڤاری ئاوێنەی ژمارەی **١٢** چاپی **١٣٧٢**ی تاران.

ـ(ناسیاوی لەتەك ئەمینێ ئاودالانوسینی جاجی جوندی تەرجەمەی برای ئەرمەنی و کورد خوشە ویست خاچادریان آرمیاك ).

بنوارە (و تاری زاناو لێکۆڵەر: جەمیل زۆژ بەیانی لەواحیدی زاراوە کانالە تاران). (مێژوی سلێمانی و دەوروبـەری نوسراوی ئەمین زەکی بەگ کەجەمیل رۆژبە یانی کردویەتە عارەبی )

یارسان نوسراوی سوری ـ ترانە های کوردی دوکتور موکری ـ المعجم فی معاییر اشعار العجم نوسراوی شمس‌الدیـن محمدبن قیس رازی، دوقرن سکوت دکتر زرین کوب چاپی تاران. بورهان الحق نورعەلی اللهی چاپی تاران **١٣٤٣** هەتاوی.

ژمارەکانی گۆڤاری گەلاویژی کوردی ساڵگەلی **١٩٤٤** و **١٩٤٨** زایینی و تاریخ ئەدلاّن لاپەرەی **٧**.

مجمل‌التواریخ افشاریە و زندیە لاپەرەی **١٦٥**، سرسپردگان نوسراوەی سید محمدعلی خواجەالدین ـ تاریخ و شرح عقاید دینی و آداب و رسوم یارسان. دایرةالمعارف پطرس بستانی لاپەرەی **٦٤٤** و بەرگی **٥**. سفرنامۀ ابـن‌بطوطە لاپەرەکانی **٢٠٩** و **٢١٠** ترجمە محمدعلی موحد چاپی تاران **١٣٣٧**. بیان الادیان ابوالمعالی نوسراوەی محمدحسین علوی خوش کراوی اقبال آشتیانی چاپی تاران **١٣١٢**. بنوارە: (کتێبی باوی کۆمەلایەتی و مێژوی و... لاپەرەی **١٤٥** نوسراوی شەپۆل چاپی تاران).